# خاڵ

گۆڤارێکی هزریی ڕۆشنبیرییە
دوومانگ جارێک دەردەچێت
ژمارە (١٠) نیسانی
٢٠١٧

**خاوەنی ئیمتیاز و سەرنووسەر**
**تۆفیق کەریم**
**٠٧٥١١٤١٢٥٤٣ - ٠٧٧٠٠٦٣٧٦٦٤**
**tofeqkarem@yahoo.com**

**بەڕێوەبەری نووسین**
**عادل سدیق**

**بەڕێوەبەری هونەریی**
**ڕەوشت محەمەد**

**ڕاوێژکاری یاسایی**
**بەکر حەمەسدیق**

**ڕاوێژکاران**

**پ. د. موحسین عەبدولحەمید**
**پ.ی. د. عوسمان عەلی**
**پ.ی. د. عوسمان هەڵەبجەیی**
**پ.ی. د. ئیسماعیل بەرزنجی**
**پ.ی. سەلام ناوخۆش**
**م.ی ئیدریس سیوەیلی**

**وێنەی بەرگ کاری (ڕەجا محەمەد) تایبەت بە گۆڤاری خاڵ**

**سایتی گۆڤاری خاڵ:**
**www.xalkurd.com**

**تیراژ: ١٥٠٠**
**نرخ: ١٥٠٠ دینار**
**چاپخانە: سەردەم**

# لەم ژمارەیەدا

**تەوەر (شوناس و بەخۆماڵیکردنی کولتووری کوردی)**


ناسنامەی مێژوویی و ناسنامەی سیاسیی کورد ..... د. نەجاتی عەبدوڵڵا ..... ٤

بایەخ و ڕۆڵی مێژوو و سنبولە مێژووییەکان لە بەخشینی شوناسی نەتەوەیی ..... عومەر ئیسماعیل ڕەحیم ٧

شوێنەواری کورد لە کتێبخانەکانی مەککە و مەدینەدا ..... محەمەد عەلي قەرەداغی.. ١٩

دەوڵەت و شوناسی هاونیشتمانیبوون ..... د.ئیبراهیم ئەمین جاف ... ٣٤

شوناسی کوردی لە مەعریفەی مێژوویی شارستانیەتی ئیسلامیدا ..... د. زریان حاجی ..... ٤٢

شوناس لە بەردەم هەڵوەشانەوە و دروستبونەوەدا ..... پەیوەند عومەر ..... ٤٨

شوناسی کوردبوون لە بەردەم مەترسی پوکانەوە و پارچە بووندا ..... عومەر عەلی محەمەد..... ٥٥

گرفتی شوناس لە کۆمەڵگە ئیسلامییەکاندا ..... خالید محەمەد غەریب ... ٦١

فکری ئیسلامی هاوچەرخ و ئەرکی دووبارە بیناکردنەوەی ناسنامەی نیشتمانی ..... ئەبوبەکر عەلی ..... ٦٨

ناسنامە و قەیرانی عەقڵی کوردی ..... مەسعود عەبدولخالق ... ٨٠

شوناسی نەتەوەیی کورد لە بەردەم تەوژمی جیهانگیریدا ..... هۆشمەند عەتا ..... ٨٦

فەرهەنگی کوردی لەنێوان دەوڵەمەندی و هەژاریدا ..... عادل سدیق عەلی ..... ٩١

لەنێوان ئیسلامیبوون و کوردبووندا! ..... کامەران بابان زادە ... ١٠٠

ناسنامەی کورد لە نێوان کورد بوون و ئیسلامی بووندا ..... د. ئاراس محەمەد ساڵح ١٠٧

بەکوردی کردنی پرۆگرامی خوێندن لە حوجرە و زانستگەکانی وڵاتی کوردەواریدا . عەبدوڵڵا مەلا ئەحمەد .... ١١٣


**بابەتی گشتی**


ڕشتەیەک لە فەلسەفەی پەروەردە (تاگور) و (ڕۆبنسن) و (محەمەد ئیقبال) وەک نمونە ..... بوخاری عەبدوڵڵا .... ١٢٠

ستەم لە ئەبوحەنیفە ..... سەرتیپ عەزیز ..... ١٢٩

نووسینەوەی مێژووی کورد لە نێوان شەرەفخان و ئەمین زەکی بەگدا ... حەسەن مەحموود ... ١٣٥

ڕێبازی هاوەڵان ..... ئیمداد تەها ١٤٥




# تەوەری ژمارە

## (شوناس و بەخۆماڵیکردنی کولتووری کوردی)

کە باس لە شوناس و کولتوور دەکرێت دەروازەیەکی والا بەسەر پرسێکی بەرین و چارەنووسساز و فرە ڕەهەندددا دەکرێتەوە، بەتایبەت بۆ گەلێکی بێ دەوڵەتی پارچەپارچەکراوی پەرتەوازەی وەك گەلی کوردستان، تەنها سەرهەڵدانەوەی بابەتەکە بوێریە بۆ کەسێك بیەوێت قسە باوەکان تێپەڕێنێت و بەدیدگایەکی نوێوە بڕوانێتە ئەو پرسە و شتێکی نەوتراو و سەردەمیانە لەبارەیەوە بوروژێنێت.

ئومێد دەکەین ئەوەی توێژەر و نوسەرانی تەوەری ئەم ژمارەمان دەیخەنە ڕوو، سنورە باوەکەی تێپەڕاندبێت و بە زانیاری نوێی بۆچونی بەڵگەدار و تێڕامانی قووڵ تەوەرەکەیان دەوڵەمەندکردبێت و خوێنەرانی (خاڵ) بە پێشوازی لێکردن و سوودلێوەرگرتنیان ئەو شایەتیەیان بۆ بدەن.

بەدڵنیاییەوە بابەتەکە زۆر زیاتر لەم تەوەرە هەڵدەگرێت و پرسێکی یەکجار ئاوکێشە، بەڵام با ئەمەندە بکەینە بەرکوڵێك، خوا یاربێت لە دەرفەتێکی دیکەدا مەڵۆیەکی دیکەی دەخەینەسەر.



# ناسنامەی مێژوویی و ناسنامەی سیاسیی کورد

د.نەجاتی عەبدوڵڵا



- لەدایکبووی ١٩٦٦، هەولێر. ساڵی ١٩٩٧ لیسانسی مێژوو لە زانکۆی پواتێی (Poitiers)ی فەرەنسا وەرگرتووە. ساڵی ١٩٩٨ لە پاریس مێتریز (بەکالۆریۆس)ی لە مێژوو لە زانکۆی پاریسی دەیەم(Paris-X)وەرگرتووە. ساڵی ١٩٩٩ (ماستەر)ی لە مێژووی هاوچەرخ لە زانکۆی پاریسی دەیەم. ساڵی ٢٠٠٦ دوکتۆرا لە مێژووی هاوچەرخ لە زانکۆی پاریسی دەیەم. لە هەڵبژاردنی رۆژی ٢٠١٥/٩/٢٠ وەکو جێگری سەرۆکی ئەکادیمیای کوردی هەڵبژێردراوە. خاوەنی نزیکەی (٤٧) کتێبی نوسراو و وەرگێڕدراوە.

### . ناسنامەی مێژوویی:

ناسنامەی ئیتنیکیی کورد لە ڕوانگەی مێژووییەوە کەم تا زۆر بەگوێرەی ئەو سەرچاوانەی تائێستا لەبەردەستن دەگەڕێتەوە بۆ نیوەی دووەمی سەدەی سیانزەهەم و لە سەدەی چواردەهەمیش بەرەبەرە خەملیوە و دواتر لە سەدەی پانزەهەمدا بەدیارکەوتووە. قسەکردن لەبارەی ناسنامەی ئیتنیکیی کورد پێش ئەم مێژووە تەنیا فانتازمێکی نەتەوەییە و بەس. بێگومان هیچ گومانێک لەوەدا نییە، کە کورد یەکێکە لە کۆنترین گرووپەیلی کۆنینی خۆجێیی ناوچەکە، بەڵام پرۆسیسی دروستبوونی مێژوویی ناسنامەی کورد زۆر بە درەنگەوە بەدیار کەوتووە، کە ئێمە ناتوانین لە ڕوانگە مێژووییەکەوە بگەڕێینەوە پێش ئەم مێژووە.

### . ناسنامەی سیاسیی:

پرۆسیسی دروستبوونی ناسنامەی سیاسیی کورد هێشتا بابەتێکە جێگای گفتوگۆیە. بەگوێرەی ترادسیۆنی هێگلییانە، ناسنامە ئەنجامی دانپیانانی هەردوو سەرەی (من) یان (خود) و (ئەوی دیکە)یە. کەوایە ناسنامە پرۆسیسێکی دژبەیەکانەیە، کە تێیدا کارلێکی کەسیی، مومارەسەی کۆمەڵایەتی و ئامانج تێیدا بریتی دەبێت لە بەرجەستەکردنی (من) یاخود (زات). کەوایە بۆ مێژووی دروستبوونی ناسنامەی سیاسیی کورد، پێویستە بگەڕێینیەوە بۆ مێژووی دروستبوونی ناسنامەیلی سیاسیی: تورک، عەرەب، فارس، ئەرمەن. ناسنامەی نەتەوەیی هەمیشە بە دژەکی و بە نزیکبوونەوە لەگەڵ ناسنامەی خەڵکەیلی دیکە لەدایک دەبێت. داگیرکارییەکانی ناپۆلیۆن لە سەرەتای سەدەی هەژدەهەم، پەیامی شۆڕشی فەرەنسای گواستەوە و هەر بە کاردانەوەی ئەم پەیامەشبوو کە، ئەسپانەکان، ئەڵمانەکان و ڕووسەکان ناسنامەی سیاسیی خۆیان دروستکرد. بەمجۆرە قسەکردن لەسەر ناسنامەی سیاسیی کورد پێش وەدیارکەوتنی ناسنامەیلی تورک، عەرەب، فارس و ئەرمەن تەنیا ئەفسانەناسیی ناسیۆنالیستە کوردەکانە، کە دەیانەوێ لەدایکبوونی ناسنامەی سیاسیی کورد بگەڕێننەوە بۆ دەورانی سەرهەڵدانی کورد لەمێژوودا و ڕەنگە هەتا دوورتریش، بەڵام ئەم ڕوانینە هیچ بایەخێکی زانستیی نییە و ئێمە ئەم ڕوانگەیە زیادەڕۆییە وەلا دەنێین.

دەکرێت بڵێین ناسنامەی سیاسیی تورک لە دەورانی سەردەمی تەنزیمات (١٨٣٩) نەبووە، بەهەمانشێوە ناسنامەی کوردیش نەبووە. ناسنامەی تورک لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەم و لە سەرەتای سەدەی بیستەم لەگەڵ کودێتای گەنجە-تورکەکان ساڵی ١٩٠٨ دەستپێیکرد. بۆیە دەکرێت بڵێین ناسنامەی سیاسیی کورد لەگەڵ قۆناغی گۆڕینی دەسەڵات لە عوسمانیزمەوە بۆ کەمالیزم وەدیارکەوت. جا بەگوێرەی یاسای ئۆپۆزسیۆن و نزیکبوونەوە لەوەبەدوا زەوینەیەک ڕەخسا بۆ لەدایکبوونی ناسنامەی سیاسیی کورد. لەم پێودانەوە دەکرێ بە دڵنیاییەوە بڵێین تاوەکو پێش بە دەسەڵات گەیشتنی گەنجە-تورکەکان (١٩٠٨) ناسنامەی سیاسیی کوردی بەهیچ شێوەیەک پەیدا نەبوو بوو. بەشێوەیەک برێک لە گەورەترین دامەزرێنەرەیلی (ئیتتحاد و تەرەقیی)، کە کەمالیزم لە هەناویدا بەرهەم هات، کورد بوون، وەک سەرنووسیاری گۆواری (عوسمانلی) (١٨٩٧)ی ئۆرگانی

(ئیتحاد و تەرەقیی)، کە دکتۆر عەبدوڵڵا جەودەت بوو. هەتا یەکەم ڕۆژنامەی کوردیی (کوردستان- ٢١ی نیسانی ١٨٩٨)، کە وەک ئۆپۆزسیۆنی کوردیی هەژماردەکرا، بەشێوەیەک بووبووە بەشێک لە ئۆپۆزسیۆنی گەنجە-تورکەکان و بێ ئەوەی وەک ئۆپۆزسیۆنێکی جیاخواز خۆی نمایش بکات. لەم ڕوانگەیەوە دەتوانین بی دوودڵیی ئەوە بڵێین، کە سەرەتای ناسنامەی سیاسیی کورد وەکو یاسای ئۆپۆزسیۆن و نزیکبوونەوە لە دوای ناسنامەی سیاسیی تورک پەیدا بوو.

**- ناسنامەیەکی پارچەپارچە بوو:**

ئەگەر باسی ناسنامەی کوردیی بکەین، ئەوا پێویستە باسی چەندین ناسنامەی کوردیی بکەین. ناسنامەی مێژوویی کورد لە دەورانی عوسمانی لەژێر هەژموونی ناسنامەی مێژوویی عوسمانی دا بوو، لە ئێران بەهەمانشێوە. دوای ڕوخانی ئیمپراتۆریای عوسمانی، ناسنامەی سیاسیی کورد بوو بە ناسنامەیەکی پارچەپارچە بوو و کەوتە بەرانبەر ناسنامەی سیاسیی چەندین وڵاتەیلی وەک: تورکیا، ئێران، عێراق و سوریا. کورد خاوەنی یەک ناسنامەی سیاسیی بەهێز و یەک بزووتنەوەی نەتەوەیی سەرتاسەریی نەبووە، ناسنامەی سیاسیی کورد یان ناسنامەیلی سیاسیی کورد لە ڕووی کولتووریشەوە پارچەپارچە بووە و دابەشیی چەندین دیالێکت بووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا یەک ڕاستی هەیە ئەویش ئەوەیە بناغەی هەموو ئەم دیالێکتانە یەک زمانە، کە ئەویش زمانی کوردییە و ئاوەڕۆی هەموو ناسنامەکانیش دواجار دەچنەوە سەر یەک ڕووبار، کە ئەویش (ناسنامەی سیاسیی کوردە).



# بایەخ و ڕۆڵی مێژوو و سنبولە مێژووییەکان

## لە بەخشینی شوناسی نەتەوەیی



**عومەر ئیسماعیل ڕەحیم**

لەدایکبووی ١٩٦٧، کۆیە.

ماستەر لە فیکری ئیسلامی

شارەزا و توێژەر لە هزری سیاسی ئیسلامی.

## پێشەکی:

پرس و بابەت گەلێکی زۆر ئەمرۆکە لە ناوەندە فیکریی و رۆشنبیرییەکاندا بوونەتە جێگەی مشتومڕ و قسە لەسەر کردن، بوونەتە بنەما لە کایەی پەیوەندییە کۆمەڵگەیی و نێودەوڵەتییەکان، هەروەها جێگەی بایەخی میدیا و سەنتەر و پەیمانگا و ناوەندە فیکریی و ئەکادیمییەکان، بیرمەند و توێژەر و رۆژنامەنوسەکانیشیان سەرقاڵ کردووە، کەچی لە سەردەمانی رابردوو یا هیچ نەبوونە جێگەی بایەخی توێژینەوە، یا زۆر بە پرسێکی ئاسایی و سروشتی وەرگیراوە و نەبووە بە گرێکوێرە و ئاڵۆزییەکی فیکریی و کۆمەڵایەتی نەوروژاندووە.

دیارە ئەم دیاردەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو گۆڕانکارییە فیکریی و سیاسیی و حەزاریانەی ئەمرۆ کۆمەڵگا مرۆییەکانیانی تەنیوە لە لایەک، پێشکەوتنە تەکنۆلۆژییەکان لەلایەکی تر، بەتایبەتی تەکنولۆژیای گەیاندن، کە بە هەموو ئەمانە دۆخێکی تایبەتیان دورستکردووە لە بە جیهانی بوون و (Globalization)، تێکەڵبوونی کارلێکی گەل و نەتەوە و کۆمەڵگەکان.

یەکێک لەو پرسانە، بگرە گرنگترین و هەستیارترینیان کە هەروەک چۆن میدیاکار و ناوەندە رۆشنبیرییەکەی سەرقاڵ کردووە، بیرمەند و ناوەندە ئەکادیمییەکەش خەریکی تەئصیل و تیۆریزە کردنینی، بەهەمان شێوە سیاسەتمەدار و بەرپرسەکانیش بایەخ پێدان و تەبەنی کردنی دەکەن بە بەرنامەی کار و ستراتیژیان، پرسی شوناسە، شوناس وەک بابەتێکی فیکری فەلسەفی، وەک پرنسیپ و پایەیەکی نەتەوەیی و نیشتمانی. ئێمە لەو نوسینەماندا بابەتەکە دابەش دەکەین بۆ چەند برگەیەک:

## برگەی یەکەم/ پێناسەی شوناس:

زۆربەی توێژەر و نوسەرەکانمان کاتێک لەسەر بابەتێکی فیکری دەنوسن، بەتایبەت کە نوسینەکە سەبارەت بە چەمک و بابەتگەلێکی ئەم سەردەمە بێت، بۆ تیۆریزەکردن و ناساندنی و بنجپێدان و تەئصیل کردنی دەگەڕێنەوە بۆ سەرچاوە بیانییەکان و پشت بە بۆچوون و تێزی بیرمەند و زانا خۆرئاواییەکان دەبەستن، بۆ نمونە لە بابەتێکی وەک شوناس «الهوية» ئەوەندە دەگەڕێنەوە بۆ جورج هێربیرت و مانویل کاستیل و ئەوانی تر، ئەوەندە ناگەڕێنەوە بۆ سەرچاوە و فەرهەنگە مەعریفییەکانی بیرمەند و زانا مسوڵمانەکان کە نوسیویانە.

**بەبۆچوونی من ئەو حاڵەتەش دەگەڕێتەوە بۆ چەند هۆکارێک:**

یەکەم/ بەوپێیەی کە خۆرئاوا لە ڕووی سیاسیی و سەربازیی و تەکنۆلۆژیاوە زاڵ و سەرکەوتووە بەسەر جیهاندا، ئەوا وەک ڕێساکەی ئیبن خەلدون دەڵێت(١): هەمیشە ژێرکەوتوو خوو بەلاسایی کردنەوەی سەرکەوتوو دەگرێت، حەز دەکات وەک ئەو خۆی بنوێنێت، سیما و ئاکار و نەریتەکانی ئەو هەڵگرێت. هەست بەنزمی و بچوکی خۆی دەکات لە ئاست سەرکەوتن و پێشکەتنەکانی ئەواندا، ئەمەش بۆشاییەکی دەروونی لا دورست دەکات، دەیەوێت بەلاسایی کردنەوە و نمایشکردن ئەو بۆشاییە پڕ بکاتەوە، لەکاتێکدا مەرج نییە ئەو لایەنەی لە ڕووی سەربازیی و سیاسییەوە زاڵ و سەرکەوتووە، لە ڕووی فەرهەنگی و هزریش هەروا زاڵ و سەرکەوتوو بێت.

دووەم/ سەرچاوەی فەرهەنگ و موعجەمە عەرەبییەکانیش، جگە لە حەساسیەتی ئایدۆلۆژی، هەڵبەت سەبارەت بە نوسەر و روناکبیرە سیکۆلار و ناسیۆنالیزمە توندەکان، کە ئەم حەساسیەتە وادەکات نەگەڕێنەوە بۆ ئەو سەرچاوە و فەرهەنگانە ئەمە یەک، دوو، مامەڵەی فەرهەنگ

و سەرچاوە عەرەبییەکان وا ئەزانم سەختتر و قورسترە لە سەرچاوە و فەرهەنگە خۆرئاواییەکان، بەهۆی کەم خزمەت کردنەوە لە ڕووی چاپ و پۆلێنکردن و شێوازی وەرگرتن و قسەکردنیان لەسەر بابەتەکان ...هتد.

سێیەم/ سەبارەت بە زمانی کوردیش بە ناشکوری نەبێت، تائێستا کتێبخانەی کوردی سەرچاوە و فەرهەنگێکی ئەوتۆی تێدا نییە بتوانرێت لەو مەیدانەدا کەڵکی لێوەربگیرێت.

بە بڕوای من ئەم حاڵەتە خۆی بۆ خۆی جۆرێکە لە ئیختراق و کاریگەری نەرێنی ڕاستەوخۆی هەیە لەسەر شوناسی نەتەوەیی و ئایینیمان، کە ئێمە ئێستا باس لە شوناس و ڕەگەزەکانی دەکەین. ئەگەرنا بە دڵنیاییەوە، ئەگەر بمانەوێت بەرهەمێکی هزری ڕەسەن و خۆماڵی و هەماهەنگ و ساز لەگەڵ ڕۆح و میزاجی ژیاریمان- پێشکەش بکەین، دەبێت بگەڕێینەوە بۆ سەرچاوە و فەرهەنگە خۆماڵییەکانمان، دەبێت ئامادەیی ماندووبوون و قوربانیدانمان بە کات و پشوودانی خۆمان تێدابێت، تاقەتی ووردەکاریی و بەدواداچوون و شەونخونی و گەڕان بە دوای پەرتووک و دۆزینەوەیان لە کتێبخانەکان، ئەو بەرگ و ئەو بەرگ کردنی کتێبەکانمان هەبێت. بێگومان پارێزگاری لە ڕەسەنایەتی هزر و گێڕانەوەی پێشەنگی لە بواری کولتوور و فەرهەنگدا، وێڕای پاراستنی شوناس، سەروەرییەکی گەورەیە و شایستەی قوربانی دانە.

دەبێت ئەوەش بزانین، کە خودی خۆرئاواش بەئاوا قۆناغێکدا تێپەڕیوە، لەو سەردەمەی مسوڵمانان لە ڕووی سیاسیی و سەربازی هاوکات لە ڕووی ژیاریی و فەرهەنگیشەوە لە پێشەوەی هەموو جیهان بوون، خۆرئاواییەکان نەک هەر لە مەیدانی هزر و فەرهەنگیدا پاشکۆ بوون و مرودەی مسوڵمانان بوون، بگرە لەو کاتەی کە منداڵەکانیان دەنارده قوتابخانە و خوێندنگەکانی ئەندەلوس تا زانستی سەردەم وەرگرن، لە جلوبەرگ و سیمایشدا لاسایی مسوڵمانانیان دەکردەوە.

ئەم بانگەشە و داوایەی من، واتای ئەوە ناگەیەنێت کە ئیدی سوود لە هزر و فەرهەنگ و تێزەکانی ئەوانی تر وەرنەگرین، هەرگیز ئەوە مەبەستی من نییە، بەڵکو ئەوەی من دەیڵێم و مەبەستمە بیگەیەنم، ئەوەیە هەوڵبدەین، ببین بەخاوەنی هزر و فەرهەنگی خۆمان، هزر و مەعریفە و فەرهەنگێک بەرهەم بهێنین کە نامۆ نەبێت بە ڕوح و میزاجی شارستانی و مێژووییمان.

زۆرێک لە بیرمەندان هاوڕان لەسەر ئەوەی کە سەختترین و مەترسیدارترین نامۆبوونێک مرۆڤ توشی ببێت، نامۆ بوونیەتی بە مێژووی خۆی، بە ڕۆح و میزاجی شارستانی خۆی، پێچەوانە و دژبوونی ــ تناقض ــ ئێستای بە ڕابردووی.

دیاردەی تەمەزوق و لەبەریەکهەڵوەشانی کەسایەتی ڕۆژهەڵاتی بە گشتی، کەسایەتی مسوڵمان بەتایبەتی، کە ئەمڕۆ بە ڕوونی دیارە و هەستی پێدەکرێت، بۆ ئەو ڕاستییەی لە پێشەوە باسمان کرد دەگەڕێتەوە.

لەبەرئەوە من وەک نوسەرێک، بەو تفاقە کەمەی پێمە، ئەوەندەی لە توانامدا بێت هەوڵدەدەم بۆ تەئصیل و تیۆریزە کردنی چەمکە هزریی و فەرهەنگییەکان، بگەڕێمەوە بۆ سەرچاوە ڕەسەنەکانی خۆمان، لە پێشەوەی هەموویان قورئانی پیرۆز و فەرمودە ڕاست و دورستەکانی پێغەمبەر(د.خ) و فەرهەنگ و موعجەمەکانی زمان بە کوردیی و عەرەبییەوە، هەروەها کتێب و سەرچاوە ڕەسەن و خۆماڵیەکانی تر.

سەبارەت بە زمانیش وەک چەند جاری تر و لە چەند شوێنێکی تری نوسینەکانم وتوومە، وەرگرتنی دەستەواژە و وشە تا بۆمان بکرێت لە زمانەکانی بێگانە وەرنەگرین، بەڵام ئەگەر هەر ناچاربووین لە زمانی عەرەبی کە بە ڕوح و میزاجی شارستانی و مێژووییمان دەخوات وەربگرین.

بگەڕێینەوە سەر پێناسەی شوناس(٢)، زاراوە،

یا دەستەواژەی شوناس بەکوردی، یا وەک هەندێک دەڵێن ناسنامە، لە بەرامبەر (**الهُوِيَة**)(٣)ی عەرەبی بەکاردێت، واتە وشەی شوناس وەرگێڕدراوی وشەی «**الهُوِيَة**»ی عەربییە، کە وەرگێڕدراوی (identity) ئینگلیزییە، ئەو چەمکە چەمکێکی تاڕادەیەک ئاڵۆزە و کۆمەڵناس و بیرمەندەکان تەواو کۆک نین، نە لەسەر پێناسەکردنی و سەیرکردنی لە دیدگا و یەک ڕوانگەوە، نە لەسەر ڕەگەزە پێکهێنەرەکانی. ئێمە ناچینە ناو ئەو جەدەلە فەلسەفییە قوڵەوە، بەڵکو بەسادەیی لە میانەی خوێندنەوەی هەندێک فەرهەنگ و کتێبی زاراوەکان، پێناسەیەکی شوناس دەکەین.

ئەبو البقا ئەلکەفەوی لە کتێبی (الکلیات)دا دەڵێت: پرس و بابەتە عەقلانییەکان – مەبەستی ئەو پرسانەیە عەقل لێی تێدەگات و دەرکیان دەکات- بەوپێیەی کە دەبنە گوتە لە وەڵامی پرسیاری: ئەمە چییە؟ دەبێتە چییەتی، بەوپێیەش کە شتەکە لە دەرەوەی بیرکردنەوە عەقلانییە ڕووتەکەش بوونی هەیە دەبێتە حەقیقەت و ڕاستییەک، هەروەها بەوپێیە کە جیادەکرێتەوە لە هاو وێنەکانی دەبێت بە شوناس(٤).

محەمەدی کوڕی شەریفی جورجانیش لە فەرهەنگەکەیدا بە ناوی (التعریفات) دەڵێت: (شوناس – **الهُوِيَة** ئەو ڕاستییە ڕەهایەی کە ڕاستییەکانی تر لەخۆدەگرێت، وەک چۆن ناوک یا تۆوی درەخت ئەو درختە نادیارەی لە داهاتویەکی نادیار دێتە بوون، لەخۆدەگرێت(٥)، فارابیش لە ڕووی فەلسەفییەوە و بەکارکردن لەسەر چەمکی (الإنیة) و هەروەها لە بابەتی «**الهُوِيَة**» و «الجوهر»دا لە چەند شوێنێکی کتێبی (الحروف)دا قسەوباسی زۆری لە مەڕ حەقیقەتی شت و شوناسی شتەکان کردووە(٦).

لە کۆی ئەو پێناسانەی بۆ دەستەواژەی شوناس «**الهُوِيَة**» کراوە دەگەینە ئەوەی کە شوناس بریتییە لە هەرچی خود « الذات » دیار دەکات و

**شوناسی نەتەوەی کورد هەموو ئەو تایبەتمەندی و خەسڵەتە خودیی و کولتوورییانەی کورد وەك نەتەوەیەك، لە نەتەوەکانی تر جیادەکاتەوە**

جیای دەکاتەوە لە خودەکانی تر، هەستکردن بە جیاوازی کەسێتی، هەستی بەردەوامیی کەسێتی، سەربەخۆیی کەسێتی(٧). شوناسی من وەک خود ئەو تایبەتمەندی و خەسڵەتانەی من لە تۆ جیادەکاتەوە دەگرێتەوە، شوناسی نەتەوەی کورد هەموو ئەو تایبەتمەندی و خەسڵەتە خودیی و مێژوویی و کولتوورییانەی کورد وەک نەتەوەیەک، لە نەتەوەکانی تر جیادەکاتەوە، ئەگەر ئەو جیاوازیانە نەبێت ئیدی مرۆڤەکان وەک ماسی ناو ئاو لە یەک دەچن و جیاناکرێنەوە.

مناڵ کە لەدایک دەبێت لە قۆناغێکی سەرەتایی زوو هەوڵی دورستکردنی شوناس دەدات بۆ خۆی، لە میانەی لاسایی کردنەوەی کەسە نزیک و گرنگەکان بەلایەوە، وەک: باوک، دایک، برا گەورەیەک، مامۆستا...هتد، دواتر لە قوناغی هەرزەکاریدا بیردەکاتەوە کە دەبێت کەسایەتی خۆی جیابێت و شوناسێکی سەربەخۆی ببێت، ئیدی ڕەفتار و هەڵسوکەوتی وادەنوێنێت کە جیاواز دەرکەوێت، بەڵام بە هۆی کەم ئەزمونی لە ژیاندا هەندێک جار بەشێوەی یاخیبوون و ڕەفتاری نا هاوسەنگ و دژبەیەک ڕەنگدەداتەوە، دواتر کە قاڵ دەبێت، ئەزموون پەیدا دەکات، ئەو قۆناغە بە جێدێڵێت و شوناسی خۆی دەدۆزێتەوە.

# شوناس ڕشتە و مەنزومەیەکی جێگیر و نەگۆڕ و کۆتایی نییە، بەڵکو پرسێکە و کەسب دەکرێت

بە هەمان شێوە هەروەک تاک شوناسی خۆی هەیە، گرووپ و تاقم و گەل و نەتەوەکانیش شوناسی خۆیان هەیە و دەبێت هەیانبێت، بەئەندازەی گەشەکردنی گەل و نەتەوەکان و دەوڵەمەندی مێژوو و کولتووری نەتەوەیی شوناسیش زیاتر دەوڵەمەند و جیاواز دەبێت لە ئەوانی تر، کەواتە شوناس ڕشتە و مەنزومەیەکی جێگیر و نەگۆڕ و کۆتایی نییە، بەڵکو پرسێکە و کەسب دەکرێت، بنیات دەنرێت، بەردەوام لە گۆران و پەرەسەندندایە، پرۆژەیەکی کراوەیە بەسەر داهاتوودا، پرۆژە و پرۆسەیەکی دەستلەملانێیە هەم لەگەڵ واقیع و هەم لەگەڵ مێژووشدا، وەک چۆن ئەرکی شوناسە گەل و نەتەوەکان لە توانەوە و لەدەستدانی کەسایەتی بپارێزێت، لە هەمانکاتدا ئەرکی نەتەوەکانیشە شوناسیان دەوڵەمەند بکەن و گەشەی پێبدەن، دیارە مێژووی هەر گەلێک لە نوێبوونەوەی بەردەوامدایە، پڕە لە ڕوداو و ئەزموونی تازە، بۆیە شوناسەکەیشی دەگۆڕێت و تایبەتمەندی و ڕوخسار و خەسڵەتی تازە پەیدا دەکات، زمان و توخم و ڕەگی نەتەوە «القومیة» تەنها ڕەگەز نین بۆ نەخشاندن و پێدانی سیما و تایبەتمەندی بە شوناس، تا نەگۆڕ و چەسپاو بێت، بەڵکو دەرهاویشتە و بەرهەمەکانی زمانیش دەگرێتەوە، وەک ڕۆشنبیریی، مێژوو، نرخ و بەها کۆمەڵایەتییەکان، بەرهەمە فیکریی و ئەدەبی و هونەرییەکان، کە ئەوانەش بە زمان گوزارشتیان لێدەکرێت و لە سەردەمێک بۆ سەردەمێک لە گۆران و پەرەسەندن و دەوڵەمەندبووندان، واتە نەگۆڕ و چەسپاو نین.

بە کورتی شوناس بنیات دەنرێت و پەرەدەسەنێت، شتێکی چەسپاو و نەگۆڕ نییە، منداڵ وەک تاک لەدایک دەبێت نەک وەک کەسایەتییەک، کاتێک لەدایک دەبێت بێ شوناس و ناسنامەیە، بۆئەوەی ببێتە خاوەن شوناس دەبێت ڕەگەزەکانی شوناسی لە دەوروبەری، لەو ژینگەیەی تێیدا دەژی وەربگرێت، دیارە ئەو وەرگرتنەش سەرەتا وەک جۆرێک لاسایی کردنەوەیە و پێویستی بە هۆشیاری زیاتری ئەو ڕەگەزانە و پەروەردەکردنیان هەیە.

## بڕگەی دووەم/ جۆر و ئاستەکانی شوناس:

ڕەگەزەکانی پێکهاتنی شوناس: شوناس دیاردەیەک، یا ڕاستییەکی چەسپاو و نەگۆڕ نییە وەک ئاماژەمان پێکرد، بەڵکو گەشە دەکات و هەندێ ڕەگەزی تازەی بۆ لەدایک دەبێت، هەندێکی گۆڕانی بە سەردادێت، هەندێکیشی چەسپاو نەگۆڕە، ئەمە لە لایەک، لە لایەکی تر مرۆڤ تەنها یەک شوناسی نییە، بەڵکو هەر مرۆڤێک هەڵگری چەند شوناسی لە چوون بەناویەکدایە، هەر شوناسەیش ڕەگەزی تایبەت بە خۆی هەیە، هەندێک شوناس مرۆڤ ناتوانێت بیانگۆڕێت و بەسەریدا سەپێنراوە و جەعلێکی خواییە، وەک باسی لێوە دەکەین.

سەرەتا شوناسی مرۆڤ بوون: مرۆڤ بوون بۆ خۆی شوناسێکە و مرۆڤ لە دورستکراوەکانی تری ناو ئەو بوونە گەورە و گیانلەبەرەکانی تر جیادەکاتەوە، ڕەگەزەکانی ئەو شوناسە بریتین لە: یەکەم، عەقڵ و توانای بیرکردنەوە. دووەم، ویست

و توانای هەڵبژاردن.

دواتر مرۆڤەکان لەناو خۆیاندا خودا دابەشی کردوون بەسەر گەل و زمان و ڕەنگ و نەتەوەی جیاجیا، نەتەوەش وەک شوناس ڕەگەز و تایبەتمەندی خۆی هەیە، وەک: زمان، ئایین، مێژوو و سنبولە مێژووییەکان، توراسی فیکریی و ڕۆشنبیری...هتد.

هەروەها هەندێک جار مرۆڤەکان خۆیان پێکهاتە و گرووپ و ڕێکخراوی کۆمەڵایەتی و سیاسی دورست دەکەن، کە ئەوانەش شوناسی تایبەت بە خۆیان دەبێت، پێکهاتە و قەوارە گەورەکانی وەک ژیارەکان ــ الحضارات ــ ژیاری ئیسلامی، ژیاری مەسیحی، ژیاری کۆنفۆشیۆسی، هیند، فارسی و ڕومانی...هتد، ئەوانەش هەریەک بۆ خۆی تایبەتمەندی و خەسڵەتی خۆی هەبووە و هەیە کە جیای کردۆتەوە لەوانی تر.

کەواتە هەر مرۆڤێک لە یەک کاتدا هەڵگری چەند شوناسێکە، هەریەک لەو شوناسانە ڕەگەز و پێکهێنەری خۆی هەیە، سەرەتا مرۆڤ وەک مرۆڤ هەڵگری هەندێک تایبەتمەندی و خەسڵەتە کە مرۆڤ وەک بوونێکی عاقڵ و خاوەن ویست و ئیرادە لە بوونەکانی تر جیادەکاتەوە، ئەنجا مرۆڤ وەک مونتەمی بۆ نەتەوەیەکی دیاریکراو هەندێ تایبەتمەندی خەسڵەتی جیاکەرەوەیە لە نەتەوەکانی تر ئەوەش شوناسێکی تری پێدەبەخشێت، مرۆڤ وەک دانیشتوی ناوچەیەکی جوگرافی دیاریکراو هەڵگری شوناسێکی ترە، کە شوناسی نیشتمانییە... هتد.

بەڵام ئەوەی کە گرنگە بەر لەهەر شتێک مرۆڤ بیزانێت و هۆشیاری لە هەمبەریدا ببێت، ناسینی مرۆڤ بۆ خودی خۆیەتی، مرۆڤ خۆی دەناسێت و دەیناسێتەوە، توانا و تایبەتمەندییەکانی خۆی دەزانێت، دەرک بە جیاوازییەکانی خۆی دەکات لە نێوان جیهانی زیندەوەران، گیانلەبەرەکانی تر جگە لە مرۆڤ ئەگەر بیهێنیتە بەرامبەر ئاوێنە هیچ جۆرە ڕەنگدانەوەیەکی نابێت، بەڵام مرۆڤ وانییە، **(بَلِ الْأِنْسَانُ عَلَى نَفْسِهِ بَصِيرَةٌ وَلَوْ أَلْقَى مَعَاذِيرَهُ)**(٨).

دواتر هەست و دەرک کردن بە مرۆڤایەتی مرۆڤ، واتە دەرک بە مرۆڤبوونی خۆی بکات، وەک تایبەتمەندییەک کە ڕێز لێگیراوە، **(قَالَتْ لَهُمْ رُسُلُهُمْ إِنْ نَحْنُ إِلَّا بَشَرٌ مِثْلُكُمْ وَلَكِنَّ اللَّهَ يَمُنُّ عَلَى مَنْ يَشَاءُ مِنْ عِبَادِهِ وَمَا كَانَ لَنَا أَنْ نَأْتِيَكُمْ بِسُلْطَانٍ إِلَّا بِإِذْنِ اللَّهِ وَعَلَى اللَّهِ فَلْيَتَوَكَّلِ الْمُؤْمِنُونَ)**(٩)، خودا لەبەر ئەم مرۆڤبوونەی شکۆ و سەروەری لە جیهان پێ بەخشیوە، **(وَلَقَدْ كَرَّمْنَا بَنِي آدَمَ وَحَمَلْنَاهُمْ فِي الْبَرِّ وَالْبَحْرِ وَرَزَقْنَاهُمْ مِنَ الطَّيِّبَاتِ وَفَضَّلْنَاهُمْ عَلَى كَثِيرٍ مِمَّنْ خَلَقْنَا تَفْضِيلًا)**(١٠)، لە جوانترین و قەشەنگ ترین دیمەن و ڕوخسار دورستی کردووە، **(لَقَدْ خَلَقْنَا الْإِنْسَانَ فِي أَحْسَنِ تَقْوِيمٍ)**(١١)، لێرەوەیە فەرمان بە فریشتەکان کراوە کڕنۆشی ڕێزنان و دانان بە شکۆی ئەو مەخلوقە ناوازەیە ببەن، **(فَإِذَا سَوَّيْتُهُ وَنَفَخْتُ فِيهِ مِنْ رُوحِي فَقَعُوا لَهُ سَاجِدِينَ)**(١٢)، ئەنجا پێویستی بە ئینتما و خۆدانە پاڵ گروپ و کۆمەڵ، کە مرۆڤ گیاندارێکی کۆمەڵایەتییە و بەتەنیا نایکرێت، **(هُوَ اجْتَبَاكُمْ وَمَا جَعَلَ عَلَيْكُمْ فِي الدِّينِ مِنْ حَرَجٍ مِلَّةَ أَبِيكُمْ إِبْرَاهِيمَ هُوَ سَمَّاكُمُ الْمُسْلِمِينَ مِنْ قَبْلُ وَفِي هَذَا لِيَكُونَ الرَّسُولُ شَهِيدًا عَلَيْكُمْ وَتَكُونُوا شُهَدَاءَ عَلَى النَّاسِ)**(١٣).

قورئان بەوشێوە باس لە مرۆڤ و شوناسی مرۆڤبوون دەکات، ماهیەت و چیەتی مرۆڤ و ئەو تایبەتمەندیانەی لە دورستکراوەکانی تر جیای دەکاتەوە.

## برگەی سێیەم/ گرنگی مێژوو و سنبولە مێژووییەکان لە بەخشینی شوناسی نەتەوەیی:

دورستبوون و دابەشبوونی مرۆڤەکان بەسەر نەتەوە و گەلە جیاوازەکاندا وەک ئاماژەمان کرد جەعلێکی خودایییە، دەستی خۆمانی تێدا نییە و پرسمان پێ نەکراوە، نیشانەیەکی دەستەڵات و گەورەیی خودایە **(وَمِنْ آيَاتِهِ خَلْقُ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ وَاخْتِلَافُ أَلْسِنَتِكُمْ وَأَلْوَانِكُمْ إِنَّ فِي ذَلِكَ لَآيَاتٍ لِلْعَالِمِينَ)**(١٤).

بەخشینی هەندێ لەو خەسڵەتە نەتەوەییانە، وەک دیارە بە ویستی مرۆڤ نەبووە، بەڵام هۆشیاری بەو جیاوازییە تێگەیشتن لە مەرام و حیکمەتەکانی، کارکردن بۆ تەحقیقی ئەو مەرام و مەبەستانە کاری مرۆڤەکانە، بایەخ و گرنگی خۆی هەیە، کە ئێمە لێرە ناوی دەنێین بایەخی شوناسی نەتەوەیی.

بایەخ و پێویستی مرۆڤ بە شوناس:

ئەگەر بە ووردی سەرنج لە قورئانی پیرۆز بدەین چەندین ئایەتمان بەرچاو دەکەوێت کە دەتوانین وەک بەڵگە وەریان بگرین لەسەر ئەوە کە مرۆڤ چ وەک تاک، چ وەک گرووپ و تاقم و نەتەوە و هەرجۆرە پێکهاتەیەکی تر پێویستی بە شوناس، یا ناسنامە هەیە، ناسنامە بەمەعنا بوون و پێکەوەنانی چەند خەسڵەت و تایبەتمەندییەک کە جیای بکاتەوە لە هاوشێوەکانی، تاک لە تاکەکانی تر، گرووپ لە گروپەکانی تر، نەتەوە لە نەتەوەکانی تر، ئایین لە ئایینەکانی تر، ژیار و شارستانییەت لە ژیار و شارستانییەت تر، **(يَا أَيُّهَا النَّاسُ إِنَّا خَلَقْنَاكُم مِّن ذَكَرٍ وَأُنثَى. وَجَعَلْنَاكُمْ شُعُوبًا وَقَبَائِلَ لِتَعَارَفُوا . إِنَّ أَكْرَمَكُمْ عِندَ اللَّهِ أَتْقَاكُمْ . إِنَّ اللَّهَ عَلِيمٌ خَبِيرٌ)(١٥)** شوناس لە پێداویستییە دەروونییەکانی مرۆڤ و پێداویستییەکی بەرایی هەرچەشنە ژیانێکی کۆمەڵایەتییە، ئەگەر تەوەر و بنەمای ژیانی کۆمەڵایەتی بە دامەزراندنی پێوەندی بەردەوام و مانادار لەگەڵ ئەوانیتر بزانین، شوناسی کۆمەڵایەتی دەرفەت و دەرەتانێکی ئەوتۆ پێکدێنێت، بە وتنێکی دیکە بەبێ چوارچێوەیەک بۆ دیاریکردنی شوناسی کۆمەڵایەتی، تاکەکان وەک یەکدی دەبوون و هیچ کام لەوان ناتوانن بە شێوەیەکی مانادار و بەردەوام لەگەڵ ئەوانی تری جیاواز پەیوەندی بگرن، کەواتە بەبێ شوناسی کۆمەڵایەتی لەڕاستیدا کۆمەڵگەیەک بوونی نییە.

شوناسی کۆمەڵایەتی نەک تەنیا دەرفەت و دەرەتان بۆ پێوەندی کۆمەڵایەتی دەڕەخسێنێت و بەس، بەڵکو مانا بە ژیانی تاکەکانیش دەبەخشێت، شوناس نەک هەر پرۆسەیەکە بۆ خۆناسینی کردەگەرە کۆمەڵایەتییەکان، بەڵکو ماناسازیش بە هۆی ئەوەوە دەدرێ، لەم ڕووەوە ژمارەیەک لە تیۆریستەکان لە واتاکردن و چەمکبەندی شوناسدا لەسەر ئەم ئەرکە پێ دادەگرن، بۆ نمونە مانیوێل کاستێل شوناس وەک پرۆسەی مانا لەسەر بنەمای تایبەتمەندییەکی کولتووری، یان دەستەیەک تایبەتمەندیی کلتووری باڵادەستیان بەسەر سەرچاوەکانی دیکەی مانادا هەیە(١٦)، پێش کاستێل و غەیری ئەویش، دەستەواژەی قورئانی **(لِتَعَارَفُوا)** ئەوە دەسەلمێنێت، ئەگەر شوناسی جیاواز و جۆراوجۆر نەبێت تا عارف کە پرۆسەیەکی کۆمەڵایەتی، سیاسی، ئابووری...هتد نێوان مرۆڤە جیاوازەکانە بوونی نابێت.

لە مێژووی مرۆڤایەتی چەندین جار ڕوویداوە کە زلهێزێک گەل و نەتەوەی تری داگیرکردووە و خستویەتییە ژێر ڕکێفی خۆی، بەڵام نەیتوانیوە بە ئاسوودەیی و ئارامی بیباتە سەر، بەڵکو ئەو گەلە تەنها بە چەکی شوناس و شکۆی خودناسییەوە کەوتونەتە بەرگریی و لێیان ڕاپەڕیوون و وەدەریان ناوون، ئەو گەلە نەیتوانیوە ئاوا دەستەوئەژنۆ بۆی دانیشێت و گەلی داگیرکار زمان و کولتوور و ئایین و کەسایەتی بسڕێتەوە و مێژوو و سنبولە مێژووییەکانی فەرامۆش بکات و لە بیری نەوە نوێکانی بباتەوە،

شوناس پارێزگاری دەکات لەو پێکبەستانەی گەل و نەتەوەی لە کاروانی دورودرێژی مێژووی ژیان بەکۆ و پێکەوە هێشتۆتەوە، ڕۆژ بە ڕۆژ تۆرە کۆمەڵایەتیەکەی پتەوتر کردووە، دید و جیهانبینییەکەی بۆ بوون و ژیان و دەوروبەر یەکخستووە، هەڵگری توراس و فەرهەنگی کەڵەکەبووی چەندین سەدەیەتی، هەر لەبەرئەوەش سەرچاوەی شکۆ و شانازیەکانییەتی، لەناو گەل و نەتەوەکانی تر خۆی پێ جیادەکاتەوە و دەدۆزێتەوە،

لەو کاتانەی گەل و نەتەوە دەکەوێتە بەردەم گەف و هەڕەشەی نەیارانییەوە ڕۆڵی هاندان و جۆشدان دەگێڕێت، بەر بە توانەوە لە شوناسی ئەوانی تر دەگرێت، شوناس ئەو زەمینە توند و مەیدانە بەهێزەیە دەشێت هەر قەوارەو بوونێکی لە داهاتوودا لەسەر هەڵبچنرێت، بەمشێوە شوناس ئێنتمایە بۆ ڕابردوو بە ئەندازەی ئەوە کە هاوکار بێت بۆ دورستکردنی داهاتوێکی گەشتر و پێشکەتوتر. جێگە و پێگەی شوناس لە ناخی مرۆڤدا بە شێوەیەکە ئەگەر گیان و مانای شوناس لە بیروباوەڕ و هزری مرۆڤدا لاواز بوو نەک هەر نەما ئەوکاتە مرۆڤ لە ئاستی هیچ شتێکدا وەفا و ئەمەکداری نامێنێت.

### ڕۆڵی مێژوو و سنبولە مێژووییەکان لە نەخشی شوناسی نەتەوەیی:

زمان ڕەگەزێکی گرنگە لە پێکهاتەی شوناس، تەنیا ڕەگەز نییە، هەروەها ئەگەر ڕەگەزەکانی تر بوونیان نەبێت، یا بە هێز و دەوڵەمەند نەبن ئەوا بەتەنها زمان ناتوانێت نەتەوەکان لە توانەوە بپارێزێت، نمونەی دیار لەم بوارە گەل و نەتەوەکانی ئەمریکای لاتینە، ئەگەرچی خاوەنی زمانی تایبەت بە خۆیان بوون، بەڵام نەببوونە خاوەن کولتوور و مێژوویەکی دەوڵەمەند بە ڕەمز و سنبول و توراسێکی ئەدەبی فیکریی و شارستانییان بەم زمانە بەرهەم نەهێنابوو، ئیدی لە بەردەم زمانی داگیرکەر کە زمانی ئیسپانی بوو خۆیان نەگرت و زمانەکەیشیان لە بنەڕەتدا نەما و ڕەشبۆوە، ئێستا ئەگەر ئەو گەل و نەتەوانە خەڵکێکیشیان لێمابێتەوە ئەوە زمانی خۆیان نازانن و بە ئیسپانی دەئاخڤن.

زۆربەی فەیلەسوف و بیرمەندەکان پێکبەستنەوەیەکی بە هێز و توند هەیە لە نێوان شوناسی نەتەوەیی لە لایەک و مێژوو و کولتوور و سونبولە مێژووییەکانی هەر گەل و نەتەوەک لە لایەکی تر، شوناس و مێژوو و سنبولەکانی دووانەیەکی لێکدانەبڕاون، شوناسێک لە گۆڕێدا

**شوناس ئەو زەمینە توند و مەیدانە بەهێزەیە دەشێت هەر قەوارەو بوونێکی لە داهاتوودا لەسەر هەڵبچنرێت**

نییە و نابێت بەبێ بوونی مێژوو و توراسێک کە پشتی پێببەستێت و پاڵی پێوە بدات، هەروەها ئەو مێژوو و توراسەش بەهایەک پەیدا ناکات ئەگەر نەبێتە بناغە و بنچینە بۆ بنیاتنانی شوناسێک، ئەم دووانە دوو پێکهاتە و دوو ڕەگەزی تەواوکارن.

هەموو گەل و نەتەوەیەک مێژوو و توراسێکی کەڵەکەبووی دیار و زانراوی هەیە پێی دەناسرێتەوە، یا ئەو مێژوو و توراسە نادیار و نەزانراوە دەبێت بدۆزرێتەوە و پەردەی لە سەر لابدرێت، ئەو مێژوو و توراسە لەگەڵ چەند ڕەگەزێکی تر کەسایەتی و شوناسێکی جیاواز دەبەخشێت بەو گەل و نەتەوەیە، هەر بەم شوناسە لە نێوان گەل و نەتەوەکانی تر دەناسرێتەوە، جا یەکسانە پێی بزانێت یا نەزانێت یا بیزانێت و خۆی لێ نەبان بکات.

دەتوانم بڵێم تەواوی ئەو فەیلەسوف و بیرمەندانەی لە سەر تیۆریزەکردنی پرسی شوناس کاریانکردووە یەکدەنگن کە مێژووی هاوبەش، بەشداری پێکەوەیی لە دورستکردنی ڕووداوە خۆش و ناخۆشەکان، شکست و سەرکەوتنەکان، تێکشاکان و سەروەرییەکان، بەرەوپێش چوون و دواکەتنەکان، پێکەوەنانی کولتوور و داب و نەریتێکی شارستانی، داهێنان و پابەندبوون بە کۆمەڵێک نرخ و بەهای ئەخلاقی ڕەگەزێکی بنەڕەتی

## شوناسێك لە گۆڕێدا نییە و نابێت بەبێ بوونی مێژوو و توراسێك کە پشتی پێببەستێت

و سەرەکییە لە پێکەوەنان و بەخشینی شوناسێکی هاوبەش بەو گەلە کە خاوەنی ئاوا مێژوویێکی هاوبەشە، هەر لەبەرئەوەیە لە کۆتایی سەدەی نۆزدە بە دواوە کە بە سەردەمی زێرینی ئەدەبی کوردی و گەشەکردنی ئەژمار دەکرێت و هاوکاتە بە سست بوون و لاواز بوونی شوناسە گەورەکان دەیان رۆناکبیر و شاعیری گەورە و دیاری تێدا هەڵکەوتووە و خزمەتی بەرچاویان کردووە بە دەرخستنی مێژووی دێرینی کورد و تیشکخستنە سەر سنبولە مێژووییەکانی، بۆ دەرخستنی بایەخی مێژوو و سونبولە مێژووییەکان لە پرۆسەی بەخشینی شوناسی نەتەوەیی بە مرۆڤ دوو نمونە دەهێنینەوە:

**نمونەی یەکەم، پیرەمێردی فەیلەسوف و شاعر:**

پیرەمێردی دانا و شاعیر و بیرمەند، لەگەڵ ئەوەی ساڵانێکی زۆر لە سایەی خەلافەتی عوسمانی ژیاوە و خزمەتی بەرچاوی کردووە و جێگەی متمانەی خەلیفە بووە و نامەی تایبەتی بۆ خوێندۆتەوە و نوسیوە، فەرمانبەری باڵای سەڵتەنە بووە، لە پشتیوانانی پاراستی یەکێتی مسوڵمانان لە سایەی خەلافەت بووە(١٧)، لەگەڵ زانای ناوداری کورد سەعید نورسی رێکخراوی «جمعية الاتحاد المحمدى «یان دورستکردووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەش دوای ئەوەی خەلافەت هەڵوەشایەوە و ئەو شوناسە فراوانەی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی لە بەرژەوەندی شوناسە نەتەوەییەکان کاڵ بووەوە و تورک وتی من تورکم، فارس وتی من فارسم، عەرەب وتی من عەرەبم، هەریەکە و چوو بەدەم خەمخواردنی نەتەوەکەی خۆی و هەوڵی دورستکردن و گەشەدان بە شوناسی نەتەوەیی خۆیدا، پیرەمێردیش کە ئیدی نائومێد دەبێت بەتەواوی، دەگەڕێتەوە بۆ کوردستان دەست دەکات بە خەباتی مەدەنیانەی خۆی لەپێناو نەتەوەکەی و لەو پرۆژە و کارە گرنگانەی میانەی گۆڤاری ژیان و ژین ئەنجامی داون نوسینەوەی بەشێکی زۆری مێژووی کورد، یا پەردەلادان لە سەر زۆرێك لە رووداوە مێژووییەکانی نەتەوەی کورد، گۆشەیەکی لە رۆژنامەکەی تەرخان کردبوو بۆ ئەم پرسە، لەو گۆشەیەدا زنجیرە وتارێکی دەربارەی مێژووی کورد نوسی، مێژووی میرنشینی بابان و خێڵ و تیرەکانی جاف و گەلێ رووداوی مێژوویی گرنگ کە بابەتی کتێبێکی گەورەیە، هەروەها کار لە سەر ناساندنی سنبول و رەمزە نەتەوەییەکانی کورد، وەک دوانزە سوارەی مەریوان، مەحمود ئاغای شێوەکەڵ و هی تریش.

زیندوکردنەوەی بۆنەی نەورۆز و ساڵانە ئەنجامدانی ڤیستڤاڵ و ئاهەنگ بەوبۆنەیەوە هەر بەو مەبەستە بووە، جگە لەو کارانە پیرەمێرد هەمیشە لە بیری ئەوەدابووە و پلانی داناوە بۆ وەرگێڕانی هەندێ تێکست و بەرهەمی شاعیر و ناودارانی کورد، لەوانە بەرهەمەکانی مەولەوی تاوگۆزی، تا لەوێوە بەکردەیی بە گەلانی تر بڵێت ئێمەش کوردین و ئەوەتا بەرهەمە عیرفانی و فەلسەفیەکانمان، ئەگەرچی بەداخەوە لەبەر هەر هۆکارێک بێت پیرەمێرد وەک پێویست فریای ئەو پرۆژەیەی نەکەوت.

**نمونەی دووەم، زانا و مێژوونوس محەمەد ئەمین زەکی بەگ:**

مێژوونوسی ناوداری کورد محەمەد ئەمین زەکی

بەگ دوای هەڵوەشانەوەی خەلافەتی عوسمانی و سەرهەڵدانی بیری نەتەوەیی و دەستپێکردنی قوناغی (دەوڵەت نەتەوە)یی ئەمین زەکی دەستیکرد بە پرۆژەی تیۆریزەکردنی شوناسی نەتەوەیی لە میانەی نوسینی پوختەی مێژووی کورد و کوردستان و، مێژووی ناودارانی کورد ....

لە پێشەکی کتێبە ناودار و بەهادارەکەیدا (پوختەی مێژووی کورد و کوردستان)دا دەڵێت: دوای ئەوەی وشەی عوسمانی بە گشتی بوونی نەما لە تورکیا و وشەی تورک و تۆرانی جێگەی گرتەوە، دیارە لەوکاتەدا سروشتییە منیش وەک ئەوانی تر لە ڕەگەزە نا تورکەکانی ناو دەستەڵاتی عوسمانی هەستێکی نەتەوەیی جیاوازی بەهێزم لا دورست ببێت، ئەو هەستەش پاڵی پێوەنام کە ئەو هەست و سۆزە نەتەوەییە جیاوازەم ئاشکرا بکەم و دەر ببڕم.

بەڵام لەڕاستیدا من خۆم هیچم لەبارەی ئەو نەتەوە و گەلە نەدەزانی کە من یەکێکم لە ئەندامەکان و ئینتیمام بۆی هەیە، هەرگیز پێشتر ئەوە بە خەیاڵمدا نەهاتبوو، نە لەکاتی خوێندنمدا و نە دواتریش لە مێژووی نەتەوەکەم نەتەوەی کورد بکۆڵمەوە و بەدواداچوونی بۆ بکەم تا ئەوکاتەی ئەمەی وتم ڕوویدا، چونکە وشەی «عوسمانی» هەموو ڕەگەز و گەل و نەتەوەکانی ژێر قەڵەمڕەوی دەوڵەتی عوسمانی بەیەکسانی دەگرتەوە، ئەم حاڵەتەش هەست و سۆزی نەتەوە جیاوازەکانی سڕکردبوو، هەر بۆیە ناوەناوە لە خۆمم دەپرسی: ئاخۆ، نەتەوەی کورد سەر بە چ سولالە و نەژادێک بێت؟ سەروەری و مێژووەکەی چی بێت؟ بەڵام نەمدەتوانی بگەم بەهیچ وەڵامێک کە لێی دڵنیابم، ناچاربووم پرسیارەکەم بەرەو رووی چەند سەرکردە و زانایەکی کورد بکەمەوە، بەتایبەتی دوانیان کە مامۆستای مێژووبوون، کە یەکێک لەم دوانە نەژادی کوردی بەستەوە بە ڕیوایەتێکی ناجێگیر و سەنەد لاواز کە گەیاندییەوە بە کەسێک بە ناوی «کوردی کوڕی عەمری قەحتانی»، ئەوەی تریش لە دوو مامۆستاکە بنەچەی کوردی گەڕاندەوە بۆ نەژادی جنۆکەیەک لە جنۆکەکان کە پێی وتراوە «جاساد».

ئەو دوو وەڵامە سەخیف و بێ مەعنا و بنەمایە زۆر ئازاری پێگەیاندم، ئیدی بەڵێنم بەخۆمدا کە هەر خۆم بە تەحقیق کردن و ساغکردنەوەی ئەم کارە قورسە هەڵسم، هەر خۆم ئەو گرێکوێرە مێژووییە چارەسەر بکەم، لەوکاتەدا من لە ئەستەنبۆڵ بووم، کە هەلێکی لەبار بوو بۆ دەستکردنم بەم کارە، دەستپێشخەریم کردوو کاتی پشووەکان و دەستبەتاڵیم لەکاری فەرمی تەرخان کرد بۆ توێژینەوەی ئەم بابەتە گرنگ و هەستیارە(١٨).

سەبارەت بە زیندوو ڕاگرتنی سمبول و ڕەمزە نەتەوەییەکان، ئەوەش بە نوسینەوەی مێژووی ژیانیان، لە پێشەکی کتێبی (ناودارانی کورد و کوردستان، ب١)دا محەمەد ئەمین زەکی دەڵێت: (مێژوو بۆمان باس لە هەندێ گەل و نەتەوە دەکات لەسەر تەختەی شانۆی ژیان دەرکەوتن بۆماوەیەکی کورت، یا درێژ، دواتر گوم بوون و کەوتنە ئەودیو پەردەی لەبیرچوون، خۆ ئەگەر بە قوڵی وردبینەوە لە فاکتەرە بنەڕەتییەکانی پشت ئەو زوو بزربوونەیان، بۆمان دەردەکەوێت کە توانەوەیان لەناو گەل و نەتەوەی تر و بیرچوونەوەی پێشینان و باوان لەلایەن نەوە تازەکان و فەرامۆشکردنی ژیانی ئەوان بووە، ئەگەر وەک دەڵێن – مێژوو خۆی دووبارە دەکاتەوە، هەر دەوڵەتێک لە دەوڵەتان، یا ئوممەتێک لە ئوممەتەکان لە ڕابردووی خۆی نەبان بێت، داهاتووی خۆی فەرامۆش بکات، بێگومان چارەنوسی لەناوچوون و ئاوابوونە، جا لەبەرئەمە هەر نەتەوەیەک بیەوێت بەشی خۆی لە ژیان ببات و دەستکەوێت، پێویستە باش لە ڕابردووی خۆی شارەزا بێت و لێی وردببێتەوە، چاکسازیش لەکار و باری ئێستایدا ئەنجامبدات، تا خۆی ئامادە بکات و بتوانێت داهاتوویەکی باشتر مسۆگەر بکات، گەیشتن بە ئاستی بەرزی گەل و نەتەوە بەرزەکانی بۆ دابین بکات)(١٩).

دوای ئەوە ڕەخنەش دەگرێت لەو گەل و نەتەوانە کە هەر لە ڕابردوو و بۆ ڕابردوو دەژین و ناتوانن، یا ئامادەنین مەڵۆێ بخەنە سەر ئەو خەرمانەی پێشینان بۆیان بەجێهێشتوون، تا هەمووی بە هەدەر دەدەن. دواتر دەڵێت: (نامەوێت بەم بۆچوونەم لە بەها و نرخی مێژوو کەم بکەمەوە و چاو دابگرم لە ئاست ڕابردوو، بەڵکو من لە ناخەوە ڕێز و گەورەییەکی زۆرم بۆ مێژوو هەیە، لەڕاستیدا مێژوو باسی گەورەترین ڕووداو و چیرۆکی بۆ گێڕاوینەتەوە، دڵی خۆی کردۆتەوە و کردویەتی بە لانە و جێگەی سەروەریەکانی پیاوی گەورە و باپیرانمان. دەمەوێت بڵێم کە من زۆر-تەمجیدی ئەو ڕابردووە دەکەم کە یادەوەری ئەو پیاوە گەورە و ناودارانەی کە پێش خەڵکی تر کەوتوون بۆ پاراستووین، کە بونەتە باشترین نمونە و سەرمەشق بۆمان لە بەرزی ئاکار و ڕەوشتیان، هەروەها ئەو سەرکردانەی ئەم سەر و ئەوسەری گۆڕەپانەکانی جەنگیان کردووە، هەروەها ئەو پاشایانەی تەنها بەناوهێنانیان ترس و لەرز دەکەوتە دڵی نەیارەکانیان، هەروەها ئەوانەی کە ئاڵای زانست و فەزیلەتیان بەرز ڕاگرت تا ئەمڕۆ ئێمە بتوانین کەڵک لە هزر و کارەکانیان وەربگرین، دوای بۆیەکردنی بەبۆیە و سیمای سەردەم و گونجاندنی لەگەڵ هەلومەرجی سەردەمی خۆمان(٢٠).

ئەو دوو دڵسۆزەی گەلی کورد، کە کاری جدیان کردووە بۆ تەنزیر و بنیاتنانی شوناسی نەتەوەیی کورد، بە هۆشیارکردنەوەی تاکی کوردی، شارەزاکردنی لە مێژوو توراس و ڕەمزە مێژووییەکانی، ئەو سەروەری و دەستکەوتانەی تۆماریان کردووە، لە میانەیدا خزمەتیان بە مرۆڤایەتی بە گشتی و ئایینی ئیسلام بە تایبەتی کردووە، محەمەد ئەمین زەکی یەکەم کەسایەتی لە ناودارانی کورد بە سەلاحەدینی ئەیوبی دەستپێکردووە، پیرەمێرد لە هۆنراوەیەکدا جەژنی مەولود و بۆنەی نەورۆز تێکەڵ دەکات، کە دیارە دەیانەوێت بڵێن ئایینی ئیسلام ڕەگەز و پێکهێنەرێکی دانەبڕاوە لە شوناسی نەتەوەییمان. هەردوکیشیان ئەگەرچی تا ئەو کاتەش، نوسین، بە تایبەتی نوسینی بابەتی مێژوویی کەم بوو بە زمانی کوردی، بەڵام ئەوان هەردووکیان بە زمانی کوردی نوسیویانە، تەنانەت ئەمین زەکی گلەیی و ڕەخنەش ئاراستەی (شەرەفخانی بەتلیسی) دەکات کە کتێبە مێژووییەکەی (شەرەفنامە) بە فارسی نوسیوە، پیرەمێردیش هۆنراوەیەکی خۆشی نوسیوە تێیدا ڕەخنە لە خوارزاکەی دەگرێت کە نامەی بە زمانی تورکی بۆ خاڵۆی واتە پیرەمێرد نوسیوە(٢١).

## کۆتایی

دەکرێت لە کۆتاییدا ئاماژە بە هەندێک لەو گەف و مەترسیانە بکەم کە چاوەڕێ دەکرێت بێنە بەر مێژوو و سمبولە نەتەوییە مێژووییەکانی هەر گەل و نەتەوەیەک، یا بەردەم شوناس بەگشتی، کە ئەرکی دەسەڵات و حکومەتە نەتەوەییەکانە بە پلەی یەکەم کار بکات بۆ پەرژین کردن و بەرگری و دوورخستنەوەی ئەو مەترسیی و لابردنی ئەو گەفانە، بیرمەند و ڕوناکبیرە دڵسۆزەکانیش لە ڕووە فیکریی و تیۆرییەکەوە لێببڕێن بۆ پارێزگاری لەو شوناسە. لە ترسی درێژبوونەوەی بابەتەکەمان تەنها ئاماژە بەو گەف و مەترسیانە دەکەین، دەکرێت لە دەرفەتێکی تر بە درێژی لەسەریان بنوسین، لەو گەف و مەترسیانەش:

١- دزەکردن «الاختراق» و کونتێکردنی دیواری شوناس و هاتنە ناوەوەی ڕەگەزە نامۆکان.

٢- لاساییکردنەوە و سەرسام بوون بە نەریت و کولتووری بێگانە و ئەوانی تری جیاواز.

٣- گۆڕینی مەنهەجی پەروەردە و فێرکردن لەژێر فشاری سیاساتی دەرەوەی نەتەوەیی.

٤-سڕینەوەی مەشخەڵە شوێنەوارییەکان،

٥- ناشیرین کردن، یا بیربردنەوەی سنبولە نەتەوەییەکان.

## سەرچاوە و پەراوێزەکان

١ـ مقدمة ابن خلدون.

٢ـ هەوڵمدا لە ڕووی زمانەوانییەوە ڕیشەی ئەو وشەیە بدۆزمەوە، فەرهەنگی خاڵ و هەنبانە بۆرینە گەڕام، بەڵام شتێکی وام دەست نەکەوت، لە هەنبانە بۆرینە تەنها نوسراوە (شوناس واتە شوناسایی) ، لە فەرهەنگی دەریاش کە فەرهەنگێکی تازەی عەرەبی کوردییە، لە بەرامبەر وشەی « **الهُوِيَّة** »ی عەرەبی ئەمەی خوارەوەی وتووە: ڕاستی شتێک، پێناسە، خۆی، هەر خۆی، ڕاستی و تەواوەتی شت. ب٢، ل١٥٦٦. وادیارە هەر وەرگێرانی **(هُوَ هُوَ)**ی عەرەبییەکەیە.

٣- ڕیشەی وشەی «**الهُوِيَّة**» لە زمانی عەرەبی بەپێی قاموس و فەرهەنگەکان لە «**هُوَ**»ڕاناوی نەلکاوە هاتووە، **هُوَ هُوَ**، واتە ئەو خودی خۆیەتی.

٤ـ ئەبو البقا الکەفەوی، الکلیات، مؤسسة الرسالة ناشرون، چ٢، ١٩٩٨، ل٩٦١، دەقەکەی وەک خۆی بە عەرەبی: (وقال بعضهم: الامر المتعلق من حيث انه مقول في جواب (ما هو) يسمى ما هية، ومن حيث ثبوته في الخارج يسمى حقيقة، ومن حيث امتيازه عن الاغيار يسمى هوية، ومن حيث حمل اللوازم عليه يسمى ذاتا)

٥- محەمەد کوڕی شەریف جورجانی، لە کتێبی تەعریفاتدا دەڵێت: **(الهوية: الحقيقة المطلقة المشتملة على الحقائق اشتمال النواة على الشجرة في الغيب المطلق. الهوية السارية في جميع الموجدات: مَا إذا أخذ حقيقة الوجود، لا بشرط شيء ولا بشرط لا شيء)، ل٢١٦.**

٦- الفارابی، سەیری کتێبی ئەلحروف بکە.

٧ –بە جیهانیبوون، کولتوور، شوناس، ئەحمەد گوڵمحەمەدی، و.عەبدوڵڵا بەهرامی، ل٢٢٢..

٨ـ سورەتی الانسان، ئایەتی ١٣.

٩ـ سورەتی ئیبراهیم، ئایەتی ١١.

١٠ـ سورەتی ئیسرا، ئایەتی ٧٠.

١١ – سورەتی تین، ئایەتی ٤.

١٢ – سورەتی حجر، ئایەتی ٢٩.

١٣ – سورەتی حەج، ئایەتی ٧٨.

١٤– سورەتی ڕوم، ئایەتی ٢٢.

١٥ – سورەتی حوجورات، ئایەتی ١٣.

١٦ـ ئەحمەد گوڵمحەمەدی، بەجیهانی بوون، ل٢٢٣.

١٧– ئەو بۆچوونەی لە زۆرێک لە پەندەکان ڕەنگدەداتەوە، هەروەها وەک محەمەد ڕەسوڵ هاوار دەڵێت: پیرەمێرد زۆر کاریگەر بووە بە شاعیر و بیرمەندی تورک نامیق کەمال، کە ئەویش یەکێکە لە پێشەنگانی وەحدەتی ئیسلامی.

١٨ – پێشەکی کتێبی -خلاصە تاریخ الکرد وکردستان-، لاپەڕە ح–ط ، نوسخەی عەرەبی. بەداخەوە لەوکاتەی ئەو بابەتەم نووسی نوسخە کوردییەکەیم لا نەبوو، ناچار لە عەرەبییەکە وەرمگرت و وەرمگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی.

١٩ – محەمەد ئەمین زەکی بەگ، ناودارانی کورد و کوردستان، بەرگی یەکەم، لاپەڕە ا. بە داخەوە نوسخەی کوردیم لا نەبوو، بەناچاری ئەو دەقانەم دوای وەرگێڕان بۆ زمانی کوردی لە نوسخە عەرەبییەکە وەرگرت.

٢٠ – محەمەد ئەمین زەکی بەگ، ناودارانی کورد و کوردستان، نوسخەی عەرەبی، ب١، أ.

٢١ – مستۆ وادیارە تۆش جلخوار ئەکەی
ئەستۆت ئەخورێ و مەیلی بار ئەکەی
نامە ئەنوسیت بە زمانی تورکی
لە میللیەتدا مایل بە تورکی
ئێمە کە کوردین لەلامان وایە
کوردی زبانێکە زۆر بێهاوتایە

بۆ خۆندنەوەی تەواوی شیعرەکە بگەڕێوە بۆ (ئومێد ئاشنا: پیرەمێرد و پێداچوونەوەیەکی نوێ بە ژیان و بەرهەمەکانی، ب١، ل١٨٠)



# شوێنەواری کورد لە کتێبخانەکانی مەککە و مەدینەدا




**محەمەد عەلی قەرەداغی**

ساڵی ١٩٤٩ لەدایکبووە، خاوەنی زیاتر لە (٦٠) بەرهەمی چاپکراوە لە بوارەکانی کەلەپوور، ئەدەب، مێژوو، فەرموودە و تەفسیر، بە پارێزەری کولتوور و دۆزەرەوەی بەشێکی زۆر لە دەستخەتی مێژووی ئەدەبی کوردی دەناسرێت

وانازانم گەلێک لە گەلانی سەرزەوی هەبێت وەک گەلی کورد کەلەپوور و شوێنەوارە شارستانییەکانی تووشی فەوتان و تالآنی و شێواندن و بەلارێدابردن بووبێت، خۆ ئەگەر قەبەیی کەلەپووری ئەم گەلە و تەسلیم نەبوونی زانا و رۆشنبیرەکانی بەو واقیعە نەبوایە کە هەموو ساڵێک یان ناوبەناو دەسەپێنرا بەسەریاندا و ملکەچنەبوونیان نەبوایە بۆ ئەو پلانانەی بۆیان دادەرێژرا تا ئەو رێبازەی بە ویستی خۆیان گرتبوویانە بەر، لێی لادەن، کە رێبازی زانست و مەعریفە ورۆشنبیری بوو، لەو پێناوەشدا ئازار و تالآوی زۆریان چەشت بەدرێژایی کاروانە دوور و درێژەکەیان و لەنگەرگرتنیان لە ئامێزی حوجرە و مزگەوتەکانیاندا لە دوای هەموو کاولکاریی و تێکدانێک، هەرزوو زیاتر لە جاران دەستیان بە چالاکی دەکردەوە.

جا بەهۆی ئەو قەبەییەوە، ئەمرۆ هەر کتێبخانەیەکی وڵاتان بپشکنین کەلەپوورێکی زۆری زانایانمان دەبینین کە جێگەی سەرسوڕمان و پێزانینی - هەروەها شانازی - رۆڵەکانیەتی.

لە زووەوە بیر دەکەمەوە و زۆر شوێنیش گەڕاوم و کۆمەڵێک زانیاریم کۆکردووەتەوە لەو بوارانەدا کە دواترینیان لە توێی دوو بەرگدا بڵاوم کردووەتەوە بە ناونیشانی (كنوز الكرد في خزائن دار المخطوطات العراقية)، هێشتاش شێوی گەڕان و پشکنینم دانەناوە تا دەرفەت هەبێت.

کاتێکیش چاوم بە بینینی وتارێکی مامۆستای کەلەپووورناس (عەبدولسەلام رەوف) لە ژمارە (٣٥)ی گۆڤاری (ئەکادیمیای کورد) گەش بووەوە، دەبینم ئەویش هاورێبازمە و هەمان رێگەی توێژینەوە کە من خەریکیمی و مەبەستمە، ئەویش گرتوویەتییەبەر.

هەرچەندە ئەوەی مامۆستای بەرێز، دڵۆپێکە لە دەریای کتێبخانەکانی مەککە و مەدینە(الحرمين) و گەڕان لەو کتێبخانانەدا - هەروەها کتێبخانەی دیکەی دنیادا - پێویستی بە کۆمەڵە بنەما و پایەیەکی تایبەتی بەو لایەنە هەیە بۆ توێژینەوەی زانستی، بۆیە - دوای ئەوەی مۆڵەت لە مامۆستای بەڕێز وەردەگرم و داوای لێبوردنیشی لێدەکەم - دەمەوێت لەسەر سفرە ڕازاوەکەی ئەو، هەندێک گوڵچنی بکەم و پەراوێزێک بۆ توێژینەوەکەی زیاد بکەم، ئەوەندەی لە گەشتەکەمدا بە گوڵزاری زاناکانمان بۆ کۆبووەوە و لە گوڵاوی بۆنخۆشی هزریانم بۆن کردبێت، بەڵکو ئەوەش ڕۆشناییەک بێت بۆ هەرکەسێک بیەوێت ئەم رێگایە بگرێتەبەر و دەستی توێژەرانی ئەم بوارە بەرەو رێگای ئاسان و تەخت بگرێت.

**شوناسی شوێنەواری کورد**

ناشارێتەوە کە زانیاری لەسەر شوناسی شوێنەواری کورد و ناسینی لەپێشینەی توێژینەوە لەسەر شوێنەواری کورد و شارەزایی لەو میراتییە بچڕبچڕە تۆز لەسەر نیشتووەی سەر ڕەفەی کتێبخانەی وڵاتان، شارەزاییش لەم شوناسە کارێکی سەختە و تووڵە رێگایەکی تاریکە، چونکە زانایانی کورد بەتایبەتی دێرینەکانیان بە زمانی نەتەوەکەی خۆیان نەیاننووسیوە و لە بۆتەقەی ئیسلامدا تاونەتەوە و زمانی خۆیان خستووەتە ئەولاوە، ئەوانەشی کە سەر بە شارێک یان هۆزێک بوون، زۆر کەمتر ئاماژەیان پێکردووە لەوانەی هیچ ئاماژەیان بە ناسنامەی خۆیان نەکردووە، هەروەها زۆر لەوانە دوای ئەوەی لە مەڵبەندە زانستییەکاندا نیشتەجێ دەبوون، خۆیان بەو شوێنانەوە ناوزەد دەکرد کە ناتوانرێت شوناسی بناسیتەوە وەک: بەغدادی، موسڵی، مەدەنی، رۆمی...هتد.

لە هەمانکاتدا لە ڕابردوودا زۆر شوێن و شار ڕێژەیەکی زۆری کورد تیایاندا نیشتەجێ ببوو، وەک حەڵەب، بۆ نموونە، کە تائێستاش کوردنشین یان زۆرینە کوردی تیادا ماوە، جا ئەگەر زانایەک خۆی بە حەڵەبی ناساند و ناوی نەتەوەکەی نەهێنا، ئەوکات

گومان پەیدا دەبێت لەوەی سەر بە چ نەتەوەیەکە، کەچی زانایانی واش دەبینین ناوی خۆیان بەناوی شار و نەتەوەکەشیانەوە ناودەبەن و دەنووسن : فلانەکەسی حەڵەبی کوردی.

بەڵام ئەوەی دەتوانین لە ڕێگەیەوە شوناسی زانایانی کوردی پێ بناسینەوە ئەوەیە کە بەناوی ئەو خێڵ و هۆزانەوە نووسیبێتیان کە لە ناویاندا ژیاون، یان ئەو دەشت و شاخ و ناوچانەی کە لە قەدپاڵ و شیوو و دەشتەکانیاندا پێگەیشتوون، ئەمانەش ئەوەندە زۆرن ناژمێردرێن بە کەس و دوو کەس ناو و ناونیشانیشیان تۆمار ناکرێت، هەروەها ئەو خێڵ و هۆزانە گۆڕانکاریی و توانەوە لەگەڵ خێڵ و هۆزی نزیکیاندا بەسەرهاتووە، وەک: چەلەبی، زەهاوی، زیادی ...هتد، کە دووبارە ناتوانرێت لێیانەوە لە شوناسی خەڵکەکەیان بگەیت بەبێ ناوهێنانی نەتەوەکەیان، ئەمانە تەنها نموونەن بۆ زۆر ناوی خێڵ و هۆز کە ئەو کەسایەتییە بەڕێزانە سەر بە وان بوون، شوناسە نەتەوەییەکەیان بە تێپەڕبوونی کات ونبووە و ناوی نەتەوەکەیان سڕاوەتەوە. ئەوەشی بۆ زیادکە زۆر زانا هەبووە وازی لە ناوهێنانی نەتەوەی هێناوە و گاڵتەی بەو ناوبردنە کردووە، تەنها ناوی خۆی و باوک و باپیری لا بەس بووە بەبێ باسی نەتەوە و هۆز.

لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا ئەوەی ئیشکردن بۆ دۆزینەوەی شوناسی شوێنەواری کورد قورس دەکات هەندێک مێژوونووس بە دەستئەنقەست بێت یان نا ئەو ناونیشانەی کە دەبێتە بەڵگەی زانینی نەتەوەی زاناکە دەشێوێنن و لایدەدەن، بەمەش شوێنەواری خاوەن ناونیشانەکە لە نەتەوەی کورد دوور دەخەنەوە و ناونیشانی خەیاڵی یان زۆر دوور لە ناونیشانە ڕاستەقینەکەی پێوە دەلکێنن، هەر بۆ نموونە، خاوەنی فەتوای (بەزازی) و خاوەنی کتێبی (المنخول)م دۆزینەوە بەبێ پەردە و بەڕوونی خۆیان بە کورد ناساندووە، یەکەمیان نووسیویەتی (محمد الموصلی الکردی)، دووهەمیشیان نووسیویەتی (عبدالغفور الکردی)، کەچی لە کتێبی مێژوو و فەرهەنگەکاندا دەخوێنینەوە گۆڕاون بۆ (الکردری)، نووسراویشە ئەم دووە نیشتەجێی ئەوبەر زێ، یان ئەوبەر ڕووبارن.

جاری واش هەیە نەشارەزایی مێژوونووس یان فەرهەنگنووس بە بێژە یان دەربڕینی شوێنی زاناکە دەبێتە هۆیەک لە هۆکانی دوورخستنەوە یان سڕینەوەی ناسنامە کوردییەکەی ئەو شوێنەوارە، دیسان بە نموونە سەیری ناوی (ئیبن خەلەکان) بکە، کە پیتەکانی (خلکان) هەموویان سەر (فتحة)یان هەیە، لە داڕشتنی عەرەبیشدا زۆر سووکە، کەچی هەندێک لە فەرهەنگنووس و مێژوونووسان ئیجتیهادی تێدا دەکەن و خۆیان و قەڵەمەکەشیان ماندوو دەکەن بەرەو ئەنجامگیرییەک کە زۆر دوورە لە ڕاستەقینە و ئەوپەڕی جێگەی سەرسوڕمانە کە جارێک بە (**ابن خَلَکان**) و جارێک بە (**ابن خُلکان**) و جارێکیتریش (**ابن خِلکان**) هێناویانە...

جا توێژەری دۆزینەوەی ناسنامەی کورد کە ئەم لەمپەرانە دەبڕێت و تووشی ئەم قۆرتانە دەبێت لە ڕێگەیەکی سەختی پڕ خلیسکان و بەرزی و نزمیدا، دەبێت کارامە و شارەزا و بەڵەد و خاوەن ئەزموون بێت تا بەلای ڕاست و چەپی ڕێگاکەدا لانەدا و نەکەوێتە چاڵ و چۆڵی هەڵە و لێتێکچوونەوە.

هەرچەندە خۆشبەختانە زانایانی کورد لە مێژووی درێژی زانستییاندا ئەوەندە جێ پەنجەیان بەناوچاوانی بزووتنەوەی ڕۆشنگەرییەوە جێهێشتووە ئەوەی لێکۆڵەرە دەتوانێت ئەوەندە نیشانە و بەڵگەی ئاشکرا بدۆزێتەوە کە لە ئەنجامدا توێژەر بگەیەنێتە دڵنیایی و ئامانجەکەی بپێکێت، ئەم ئەنجامەش کەم نییە بەڵام لە هەمانکاتدا خواردنی هەموو کەسێکیش نییە و گەیشتن پێی کارێکی ئاسان نییە، مەگەر بۆ کەسانێک ڕاهێنانیان کردبێت لەسەر چۆنیەتی گەڕان و وردبوونەوە و ئەنجامگیری دروست.

چونکە دووری مێژوو و بەرینی زەمینە جوگرافییەکە و زۆری ناو و ناویشانی زانایان و

جۆراوجۆری خێڵ و هۆزی زانایان، لێکچوونی ناوەکان و گۆڕانکاری تیایاندا لە شێوەیەکەوە بۆ شێوەیەکی تر ... هەموو ئەمانە پێکەوە یان بەجیاجیا پێویست دەکەن لەسەریان بوەستیت و بە قوڵی وردبیتەوە و بیرکەیتەوە تا دەگەیتە ئەنجامگیرییەک کە دەتگەیەنێتە ئەو نیاز و مەبەستەی هەتە، لێرەدا هەندێک نیشانەی تێپەڕین و ئاماژەکانی ڕێگا دەهێنمەوە کە دەکرێت زیاتریش بکرێت بۆ ڕوونکردنەوەی ڕێگاکە:

١ـ دەبێت شوێنەوارەکە ـ شیعر بێت یان پەخشان ـ بە زمانی کوردی بێت.

٢ـ دەبێت شوێنەوارەکە هی زانایەکی کوردی ناسراو یان مەزن بێت.

٣ـ دەبێت ڕۆژێک لە ڕۆژان کوردێک خاوەنی بووبێت یان کرابێتە خاوەنی، وەک ئەوەی: میرێک یان... کوردی نووسیبێتەوە (استنساخ)، یان بۆیانی نووسیبێت (تأليف).

٤ـ شوێنەوارەکە لەلایەن زانا یان قوتابیەکی کورد لە شوێنێکی ئەم سەرزەوییە کۆپی کرابێت.

٥ـ شوێنەوارەکە لە شوێنێکی ئەم کوردستانەدا نووسرابێتەوە و مۆرکی ئەو شوێنەشی پێوە دیار بێت.

٦ـ خاوەنی شوێنەوارەکە ناوی خۆی دابێتە پاڵ (نازناوەکەی) گوند، شار، شارەدێ، یان ئاوەدانییەکی کوردستان.

٧ـ ناوی خێڵەکە خۆی یان هۆزەکەی، لە خێڵ و هۆزەکانی کوردستان بێت خستبێتە سەر ناوی خۆی، کە زۆر زۆرن بە هیچ شێوەیەک ناژمێردرێن، ڕەنگە ئەم حاڵەتە، یان پەیوەندییە فراوانترین نیشانەی شوناسی کوردبوونی هەر شوێنەوارێک بێت و لە هەمانکاتیشدا لە هەموو بەڵگەکان ئاڵۆزتر و پڕ پێچ و پەناترە.

٨ـ بەڵگەنەویستیشە کە بوترێت زاناکە یان خاوەنی شوێنەوارەکە یان نوسەرەوەکەی یان... خۆیان دابێتە پاڵ نەتەوەی کورد.

٩ـ لە کۆتایی پەراوێز و کۆمێنتی دەستنووسەکاندا، ناو، یان نازناوی زانایانی کوردی پێوە بێت.

١٠ـ بێژەی (منلا) زیاتر زانایانی کورد بەکاریان هێناوە، نەمبیستووە زانایانی گەل و نەتەوەکانی دیکە بەکاریان هێنابێت.

جگە لەمانە، دەکرێت بەڵگە و نیشانەی جیاکەرەوەی دیکە بدۆزینەوە لە شێوە و داڕشتن و سیفەتی دیکە کە دەستخەتی زانایانی کورد هەندێک تایبەتمەندیی خۆی هەیە، ئەوەی خەریکیان ببێت و بەدوایاندا بچێت دەیانناسێتەوە.

جاری وا هەیە خوێنەری کارامە هەر بە یەکەم بینینی دەستخەتەکە دەزانێت ئەمە شوێنەواری زانای کوردە، چونکە زانا کوردەکان و ئەوانەش کتێبەکانیان نووسیونەتەوە بەشێوەیەکی تایبەت دەق و پەراوێزی کتێبەکانیان ڕازاندووەتەوە و چەندین جۆر هونەر و چوارچێوەی جیاواز کە لەسەر نووسین و بەشبەشکردنی کتێبەکانیان ڕەنگیان داوەتەوە.

نووسینە دەستخەتەکانی کوردستان تایبەتمەندییەکی دیکەیان هەیە، ئەویش جزوبەندی و ئاماژەکانە کە بە هەندێک ئاماژەی تایبەت ڕێنمایی خوێنەر دەکات بۆ کۆتایی ڕستە و برگە، ئەویش بە دانانی نیشانەیە بەسەر موبتەدا و خەبەر، سیفە و مەوسوف، جوملە شەرتییە و موعتەڕیزە.... کە دەنگیان کردوون، ئەم پرۆسەیە جێگرەوەی پرۆسەی تەرقیمکردنی ئێستای بووە.

ڕێگەیەکی تری ناسینەوەی شوێنەوار، دۆخی ژینگەیی و تەندروستییە، چونکە دەستخەتی زانایانی کورد زۆرجار تووشی شێکردن و تەڕبوون و دڵۆپەی باران بوونەتەوە، بەهۆی نەتوانینی پاراستنیان لە باوەڵ و کتێبخانەی قایم و مەحکەمدا و ناوچەکەش بەفر و بارانی زۆری ساڵانەی تێدا باریوە، جا ئەو دەستنووسانەی ئێستا لە کتێبخانەکانی دنیادا هەن و دوورن لە زێد و مەسکەنی ڕاستەقینەی خۆیان دەکرێت بەم نیشانانەدا بناسرێنەوە.

ئەو بەڵگانەی ڕابوورد دەمەوێت پشتڕاستیانکەمەوە بە نیشانەیەکی تر، ئەویش

ئەوەیە شوێنەواری زانایانی کورد لە هەر کوێ بینرا، قوڵی نووسینەکەیان و ڕۆچوونیان بەلای زانستە عەقڵییەکاندا نیشانەیەکی دیکەیە، تەنانەت هەندێکیان هەندێکجار تایبەتمەندبوون بە زانست و پسپۆڕییەکی عەقڵی زیاتر لە زانای گەل و نەتەوەکانی دیکە، کتێبی قووڵی فیکر و هەندێک چەمکی سەختیان نووسیوەتەوە کە بۆ زانایانی دیکە نەکراون، ئەم دیاردەیە شتێکی ڕوون و ئاشکرایە تەنانەت بووەتە مایەی تانە و تەشەری زانای نەتەوەکانی دیکە، دەگێڕنەوە زانایەکی عەرەب موناقەشەی ڕەخنەگرانەی لەگەڵ موفتی زەهاویدا دەکرد و پێی دەوت: ئەوە چییە زانا کوردەکان ئەوەندە لە زانستە عەقڵییەکاندا قووڵ دەبنەوە و پشت بەو هونەرانە دەبەستن، ئەوەندەی دەڵێن ئەرستۆ وای وت و ئەفلاتون وای وتوو فلان وای وت، ناڵێن خوا وایفەرموو، پێغەمبەر وایفەرموو؟ زەهاوی وەڵامی دایەوە: مادام هەردووڵا ئامانجەکەیان بەدنیا گەیشتنە کەواتە باشتر وایە ئەرستۆ وتی و ئەفلاتون وتی دنیا دەستخەن نەک خودا فەرمووی و پێغەمبەر فەرمووی.

تەنانەت هەندێک بنەماڵەی زانیاران هەیە ناوبانگ بە لایەنێک لەو زانستە عەقڵییانە دەردەکەن، تەواو ڕووی تێدەکەن و حەزیان لێیەتی و دەبێتە پێناسیان، ئەوەی بگەڕێت دەبینێت ئەرمەوینەکان لە لایەنێکدا تایبەتمەندێتیان وەرگرتووە، کەچی ماردینیەکان لەلایەنێکی دیکەی جگە لە لایەنی ئەرمەوی قووڵ بوونەتەوە.

مەسەلەی ناوبانگی کورد لە زانستەکاندا بە هەمیشەیی لە چوارینەیەکی باوو بەناوبانگدا وەک شانازییەکی کورد بە باب و باپیریانەوە دەمێنێتەوە، ئەو چوارینە بەناوبانگە دەڵێت: (ئایینی عەرەب، حوکمڕانی توورک، زانستی کورد، عیتار ئەرنائوت).

کاتێکیش د.عیماد عەبدوسەلام ئەم بابەتەی باسکردووە ـ شوێنەواری کورد ـ لە توێژینەوەکەیدا زۆر بە پارێزەوە هەنگاوی ناوە و خۆی لە پێچ و پەنای زۆر ناو و ناوداران و شوێنەوارەکانیان لاداوە، تەنها باسی زانا کوردە زۆر ناودارەکانی کردووە و شوێنەوارەکانیانی لە توێژینەوەکەیدا هێناون، جا بۆئەوەی وانەزانێت زانیاری ناو کتێبخانەکانی حەرەمەین کەمن بەدەگمەن شوێنەواری زانایانی کوردیان لەخۆگرتووە، توێژینەوەکەی پێویستی بە پەراوێزێکە بۆ خستنەڕووی ئەو زانیارییانەی کە باسی نەکردوون، ئاگادارکرابووین لە کتێبخانەکانی حەرەمەین وەک زۆر لە کتێبخانەکانی دنیا دەوڵەمەندن بە شوێنەواری زانایانی کورد و پڕن لە دانراوی دەگمەن و بەهادار، لەبەر هەموو ئەمانە ئەم پەراوێزەمان نووسی.

جا لەبەرئەوەی کتێبخانەکانی حەرەمەین بە هەموو بەشەکانیەوە ژمارەیەکی زۆر شوێنەواری کوردی لەخۆگرتووە، ناتوانرێت لە وتارێکی وەهادا هەموو یان زۆرینەشیان باس بکرێت، بۆیە تەنها لەسەر کتێبخانەی حەرەمی مەککە دەوەستم و دەکرێت ئەمە ببێت بە نموونەیەکی کتێبخانەکانی دیکە، وەک: کتێبخانەی مەلیک عەبدولعەزیز، کتێبخانەی ڕەوزەی پیرۆز، کتێبخانەی مەککەی موکەڕەمە،.... جگە لەوانیش بەتایبەت کتێبخانەی مەلیک فەهدی گشتی پڕە لە گەنجینەی شوێنەواری کورد و تائێستا زانیارییان لەسەر نییە و ناسنامەیان نادیارن.

ئەوەش لێرەدا ناویان دەهێنم لە کتێبخانەی حەرەمی مەکییە هەرچەندە زۆریشن بەدڵنیاییەوە هەموو شوێنەوارەکانی کورد نییە لەو کتێبخانەدا، چونکە کەمیی زانیاری من و ئاگادارنەبوونم لە جێگەی شوێنەوارەکان و بوونی بەڵگە و نیشانە لەسەر پەراوێزی دەستخەتەکان کە فەرهەنگنووسان پشتگوێیان خستووە و ناشارەزایی منیش لەناوی ڕاستەقینەی هۆز و خێڵە کوردەکان کە خاوەنی ئەو شوێنەوارانە دەچنەوە سەریان کە شوێنەواریان لە کتێبخانەکەدا هەن، هەموو ئەوانە بوونە لەمپەر و نەمتوانی ناوی گشت شوێنەوارەکان لێرەدا ڕیز بکەم.

ـ أ ـ

ابن الأثير (ابو السعادات)
مبارك بن أبي الكرم محمد
الشيباني الزري، المتوفى ٦٠٦هـ.
ـ النهاية في غريب الحديث والأثر
ج/١، ج/٢.
الرقم العام: ١٢٥٨، ١٢٥٩
ـ جامع الأصول في أحاديث
الرسول
٣٢٥ ق، الرقم العام: ٨٩٩
حديث

*** *** ***

ابن الأثير الجزري، علي بن
محمد بن عبدالكريم
المتوفى سنة: ٦٣٠هـ
ـ الكامل في التأريخ
مجلدان
الرقم العام: ٣٥٢٤ ـ ٣٥٢٥
ـ اللباب في معرفة الأنساب
(اللباب في تهذيب الأنساب)
مجلدان
الرقم: ٢٨٦٧ ـ ٢٨٦٨

*** *** ***

ابن تيمية (شيخ الاسلام)
احمد بن عبدالحليم بن
عبدالسلام
المتوفى سنة ٧٢٨هـ
ـ منهاج الاعتدال في نقض كلام
أهل الرفض والاعتزال
(الشيعة والقدرية)
١٨٦ ق، الرقم العام: ٢٢٨٠
عقائد
ـرسالة الشيخ ابي نصر المنبجي
٩ق، الرقم العام: ٣/٤٦٢٠
عقائد

ـ منهاج الاعتدال....
(نسخة أخرى)
٢٢٨ق، الرقم العام: ٢٢٨١
عقائد
ـ رسالة في معنى (لا اله الا الله)
٤ ق، الرقم العام: ١/٤٦٢١
عقائد
ـ رسالة في القرآن الذي نتلوه
هو صفة له أم لا؟
٦ق، الرقم العام: ٢/٤٦٢٠
عقائد
ـ الحموية الكبرى
٦٦ ق، الرقم العام: ١٣٣٧
عقائد

*** *** ***

ابن الجزري، محمد بن محمد بن
محمد
المتوفى سنة ٨٣٢هـ
١ـ المقدمة الجزرية
تأليف: ابن الجزري محمد بن
محمد بن محمد
المتوفى سنة ٨٣٣هـ.
٢ـ شرح المقدمة الجزرية
(نسخة أخرى)
٣ق، الرقم العام: ٢/٢٢٦٠
تجويد وقراءات
٣ـ شرح المقدمة الجزرية
(نسخة أخرى)
٢٢ق، الرقم العام: ١/٣٧٨٢
تجويد وقراءات
٤ـ شرح المقدمة الجزرية
(نسخة أخرى)
٢٤ق، الرقم العام: ٤٢٤
تجويد وقراءات
٥ـ شرح المقدمة الجزرية

(نسخة أخرى)
٨ق، الرقم العام: ٧/٣٨٠٩
تجويد وقراءات
٦ـ شرح المقدمة الجزرية
(نسخة أخرى)
٥ق، الرقم العام: ٧/٣٨٠٩
تجويد وقراءات
٧ـ شرح المقدمة الجزرية
(نسخة أخرى)
٥ق، الرقم العام: ٤٤٢
تجويد وقراءات
٨ـ شرح المقدمة الجزرية
(نسخة أخرى)
٩ق، الرقم العام: ٤٤١
تجويد وقراءات
١٠ـ تقريب النشر في القراءات
العشر
١٢٢ ق، الرقم العام ٢/٢٤٩
تجويد وقراءات
١١ـ تقريب النشر
ابن الجزري
(نسخة أخرى)
١٢ـ المطرزات على شرح
الجزرية
١٦٠ق، الرقم العام : ٤٤٠
تجويد وقراءات
١٣ـ فتح القريب الحبيب ببيان
قراءة الامام حمزة بن الحبيب
١٩ق، الرقم العام: ١/٤٣٧
تجويد وقراءات
١٤ـ تحبير التيسير
١١٢ق، الرقم العام: ٣٩٦
تجويد وقراءات
١٥ـ تحبير التيسير
(نسخة أخرى)

٩٦ق، الرقم العام: ٣٩٧
تجويد وقراءات
١٦ـ الهداية الى علوم الدراية
١٣ق، الرقم العام: ٢/٢٦٣٥
علوم الحديث
١٧ـ العوالى وهي أربعون حديثا
٢١ق، الرقم العام: ٧٨١
علوم الحديث
١٨ـ النشر الكبير (النشر في القراءات العشر)
٢٣٩ق، الرقم العام: ٤٤٥
تجويد وقراءات
١٩ ـ الدرة المضية في قراءات الأئمة الثلاثة المرضية
١٢ق، الرقم العام: ٢/٤١٩
تجويد وقراءات

*** *** ***

ابن الحاجب (جمال الدين) عثمان بن عمر، المتوفى سنة: ٦٤٦هـ.
١ـ مختصر المنتهى
٩٢ق، الرقم العام: ١٥٢٦
أصو الفقه
٢ـ الأسماء المؤنثة
١ص، الرقم العام: ٨/٣٨٣٠
نحو

*** *** ***

ابن خلكان، أحمد بن محمد بن ابراهيم
المتوفى: ٦٨١هـ.
ـ وفيات الأعيان في أنباء أبناء الزمان (تأريخ ابن خلكان)
٣٤٥ق، الرقم العام: ٣٥٤٩
تراجم

*** *** ***

الآمدي، عبدالواحد بن محمد بن عبدالواحد
المتوفى سنة: ٥٥٠هـ.
ـ غرر الحكم ودرر الكلم من كلام علي بن أبي طالب ـرضي الله عنه ـ
تأليف: (انتخبه ونحصه)
الآمدي، عبدالواحد بن محمد بن عبدالواحد
المتوفى سنة: ٥٥٠هـ.
١١٢ق، الرقم العام: ٢٢/٣٨٣٢
مواعظ
ـ ب ـ
البرزنجي
جعفر بن حسن بن عبدالكريم
المتوفى سنة: ١١٨٧هـ.
١ـ مولد النبي (صلى الله عليه وسلم) ـ (مولد البرزنجي)
٣١ق، الرقم العام: ١/٢٧٣٣
سيرة
٢ـ رسالة في بيان ما كتبه البرزنجي في حق الشيخ وجوابه للشيخ البطحي
لم يذكر المؤلف
الرقم العام: ٩/٣٨٠٤
عقائد
ـ مناقب حمزة سيد الشهداء (اتحاف السعداء بمناقب سيد الشهداء)
٢٠ق، الرقم العام: ٢٨٨٩
تراجم

*** *** ***

كاك احمد بن محمد بن أحمد البرزنجي
المتوفى سنة: ١٣٠٥هـ.
١ـ فتح الرؤوف في شرح معاني الحروف
٣٥ق، الرقم العام: ٤٢٣٦
لغة

*** *** ***

البركلي (والبرقلعي والبركيوى) محمد بن علي
المتوفى سنة : ٩٨١هـ.
١ـ اظهار الأسرار في النحو
١٩ق، الرقم العام: ٢٩٤٦
نحو
٢ـ اظهار الأسرار في النحو (نسخة أخرى)
١٢ص، الرقم العام: ٢٩٤٩
نحو
٣ـ اظهار الأسرار في النحو (نسخة أخرى)
٣٩ق، الرقم العام: ٢٩٥
نحو
٤ـ اظهار الأسرار في النحو (نسخة أخرى)
٤٠ق، الرقم العام: ١/٢٩٥١
نحو
٥ـ اظهار الأسرار (نسخة أخرى)
٢٧ق، الرقم العام: ٢/٣٠٨٥
نحو
٦ـ اظهار الأسرار (نسخة أخرى)
٥٠ق، الرقم العام: ٢/٣٠٩٥
نحو
٧ـ اظهار الأسرار في النحو (نسخة أخرى)
٤٩ق، الرقم العام: ٢/٣٨٩١
نحو

٨ـ اظهار الأسرار
(نسخة أخرى)
٢٨ق، الرقم العام: ٣/٣١٢٦
نحو
٩ـ العوامل في النحو
٥ق، الرقم العام: ٢٩٥١
نحو
١٠ـ العوامل في النحو
(نسخة أخرى)
٦ق، الرقم العام: ٣٠٦٧
نحو
١١ـ العوامل في النحو
(نسخة أخرى)
٧ق، الرقم العام: ٣/٣٠٨٥
نحو
١٢ـ العوامل في النحو
(نسخة أخرى)
١٠ق، الرقم العام: ٣/٣٠٩٥
نحو
١٣ـ جلاء القلوب
تأليف: البركلي، محمد بن ثير علي، المتوفى سنة: ٩٨١هـ.
٦٣ق، الرقم العام: ٢٤٤٧
مواعظ
١٤ـ جلاء القلوب
٣٠ق، الرقم العام: ٢٤٤٨
مواعظ
١٥ـ جلاء القلوب
(نسخة أخرى)
٤٨ق، الرقم العام: ٢٤٤٩
مواعظ
١٦ـ جلاء القلوب
(نسخة أخرى)
٥٦ق، الرقم العام: ٥/٣٨٨٧
مواعظ

١٧ـ الطريقة المحمدية
١٤٨ق، الرقم العام: ٢٤٨٣
مواعظ
١٨ـ الطريقة المحمدية
(نسخة أخرى)
١٦٣ق، الرقم العام: ٢٤٩
مواعظ
١٩ـ الطريقة المحمدية
(نسخة أخرى)
الرقم العام: ٢٤٨٤
مواعظ
٢٠ـ الطريقة المحمدية
(نسخة أخرى)
١٩٧ق، الرقم العام: ٢٤٨٥
مواعظ
٢١ـ الطريقة المحمدية
(نسخة أخرى)
١٨٠ق، الرقم العام: ٢٤٨٦
مواعظ
٢٢ـ الطريقة المحمدية
(نسخة أخرى)
٢١٢ق، الرقم العام: ٢٤٨٧
مواعظ
٢٣ـ الطريقة المحمدية
(نسخة أخرى)
١٣٧ق، الرقم العام: ٢٤٨٨
مواعظ
٢٤ـ الطريقة المحمدية
(نسخة أخرى)
٢٠٠ق، الرقم العام: ٢٤٨٩
مواعظ
٢٥ـ الطريقة المحمدية
(نسخة أخرى)
٢٣١ق، الرقم العام: ٢٤٩١
مواعظ

٢٦ـ الطريقة المحمدية
(نسخة أخرى)
١٧٥ق، الرقم العام: ٢٤٩٢
مواعظ
٢٧ـ الطريقة المحمدية
(نسخة أخرى)
١٤٤ق، الرقم العام: ٢٤٩٣
مواعظ
٢٨ـ الطريقة المحمدية
(نسخة أخرى)
١٥٤ق، الرقم العام: ١/٢١٥٩
مواعظ
٢٩ـ أربعون **حديثاً**
(نسخة أخرى)
١٠ق، الرقم العام: ٧٣٤
حديث
٣٠ـ شرح الأربعين **حديثاً**
٨٧ق، الرقم العام: ٢/١٠٦١
الحديث
٣١ـ شرح الأربعين **حديثاً**
(نسخة أخرى)
٢٢٠ق، الرقم العام: ١٠٦٢
حديث
٣٢ـ امتحان الأذكياء في شرح لب الالباب للبيضاوي
١٥١ق، الرقم العام: ٢٩٦٩
نحو
٣٣ـ امتحان الاذكياء....
(نسخة أخرى)
١٢٠ق، الرقم العام: ٢٩٧٠
نحو
٣٤ـ امتحان الاذكياء....
(نسخة أخرى)
١٣٠ق، الرقم العام: ٢٩٧١
نحو

٣٥ـ كفاية المبتدي في التصريف
٤، ٥ق، الرقم العام: ١/٣١٧١
صرف
٣٦ـ كفاية المبتدي في التصريف
(نسخة أخرى)
١٤ق، الرقم العام: ٦/٤٤٩٨
صرف
٣٧ـ معدل الصلاة
١٩ق، الرقم العام: ٢١٣٩
فقه حنفي
٣٨ـ معدل الصلاة
(نسخة أخرى)
٢٦ق، الرقم العام: ٢١٤٠
فقه حنفي
٣٩ـ معدل الصلاة
(نسخة أخرى)
١٢ق، الرقم العام: ٢/١٧٩١
فقه حنفي
٤٠ـ انقاذ الهالكين
١٨ق، الرقم العام: ٢٤٢٩
مواعظ
٤١ـ انقاذ الهالكين
(نسخة أخرى)
٣٣ق، الرقم العام: ١/٣٨٤٢
مواعظ
٤٢ـ انقاذ الهالكين
(نسخة أخرى)
٢١ق، الرقم العام: ٥/٣٨٣٤
مواعظ
٤٣ـ ايقاظ النائمين وإفهام القاصرين
٦ق، الرقم العام: ٤/١٧٩١
مواعظ
٤٤ـ ايقاظ النائمين وإفهام القاصرين
(نسخة أخرى)
٧ص، الرقم العام: ٢/٣٨٤٣
مواعظ
٤٥ـ ايقاظ النائمين وإفهام القاصرين
(نسخة أخرى)
٥ق، الرقم العام: ٣/٣٧٥٩
مواعظ
٤٦ـ شرح لكلام البركوي في التوحيد
١٥ق، الرقم العام: ٨/٢٩٤٠
عقائد
٤٧ـ رسالة في العقائد
٣٣ق، الرقم العام: ١٣٥
عقائد
٤٨ـ شرح لب الألباب في علم الاعراب
١١٦ق، الرقم العام: ٢/٣٩٢١
نحو
٤٩ـ ذخر المتأهلين والنساء في تعريف الاطهار والدماء
١٢ق، الرقم العام: ١/٣٧٥٩
فقه حنفي
٥٠ـ امعان الانطار في شرح المقصود في الصرف
٢٦ق، الرقم العام: ٢٩٧٢
صرف
٥١ـ مفتاح الفلاح
٢٦ق، الرقم العام: ٢٣٨٤
مواعظ
٥٢ـ الدر اليتم في علم التجويد
٤ق، الرقم العام: ٢/٢٩٨٦
تجويد وقراءات

ـ ض ـ

الضارثردي أحمد بن الحسن
المتوفى سنة ٧٤٦هـ.
١ـ شرح الشافية في الصرف
٢٨ق، الرقم العام: ٣١٤٥
صرف
٢ـ شرح الشافية
(نسخة أخرى)
٢٧٢ق، الرقم العام: ٤٣٤٥
صرف
٣ـ شرح الشافية
(نسخة أخرى)
٢١١ق، الرقم العام: ٣١٤٨
صرف

*** *** ***

سعدى ضلبى، سعد الله بن عيسى
المتوفى سنة: ٩٤٥هـ.
١ـ حاشية على العناية شرح الهداية
تأليف: سعدى ضلبى، سعد الله بن عيسى
المتوفى سنة: ٩٤٥هـ.
جزآن، الرقم العام: ١٨٣١ ـ ١٨٣٢
فقه حنفى
٢ـ حاشية سعدى ضلبى، على تفسير البيضاوي
في مجلدين
الرقم العام: ٥٧٨ ـ ٥٧٩
تفسير

*** *** ***

عمر بن احمد الضلي
١ـ شرح الخلاصة في الحساب (شرح الرسالة البهائية)
تأليف: عمر بن احمد الجلبي(١)

٥٥ق، الرقم العام: ١/٣٦٥١
حساب
٢ـ شرح الخلاصة في الحساب (نسخة أخرى)
٨٠ق، الرقم العام: ٢/٣٩٢٥
حساب
*** *** ***
الحاجري، عيسى بن سنجر بن بهرام
المتوفى سنة: ٦٣٢هـ.
١ـ بلبل الغرام الكاشف عن لثام الانسجام (قصيدة منه)
١ص، الرقم العام: ١/٤٠٨٥
أدب
ـ ح ـ
الحريري (ربما الأصح الحيدري) الصفوي، حيدر بن أحمد
المتوفى سنة: ١١٢٩هـ.
١ـ تعليق على حاشية مصلح الدين اللاري على شرح القاضي مير على هداية الحكمة
٢٠٤ص، الرقم العام: ٣٨٨٨
منطق
*** *** ***
الحصكفي، محمد بن علي بن محمد
المتوفى سنة: ١٠٨٨هـ.
١ـ افاضة الأنوار على شرح منار الأنوار
٦٥ق، الرقم العام: ١/١٤٦٩
أصول الفقه
ـ د ـ
ـ الدواني (جلال الدين)، محمد بن أسعد الصديقي
المتوفى سنة: ٩١٨هـ.
١ـ رسالة في اثبات الواجب
٤٧ق، الرقم العام: ١/١٢٧١
عقائد
٢ـرسالة في اثبات الواجب (نسخة أخرى)
٢٩ق، الرقم العام: ١/١٢٧٢
عقائد
٣ـ رسالة في اثبات الواجب (نسخة أخرى)
٢٨ق، الرقم العام: ١/١٢٧٣
عقائد
٤ ـ رسالة في اثبات الواجب (نسخة أخرى)
٤٦ق، الرقم العام: ٣/١٢٧٤
عقائد
٥ ـ رسالة في اثبات الواجب (نسخة أخرى)
٢٤ق، الرقم العام: ٢/٣٧٠٣
عقائد
٦ ـ رسالة في اثبات الواجب (نسخة أخرى)
١٩ق، الرقم العام: ٢/١٣٧١
عقائد
٧ـرسالة في اثبات الواجب (نسخة أخرى)
٢٠ق، الرقم العام: ٢/١٢٧٠
عقائد
٨ـرسالة في اثبات الواجب (نسخة أخرى)
٢٣ق، الرقم العام: ٣/١٣٦٠
عقائد
٩ـرسالة في اثبات الواجب (نسخة أخرى)
٢١ق، الرقم العام: ٣/١٣٢٥
عقائد
١٠ـرسالة في اثبات الواجب (نسخة أخرى)
١٣ق، الرقم العام: ١/١٣٢٥
عقائد
١١ـ انموذج العلوم
٢٩ق، الرقم العام: ٣/٢٧٩٩
معارف عامة
١٢ـ شرح العقائد العضدية
٥٨ق، الرقم العام: ٢/١٣١٤
عقائد
١٣ـ شرح ديباجة طوالع الانوار للبيضاوي
٥ق، الرقم العام: ٥/٤١٤٦
عقائد
١٤ـ شرح الزوراء
٢٠٥ق، الرقم العام: ١٤/١٣٤٤
عقائد
١٥ـ الزوراء وحاشيتها الحوراء
٢٩ق، الرقم العام: ١٢٤٦
عقائد
١٦ـرسالة في أفعال العباد
٤ق، الرقم العام: ٩/١٣٤٤
عقائد
١٧ـرسالة في أفعال العباد (نسخة أخرى)
٤ق، الرقم العام: ٩/١٣٤٤
عقائد
١٨ـ الزوراء (نبذة من الحقائق وزبدة الدقائق)
٣ق، الرقم العام: ١٨/١٣٤٤
عقائد
١٩ـرسالة في محصل التوحيد
١ص، الرقم العام: ١٢/١٢٤٤
شرح تهذيب المنطق والكلام
٤١ق، الرقم العام: ١/١٣٧١
منطق
٢٠ـ شرح تهذيب المنطق والكلام (نسخة أخرى)
٤١ق، الرقم العام: ١/٤١٥٩
المنطق
٢١ـ شرح تهذيب المنطق والكلام

(نسخة أخرى)
٢٠ق، الرقم العام: ٥/٣٨٢٥
المنطق
٢٢. شرح تهذيب المنطق والكلام
(نسخة أخرى)
٢٨ق، الرقم العام: ١/٤١٥٨
المنطق
٢٣. شرح تهذيب المنطق
(نسخة أخرى)
١١ق، الرقم العام: ٥/٤١٣٢
المنطق
٢٤. شرح تهذيب المنطق
(نسخة أخرى)
٢٤ق، الرقم العام: ٢/٣٦٩٧
المنطق
٢٥. حاشية الدواني على حاشية الجرجاني على شرح الايجي لمختصر المنتهى
٦٠ق، الرقم العام: ١/١٤٩٢
أصول الفقه
٢٦. شرح الزوراء
٢٠٥ق، الرقم العام: ١٤/١٣٤٤
عقائد
٢٧. شرح العقائد العضدية
٥٨ق، الرقم العام: ٢/١٣١٤
عقائد
٢٨. شرح هياكل النور
٦٩ق، الرقم العام: ١/١٣٩٧
عقائد
٢٩. شرح هياكل النور
(نسخة أخرى)
٨٢ق، الرقم العام: ١٣٩٩
عقائد
٣٠. شرح هياكل النور
(نسخة أخرى)
٩٠ق، الرقم العام: ١/١٨٤١
عقائد

٣١. شرح رسالة الجوهر المفارق المسمى بالعقل الكل لنصير الطوسي
٦ق، الرقم العام: ٥/٣٧٣٢
منطق
٣٢. دقائق على رسالة اثبات الجوهر للطوسى
٤ق، الرقم العام: ١/٣٩٠٩
فلسفة
٣٣. رسالة في تشييد الصلاة على
٢ق، الرقم العام: ٢/٢٩٢٩
ادعية
٣٤. حاشية الدواني على شرح مسعود الشرواني لآداب الفاضل شمس الدين السمرقندي
١٠٥ق، الرقم العام: ٥/٤١٤٤
آداب البحث
٣٥. حاشية الدواني على شرح مسعود...
(نسخة أخرى)
٢٢ق، الرقم العام: ٢/٤٢٤٣
آداب البحث

*** *** ***

الدياربكري، حسين بن محمد
المتوفى سنة: ٩٦٦هـ.
١. رسالة في ذرع الكعبة المعظمة وبيان مساحة المسجد الحرام
٦ق، الرقم العام: ١/٣٤٩١
تأريخ
٢. رسالة في ذرع الكعبة المعظمة وبيان
(نسخة أخرى)
٨ق، الرقم العام: ١/٣٢٩٢
تأريخ
٣. الخميس في أحوال أنفس نفسين
(تأريخ الخميس)
تأليف: الدياربكري، حسين بن محمد
المتوفى سنة: ٩٦٦هـ.
٥٢٧ق، الرقم العام: ٣٤٤٦
تأريخ
٤. الخميس في أحوال أنفس....
(نسخة أخرى)
٤٠٢ق، الرقم العام: ٣٤٤٧
تأريخ

*** *** ***

الديلمي شهردار بن شيرويه بن شهردار
المتوفى سنة: ٥٠٩هـ.
١. رسالة في أصحاب الألوف والمئين من المحدثين
١٨ق، الرقم العام: ٣/٨٠٥
علوم الحديث
٢. مسند الفردوس
١ص، الرقم العام: ٣/٢٧٨٤
حديث

- ز -

الزيادي، علي بن يحيى
المتوفى سنة: ١٠٢٤هـ.
١. حاشية على فتح الوهاب شرح منهاج الطالبين
٢٠٤ق، الرقم العام: ١٦٦٢
فقه شافعي

*** *** ***

عيسى بن عبدالرحمن السكتاني
المتوفى سنة: ١٠٦١هـ.
١. حاشية السكتاني على شرح السنوسية
١٤٠ق، ١٢٣٢
عقائد
٢. حاشية السكتاني على شرح

السنوسية
١٤٠ق، الرقم العام: ١٣٣٢
عقائد
*** *** ***
السنجاري، على بن تاج الدين بن تقي الدين الحنفي المكي
المتوفى سنة: ١١٢٥ه.
١ـ منايح الكرم في اخبار مكة والبيت وولاة الحرم
في ثلاثة أجزاء
الرقم العام: ٣٥٣٥ـ ٣٥٣٧
تأريخ
٢ـ منايح الكرم في اخبار مكة والبيت وولاة الحرم
(نسخة أخرى)
الرقم العام: ٣٥٣٨
تأريخ
٣ـ الأدلة الواضحة على المثالب الفاضحة
١١٢ق، الرقم العام: ١٢٧٦
ردود
*** *** ***
السهروردي، عبدالقاهر بن عبدالله البكر
المتوفى سنة : ٥٦٣ه.
١ـ آداب المريدين
٣٦ق، الرقم العام: ١/٢٢٨٥
تصوف
*** *** ***
السهروردي عمر بن محمد بن عبدالله
المتوفى سنة: ٦٣٢ه.
١ـ اعلام الهدى وعقيدة ارباب التقى
١ق، الرقم العام: ١٧/٢٤٩٧
عقائد
٢ـ اعلام الهدى وعقيدة ارباب التقى
(نسخة أخرى)
١١ق، الرقم العام: ١٧/٢٤٢٧
عقائد
٣ـ وصية شهاب الدين السهروردي
٤ق، الرقم العام: ٨/٣٨٨١
مواعظ
٤ـ وصية شهاب الدين السهروردي
(نسخة أخرى)
٥ص، الرقم العام: ٨/٣٨٧٧
مواعظ
٥ـ عوارف المعارف
تأليف: السهروردي
٤٢٧ق، الرقم العام: ١/٢٤٩٧
تصوف
٦ـ عوارف المعارف
(نسخة أخرى)
١٩٧ق، الرقم العام: ٢٤٩٨
تصوف
٧ـ رسالة في الفقر والغنى
١٠٥ق، الرقم العام: ٥/٢٤٩٧
تصوف
٨رسالة في السير والطير
٣ق، الرقم العام: ٤/٢٤٩٧
تصوف
٩ـ رسالة في السلوك
٢ق، الرقم العام: ٧/٢٤٩٧
تصوف
١٠ـ رسالة في الحث على اتخاذ الشيخ ذي البصيرة
٢ق، الرقم العام: ٩/٢٤٩٧
تصوف
١١ـ الرحيق المختوم لذوي العقول والفهوم
٦ق، الرقم العام: ١٤/٢٤٩٧
تصوف
١٢، تعليقة في قوله : (ازهد فيما عند الناس يحبك الناس)
٢ق، الرقم العام: ٦/٢٤٩٧
تصوف
١٣ـ اجوبة اسئلة في التصوف
٢ق، الرقم العام: ٢/٢٤٩٧
تصوف
*** *** ***
السهروردي، ابو الفتوح شهاب الدين يحيى بن حبيش بن أمير
المتوفى سنة: ٥٨٧ه.
١ـ قصيدة للسهروردي
١ص، الرقم العام: ٥/٤٠٨٥
بلاغة
٢ـ أوراد السهروردي
٢ق، الرقم العام: ٩/٢٨٧٧
ادعية
٣ـ هياكل النور
١٠ص، الرقم العام: ٥/٣٠٩٠٩
عقائد
ـ ع ـ
العراقي (زين الدين) الحافظ عبدالرحيم بن الحسين بن عبدالرحمن
المتوفى سنة: ٨٠٦ه.
١ـ الفية العراقي في أصول الحديث
٤٤ق، الرقم العام: ٧٣٩
علوم الحديث
٢ـ الفية العراقي في أصول الحديث
(نسخة أخرى)
١٠٠ص، الرقم العام: ١/٣٧٧٧
علوم الحديث
٣ـ الفية العراقي في أصول الحديث

(نسخة أخرى)
٨٧ص، الرقم العام: ٨/٣٩٠٣
علوم الحديث
٤ـ نظم الدرر السنية في السيرة الزكية
٥٦ق، الرقم العام: ٢٤٧٢
سيرة
٥ـ نظم الدرر السنية في السيرة الزكية
(نسخة أخرى)
٢٣ق، الرقم العام: ٤٥٢٤
سيرة
٦ـ نظم الدرر السنية في السيرة الزكية
(نسخة أخرى)
٢٢ق، الرقم العام: ٢٧٤٣
سيرة
٧ـ تخريج أحاديث أحياء علوم الدين
٢٦٣ق، الرقم العام: ٨٨٧
علوم الحديث
٨ـ تخريج أحاديث أحياء علوم الدين
(نسخة أخرى)
١٥٢ق، الرقم العام: ٨٨٨
علوم الحديث
٩ـ تخريج أحاديث أحياء علوم الدين
(نسخة أخرى)
١٧٩ق، الرقم العام: ٨٨٩
علوم الحديث
١٠ـ شرح الفية العراقي
١٦٩ق، الرقم العام: ٧٧٠
علوم الحديث
١١ـ ثبت بشيوخ العراقي
٢٦ق، الرقم العام: ٤/٣٨٧٥
علوم الحديث

*** *** ***

العمادي، حامد بن على بن ابراهيم
المتوفى سنة: ١١٧١هـ.
ـرسالة مصباح الفلاح في دعاء الاستفتاح
٦٩ق، الرقم العام: ١/٣٧٩٩
فقه

*** *** ***

العمادي محمد بن عمرو بن علي بن احمد
كان حيا سنة ٥٧٦٢هـ.
١ـ مبرز المعاني في شرح قصيدة حرز الاماني
٢٢٩ق، الرقم العام: ٤٣٤
تجويد وقراءات

*** *** ***

ابو السعود، محمد بن محمد بن مصطفى العمادي
المتوفى سنة: ٩٨٢هـ.
١ـ ارشاد العقل السليم الى مزايا الكتاب الكريم
(تفسير أبي السعود)
ج١: ٤٢٩ق.
ج٢: ٣٤٦ق.
الرقم العام: ٤٧٩، ٤٨٠
تفسير
٢ـ ارشاد العقل السليم....
(نسخة أخرى)
ج١: ١١٠ق
الرقم العام: ٤٨٣
تفسير
٣ـ ارشاد العقل السليم....
(نسخة أخرى)
ج١: ٩٥ق
الرقم العام: ٤٨٢
تفسير
٤ـ ارشاد العقل السليم....
(نسخة أخرى)
ج١: ١٩٨ق
الرقم العام: ٤٨١
تفسير
٥ـرسالة في المسح على الخفين
١٠ص، الرقم العام: ٥/٣٨٢٣
فقه

*** *** ***

العمادي عبدالرحمن بن محمد بن محمد الدمشقي
المتوفى سنة: ١٠٥١هـ.
١ـ الروضة الريا فيمن دفن بداريا من الصحابة والتابعين
١٣ق، الرقم العام: ١/٢٨١٨
تراجم
٢ ـ الروضة الريا فيمن دفن بداريا
(نسخة أخرى)
١٤ق، الرقم العام: ٢٨١٩
تراجم

ـ ك ـ

الكاكي (قوام الدين) محمد بن محمد بن احمد السنجاري
المتوفى سنة: ٧٤٩هـ.
١ـ عيون المذاهب الأربعة الكاملي
١٧٢ق، الرقم العام: ١٩٨٢
فقه حنفي

*** *** ***

الكتاني محمد عبدالحي بن عبدالكبير الكتاني
١ـ ثبت محمد عبدالحي بن عبدالكبير الكتاني
٢٥ق، الرقم العام: ٧٩١
علوم الحديث
٢ـ اجازة لعبدالستار بن عبدالوهاب الدهلوي،

المتوفى سنة: ١٣٥٥ه.
المجيز: الكتاني، محمد بن
عبدالكبير بن محمد بن
عبدالواحد، المتوفى سنة: ١٣٢٧ه.
١ق، الرقم العام: ٤/٧٥٤
اجازات

*** *** ***

ابن جماعة الكتاني، عبدالعزيز
بن محمد بن ابراهيم الكتاني
المتوفى سنة: ٧٦٧ه.
١ـ الاربعون التساعية
(تساعية ابن جماعة)
٨ق، الرقم العام: ١/٧٩٣
الحديث

*** *** ***

ابن جماعة (بدرالدين) محمد بن
ابراهيم بن سعدالله
المتوفى سنة: ٧٣٣ه.
١ـ تحرير الاحكام في تدبير
جيش الاسلام
٤٦ق، الرقم العام: ١٥/٣٨٠٠
فقه

*** *** ***

الكتاني عمر بنرسلان بن نصر
البلقيني
المتوفى سنة: ٨٠٥ه.
١ـ تراجم البخاري
٤٦ق، الرقم العام: ١/٢٧٧٩
تراجم

*** *** ***

الكردي، محمد بن ملا ابي بكر
بن محمد
كان حيا سنة: ١٠٤٨ه.
ـ الدرة المضية في شرح الكواكب
الدرية في مدح خير البرية
١٥٩ق، الرقم العام: ٣٢٨٠
سيرة، مدائح

*** *** ***

محمد بن شهاب بن يوسف
الكردي
المتوفى سنة: ٨٢٧ه.
١ـ الجامع الوجيز المشهور
بالفتاوى البزازية
٥٨٦ق، الرقم العام: ٢٠٠٤
فتاوى
٢ ـ الجامع الوجيز ..
(نسخة أخرى)
٢١٤ق، الرقم العام: ٢٠٠٥
فتاوى
٣ ـ الجامع الوجيز المشهور
بالفتاوى البزازية
٤٤٩ق، الرقم العام: ٢٠٠٦
فتاوى
ـ حيرة الفقهاء
تأليف: الكردي، عبدالغفار بن
لقمان
المتوفى سنة: ٥٦٢ه.
١٠ق، الرقم العام: ١٤/٢٠٩٢
فقه حنفي
ـ اجازة لصالح بن حيدر الكردي
بجميع ما يجوز لهروايته بشرطه
المعتبر عن اهله
المجيز: الاثري محمد بن احمد
بن محمد الحنفي البخاري،
كتب بخط معتاد كتبها عبدالستار
الدهلوي
٢ق، الرقم العام: ٢/٧٦٠
اجازات
ـ الافاضة المدنية في الارادة
الجزئية
المؤلف: ابو الحسن الصغير،
محمد صادق السندي
المتوفى سنة: ١١٨٧ه.
١٧ق، الرقم العام: ٣/١٢٨٨
عقائد
ـ اجازة لصالح بن الملا حيدر
الكردي
المتوفى سنة: ١٢١٨ه.
المجيز: مصطفى العلواني
كتبت بخط عبدالستار الدهلوي
١ق، الرقم العام: ٣/٧٦٠
اجازات

*** *** ***

الكردي (شمس الائمة) محمد بن
محمد عبدالستار
المتوفى سنة: ٦٤٢ه.
ـ الرد على أبي حامد الغزالي،
المنخول
٥٢ق، الرقم العام: ٢٢٦٧
ردود
ـ الرد على أبي حامد الغزالي،
(المنخول)
٥٢ق، الرقم العام: ٢٢٦٧
ردود
ـ المنخول
(نسخة أخرى)
٨٦ق، الرقم العام: ٢٢٦٨
ردود
ـ المنخول
(نسخة أخرى)
٤٦ق، الرقم العام: ٢٢٦٩
ردود
٥ـ كتاب الحق المبي في ادحاض
شبه المبطلين
٦٦ق، الرقم العام: ٥/٣٨١٦
ردود

*** *** ***

الكركوكي، خليل القادري
١ـ روضة المريدين في الآداب
الصوفية
٣٨ق، الرقم العام: ٢٣٢٤

تصوف

*** *** ***

ابراهيم بن حسن (برهان الدين) الگۆرانى الشهرزوري

المتوفى سنة: ١١٠١هـ.

١ـ امداد ذوي الاستعداد سلوك مسلك السداد

٣٨ق، الرقم العام: ١٢٨٦

عقائد

٢ـ مسلک السداد الى مسألة خلق أفعال العباد

٢٠ق، الرقم العام: ٦/١٢٨٥

عقائد

ـ شرح ارجوزة في الجبر والمقابلة (الياسمينية)

٢ق، الرقم العام: ١٠/٣٩٣٦

جبر

ـ م ـ

الماردينى ابو الفضل شهاب الدين احمد

المادرينى عمر بن محمد امين

المتوفى سنة: ١٢٦٨هـ.

ـ ابحاث لطيفة في طرائف المكلفين

٩ق، الرقم العام: ٤/٢٧٩٩

عقائد

*** *** ***

الماردينى، محمد بن فخرالدين عثمان

المتوفى سنة: ٨٧١هـ.

١ـ البحر المواج في شرح المنهاج

٢٢٤ق، الرقم العام: ١٦٣٨

فقه شافعي

*** *** ***

سبط الماردينى، محمد بن محمد

المتوفى سنة: ٩٠٧هـ.

١ـ شرح مختصر على المقدمة الرحبية

٣١ق، الرقم العام: ٢/٢٢٥٧

فرائض

٢ـ شرح مختصر على المقدمة الرحبية

(نسخة أخرى)

٢٠ق، الرقم العام: ٤٧٧١

فرائض

٣ـ شرح مختصر على المقدمة الرحبية

(نسخة أخرى)

٣٢ق، الرقم العام: ٤٤٦٢

فرائض

٤ـ شرح مختصر على المقدمة الرحبية

(نسخة أخرى)

٣٣ق، الرقم العام: ٤٣٥٨

فرائض

٥ـ ارشاد الفارض الى كشف الغوامض في الفرائض

١٣٧ق، الرقم العام: ٤٠٤٧

فرائض

٦ـ شرح اللمع في الحساب

٢٥ق، الرقم العام: ٣٦٦٢

حساب

ـ مختصر جليل من كتاب معالم التنزيل

في جزئين

ج١: ٣٦٨ق، الرقم العام: ٧٠٦

ج٢: ٣٧٢ق، الرقم العام: ٧٠٧

*** *** ***

ابن جرجيس الموصلي، محمد بن جرجيس الموصلي

كان حيا سنة ١٢١٧هـ.

الواني محمد بن مصطفى

المتوفى سنة: ١٠٠٠هـ.

ـ نقد الدرر حاشية على الدرر والغرر لملا خسرو

تأليف: الواني، محمد بن مصطفى

المتوفى سنة: ١٠٠٠هـ.

٢٨٨ق، الرقم العام: ٢١٩٣

فقه حنفى

الحاشية:

١ـ فقد كانت المحاضرة التي ألقيتها في المجمع العلمي العراقي بعنوان (العنوان المفقود أو المولود المرتقب) وليدة مخاض بعض هذه الأفكار، كما ان معظم ما نشر لي في كتاب (بووژاندنەوەى مێژووى زانایانى کورد لە ڕێگەى دەستخەتەکانیانەوە- احياء تأريخ علماء الاكراد من خلال مخطوطاتهم) بأجزائه التسع ثمارا للذي اشغلتني منذ سنوات على هذا المسلک واثمر ما ثمر.

٢ـ واستقيت معلوماتي هذه من: ((الفهرس المختصر لمخطوطات مكتبة الحرم المكي الشريف ١ـ ٤، اعداد ومراجعة محمد بن احمد مطيع الرحمن، عادل بن جميل بن عبدالرحمن عيد، اشراف الدكتور محمد باجودة مدير مكتبة الحرم المكي الشريف، مطبوعات مكتبة الملك الفهد الوطنية، السلسلة الثالثة ١٤٢٧٠)).

**پەراوێز**

(١) هذا وهم من المفهرس إذ الصحيح (الجلي) أو (الضلي)، لدينا أسرتان عليتان إحداهما (الأسرة الجلية) القاطفة في كويسنجق والثانية (الأسرة الضلية المائية).



# دەوڵەت و شوناسی هاونیشتمانیبوون



**د.ئیبراهیم ئەمین جاف**

لەدایکبوی ١٩٥٧ هەڵەبجە.

ماستەر و دکتۆرا لە مێژوی شارستانییەتی ئیسلام.

چەند بەرهەمی چاپکراوی بە زمانی عەرەبی هەیە

**وەرگێڕانی ڕیدار ئەحمەد**

ئەو ئاریشانەی ئەمرۆ لەسەر گۆڕەپانی سیاسی زۆربەی هەرە زۆری وڵاتانی ئیسلامی بوونیان هەیە و ناکۆکیی قوڵیان لێکەوتۆتەوە دەمانخاتە بەردەم ئەو بەرپرسیارێتییەی کە ئاسۆی دەربازبوون لێیان چییە؟ چ شوناسێک گشتگیرە و هەمووان دەتوانین لەسایەیدا ئاسایش و ماف و سەقامگیری بەدەست بهێنین؟!. ئایا ئاین تەنها شوناسێک دەسەپێنێت بەسەر هەمووانداǃ؟

بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارە پەیوەندارەکان بەم بابەتەوە پێویستمان بەوەیە لە قورئان و فەرموودە و ژیاننامەی پێغەمبەر و ئەزموونی حوکمداری ئیسلامی بەڵگە بهێنیەوە.

**بەرایی**

لە سایەی نەبوونی دەوڵەتی ئیسلامیدا بۆ نزیکەی سەدەیەک و، ڕوودانی گۆڕانکاریی ڕیشەیی لە سستمی حوکمڕانی وڵاتانی مسوڵماندا و، هاتنە کایەی سستمی نوێ بۆ سەر دەسەڵات، وەک سستمی: نیشتمانی، عەلمانی، سۆسیالیستی و جگە لەوانەش، مشتومڕێکی نەزۆک لەنێو شوێنکەوتووانی ڕەوتە ئیسلامییە جۆراوجۆرەکان و ڕەوتەکانی تردا سەبارەت بەچۆنێتی حوکمڕانی و بەڕێوەبردنی وڵات ماوەماوە دێنێتە ئارا، ئایا دەکرێت ڕەوتێکی نیشتمانی وڵات بەڕێوەببات کە هەموو ڕەنگە جیاوازەکانی گەل تێیدا بەشداربن و وڵات هێمن و ئاسایش بێت، دەوڵەتی دەستوور و یاسا بنیات بنێین کە بە کرداریی مافی هاونیشتمان بەبێ جیاوازی لەسەر بنەمای ڕەگەز یان هەرێم یان ڕەنگ یان ... هتد، بۆ هەمووان دابین بکات، بەبێ زیانگەیاندن بە نەگۆڕە ئایینی و نەتەوەییەکان و جگە لەوان؟

ئایا بە ڕاست ئیسلام ڕۆڵی هاونیشتمانی لە ڕێنمایی و یاساکانیدا فەرامۆش کردووە و، تەقوای کردۆتە تەرازووی هاووڵاتیبوونǃ، واتە تەنها دەستی بە بەها ئیسلامییەکانەوە گرتووە، بەمەش هیچ هاووڵاتیەکی تر کە لەو نیشتمانەدا دەژی و ئیسلام حوکمڕانی دەکات هیچ بەهایەکی نیە، وەک ئەوەی هەندێک لەوانەی کە دژی شەریعەتی ئیسلامی لێبوردەن؟

لە سایەی حوکمڕانی سستمە شمولیی و دیکتاتۆرییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، مرۆڤ بە هاونیشتمانی باش دانانرێت تا ئینتیمای تەواوی نەبێت بۆ ئایین یان تائیفە یاخود نەتەوە یان حیزب یان شتێکی دیاریکراو.

بەدرێژایی ماوەی حوکمڕانی ڕژێمی بەعس لە عێراق، پێکهاتەکانی تری عێراق (جگە لەعەرەب) ڕووبەڕووی وەلانان و پەراوێزخستن و کۆچپێکردن و لەناوبردنی بە کۆمەڵ و بێبەشکردنی سادەترین ماف لەمافەکانی هاونیشتمانیان بوونەتەوە، لەکاتێکدا کە هەزاران ساڵە باب و باپیریان لەسەر ئەم خاکە دەژی!.

هەروەها بینیمان کە ئەزموونە تاڵەکانی دەوروبەرمان کە هەموویان دروشمی ئیسلامییان هەڵگرتووە، بەڵام بەداخەوە، خراپبوون بەرانبەر ئیسلام و بنچینە و بنەما و ڕێسا بێگەردەکانی، بەجۆرێک کە گەلانی ئەو وڵاتانە ئاواتەخوازن لەهەر شتێک ناوی ئیسلامی بێت (نەک ئیسلام، چونکە خەڵکەکە مسوڵمانن) دەربازیان ببێت، ئەمەش بەهۆی ئەو نەهامەتی و بەڵایانەی لە سایەی فەرمانڕەوایی ئەوانەدا بینیویانە و بەسەر خۆیان و نیشتمانەکەیان هاتووە!.

لە هەمانکاتدا سستمی نیشمانی خاوەن بەرنامەی ئیسلامی هەیە کە گەیشتونەتە فەرمانڕەوایی و تا ڕادەیەک سەرکەوتوو بوون لە بەڕێوەبردنی وڵاتدا لە ڕوویی - گەرچی بەدەر نین لە تێبینی و ڕەخنە - سیاسیی و ئابووریی و زانستییەوە وەک وڵاتەکانی تورکیا، مالیزیا، مەغریب و تونس و جگە لەوانەش کە پابەند بوون بە دەوڵەتی هاونیشتمانیبوون و دەستوور و هاوبەشێتیەوە، کە ئەزموونی دەوڵەتی تورکیا و حیزبی فەرمانڕەوای هێشتا لە بواری

ئەزموونکردندایە!.

بەخۆداچوونەوە و دانیشتن لەسەر مێزی گفتوگۆ و کردنەوەی دۆسێیە بچووک و گەورەکان و پاشان پێداچوونەوەیان بەشێوەیەکی ڕاستگۆیانە و دەستپاکی و واقیعیبوونەوە، دوور لە وروژاندن یان بۆ بەسەربردنی کات و،سپاردنی بە کەسانی نەفام و نەخوێندەوار و خستنەڕووی بەگوێرەی شەریعەتی ئیسلامی لێبوردە و، مشتومڕکردن لەسەری، لە ئەمڕۆدا بۆتە پێویستییەکی شەرعی زۆر پێویست، ئەم کارە تایبەت نیە بە حیزب یان کۆمەڵە یان نیشتمان یان هۆزێکەوە، بەڵکو پەیوەندیدارە بە هەموو مرۆڤایەتییەوە، چونکە کەشتی نیشتمان، هۆز و مرۆڤایەتی ئەگەری نغرۆبوونی هەیە ئەگەر بەئاگا نەیەینەوە!.

تیروانینێکی شەرعی بۆ کاریبە کۆمەڵی نیشتمانی هاوبەش و دەوڵەتی یاسا و هاونیشتمان

لەو کارە فیترەتیانەی کە خوای گەورە لە دڵی مرۆڤەکاندا چاندوویەتی خۆشەویستیەتی بۆ نیشتمانەکەی و ئەو خاکەی لەسەری لەدایکبووە و گاگۆڵکێی لەسەر کردووە و تێیدا ژیاوە و لە خێروبێرەکەی خواردووە و خۆشترین یادەوەرەییەکانی ژیانی تیدا تۆمار کردووە.

خوای گەورە دەفەرموێت(١): **وَلَوْ أَنَّا كَتَبْنَا عَلَيْهِمْ أَنِ اقْتُلُواْ أَنفُسَكُمْ أَوِ اخْرُجُواْ مِن دِيَارِكُم مَّا فَعَلُوهُ إِلاَّ قَلِيلٌ مِّنْهُمْ وَلَوْ أَنَّهُمْ فَعَلُواْ مَا يُوعَظُونَ بِهِ لَكَانَ خَيْرًا لَّهُمْ وَأَشَدَّ تَثْبِيتًا.**

لە عائیشەوە (خوا لێی ڕازی بێت) گێڕاویانەتەوە(٢)، کاتێک پێغەمبەر(د.خ) هاتە مەدینە ئەبوبەکر و بیلال تووشی تاو و ئازارێکی زۆر بوون، بیلال کە تاکەی دادەبەزی دەنگی گریانی بەرز دەبوویەوە و دەیوت:

**أَلا لَيْتَ شِعْرِي هَلْ أَبِيتَنَّ لَيْلَةً**
**بِوَادٍ وَحَوْلِي إِذْخِرٌ وَجَلِيلُ**
**وَهَلْ أَرِدَنْ يَوْمًا مِيَاهَ مَجَنَّةٍ**
**وَهَلْ يَبْدُوَنْ لِي شَامَةٌ وَطَفِيلُ**

دەیوت: خوایە نەفرەت لە شەیبەی کوڕی ڕەبیعە و عوتبەی کوڕی ڕەبیعە و ئومەیەی کوڕی خەلەف بێت کە ئاوا لە خاکی خۆمان بەرە و خاکی پەتا وەدەریان ناین، پاشان پێغەمبەری خوا (د.خ) فەرمووی: «**اللَّهُمَّ حَبِّبْ إِلَيْنَا الْمَدِينَةَ كَحُبِّنَا مَكَّةَ أَوْ أَشَدَّ، اللَّهُمَّ بَارِكْ لَنَا فِي صَاعِنَا وَفِي مُدِّنَا، وَصَحِّحْهَا لَنَا، وَانْقُلْ حُمَّاهَا إِلَى الْجُحْفَةِ**»، واتە: (خودایە خاکی مەدینە لامان خۆشەویست بکە وەک خۆشەویستیمان بۆ مەککە یان زیاتر، خودایە پیت وفەڕ بخە کێشان و پێوانمانەوە و ڕاستی بکەرەوە بۆمان و پەتاکەشی لەناو ببە).

کۆمەڵێک خەسڵەت هەیە ئەگەر لە مرۆڤدا هەبوو دەیکاتە هاونیشتمانییەکی باشی بەسوود بۆ کۆمەڵگا و نیشتمانەکەی، بگرە بۆ تێکڕای مرۆڤایەتی، گرنگترینی ئەو خەسڵەتانەش بە بۆچوونی ئێمە، لە پاش ئیمان، ئەمانەیە:

١. سپاردەپارێزی(الامانە): لە گرنگترینی خەسڵەتەکانە کە پێویستە لە هاونیشتمانی چاکدا هەبێت، کە بوونی ئاسمانەکان و زەوی لەسەر ڕاوەستاوە، خوای گەورە دەفەرموێت(٣): **إِنَّا عَرَضْنَا الْأَمَانَةَ عَلَى السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ وَالْجِبَالِ فَأَبَيْنَ أَن يَحْمِلْنَهَا وَأَشْفَقْنَ مِنْهَا وَحَمَلَهَا الإِنسَانُ إِنَّهُ كَانَ ظَلُومًا جَهُولاً.**

پێغەمبەریش(د.خ) فەرموویەتی(٤):«**أَدِّ الْأَمَانَةَ إِلَى مَنِ ائْتَمَنَكَ، وَلَا تَخُنْ مَنْ خَانَكَ**». واتە: سپاردە بگەڕێنەرەوە بۆ ئەو کەسەی پێی سپاردوویت، ناپاکی لە کەسێک مەکە کە ناپاکی لەگەڵ کردوویت.

٢. ئاوەدانکردنەوە(التعمیر): باوەڕبوون بەوەی کە بوون و دروستکردنی بۆ ئاوەدانکردنەوە و چاککردنی زەوی بووە، نەک وێرانکردنی، خوای گەورە هەموو توانا و پێویستییەکی بەجێهێنانی ئەو ڕۆڵەی تیدا فەراهەم هێناوە و، دەفەرموێت(٥): **هُوَ أَنشَأَكُم مِّنَ الأَرْضِ وَاسْتَعْمَرَكُمْ فِيهَا فَاسْتَغْفِرُوهُ ثُمَّ تُوبُواْ إِلَيْهِ إِنَّ رَبِّي قَرِيبٌ مُّجِيبٌ**، لە ئایەتێکی تردا فەرموویەتی(٦): **وَلاَ تُفْسِدُواْ فِي الأَرْضِ بَعْدَ إِصْلاَحِهَا وَادْعُوهُ خَوْفًا وَطَمَعًا إِنَّ رَحْمَةَ اللّهِ قَرِيبٌ مِّنَ الْمُحْسِنِينَ.**

٣. دووركەوتنەوە لە خراپەكاری، بە هەموو جۆرەكانییەوە كە زیان بە تاك و كۆمەڵگا و نیشتمان و مرۆڤایەتی دەگەیەنێت.

٤. خۆشەویستی چاكە و باشبوون بۆ كەسانی تر و چاندنی لە دەروونیاندا: هاووڵاتی چاك، هەروەک چۆن باشە و چاكەی بۆ خۆی و خێزانەكەی پێخۆشە و، بە ئاواتی دەخوازێت، بەهەمانشێوە پێی خۆشە ئەو خێر و چاكەیە هەموو هاوسێ و خەڵكی نیشتمانەكەی و تیكڕایی مرۆڤایەتیش بگرێتەوە.

خوای گەورە دەفەرموویێت(٧): **وَقَالَ الَّذِي آمَنَ يَا قَوْمِ اتَّبِعُونِ أَهْدِكُمْ سَبِيلَ الرَّشَادِ (٣٨) يَا قَوْمِ إِنَّمَا هَذِهِ الْحَيَاةُ الدُّنْيَا مَتَاعٌ وَإِنَّ الآخِرَةَ هِيَ دَارُ الْقَرَارِ (٣٩) مَنْ عَمِلَ سَيِّئَةً فَلا يُجْزَى إِلاَّ مِثْلَهَا وَمَنْ عَمِلَ صَالِحًا مِّن ذَكَرٍ أَوْ أُنثَى وَهُوَ مُؤْمِنٌ فَأُوْلَئِكَ يَدْخُلُونَ الْجَنَّةَ يُرْزَقُونَ فِيهَا بِغَيْرِ حِسَابٍ (٤٠) وَيَا قَوْمِ مَا لِي أَدْعُوكُمْ إِلَى النَّجَاةِ وَتَدْعُونَنِي إِلَى النَّارِ (٤١)**. پێغەمبەریش(د.خ) فەرموویەتی(٨): «**لاَ يُؤْمِنُ أَحَدُكُمْ حَتَّى يُحِبَّ لأَخِيهِ مَا يُحِبُّ لِنَفْسِهِ**»، واتە: ((باوەڕی هیچ كەستان تەواو نابێت تا ئەوەی بۆ خۆی پێی خۆشە بۆ براكەشی پێی خۆش بێت)).

٥. هاریكاریی و برایەتی و پشتیوانی لەسەر خێر و چاكە و تەقوا و دووركەوتنەوە لە پێچەوانەی ئەوانە.

خوای گەورە دەفەرموویێت(٩): **وَتَعَاوَنُواْ عَلَى الْبرِّ وَالتَّقْوَى وَلاَ تَعَاوَنُواْ عَلَى الإِثْمِ وَالْعُدْوَانِ وَاتَّقُواْ اللّهَ إِنَّ اللّهَ شَدِيدُ الْعِقَابِ.**

٦. خۆشەویستی كار و باش ئەنجامدانی: هاونیشتمانی چاك شەو و ڕۆژی لە خزمەتی ئاینەكەی و خۆی و خێزانەكەی و كۆمەڵگا و نیشتمانەكەیدا بەسەردەبات، لە كاركردنیدا دڵسۆزە و بە باشی ئەنجامی دەدات، باشێتی لە نێوانیاندا لەسەر بنەمای ڕادەی كاركردنیانە بۆ بەرژەوەندی خەڵك(١٠).

٧. زانین و تێگەیشتن: ئیسلام داوا لە هاوڵاتیانی دەكات كە ئەندامێكی بەسوودبن بۆ كۆمەڵگاكەیان، خاوەن زانین و تێگەیشتن بن.

٨. توانا و ئەزموون: خوای گەورە دەفەرموویێت(١١): **قَالَ اجْعَلْنِي عَلَى خَزَآئِنِ الأَرْضِ إِنِّي حَفِيظٌ عَلِيمٌ** .

٩. سنگفراوانی و دەروونباشی بەرانبەر كەسانی تر: هاونیشتمانی چاك، هاونیشتمانیەكە سنگفراوانە بەرانبەر كەسانی تر و ئارام بگرێت لەسەر ئازاریان و ڕق و كینە بەرانبەر هیچ دروستكراوێكی خوا لە دڵیدا هەڵنەگرێت، سانا و نەرمونیان و لێبوردە بێت، خوای گەورە دەفەرموویێت(١٢): **وَعِبَادُ الرَّحْمَنِ الَّذِينَ يَمْشُونَ عَلَى الأَرْضِ هَوْنًا وَإِذَا خَاطَبَهُمُ الْجَاهِلُونَ قَالُوا سَلامًا(٦٣).**

## بناغە و پایەكانی پەیوەندی نێوان ڕۆڵەكانی یەک نیشتمان و كەسانی تر لە شەریعەتدا

ئیسلام بناغەی بنەما مەزنەكانی لەپێناوی پێكەوەژیانی ئاشتیانە و یەكخستنی هەوڵەكان و بەدیهێنانی دادپەروەری و یەكسانی و پەیوەستی نێوان ڕۆڵەكانی یەک كۆمەڵگا و نیشتمان دامەزراندووە، بەڵكو لەگەڵ هەموو گەلانی سەرزەویدا، ئەم بنەمایانەش گرەنتییە بۆئەوەی هەمووان لە سایەیدا بە ئاشتەوایی بژین، هەموو مافە ئاینیی و تایبەتمەندییەكانیان بۆ دەستەبەر بكرێت، مافیان هەیە و ئەركیان لەسەرشانە بەبێ جیاوازی یان پێشێلكردنی مافێک لە مافەكان، لەو بنەما مەزنانەش:

١. هەموو مرۆڤایەتی پەروەردگار و دروستكاریان یەكە.

٢. برایەتی: ئیسلام برایەتی كردووە بە چەند پلەیەک:

-برایەتی ڕەچەڵەک: **وَأُوْلُواْ الأَرْحَامِ بَعْضُهُمْ أَوْلَى بِبَعْضٍ فِي كِتَابِ اللّهِ إِنَّ اللّهَ بِكُلِّ شَيْءٍ عَلِيمٌ(١٣)** .

-برایەتی ئایین و بیروباوەڕ: **إِنَّمَا الْمُؤْمِنُونَ إِخْوَةٌ فَأَصْلِحُوا بَيْنَ أَخَوَيْكُمْ وَاتَّقُوا اللَّهَ لَعَلَّكُمْ تُرْحَمُونَ (١٤)** .

-برایەتی نیشتمانی یان نەتەوەیی: **إِذْ قَالَ لَهُمْ**

**أَخُوهُمْ نُوحٌ أَلَا تَتَّقُونَ(١٥)، إِذْ قَالَ لَهُمْ أَخُوهُمْ لُوطٌ أَلَا تَتَّقُونَ(١٦)** .

-برایەتی مرۆڤایەتی: **يَا أَيُّهَا النَّاسُ إِنَّا خَلَقْنَاكُم مِّن ذَكَرٍ وَأُنثَى وَجَعَلْنَاكُمْ شُعُوبًا وَقَبَائِلَ لِتَعَارَفُوا إِنَّ أَكْرَمَكُمْ عِندَ اللَّهِ أَتْقَاكُمْ إِنَّ اللَّهَ عَلِيمٌ خَبِيرٌ(١٧). لە فەرموودەشدا هاتووە:« أَنَا شَهِيدٌ أَنَّ الْعِبَادَ كُلَّهُمْ إِخْوَةٌ»**(١٨). واتە: من شاهێدم کەهەموو بەندەکان بران.

٣. پێکەوەژیان بە لێبوردەیی و ئاشتی لە نێوان ئادەمیزادەکاندا ئیدی ئەو مرۆڤانە هەرکەسێک بن، بەبێ سەیرکردنی ئایین و تائیفەیان، بەومەرجەی هێرشکار(محارب) یاخود ستەمکار یان دەستدرێژیکار بۆ سەر کەسانی تر و بۆ سەر مافەکانیان نەبێت.

٤. بەگژداچوونەوەی ڕەگەزپەرستی بە هەموو چەشنەکانی، ڕەگەزپەرستی نەتەوەیی، یاخود هۆزایەتی، یان خێزانی، یان ئاینی، یان تائیفی... هتد، ئەمەش لەپێناو ئامادەسازی ژینگەیەکی تەندروستی چاک دوور لە دژایەتی و پلانگێریی و ڕق لەیەکبوون لەوانەی کە لەسەر خاکەکەی دەژین.

٥. دادپەروەری و یەکسانی لە نێوان خەڵکیدا لە گرنگترین بنەما ئیسلامییە مەزنەکانە، جێبەجێکردنی کرداریی چەمکی دادپەروەری و یەکسانی لە کۆمەڵگادا بەبێ سەرنجدانی ئایین یاخود ڕەچەڵەک یان ڕەنگ یان شار، هەمووان لە بەردەم دادپەروەری ئیسلامدا یەکسانن، قورئانی پیرۆز و فەرموودەکانی پێغەمبەر و مێژووی ئیسلامی پڕن لە دەقی تیۆری و کرداریی لەمبارەیەوە.

٦. بەزەیی هاتنەوە بەیەکدا لە نێوان ئادەمیزادەکاندا: ئەم بنەمایەش بەهەمان شێوە لە بنەما مەزنەکانی ئیسلامە، یەکێک لەناوە بەرزەکانی خوای گەورەیە (١٩): (الرحمن، الرحيم) ئەو میهرەبانییەی خوای گەورە فەرمانی پێکردووە گشتگیرە و هەموو گیانلەبەرانی سەرزەوی

## دادپەروەری و یەکسانی لە نێوان خەڵکیدا لە گرنگترین بنەما ئیسلامییە مەزنەکانە

دەگرێتەوە بە مرۆڤ و ئاژەڵەوە.

٧. دانپێدانان بە هەمەچەشنەیی و فرەیی ئاینی و ڕەچەڵەکی و ڕۆشنبیریی و سیاسیی و جگە لەوانەش: **يَا أَيُّهَا النَّاسُ إِنَّا خَلَقْنَاكُم مِّن ذَكَرٍ وَأُنثَى وَجَعَلْنَاكُمْ شُعُوبًا وَقَبَائِلَ لِتَعَارَفُوا(٢٠).**

لە دەرئەنجام و شوینەوارە ئەرێنیەکانی هاونیشتمانی

- بڵاوکردنەوەی ڕۆشنبیری برایەتی و پێکەوەگونجان و هاریکاریی و سەرخستنی یەکتر و هاوپشتی لە نێوان هاونیشتمانیانی یەک وڵات و یەک نیشتماندا، تا بەرەوبنیاتنانی دەوڵەتێکی فرەیی بنکە فراوانی گەشەسەندووی شارستانی گونجاو لەگەڵ ڕۆحی سەردەم و هەڕەشەکانیدا.

- دەوڵەتی هاونیشتمانیبوونی ڕاستەقینە سەرچاوەکانی کێشە ئاینی و ڕەچەڵەکییەکان بەرەو ڕووبونەوەی لەناوبردنی بە کۆمەڵ و وەلانان و پەراوێزخستنی خەڵکی وڵات ناهێڵێت(٢١)، ناسنامە حیاوازەکان قبوڵ دەکات و ڕێزی هەمووان دەگرێت، هاونیشتمانی ڕاستەقینە دێنێتەدی، ئەمەش ئاسایش و سەقامیگریی و گەشەکردن و پێشکەوتنی وڵات دابین دەکات.

- وشککردنی سەرچاوەکانی تیرۆر و توندڕەوی، چونکە ئەو فشارانەی کە دەخرێنە سەر زۆرێک لە هاونیشتمانیان، ئیدی مسوڵمان

**ئەوەی زیاتر دەبێتە هۆی ئاڵۆزی و ئاژاوەگێڕی لە کۆمەڵگادا بریتییە لە ستەم و بەشخورانی کەسانی تر**

بن یان لە پێکهاتەکانی تر بەهۆی پەراوێزخران و وەلانان و بەشداری پێنەکردنیان لە ژیانی گشتیدا، بەشێوەیەک هەندێک هەموو خێرو بێری ببات و زۆرینە فەرامۆش بکرێت، پاشان دەستەیەک یان چینێکی فراوان لە کۆمەڵگا بێکار یاخود بێ پۆست یان بێبەش لە بەشداری کرداریی بکرێت و هەژاری و نەخۆشی بڵاو ببێتەوە و هاوڵاتی هەست بەبێ ئومێدی رۆڵی لە ژیاندا بکات دەبێتە هۆیەک لە هۆیەکانی بوونی لایەنگیری بۆ تیرۆر و توندرەوی پەرتەوازەیی و جیابوونەوە!.

–هەستکردن بەهاونیشتمانی راستەقینەو ئازادی ویەکسانی، پاڵ بەخاوەنەکەیەوە دەنێت بۆ کارابوونی ئەرێنی لەگەڵ نیشتمان و کۆمەلگاکەیدا، پێشکەشکردنی کار بەرەزامەندی و دڵسۆزی و قەناعەتەوە، هەروەک چۆن وای لێدەکات هەست بەبوون وکیانی خۆی بکات.

- رێگریکردن لە بڵاوبوونەوەی ئاژاوەگێڕیی و گەڕانەوە بۆ مەرجەعیەتە دەستووریی و یاسایی و شەرعییەکان، چونکە ئەوەی زیاتر دەبێتە هۆی ئاڵۆزی و ئاژاوەگێڕی لە کۆمەڵگادا بریتییە لە ستەم و بەشخورانی کەسانی تر و، دەستدرێژیی و خۆبەگەورە زانین بەسەریاندا و، جیاکاریی رەگەزپەرستی یان ئاینی، یاخود تائیفی لە دژیان.

## ئیسلام و جێبەجێکردنی کرداریی بنچینەکانی هاونیشتمانیبوون

ئەو هەمەچەشنیی و فرەییە یاسای خوای گەورە و نهێنیەتی لە بوون و ژیان و زیندووواندا، کەواتە ناتوانرێت بسڕێتەوە یاخود فەرامۆش بکرێت، بەڵکو پێویستە لەبەرچاو بگیرێت و، یاسا و رێنمایی بۆ دەربکرێت لەپێناو پێکەوەژیانی ئاشتیانە و برایانە، یاخود نیشتمانی و مرۆییدا، تا ژیان سەقامگیر بێت و بەو جۆرەی کە خوای گەورە ویستوویەتی بەردەوام ببێت، چەند کاروبارێک لەمە دەکەوێتەوە:

١–ئازادی هەڵبژاردنی بیروباوەڕ یاخود ئایین: یەکێک لە رێزەکانی ئیسلام و شەریعەتە بێگەردەکەی لە ئادەمیزاد بریتییە لە: ئازادی رەها لە هەڵبژاردنی ئاین و بیروباوەڕدا و زۆر نەکردن لە هیچ کەس لە دروستکراوان لەسەر هیچ بیروباوەڕێکی دیاریکراو، ئیدی سروشتی ئەو بیروباوەڕ و راستێتیەکەی هەرچۆنێک بێت، با ئەوە ئیسلامیش بێت.

ئەم بنەمایەش لە بەرزترینی ئەو بنەمایانەیە کە مرۆڤایەتی ئاشنایان بووە و لە سەردەمی ئادەمەوە تا ئەمڕۆ بەجوانی زانیووە. لە ئایەتێکدا فەرموویەتی: **وَلَوْ شَاء رَبُّكَ لآمَنَ مَن فِي الأَرْضِ كُلُّهُمْ جَمِيعًا أَفَأَنتَ تُكْرِهُ النَّاسَ حَتَّى يَكُونُواْ مُؤْمِنِينَ**(٢٢).

٢–ئەرکی سەرشانی مسوڵمان گەیاندنی پەیامی ئیسلامە نەک زیاتر: خوای گەورە دەفەرموویت :**فَإِنْ أَسْلَمُواْ فَقَدِ اهْتَدَواْ وَّإِن تَوَلَّوْاْ فَإِنَّمَا عَلَيْكَ الْبَلاَغُ وَاللّهُ بَصِيرٌ بِالْعِبَادِ** (٢٠)(٢٣). لە ئایەتێکی تردا دەفەرموویت: **وَمَا عَلَيْنَا إِلاَّ الْبَلاَغُ الْمُبِينُ**(٢٤).

٣–بە ئەنجامگەیاندنی دروشمە ئاینییەکان و دابینکردنی شوێنی ئەنجامدانی، لەگەڵ دابینکردنی سەلاحیەتە ئاینیی و دنیاییەکان بۆ پێکهاتە و ئاینەکانی تر.

## کۆتایی

پاش ڕووخانی دەوڵەتی عوسمانی دروشمەکانی داواکردنی دەوڵەتی هاونیشتمانیبوون هاتە نێو وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و وڵاتانی ئیسلامی، بەرلەوە ئەو کارە لەو وڵاتانەدا لەئارادا نەبوو.

ئەم داواکاریانە مشتومڕێکی زۆری لە نێوان هەموو ناوەندە ئاینیی و عەلمانی و جگە لەوانیشدا دروستکرد، ئەم مشتومڕە لەسەر ناوەڕۆکی دەوڵەتی هاونیشتمانیبوون و خەسڵەت و بنچینەکانی و جێبەجێکردنی لەسەر ئەرزی واقیع بوو، ئایا دروستە ڕەوتی نیشتمانی یاخود دەوڵەتی هاونیشتمانی دروست بکرێت، لەبری حیزب یاخود دەوڵەتی شەرعی ئیسلامی، ئەو بۆچوونە فیقهیانە و بەڵگەکانی چین ئەگەر وەڵامەکە بە بەڵێ بوو؟ ئایا دەکرێت مرۆڤ خۆشەویستی نیشتمان یاخود باوەڕ بە دەوڵەتی هاونیشتمانیبوون، لەگەڵ پابەندبوون بە ئاینەکەی پێکەوە کۆبکاتەوە؟

ئەم لێکۆڵینەوە سادەیە هەوڵدانە بۆ وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارانە لە ڕوانگەی شەرع و فیقهی هاوچەرخەوە.

### ئەوەی بەڵگەمان بۆ هێناوەتەوە لە لێکۆڵینەوەکەدا:

١-خۆشەویستی نیشتمان کارێکی فیترییە و ئیسلامیش بریتییە لە ئاینی فیترەت و واقیعیەت، بۆ سەلماندنی ئەمەش ئایەت و فەرموودە و شوێنەواری باشمان هێناوەتەوە.

٢-ئیسلام لەکاتی دانانی یەکەم بەردی بناغەی دەوڵەتەوە، گرنگیداوە بە دەوڵەتی هاونیشتمانی و فرەیی و هاوبەشێتی کرداریی، ئەمەش لە ڕێی جێبەجێکردنی کرداریی و واقیعی دەستووری مەدینەوە بۆمان دەردەکەوێت، کە بە یەکەمین دەستوور لە ژیانی مرۆڤایەتیدا بۆ ڕێکخستنی دەوڵەتی هاونیشتمانی لە باشترین و بەرزترین شێوەدا لە مێژوویی مرۆڤایەتیدا دادەنرێت.

٣-ئیسلام لە تێکرایی یاسا و حوکمەکانیدا لە سەردەمی هاتنی پەیامەوە تا ئەمڕۆمان هەموو چەشنەکانی ئازادی بۆ پێکهاتە جیاواز و جۆراوجۆرەکانی لە ئایین و تائیفەکان دەستەبەرکردووە، هەروەها یەکسانی و بەشداری کرداریی لە هەموو کایەکانی دەوڵەتدا بۆ دەستەبەر کردوون تەنها ئەو جێگایانە نەبێت کە تایبەتمەندی لای مسوڵمانان هەیە.

٤-تایبەتمەندی هەموو ئاین و تائیفەیەکی لەبەرچاو گرتووە و گرنگی پێداوە، هەموو ئاریشەکانیانی داوەتەوە دەست مەرجەعەکانی خۆیان کە بەپێی بیروباوەڕی خۆیان چارەسەری بکەن، بەبێ دەستووەردان لە کاروباریان.

٥-لێبوردنی ئاینیی لە گرنگترین ڕێساکانی شەریعەتی ئیسلامە، هەر ئەمەش تۆوی ئاسایش و سەقامگیرییە لەدەوڵەتی هاونیشتمانیبووندا، لەمەشدا نەیاران بەر لە دۆستان شاهێدیان بۆ داوە.

٦-یەکەمین ئاینە مرۆڤ بکاتە یەکێک لە گەورەترین تەوەر و مەبەستە شەرعیەکانی، داوای ڕێزگرتنی بکات ئیدی هەر ئاینێک یان ڕەنگێک یان ڕەچەڵەکێکی هەبێت، مرۆڤ دەکاتە یەکەیەکی تەواوەمەند و داوای یەکخستنی دەکات.

٧-مێژووی ئیسلامی، شاهێدیدانی ڕۆژهەڵاتناسان و ڕۆژئاواییەکان لە هەموو ئایین و نەتەوە و ڕێچکەکان شاهێدی بۆ ڕاستگۆیی بوون واقیعیبوونی یاساکانی ئیسلام و جێبەجێکرانی لەسەر ئەرزی واقیع بەرانبەر پێکهاتەکانی تر دەدەن.

٨- شەرعزانانی هاوچەرخ، دەوڵەتی هاونیشتمانیان بەوە داناوە کە دەوڵەتێکە بناغە و

ڕەگ و ڕیشەی لە مێژوو فیقهی ئیسلامیدا هەیە، ئەمەش لە فیقهی واقیعەوەیە و بۆ واقیعی هاوچەرخمان پێویستە و ناتوانرێت لێی کەم بکرێتەوە و پێویستە مامەڵەی ئەرێنی لەگەڵ بکرێت.

٩- بەمە دەگەینە ئەنجامێکی چاوەڕوانکراو کە ئێمە (وەک مسوڵمان) دەتوانین لەپێناوی: نیشتمان و هاونیشتمانیی، چاکسازیی و لادانی ستەم لەسەر ستەملێکراوان، بەگژداچوونەوەی گەندەڵی، دابینکردنی بژێوی گەل، کارکردن بۆ بنیاتنانی دەوڵەتی هاونیشتمانیبوونی ڕاستەقینە لەگەڵ کەسانی تر لە پەیڕەوکارانی ئاینەکان و تائیفە و ئاڕاستە چاکسازیخوازە نیشتمانیەکان و جگە لەوانیش کاربکەین، هەموو ئەمانە دەکەونە ژێر ڕێسای (بەرژەوەندی باڵای وڵات)و دەستووری مەدینە و ڕێسا شەرعیەکان جەختیان لەسەر کردووە.

### سەرچاوە و پەراوێزەکان


١ سورة النساء ؛ آية ٦٦.

٢ البخاري: محمد بن إسماعيل أبو عبدالله ( ت ٢٥٦ هـ )الجامع المسند الصحيح المختصر من أمور رسول الله صلى الله عليه وسلم وسننه وأيامه = صحيح البخاري،المحقق: محمد زهير بن ناصر الناصر، ط١، الناشر: دار طوق النجاة (مصورة عن السلطانية بإضافة ترقيم ترقيم محمد فؤاد عبد الباقي)، ١٤٢٢هـ ٣ / ٢٣ ( ١٨٨٩).

٣ سورة الأحزاب ؛ آية ٧٢.

**٤السِّجِسْتاني: أبو داود سليمان بن الأشعث بن إسحاق بن بشير (ت ٢٧٥هـ)سنن أبي داود، المحقق: شعَيب الأرنؤوط - محَمَّد كامِل قره بللي،ط١،الناشر: دار الرسالة العالمية، ١٤٣٠ هـ - ٢٠٠٩ م، ٥ / ٣٩٤.**

٥ سورة هود ؛ آية ٦٠.

٦سورة هود ؛آية ٥٦.

٧ سورة غافر ؛ آية ٣٨ ـ ٤١.

٨ صحيح البخاري ١ / ١٢ ( ١٣ ).

٩ سورة المائدة ؛آية ٢.

١٠المبارك: محمد المبارك، نظام الإسلام ؛ الحكم والدولة، ط٢، دار الفكر ـ بيروت ١٣٩٥هـ / ١٩٧٤م، ص ١١٤.

١١ سورة يوسف ؛ آية ٥٥.

١٢ سورة الفرقان ؛آية ٦٣.

١٣سورة الأنفال ؛ آية ٧٥.

١٤ سورة الحجرات ؛ آية ١٠.

١٥سورة الشعراء ؛ آية ١٠٦.

١٦ سورة الشعراء؛ آية ١٦١.

١٧ سورة الحجرات ؛ آية ١٣.

١٨ابن حنبل: أبو عبد الله أحمد بن محمد بن حنبل (ت ٢٤١هـ)مسند الإمام أحمد بن حنبل،المحقق: شعيب الأرنؤوط – عادل مرشد، إشراف: د عبد الله بن عبد المحسن التركي وآخرون،ط١،الناشر: مؤسسة الرسالة، ١٤٢١ هـ – ٢٠٠١ م، ٣٢ / ٤٩ (١٩٢٩٣).

١٩ سورة الفاتحة ؛ آية ٢.

٢٠ سورة الحجرات ؛ آية ١٣.

٢١ بڕوانە: الفوزان: د. عبد الله محمد، المواطنة والتحديات المعاصرة، صحيفة عكاظ ( ٦ / ٣ / ٢٠٠٨ م ) العدد ٢٤٥٤.

٢٢سورة يونس ؛ آية ٩٩.

٢٣سورةآل عمران؛ آية ٢٠.

٢٤ سورة ياسين ؛آية ١٧.



# شوناسی کوردی

# لە مەعریفەی مێژوویی شارستانیەتی ئیسلامیدا



**د.زریان حاجی**

- لەدایکبووی ١٩٨٢، سلێمانی. ماستەر و دکتۆرا لە مێژووی شارستانیەتی ئیسلامی (سەدەکانی ناوەڕاست). مامۆستا لە بەشی شوێنەوار و مێژوو/ زانکۆی سلێمانی. دە لێکۆڵینەوەی زانستی بڵاو کراوەی هەیە. سێ کتێبی چاپکراوی هەیە.

زۆر جار وادێتە پێش چاو، کە ئاینی ئیسلام ڕێگر و لەناوبەری شوناسی نەتەوەکانە، دەگوترێت ئیسلام وەک ئاین تەواوی جومگەکانی ژیانی گرتووە و ئاینی ئیسلامیش جەخت لەوە دەکاتەوە، کە ئاینێک بێت بۆ نەتەوەیەکی دیاریکراو بەوپێیەی زمانی ئاینەکە عەرەبیە!، بێ ئاگا لەوەی، کە ئەم بابەتە تەواو پێچەوانەیە!، ئەگەر چاوێک بە مێژووی مەعریفەی ئیسلامی بگێڕین لە بابەتە کۆمەڵایەتیی و ئاینیی و کارگێڕیی و تەنانەت ئەدەبیەکانیی و حوکم و فەرمانڕەوایەتیشدا پارێزەری مۆرکی نەتەوەکانە، لەم نێوەندەشدا زیادەڕەوی نیە ئەگەر بڵێین ئیسلام پارێزەری شوناسی نەتەوایەتی کوردیە!.

**یەکەم: شوناس و شوناسی کوردی**

شوناس بریتییە لە هەستکردنی تاک و کۆمەڵگەکان بەبوونی خۆیان، کە ئەمەش لە ئەنجاکی هۆشیاری تاکەکان دروست دەبێت بەوەی کە ئەو خاوەنی چەندین جیاکاری تایبەتی خۆیەتی، کە جیای دەکاتەوە لە تاک و کۆمەڵگەکانی دیکە، بەم پێیەش لێکۆڵەرانی بواری شوناس نمونەی ئەمە بە منداڵێک دەهێننەوە، کە کاتێک لەدایک دەبێت هیچ لەبارەی دایک و باوک و ڕەگەز و نیشتمانی خۆی نازانێت، بەڵام کاتێک هۆشی کردەوە و تێگەیشت ئەوکات خۆی و بنەچە و شوناسی خۆی دەناسێت، بۆیە تاکەکان و نەتەوەکان هەتا هۆشیار نەبنەوە ناتوانن جیاکارییەکانی خۆیان بزانن و هیچیش لە شوناسیان نازانن و تایبەتمەندیان دیارنابێت.

کورد وەک نەتەوەیەکی دێرین خاوەن شوناس و تایبەتمەندی خۆیەتی، چەندین تایبەتمەندی و جیاکاری هەیە، هەرئەمەشە بووەتە مایەی مانەوەی چەندین ساڵەی وەک نەتەوەیەکی خاوەن شوناس، یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی تاکەکانی کۆمەڵگەکەیەتی کە خاوەن هەستێکی تایبەت و جودان لە نەتەوەکانی دیکە، بەجۆرێک، کە مۆرکی نەتەوەیی لە سەردەمانی پاش بیری نەتەوەیش بەدی دەکرێت، لەڕاستیدا ئەم بابەتە وەک باسکردن هەرچەندە گەلێک کۆنە، چونکە وەک وتمان پەیوەندی بەهەستی تاکەکان هەیە بۆ نیشتمان و بۆ نەتەوەکەیان، بەڵام دەرکەوتنیشی دەگەڕێتەوە بۆ نزیکەی سەدەیەک بەر لەئێستا کاتێک هەستی شوناسگەرایی گەڕان بەدوای شوناسی نەتەوەیی لای گەل و نەتەوەکانی ئەوروپا دەرکەوت و بەرەبەرە لە پاش ڕووخانی دەوڵەتی عوسمانیش گواسترایەوە بۆ ناو وڵاتانی ڕۆژهەڵات و بەناو عەرەب و فارس و تورک بڵاوبویەوە ئەوکات کوردیش بیرێکی بەلای ئەم بابەتە کردەوە، باشترین ڕێگاش بۆ دۆزینەوەی شوناسی هەرنەتەوەیەک گەڕانەوەیە بەنێو مێژووەکەی و ڕاستکردنەوەی لایەنە شاراوەکانی ناوی و بەدیارخستنێتی، لەو بوارەشدا ڕەنگە مێژوونوسی دیار «محەمەد ئەمین زەکی» یەکەم کەسێک بێت کە لە ڕێگای نووسینەوەی مێژووی کورد هەوڵیدابێت ئەم بابەتە ئاشکرابکات و بەدیاری بخات تا بە زمانی کوردی مێژووی کوردی خۆی بنوسێتەوە و پاشان «حسێن حوزنی موکریانی» و چەندانی دیکەش لەم بوارەدا کە بەدەرکەوتن نمونەی ئەو بابەتەن.

هەر لەو سۆنگەیەوە کاتێک ئێمە بەنێو سەرچاوەکانی مێژووی مەعریفەی شارستانیەتی ئیسلامیدا دەگەڕێین، شوناسی کوردی بە مانا نوێیەکەی دەتوانین بەدی بکەین و چەندین دیمەنی گرنگی ئەو بوارە دەبینین، بەجۆرێکی وەها کە دەتوانین بڵێین هاتنی ئاینی ئیسلامیش بووە هۆی تۆخکردنەوەی زیاتری شوناسی کوردی، کە لە سەردەمانی ئیسلامیدا ئیدی کورد وەک کاراکتەرێکی هەم سیاسی و هەم شارستانی ناوی هەیە لە سەرجەم بوار و لایەنەکان ڕۆڵی بەرچاوی هەیە، کە لەم باسەماندا هەوڵدەدەین ئەو ڕاستییە بە چەند نمونەیەکی مێژوویی پشتڕاست بکەینەوە.

## دووەم: شوناسی کوردی لە مەعریفەی مێژوویی شارستانیەتی ئیسلامیدا

١-ئیسلام و پرسی شوناسی نەتەوەیی:

ئاینی ئیسلام ئاینێکی کراوەی جیهانییە، هەر لە بەرەبەیانی هاتنی ئەم ئاینەوە ئەوەی بەیان کردووە کە ئەو ئاینێکە جیهانییە و بۆ هەموو مرۆڤایەتی هاتووە، لەو نێوەندەشدا ئەم ئاینە هیچ پێکدادانێکی نیە لەگەڵ مافە نەتەوەییەکان و شوناسی تایبەتی گەلان، بەڵکو هەموو نەتەوەکانی بە شوناسی تایبەتی خۆیان ناساندووە و ڕێزیشی گرتوون، هەر ئەمەش بووەتە هۆی خێرا بڵاوبوونەوەی و هەرگیزیش تایبەتی نەکردووە بە نەتەوەیەکی دیاریکراو یان زمانێکی دیاریکراو کە ئەمەش لە چەندین دەقی پیرۆز و تەواوی ئەو ئاینە ڕەنگیداوەتەوە، هەروەک خوای گەورە دەفەرموێت « **وَمَا أَرْسَلْنَاكَ إِلَّا كَافَّةً لِلنَّاسِ بَشِيرًا وَنَذِيرًا وَلَكِنَّ أَكْثَرَ النَّاسِ لَا يَعْلَمُونَ» سورة السبأ آية(٢٨)**، یان دەفەرموێت « **وَمَا أَرْسَلْنَاكَ إِلَّا رَحْمَةً لِلْعَالَمِينَ»** الأنبياء آية(١٠٧)، ئەمە وەک ئاین کە بۆ تەواوی مرۆڤایەتی هاتووە، بەڵام لە جێگای دیکە جەخت لەسەر مافی ڕەهای زمان و نەتەوەکانی دیکە کراوەتەوە ئەوەتا جیاوازی زمان و ڕەنگی بە یەکێک لە نیشانە و دەسەڵاتەکانی خوای گەورە داناوە هەروەک دەفەرموێت «**وَمِنْ آيَاتِهِ خَلْقُ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ وَاخْتِلَافُ أَلْسِنَتِكُمْ وَأَلْوَانِكُمْ إِنَّ فِي ذَلِكَ لَآيَاتٍ لِلْعَالِمِينَ**»(الروم: آية (٢٢)، هەروەها لە جێگەی دیکەدا بە ڕاشکاوانە باسی شوناسی نەتەوەکانی کردووە و تایبەتمەندی کردووە و خاڵی بەهێزی جیاوازیشیانی بۆ پەیوەندی و یەکترناسین داناوە و هەروەک لە ڕووی ئاینیشەوە ئەوەی جەختکردۆتەوە کە ئەوان تەنها جیاوازییان لەوەدایە کە کامیان زیاتر لە خواترسە هەروەک دەفەرموێت: **يَا أَيُّهَا النَّاسُ إِنَّا خَلَقْنَاكُم مِّن ذَكَرٍ وَأُنثَىٰ وَجَعَلْنَاكُمْ شُعُوبًا وَقَبَائِلَ لِتَعَارَفُوا إِنَّ أَكْرَمَكُمْ عِندَ اللَّهِ أَتْقَاكُمْ إِنَّ اللَّهَ عَلِيمٌ خَبِيرٌ**» الحجرات آية (١٣)، ئەمە سەربارى ڕەنگدانەوەی ئەم بابەتە لە چەندین فەرموودەی پەیامبەری ئیسلام (د.خ)، کە لە حەجی ماڵئاواییدا زۆر بەڕاشکاوانە دەفەرموێت» **يَا أَيُّهَا النَّاسُ أَلَا إِنَّ رَبَّكُمْ وَاحِدٌ وَإِنَّ أَبَاكُمْ وَاحِدٌ ، أَلَا لَا فَضْلَ لِعَرَبِيٍّ عَلَى أَعْجَمِيٍّ وَلَا لِعَجَمِيٍّ عَلَى عَرَبِيٍّ وَلَا لِأَحْمَرَ عَلَى أَسْوَدَ وَلَا أَسْوَدَ عَلَى أَحْمَرَ إِلَّا بِالتَّقْوَى ، أَبَلَّغْتُ ؟ قَالُوا : بَلَّغَ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ»**»، هەرئەمەش بوو لەکاتی کۆبوونەوەی سوپای ئیسلامی بۆ فەتحی مەککە پەیامبەری ئیسلام (د.خ) بە وەفدەکان و سەرجەم هۆزەکانی فەرمووو با هەر هۆزە و ئاڵا و بەیداخی تایبەتی خۆی هەڵبکات، تا هەر نەتەوەیەک بە شوناسی تایبەتی خۆی بناسرێتەوە.

٢-شوناسی کوردی لە مەعریفەی مێژوویی شارستانیەتی ئیسلامیدا:

لە تەواوی قۆناغە جیاوازەکانی مێژووی شارستانیەتی ئیسلامیدا بابەتی شوناس سەبارەت بە کورد ڕەنگیداوەتەوە و دەبینین کورد ناوی هەیە، ئەم ناوبردنەش وەک نەتەوە بێت کە بە (الكردى) یان (الاكراد) و (الكرديه) دەناسرێن، یان وەک هەرێم و وڵات بێت کە لە چەندین شوێن بە (بلاد الكرد) یان (أرض الاكراد – أرض الكرد) ناسراوە یان بە (جبال الكرد) یان (ناحيه الاكراد) ناسراوە و دەناسرا ئەمەش لە تەواوی کتێبە جوگرافی وانەکانی ئەو شارستانیەتە ڕەنگیداوەتەوە.

نابێت ئەوەشمان لە بیر بچێت کە زاراوەی (کوردستان)یش بۆ خۆی پەیڤێکە، کە بۆ یەکەم جار لە سەرچاوەکانی مەعریفەی مێژوویی ئەو شارستانیەتەدا دەرکەوتووە، کاتێک لە سەدەی چوارەمی کۆچی چەند شاعیرێک لە بەرهەمەکانیان باسیانکردووە و هەروەها لە کۆتایی دەوڵەتی سەلجوقیش هەرێمێکی گەورە و فراوان هەبووە بە ناوی کوردستان و پایتەختەکەی قەڵا و شاری بەهار نزیک هەمەدانی ئەمڕۆ بووە.

ئەمە سەربارى باسکردن و ناوهێنانی چەندین شار و گوند و ناوچە و هەرێمە ئاوەدانەکانی

کوردستان کە ناوەندی گرنگی شارستانیەتی ئیسلامی بوون گەڕیدە و وڵاتناسە مسوڵمانەکان چەندین ناوی شار و گوندی ئاوەدانیان بۆ تۆمارکردووین کە بۆ خۆیان سەردانیان کردوون و ئاماژەی گرنگی پێشکەوتنی بوارەکانی ئابووریی و کشتوکاڵیی و پیشەسازی تێدایە و هەندێک لەو ناوەند و هەرێمانەیان بە گەورەترین جێگەی بەرهەم و ئاوەدانترین ناوەند ناوزەد کردووە، لە نمونەی شارەکانی: (حەلوان (هەڵوان) و ئامەد و موسڵ و ئەربل و شارەزوور و سەیمەرە و جەزیرە و بۆتان و باجرمی و خانیجار و خەڵات و باعردێ و داسنێ و بیر... هتد)، جگەلەوەی ناوچەی دابینکردنی ئابووری هەندێک شاری دیکە بوون لە جیهانی ئیسلامی وەک (دەینەوەر ماهی کوفە) بووە و (نهاوەند ماهی بەسرە) بووە.

لە بواری جلوبەرگ و پۆشاک: لەم بوارەش بەناو ناوی جلکی کوردی هاتووە کە بە باشترین جۆرەکانی ئاماژەی بۆ کراوە لە نمونەی ئەوانەش (الکردیە) کە خودی پەیامبەری ئیسلام (د.خ) پۆشیویەتی و هەروەها (الطیلسان الکردي) و (شربوش - سەرپۆش) سەرپۆشی کوردی و (سربال) سەربالّی کوردی..... هتد.

لە بواری گیا دەرمانی و دەرمانسازی: چەند دەرمانێک هەیە لە شارستانیەتی ئیسلامی بەناوی کوردەوە تۆمارکراوە کە باسی گژوگیا و گیادەرمانی چیاکانی کوردستان کە هەر لەو نێوەندانەوە ئامادە دەکران و بۆ بواری نۆژداری زۆر بەکەڵک بوون و باس و خواستی زۆرێک لەو سەرچاوانەیە لە نمونەی ئەوانەش ناودارترین دەرمانی ڕووەکی کە لەلایەن کوردەوە ئامادەکراوە و لە جیهاندا بڵاوبۆتەوە و هەر بەناوی خۆشیان دەناسرا بریتییە لە (بخور الأکراد) زیاتر لە ناوچەی دیاربەکر هەبووە و پێی گوتراوە (سیاه بوە) کە بۆ چارەسەرکردنی چەند نەخۆشیەک بەکاردەهات، وەک ڕەبۆ و سینگ ئێشە و سەرئێشە و تواندنەوەی بەردی ناو میزەڵدان و چەند نەخۆشیەکی تر بگرە لە باشترین دەرمانەکان دەژمێردرا بۆ چەند نەخۆشیەک، ئەم دەرمانە هەر لەمێژەوە ناوبانگی دەرکردبوو و سوود و بایەخی بۆ هەمووان ئاشکرا بوو، دەرمانساز و حەکیم و کیمیاگەری بەناوبانگ (ابن وحشیة النبطي) کە لە سەدەی سێیەمی کۆچی / نۆیەمی زایینی ژیاوە لە پەرتووکی (الفلاحة النبطیة) ئاماژەی بەم دەرمانە داوە.

وێڕای (بخور الاکراد) دەرمانێکی تر بەناوی کوردەوە دەناسرا و بە (الحبة الکردیهة) دەناسرا، ئەم دەرمانەش لەسەر ئاستی جیهانی ئیسلامی ناوی دەرکردبوو کە ژنان و پیاوان بەکاریان دەهێنا، ژنان بەم دەرمانانە قەڵە و دەبوون و بۆ پشت ئێشە سوودیان لێدەبینی.

ڕووەکێکی تری ناودار کە لە کوردستان دەڕوا و بۆ دەرمانسازی و نوژداریی سوودی لێدەبینرا بەناوی (کشت برکشت) و سەرچاوەکان واتایان وەرگێڕاوە بۆ زمانی عەرەبی (زرع علی زرع) و لە هەندێک شوێن بە (سوار الهند) دەناسرا و لە هەندێک شوێنی تردا بە (سوار الاکراد) دەناسراو پەلکەکەی وەک کلکی دوپشک وابوو، لە گرتنەوەی چەند دەرمانێکدا بەکاردەهێنرا.

پۆشاکی کوردی هەر لە سەردەمی پەیامبەری ئیسلام (د.خ) ناسراو بووە، ئەوەتا پەیامبەری ئیسلام (د.خ) بۆ خۆی جلکی کوردی پۆشیوە لە گێڕانەوەیەکدا کاتێک دیارییەکی بۆ دێت لەلایەن (أبی جهم) کە هاوەڵێکی بووە جلکێک بووە پێی گوتراوە (خمیصة)، بەڵام لەبەرئەوەی خەتی زۆر تیادا دەبێت دایکی ئیمانداران خاتوو (عائیشە) (ر.خ) دەنێرێت بۆ لای و پێی دەڵێت (انبنجانیە) کوردیەکەی بۆ بنێرێت کە باشترە، ئەمە جگە لەوەی کە باشترین جۆری تاڵەشان لە ناوچە کوردییەکان بەرهەمهاتووە کە ٣٠ ساڵ لەبەر کراوە.

لە چیاکانی هەولێر جۆرە ڕووەکێک هەبووە بەناوی هلیۆن کە برێکی زۆری هەبوو کە

پەلکەکەی دەکوڵێنرا و ئاوەکەی دەخورایەوە و بۆ کۆڵنج و پشت ئێشەو ددان ئێشە و میزگیران سوودمەند بووە، هەروەها بۆ بەهێز کردنی پیاوەتی بەکاردەهێنرا، ساڵانە پەلکی هیلیۆن کۆدەکرایەوە و شەراب و دەرمانی لێ سازدەکرا.

شارەزوور لە چەندین گوند و شار و دێ و قەڵایەک پێکدەهات و (حبة الزلم) کە گیایەک بوو لە چیای زەڵم دەڕوا و لە ڕۆژهەلاتی ئیسلامیدا ناوبانگی خۆی هەبوو لە سەرچاوەکان ئاماژەی پێدراوە و بەوە ناوی دەرکربوو کە بۆ چالاککردنی پیاوەتی بەکارهاتووە.

لە بواری مۆسیقاگەری و ئامێرەکانی: لە (رسائل إخوان الصفاء و خيلان الوفاء)دا هاتووە کە کورد لە چوارچێوەی ئەو نەتەوانە باسکراوە کە خاوەنی مۆسیقای تایبەتی خۆیەتی، ئەمە سەرباری بەکارهێنانی ئامێرە مۆسیقاییەکان بۆ نمونە سۆفی بەناوبانگ ابو منصور الحلاج (م.٣٠٩ک / ٩٢٢ز) لە نزیک شاری نەهاوەند تێپەڕبووە گوێی لە دەنگی دەهۆڵ و زوڕنا بووە و لە یاوەرێکی پرسیوە ئەوە چیە؟ لەوەڵامدا وتویەتی ئەوە نەورۆزە و ئاهەنگ دەگێڕن.

لە بواری حوکم و دەسەڵاتداریی و فەرمانڕەوایەتی: لە سەردەمی شارستانیەتی ئیسلامیدا ئیدی کورد دەبێتە خاوەنی میرنشینی سەربەرخۆ و نیمچە سەربەرخۆ، کە هەندێکیان بە پێوەرەکانی ئەمڕۆ بۆ دەوڵەتداری دەوڵەت بوون کە خۆی لە بوونی ئاڵا و سوپا و سکە و دراو و قەوارەی جوگرافیایی سیاسی دیاریکراودا دەبینییەوە.

ئەم دەوڵەتە کوردیانە کە زیاتر لە چەرخی چوارەمی کۆچی بەدەرکەوتن و ژمارەیان نزیکەی دوانزە دەوڵەت و قەوارە زیاترە هەموویان پابەندی تەواوی ئاینی ئیسلام بوون و وەک ناسنامەی تایبەتی ئاینی خۆیان بەرگریان لێکردووە و خزمەتیان کردووە ئەمە جگەلەوەی بە بەراورد بە نەتەوەکانی دیکە هیچ کامیان دژی خەلیفە و نەبوون وەک ڕەمزێکی پیرۆزی ئیسلام لێیان دەڕوانی.

سەرباری ئەمانەش لە بواری فەرمانڕەوایەتی و بەڕێوەبردنی ئەم میرنشینانە وەک سستەمێکی پێشکەوتوو درێژکراوەی سستەمی ڕێڤەبەری ئیسلامی دەناسرێن لە دارالامارە و لە حجابە و لە حوکمرانی.

ئەمانە سەرباری چەندین کولتووری کۆمەڵایەتی و بواری زانستی کە چەندین زانا نازناوی تایبەتیان بە (الكردي) ناسراوە لە سەرچاوەکانی مەعریفەی شارستانیەتی ئیسلامیدا، لەمەش زیاتر لە سەردەمی ئیسلامیدا زانای کوردمان هەیە کە نەک تەنها بە زانستە شەرعییەکان، بەڵکو لە زانستەکانی دیکەشدا لە پێشەنگیدا بوون، بۆ نمونە کوردێکی بنەماڵەی ئەیوبی لە کوردستان ڕۆبۆتێک دروست دەکات لە سەدەکانی ناوەڕاست، شەرعزانانی ناسراو (امام القرافي، شهاب الدين أبي العباس أحمد بن ادريس بن عبدالرحمن (م.٦٨٤ک / ١٢٨٥ز)، لەکتێبەکەی (نفائس الاصول فی شرح المحصول) باسی کردووە و دەڵێت: «پێیان ڕاگەیاندم کە مەلیک کاملی ئەیوبی کوردی (٦٣٥ک /١٢٢٨ز)، شەمعەدانێکیان – مەبەست لێی کۆڵەکەیەکی درێژە لە زیو دروست دەکرێت و لەنێوەندەکەی شوێنێکی هەیە کە مۆمی تێدەکرا بۆ ڕووناکی بەکار دەهێنرا – کە لە هەر سەعاتێکی شەودا دەرگایەکی دەکرایەوە و پیاوێکی لێوەدەهاتە دەرەوە و دەوەستا لە خزمەتی مەلیکدا، کاتێک(١٠)کاتژمێر تێدەپەڕی، واتە کاتی نوێژی بەیانی پیاوێک لەسەری سەرەوەی شەمعەدانەکە دەردەچوو پەنجەی لە گوێی بوو و دەیگوت بەیانی سوڵتان بەخۆشی بێت، بەمەش دەیزانی کە ڕۆژ بۆتەوە«، هەروەها زیاتر لەسەر ئەم بابەتە دەڕوات و باسی خودی خۆشی دەکات کە پەیکەرێک و شەمعەدانێکی هاوشێوەی دروستکردووە و دەڵێت: «منیش هاوشێوەی ئەو شەمعەدانەم دروستکرد،

زیاتریشم بۆ کرد، شەمعەدانەکەی من هەموو سەری سەعاتێک ڕەنگی دەگۆڕدرا، شێرێکی تێدابوو کە چاوەکانی لە ڕەش و تاریکاییەکی زۆرەوە دەگۆڕدرا بۆ سپییەکی زۆر، پاشان بۆ سوورێک تێر، هەر سەری سەعاتێکیش ڕەنگێکی هەبوو لە بەرەبەیانیشدا پیاوێک لەسەری شەمعەدانەکە دەردەچوو پەنجەی لە گوێی بوو، ئاماژەی بۆ بانگ دەکرد، بەڵام من نەمتوانی کە قسەی پێبکەم و دەنگی لێوەدەربهێنم، هەروەها وێنەی ئاژەڵم دروستکرد کە دەڕۆیشت و ئاوڕی دەدایەوە بەلای ڕاست و چەپدا، بەڵام دەنگی لێوە نەدەهات».

---

## سەرچاوەکان


١- قورئانی پیرۆز.

٢- القرافي: نفائس الأصول في شرح المحصول.

٣- الأربلي: خلاصة الذهب المسبوك.

٤- أسامة بن منقذ: كتاب الاعتبار.

٥- الاصطخري: المسالك والممالك.

٦- الانطاكي: تاريخ الانطاكي.

٧- ابن البيطار: الجامع لمفردات الادوية والاغذية.

٨- البيهقي: سنن البيهقي الكبرى.

٩- الحازمي: كتاب ألأماكن أو ما أتفق لفظه وافترق مسماه، موقع

١٠- ابن حنبل: مسند احمد بن حنبل، مؤسسة قرطبة (القاهرة: د.ت).

١١- ابن حوقل: صورة الارض، دار مكتبة الحياة (بيروت: ١٩٧٩).

١٢- ابن خميس الموصلي: مناقب الابرار ومحاسن الاخيار.

١٣- الدينوري: الاخبار الطوال، دار الارقم بن أبي الارقم (بيروت: ١٩٩٥).

١٤- الذهبي: تاريخ الاسلام ووفياة المشاهير والاعلام.

١٥- ابو شامة: الروضتين في اخبار الدولتين النورية والصلاحية.

١٦- ابن شاهنشاه: مضمار الحقائق وسر الخلائق.

١٧- ابن العبري: تاريخ الزمان.

١٨- الفارقي: تاريخ الفارقي.

١٩- ابن الفقيه: مختصر كتاب البلدان.

٢٠- القزويني: آثارالبلاد وأخبار العباد.

٢١- الكتبي: عيون التواريخ.

٢٢- مسكويه: تجارب الامم.

٢٣- النويري: نهاية الارب في فنون الادب.

٢٤- ابن واصل: مفرج الكروب في اخبار بني ايوب.

٢٥- ابن وحشي النبطي: الفلاحة النبطيه.

٢٦- پ.د.زرارصديق توفيق: کۆمەڵگەی کوردەواری لەسەدەکانی ناوەڕاست.

٢٧- د.حەکیم ئەحمەد خۆشناو: کورد و کوردستان لە دیدی گەڕیدەو ولآتناسانی مسوڵمان.

٢٨- د.ئەحمەد خەلیل: مێژووی کورد لەنێوشارستانیەتی ئیسلامی

٢٩- زریان حاجی: کورد و بەرهەڵستکارە سیاسیەکانی دەوڵەتی ئومەوی لە هەرێمی جەزیرەو شارەزوور.

٣٠- محمد امين زكى بگ: خولاصەیەکی تأريخی کوردو کوردستان.

٣١- د.فرست مرعی اسماعیل: الامارات الكرديه فی العيّر الاسلامی.


٣٢- حمە كريم عارف كورد لەئینسکلۆپیدیای ئیسلامیدا).

٣٣- ئارشاک سافراستیان: کورد لەژێرسێبەری خەلافەتی ئیسلامیدا.



# شوناس

## لە بەردەم هەڵوەشانەوە و دروستبونەوەدا



**پەیوەند عومەر**

لەدایکبووی ١٩٦٩ شارباژێر. بەکالۆریۆس لە ڕاگەیاندن. نووسەر لە بوارەکانی ئەدەب، ڕاگەیاندن، فیکر، سیاسەت.

## پێشەدەستی....

قسەکردن لەسەرهەر دیاردە و دەرکەوتەیەکی ئێستای کۆمەڵگەی ئێمە، قسەکردنێکی ئاسان نیە، چونکە جگەلەوەی لە دونیایەکی ئاڵۆزی فرەڕەهەند و فرەئەگەر و فرەخەون و فرەلێکدانەوەدا ئەژی، بەشداریشە لەو ژیانکردنە گلۆباڵەی بە تۆڕێکی گەردونییەوە بەستراوتەوە بە دەرەوەی خۆشیەوە. دیاردەکانیش بەهۆی بەشدارییان لەو دنیا ئاڵۆز و نوێیەدا بارکراون بە دەیان ماناو دەلالەتی جیاجیا. دنیای نوێ لە یەک کاتدا دەتوانێ دیاردەکان تائاستی بێخەمی سادە بکاتەوە کە قابیلی هیچ لێکدانەوە و خۆماندوکردنێک نەبن، هەروەک چۆن دەشتوانێت تائاستێکی ترسناک گەورە و ئاڵۆزیان بکات. جیهانگیری کە وێنە و خوێندنەوەیەکی نوێ بە دیاردەکان دەبەخشێ، پێیەکی لەناو سادەییەکدایە کە نزیکە ونیا بکات بە بیابانێکی دوور لە ژیان، پێیەکەی تریشی لە جێگەیەکدایە کە ئاڵۆزیی و قەرەباڵغییەکی موبالەغەکراو پێکی دێنێت.

لێرەوە تێدەگەین ئێمەش هەنگاومان هاویشتۆتە چ دنیایەکەوە، یاخود لە چ ئێستایەکدا دەژین، ئێستایەک کە تەکنەلۆژیا دەتوانێ هەموو دنیا لە شاشەیەکدا بەیەکەوە کۆبکاتەوە، دەتوانێ بمانخاتە ناو تۆڕێکی گەورەی جیهانییەوە کە چیدی پاسپۆرتی هاتوچۆکردن و پەڕینەوە لە سنورەکانی نەوێت. دنیای نوێ زۆر بیردۆزەی کۆتایی پێهێنا، زۆر تێزی خستە گۆڕەوە کە فۆبیای بە ئەمریکایی کردن و بە ڕووسیایی کردنی کردبووە پەنایەک بۆ خۆحەشاردان، بۆئەوەی نەچێتە ناو ئەو هاوکێشە و وێنە گشتییەوە کە دنیای نوێ دروستیکردووە، ویستی بەناوی سەربەخۆیی و خۆماڵی بوونەوە بمێنێتەوە، بەڵام ئەم بۆچونە نەیتوانی خۆی ڕابگرێت، کاتێک دەرگاکانی داخست، پەنجەرەکانی کەوتنە سەرپشت. بۆیە هەنوکە هەموومان لەناو ئەو بازاڕە گشتی و جیهانییەدا ئەژین کە دنیای نوێ دروستیکردووە. ئەم جیهانە نوێیە کە

بە دنیای دوای داگیرکاری هێزە گەورەکان و دروستبونی(کۆلۆنیالیزم)ی ئابووری ناودەبرێت، لە پاڵ چاوچنۆکی و هەڵمژینی نەوت و کانزاکانی تردا، چانسێکی گەورەش بەشێوەی ژیانکردن و ئاستی هۆشیاری گەلانی بندەست ئەدات، تا لە ڕێگای پێدراوە کولتووریی و فەرهەنگیەکانیانەوە بەشداری لەو بازاڕە گشتیەدا بکەن، هەروەها بەخت یاوەری ئەو هێز و گرووپ و دامەزراوەوە و بزاوتە سیاسیی و فیکرییانەشە کە لە دنیای لۆکاڵی خۆیان بچنە دەرەوە و پەیوەندی نوێ دروستبکەن. دنیای نوێ، دنیای بەشداری سیاسیی و ئابووریی و کولتوورییە، دەشێ هەریەکە لەو پێدراوانە هێزێکی کارا و کاریگەر بێت لەسەر ئەو قەناعەتە گلۆباڵەی کە دەیەوێت دەستکاری وێنەی دنیا بکات و سەرلەنوێ مانای بکاتەوە.

ساتەوەختێک ئەژین کە لە دەورووبەرماندا ڕووداوی نوێ و مانای نوێ و تێگەیشتنی نوێ ڕوودەدەن، وشەی(کورد، کوردستان، پێشمەرگە) لەگەڵ شەڕی داعشدا بەشدارییەکی زۆر خێرا و کاریگەر دەکەن لە ڕووداوە جیهانییەکاندا، دەچنە ناو ئەو مەکینە گەورەیەی دنیاوە کە سیاسەت ئاڕاستە دەکات، هەروەک چۆن پێشتریش و بەتایبەتی دوای ڕووداوی یانزەی سێبتەمبەر(ئیسلام) بە توندی گەڕایەوە بۆ ناو ڕووداو و لێکدانەوە جیهانییەکان، بینیمان چۆن لە تەنیشت سیاسییەکانەوە زانکۆکانی خۆرئاواش هاتنە سەرخەت و توێژینەوە و تێفکرینی نوێیان بۆ ئیسلام و دەستەواژەی جیهاد دروستکرد. ئەم ئیشکردنە لەسەر ئیسلام، چەندێک ئیشی لەسەر ئیسلام و دنیای ئیسلام بەشێوەی نەرێنی کرد، ئەوەندەش تولێرانس و لێبوردەیی ئیسلامی بە تێڕوانینی دنیا بەخشی.

چۆن بەهاری عەرەبی توانی ڕای نەرێنی و داسەپاوی خۆرئاوا لە زۆر ڕوانگەوە لەسەر خۆی بگۆڕێت. شوناسی خۆی لە دواکەوتوویی

و نا عەقڵانییەتەوە بپەڕێنێتەوە بۆ جێگەیەک کە هاوڵاتییەکانی داوای ماف و ئازادی بکەن. مەبەستمە بڵێم دنیا لە بەردەم دارشتنەوەیەکی نوێدایە، سەرگەرمە بە دیزاین و نەخشەیەکی نوێوە، هیچ قەناعەتێک ناتوانێ زۆر بمێنێتەوە، بەردەوام تێزەکان تێگەیشتنی نوێ لە خۆیانەوە دەپێچن، چەمکەکان کۆلاجی بۆچوونی دیکە دەبن، بەرخوردی نوێ لەدایک دەبێت و هەڵسوکەوتی ڕابردوو چیدی بەبێ دەوڵەمەندبوون بەشی قەناعەتی مرۆڤەکان ناکەن. لەم دیزاین و دارشتنەوە نوێیەدا، دیاردەی(شوناس) یەکێک دەبێت لەو چەمکانەی زۆر بە توندی بەر ئەم دیوارە نوێیەی دنیا دەکەوێت، ئەندازەیەک تێک دەشکێ، چونکە شوناس کورتکراوەی ئەو وێنە و قەناعەتە زیهنیی و مەعنەویی و کردەییەی کۆمەڵگایە کە دروستیکردووە. ئەم چەمکە کە خۆی بەرهەمی دنیای نوێیە، لە دیاردەیەکی سادەی لۆکاڵییەوە دەبێت بە بابەتێکی ئاڵۆزی جیهانی، لە پێناسەیەکی بچووکەوە دەبێت بەخوانی لێکدانەوەیەکی فرەدیو و فرەڕەنگ. چیدی خوێندنەوە سادە و بێقوڵاییەکان بەشی ناکەن، قەناعەتە ئایدۆلۆجیەکان ناتوانن لەو تۆڕە جیهانییە ئاڵۆزە دەربێێن.

لێرەوە شایەتی ئەوە دەبین کە (شوناس) لە شێوەی موحیتە گەورەکان دەچێتە ئەتڵەسە جیهانییەکانەوە، دەبێت بە دیاردەیەکی تەواو گەردوونی، دەبێت بە چاوگی ئەو مەعریفەتە دنیایەی کە کۆلاجی دەیان بیر و ئەندێشەی نوێ دەبێت.

ئیدی تێدەگەین کە ئەو پایە و ڕاگرانەی کە لە ڕابردوودا بینای ( شوناس)یان لەسەر وەستابوو لەقبوون، چیدی خوێندنەوە سادەکان بەبێ قبوڵکردنی ئاڵۆزیی و فرەچەشنی ناتوانن وێنەیەکی ڕوون بۆ ئەم چەمکە دروستبکەن. دروستکردنی ڕستێک قەناعەتی کۆنکرێتی و وەستاندنی چی خوێندنەوە و هەڵێنانی نوێیە ناتوانێت تێرمان بکات، ناتوانێت بمان وەستێنێ و دڵنیایمان بداتێ.

لێرەوە بەکورتی دەچمە سەر چەند دیاردەیەک کە لە ڕابردوودا و پەیوەست بە چەمکی (شوناس) قەناعەتێکی کرکەوتوویان لە دنیای ئێمەدا دروستکردووە، بەو مانایەی ئەو چەند دیاردەیە لە هەر جێگەیەکدا بوونیان هەبێ، ڕاستەوخۆ و بەشێوەی ئۆتۆماتیکی شوناسیش لەوێ دەبێت، بەمانایەکی دیکە هەر گەل و نەتەوە و بزاوتێک خاوەنی ئەو خەسڵەتانەبێت، ئەوا دەبنە خاوەنی شوناسی خۆیان، ئەوانیش (نەتەوە، کولتوور، ئایین)ە.

یەکەم/ نەتەوە: نەتەوە بەو مانایەی لەسەر خاکێکی دیاریکراو و بە زمانێکی تایبەتی خۆی قسە بکات و نەریتێک ژیانی بەرێت بەڕێوە، ئەم قەناعەتە بە نەتەوە شانسی مانەوەی گەورە نیە، چونکە دنیاگەرایی(جیهانگیری) لە مێژە پایەکانی لەقکردووە، بەومانایەی ئیدی مەرج نیە خاکێکی دیاریکراو سنورێکی داخراو نەبێت شتێک نەبێت بەمانای گەل و نەتەوە، مەرج نیە لە هەر جێگەیەک زمانی دایک بەتوندی پێداگری لە ڕێزمانەکەی بکات ئیدی شان لەسەر بالیفی دڵنیایی دابدەین، لە ئێستادا بە دەیان گەل و نەتەوە و زمانی جیاواز لەسەر یەک خاک و لە تەنیشتی یەکترییەوە دەژین، وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەیان نەتەوەی جیاوازی لە یەک وڵاتدا و لەسەر یەک خاک و لە چەندین ویلایەتدا ڕێکخستووە، کە هەریەکەیان بە زمان و شێوە و کەڵچەری خۆیان بەبێ هەستی نامۆبوون دەژین. بەپێچەوانەوە لە وڵاتە عەرەبیەکاندا کە جێگەی هەڵهێنانی دەیان دیکتاتۆری گەورە و شەبەحی پاشایەتی و چەوسانەوەن، خاوەنی یەک زمان و تەنانەت چەند بنەماڵەیەکی دیاریکراویشن، بەڵام چەوسانەوە و بە کۆیلەکردنیان بۆ هاوڵاتییەکانیان هێناوە، لەهەر سەرزەمینێک مرۆڤ هەست بەبوون و کیان و ئازادی خۆی بکات ئەو جێگەیە دەبێت بە زێد و

نیشتیمانی ئەو. بەتایبەتیش دوای دەستپێکردنی دیاردەی(کۆچ) لە خۆرهەڵاتەوە بۆ خۆرئاوا، بەتەواوی ئەو قەناعەتە تێکشکا کە پێیوایە ئەگەر مرۆڤ لە جێگەیەک لەدایکبوو ئیدی بۆ ئەبەد ئەوە خاکیەتی ئەوە نەتەوەیەتی.

ئەگەرلێرەوە بەخێرایی باس لەو دوو دەیە و نیوەی ڕابردووی خۆمان بکەین، باس لەو بەرخوردەی کە هێزە سیاسییەکانی ئێمە کردویانە، ئەوا ڕاستەوڕاست لەسەر ئەوە دەوەستینەوە کە چۆن هەریەکەیان ویستویانە (شوناسی) ئایدۆلۆجیانەی خۆی بۆ ئاستێکی فراوانتر بەرن و لە ماڵی حیزبەوە بیپەڕێننەوە بۆ پانتاییەکی گەورەتر و بیکەن بە شوناسی کۆمەڵگا. ئەم دید و تێڕوانینە بەدرێژایی ئەم چەند ساڵە کۆششی تەواوی کردووە کە سمبول و ڕەمزە حیزبییەکانی خۆی بخاتە جێگەی سمبول و ڕەمزە نەتەوەییەکان، چیشی پێکرابێت لەهەمبەر ڕەمزە نەتەوەییەکان و تێکشکاندنیان کردویەتی، تاکو ڕەمزە حیزبیەکان بخاتە جێگەیان. ئیدی لێرەوە دژە ئاڕاستەکان لەسەر خوانی ئایدۆلۆجیاکراو بەیەکدا ئەکێشن، سەرزەمینی کوردستان چیدی چانسی ئەوەی نابێت بە هەستێکی نۆستالیژییانەوە ئاوڕبداتەوە و شوناسە نەتەوەییەکەی ببوژێنێتەوە.

بە سەنتەرکردنی شوناسە حیزبیەکان و هەوڵدان بۆ گەورەکردنیان بۆ ئاستی شوناسی نەتەوە، لە ڕێگای کەرتی پەروەردە و دامەزراوە حکومییەکان و پرۆتۆکۆل و دەستکاریی زمانەوە، لە ماوەی ئەم دوو دەیە و نیوەدا، داکەوتەی سیاسیی و کۆمەڵایەتی ئێمەی خستە دۆخێکی ناجێگیر و ناڵەبارەوە، بۆیە کارکردن بۆ شوناسێکی جێگیر و تەبا بە ڕۆحی کۆمەڵگا چانسێکی مەزنی نەبوو. ئەوەی ئێستا هەیە نەریتی کۆمەڵگا خۆیەتی کە پایەکانی لەسەر مەعنەویاتێکی خۆڕسکانە وەستاوە.

دووەم/ کولتوور یان کەڵچەر: بەومانایەی کە هەڵگری تێکڕای خەسڵەتە ئینسانییەکانی ئێمە بێت، لە شێوەی پۆشین و خۆگۆڕینمانەوە تا دەگاتە شێوەی بیرکردنەوەمان، لە بەرخوردکردنی ناو خێزانەوە تا دەگاتە مۆدێلی سیاسەتکردنمان.

کولتوور سەنتەرێکە پرۆسەی ژیانکردنی تێدا ڕوودەدات، شتە ڕەسەن و تایبەتەکان دروست دەکات و دەشیانپارێزێ، کولتوور لە فۆڕمە زۆر گشتییەکەیدا شتێکە لە ئایدۆلۆجیا ئەچێ، بەڵام لە ئایدۆلۆجیا گەورەتر، چونکە وەلائی گشتی پێویستە، ئەگەرچی خۆی دروستکەری مەیلە. ئەم مەیلە کۆمەڵایەتییە وەک تەونێک ڕایەڵەکانی دروست دەکات، تەونێکی ڕەنگاو ڕەنگی فرەچەشن، تاکوو لە هەموو ئاستەکاندا بەشی کۆمەڵگا بکات. لە دۆخی ئاساییدا لەناو کۆمەڵگادا هیچ شتێک دەرە کولتوور نیە، بەومانایەی پێدراوێکی کۆمەڵایەتی بچێتە دەرەوەی کولتووری گشتی.

کولتوور کاتێک هەیە کە ئێمە وەک ئاوێنەیەکی تایبەت خۆمانی تیا ببینین و خۆمان بناسینەوە، بەمانایەکی دیکە کولتوور شوێنی خۆنمایشکردنە، جێگەیەکە بۆ خودئەڤینی، خودئەڤینی تاک ئینجا دەستە جەمعی. کولتوور تەنها لە ڕووی فزیکییەوە دەستکاریمان ناکات، واتە ئەوە خودایە لەسەر زەوی کولتوورێک دامان دەنێ، بەڵام دواتر ئەم کولتوورە شێوەی تایبەت بە ژیانمان دەبەخشێ.

بەڵام کولتووری ئێمە لە سەرەتاوە بەم شێوە و هێزەوە لەدایک نەبووە، نەیتوانیوە بونیادی خۆی لەسەر خۆ ویستییەکی کوردانە بنیاد بنێت. لە مێژووی دوور و نزیکدا نابینی تاکی کورد هەست بکات لەسەر سەکۆیەکی کولتووری بەهێز قاچەکانی چەقاندوە، هەستناکات لە پەنجەرەیەکی لە دار دروستکراوی کوردانەوە دەڕوانێت بۆ ژیان و ئایندەی خۆی. ئەوەی هەیە و زۆرجار بووە بە شانازییەکی کولتووری، بریتی نیە لە کولتوور خۆی، بەڵکو کەلەپورە، کەلەپوریش لە بابەتە فیکریی و هۆشەکییەکان نا، کە ئەتوانێ لەسەر

ئاستە مەعنەوییەکان دروستکەری (شوناس) بێت، بەڵکو کەلەپور لە بواری ئامێر و کەلوپەلی کلاسیک و ئێکسسواراتێک کە ژیانێکی پڕ لە زەحمەتی ڕابردومان بۆ بگێڕێتەوە. تەنانەت ئەو شۆڕشە سیاسیانەشی کە لە مێژووی ئێمەدا ڕویانداوە لەسەر ئاستی لۆکاڵیش نەیانتوانیوە شتێک لە کولتوور دروست بکەن کە بەشی لەسەر پێوەستان بکات، چونکە کولتووری ئێمە لە سەرەتاوە نەیتوانیوە دەروونێکی جێگیر و ئارام و خودئەڤین ببەخشێت، بەومانایەی کۆمەڵگایەکمان هەبێت خۆبژێوییەکی دەروونی و هۆشەکی ئەوتۆی هەبێت، پێویستمان بە هیچ پێدراوێکی دەرەوەی خۆمان نەبێت. یاخود هێزی خۆماڵیکردنی ئێمە بەرمۆدایەک بێت و هەرچی هاتە ناوی بیخاتە ناو خۆیی و بە خێرایی فۆرمی بگۆڕێت، بۆ سەر شێوە و شکڵی خۆی.

ئێمە باس لە کولتوورێک دەکەین کە تاک هەستبکات لەناویدا شایستەی ژیانە، غوربەت وای لێنەکات لە دەلاقەی ترەوە سەیری جوانییەکانی ژیان بکات، یان ئیدی نائومێد و دەستە و ئەژنۆ دابنیشێ. کولتوورێک بێت ئەندازەیەک لە غروری کوردانە دروست بکات، غرورێک بەشی ئەوە بکات ڕاوەستا و خۆگربێت و ناچارنەبێت بۆئەوەی بژی خۆی لەبیر بکات لەکوێیە.

مێژووی ئێمە کولتوورێکی بە کۆڵەوە نیە هەڵگری (شوناس)ی تایبەت بەخۆی بێت، هەمیشە بۆ بینینی خۆی ئاوێنەی تری وەرگرتووە، بۆ دروستکردنی دنیای تایبەت بەخۆی لەسەر زەمینی خۆیدا ڕەسەنایەتیەکی ئەوتۆی بەرهەمنەهێناوە بەشی بکات. بەردەوام بە شوێن تێڕوانینی ئەوانیترەوە بووە هەتا (شوناس)ی خۆی و دنیاکەی پێ وەسف بکات.

کولتووری کوردی فیگەرێکی بێڕوخسارە، پەیکەرێکی بێئەندامە، تۆپەڵە شتێکە لە شێوەی بدەنێکدا کە هێشتا شکڵی نەگرتووە، هێشتا

**شوناس کورتکراوەی ئەو وێنە و قەناعەتە زیهنیی و مەعنەویی و کردەییەی کۆمەڵگایە کە دروستیکردووە**

کولتوورێک نەهاتووە نەخشە(دیزاین)ی بکات، لەکاتێکدا شوناس جەستە و پەیکەرێکی تەواوی دەوێت، پەیکەرێک کە کولتوور ئەندامەکانی بێت، پەیکەرێک خاوەنی سیمایەکی سەربەخۆ بێت، بە سانایی بناسرێتەوە، ئەم جەستەیە پێی دەگوترێ پەیکەری نەتەوە بە ڕاوەستاوی.

کولتووری ئێمە بەردەوام چاوی لە ڕێی ئەوانی دیکە بووە، نیگا و شەوقی ئەوان بوونی پێبەخشیوە، بەردەوام چاوەڕوان بووە بزانێت ئەوانی دیکە چۆن لێی دەڕوانن و چۆنیش لێی تێدەگەن، چۆن پێناسی بۆ دەکەن، چاوەڕوانی ئەوانی دیکە بووە بێن و حاڵ و ژیانی بۆ بخەنە ناو پێناسەیەکەوە، وەستاوە بۆئەوەی شوناسێک کە ئەوان دایدەهێنن قبوڵ بکات. کولتووری ئێمە کولتووری چاوەڕوانییە، چاوەڕوانی ئەوانی دیکە. بیری لەوە نەکردۆتەوە دابڕانێک لەو جەریانە بکات، لەو نیگایە هەڵبێت کە ئەوانی دیکە دروستی دەکەن و دیسان تێکی دەدەنەوە. شوناسی ئێمە بۆیە خۆڕاگر نەبووە بەردەوام لەگەڵ ئاریشەکاندا گۆڕانی بەسەردا هاتووە، چونکە کولتوورێکی سەقامگیر و ڕاوەستا و پشتیوانی نەکردووە، تاکو کولتوورەکەی دیلی تێڕوانینی ئەوانی دیکە بێت ناتوانێ شوناسێکی خۆماڵی دیاریکراو بەرهەمبهێنێت، شوناسێک کە کردمانە گەردنمان لە هەر جێگەیەکی دنیابین پێی بناسرێینەوە.

## لەهەر سەرزەمینێك مرۆڤ هەست بەبوون و کیان و ئازادی خۆی بکات ئەو جێگەیە دەبێت بە زێد و نیشتیمانی ئەو

سێیەم/ ئایین: قەناعەت و بڕوایەکی ئاسمانیە و لە ئاسمانەوە هاتۆتە سەر زەوی، لەلایەن خودایەکەوە ڕەوانەکراوە کە خودای هەموو گەردونە، ئاینە ئاسمانییەکان بۆیە هاتوون تاکوو نمونەیەک لە ژیانی ئاسمانی بۆ سەر زەوی بگوازنەوە، بەمانایەکی دیکە ئایین واتە بەئاسمانیکردنی دنیا، بەڵام بەشێوەیەک کە لەگەڵ مرۆڤدا سازگار بێت، ڕەنگە پێچەوانەکەشی ڕاستبێ کە باس لە بە بەهەشتکردنی سەر زەوی دەکات، بەڵام لەم هاوکێشەی نێوان ئاسمان و زەویدا ڕەچاوی ئەوە کراوە کە مرۆڤ فریشتە و پەری نیە، بەڵکو دوالیزمەیەکە لە نێوانی (چاکە و خراپە) دا، ئایین هاتووە لەناو ئەو دوالیزمەیەدا لایەنی چاکەکاری باڵا پێبکات. ئایین لە ئاسماندا بریتییە لە ڕەچەتەیەکی نوسراو(تیۆرە)، بەڵام لەسەر زەویدا و لە قاڵبی ڕەوشتدا دەبێتە کردار(عمل)، بە کردەیی کردنی ئایین واتە بەدنیایی کردنی، ئەم بەدنیایی کردنە گەردونیە، واتە لە سەرزەمینێک بەشێوە و فۆرمێک و لە سەرزەمینێکی تر بەشێوە و ناوەڕۆکێکی تر نیە، ئایین هەڵگری یەک جەوهەرە، ئەویش جەوهەری یەکتاپەرستی و چاکەکارییە، بۆیە وتراوە چاکە ئاینە بەر لە ئایین، چەمکی چاکە کە لە بەرگی ڕەوشتدا دەردەکەوێت، یان بەرگی ڕەوشت لەبەردەکات شتێکی گەردونییە، چونکە لەسەر کۆمەڵێک بەهای یەکگرتووی گەردوونی دامەزراوە، هەربۆیەش لە ئەنجامی کاریگەرییەکانیدا یەک کیانی مەعنەویی و کردارەکی پێکدەهێنێت، لە مانا دوور و گێتیەکەیدا قورئان شوناسی (ئومەت) ی پێبەخشیوە.

ئاین بۆیە پانتاییەکی گەورەی ژیانی مرۆڤی داپۆشیوە، جگەلەوەی ڕەچەتەیەکی ئاسمانیە و شەرعیەتی ئیلاهی لەگەڵدایە، شەرعیەتی دروستکەر و مرێنەرەکەی، لە هەمانکاتیشدا لەسەر بەختەوەرییەکی گشتی کاردەکات، بەختەوەرییەک کە ئایین بەبێ جیاوازی لە نێوانی بەندەکاندا دەیبەخشێت. لەلایەکی دیکەشەوە ئایین هێزێکی چاکساز و چاکەکارە بەدەست مرۆڤ خۆیەوە، واتە دوای ئەوەی ئایین دەبێتە هێزێکی بەشەری چاکەکار، لە توانایدا هەیە ببێت بە کەرەسەتەیەکی باش بەدەست مرۆڤەکانەوە بۆئەوەی ژیانی پێ ڕێکبخەن.

کەواتە ئایین بۆخۆی شوناسێکی سەربەخۆی هەیە، شوناسێک کە هێشتا تێکەڵ بە هیچ پێدراوێکی دیکەی مرۆڤەکان نەبووە، لە یەککاتدا شوناسە بۆ هەر گەل و نەتەوەیەک کە خاوەنی ئاینن، شوناسیش نیە، چونکە بە تەنها ئەوان لەم ڕەگەزە گەردونیەی شوناس بەشدارنین، یاخود بە تەنها موڵکی ئەوان نیە، شوناسێکی زۆر گشتییە، بە ئەندازەی هەڵگرانی ئەو ئاینە لە هەر جێگەیەکی دنیادا بێت شوناسەکە ورد دەبێتەوە، لە چرکەساتێکدا ئایین دەبێتە یەکێک لە ڕەگەزە سەرەکییەکانی شوناسی نەتەوەیی، کاتێک کە خۆماڵی بکرێت، واتە ناوەڕۆک و جەوهەری ئایین بەرگی کوردی بپۆشێ، بەومانایەی لەگەڵ ژیان و ژیاری کوردیدا ئەوەندە هەڵکێردبێت توابێتەوە لەناو تەواوی پێدراوە گشتیەکانیدا (لە کەلەپورەوە بۆ فەرهەنگ، لە شین و شاییەوە بۆ هونەر، لە سیاسەتەوە بۆ پەروەردە...هتد )، بەمانایەکی دیکە تام و بۆی ئایین و ئایینداری لە کوردستان لەگەڵ سروشت و شێوەی ژیانکردندا سازگاربێت، ئەوەندە سێبەری

کردبێت بەسەر هەموو شتەکانەوە دیاربێت، دیاربێت وەک ئەوەی بۆ کورد بە تەنها هاتبێ، نەک بە شوناس و شێوەی گەلێکی دیکەوە بێت و هەوڵبدرێت ژیانی کوردەواری بۆ بگۆردرێت، واتە ئەو حاڵەتی ژیانکردنە قبوڵنەکات و داوای شتێکی دیکە بکات، وابزانێت ژیان لە کوردستاندا توانای وەرگرتنی ڕاستەوخۆی پەیامەکانی ئاینی نیە، یان داکەوتەی کورد بەشی پۆشینی بەرگی ئاینی ناکات. ئایین بۆخۆی سروشتێکی ئەوەندە نەرمی هەیە لە هەموو جێگەیەک و لەگەڵ هەموو گەل و نەتەوەیەکدا هەڵدەکات، توانای گونجاندنی ئەوەندە باڵایە لەگەڵ هەموو مۆرالێکدا تێکەڵ دەبێ، بەڵام لە چرکەساتی کەرەستەبوونیدا بەدەست مرۆڤەکانەوە، کە دەیانەوێت لەسەر شێوەی بیرکردنەوەی خۆیان دایبرێژنەوە گرفت و کێشەی تێدەکەوێت.

حوجرە و منەوەرانی ئێمە زۆر هەوڵیاندا ئەو خەونە گەورەیەی کورد بهێننەدی، واتە ئایین بەشێوەیەک خۆماڵی بکەن کە هیچ قەدەرێکی ژیانی ئێمە بێ (شوناس)و سێبەری ئاین نەمێنێتەوە، بەڵام لەگەڵ سەرهەڵدانی ئایدۆلۆژیای ئاینیدا ئەم خەونە ڕۆژبەڕۆژ کاڵ دەبێتەوە، چونکە ئایدۆلۆژیاکان لە هەسارە گەردونییەکەوە وەک ئەستێرەیەک دەپچڕێن و تەواوی کۆششەکانیان گەڕانەوەیە بۆ ئەو دۆخەی پێشتریان.

لەم هاوکێشەیەشدا کورد چانسێکی زۆر لاوازی هەبوو، نە ئاینە خۆماڵیەکەی توانای ئەو خۆڕاگرییەی هەبوو بمێنێتەوە، نە ئاینداریە ئایدۆلۆجیەکەش توانی ئەوەندە بگونجێت کە (شوناسی) کوردبوون ببێت بە خەمی یەکەمی، دەشێ بڵێین ئاینداریە ئایدۆلۆجیەکە کە هەژموونی بەهێزتر بوو ئەندازەیەک دڵڕەقی نواند، ئیدی لێرەوە دەشێ بڵێین ئایین هەم بەشدارە لە (شوناسی) کوردیدا، هەم بەشداریش نیە، بەشدارە وەک ئەوەی کە ئایینی زۆرترین دانیشتوانی ئەم ڕووبەرەی سەرزەوییە، بەشداریش نیە وەک ئەوەی کە ورد نەبۆتەوە بۆ ناو هەموو تەفاسیلەکانی ژیانی تاکی ئێمە، بەشدارە لەوەی تاهەنوکەش ئایین جێگەیەکی گرنگی هەیە لە ناخ و واقیعی ئێمەدا، بەشداریش نیە لەوەی کە ڕایەڵەی بەهێزی ئایین لە کوردستاندا ناچێتەوە سەر سەرچاوە کوردییەکانی خۆمان.

**سەرەنجام**


دەشێ ئەوە بڵێین چۆن ژیانی سەر ڕووی زەوی لە گۆڕانێکی خێرادایە، چۆن شەو و ڕۆژ لە مانا موجەرەدەکانی خۆیان دەرچوون، ئاواش پێدراوەکانی ژیانی مرۆڤەکانیش لە گۆڕاندایە، چۆن زۆرێک لە قەناعەت و بیروڕا کۆنکرێتییەکان لە بەردەم ئەم هەژموونە تازەی ژیاندا تێکشکان، ئاواش دیاردە و چەمکە ئینسانییەکان لە تێکشکاندان، تێکشکانێک بۆ بونەوە بە ماددە و کەرەستەی دروستبوونەوە، دەشێ بڵێین دیاردەکان وەکو قەقنەس دەسوتێن و لە خۆڵەمێشەکی خۆیان دروست دەبنەوە، بەتایبەتی دیاردەی(شوناس)، چونکە وێنەکانی دنیا بەردەوام لە گۆڕاندان، مادام قەناعەت و حەقیقەتەکان دەگۆڕێن، ئەوا دیاردەکانیش بەردەوام لە گۆڕاندان، بەردەوام پارچەیان لێدەبێتەوە و کوتلەی تریان پێوە کۆلاج دەبێت. ناکرێت لەوەها دۆخێکدا بۆ (شوناس)ێکی کۆنکرێتی و یەک ڕوو بگەڕێین، چونکە دنیای نوێ پێمان دەڵێ ئێوە بەشدارن لە (شوناس)ە گەردونییەکە و بەشێکن لەو شوناسە گشتییەی مرۆڤایەتی ئێستا، لەوێشەوە ئەرکێکی سەنگین دەکەوێتە سەر تاکوو کۆمەڵگای ئێمە کە بەئاگایی و هۆشیارییەکی گەورە و کراوەوە مامەڵە لەگەڵ چەمکی(شوناس) دا بکەن، نەئەوەی لێی گەڕێن و کۆمەڵگای ئێمە لە بێ شوناسیدا گیربخوات، نەئەوەی شوناسێکی موقەدەسکراوی وامان لەبەربکەن کە توانای شتە نوێکانی زانستە مرۆییەکانی ئێستای نەبێت.

# شوناسی کوردبوون

## لە بەردەم مەترسی پوکانەوە و پارچە بووندا



**عومەر عەلی محەمەد**
ماستەر لە کۆمەڵناسی سیاسی
نوسەر و ڕۆژنامەنوس
ڕاهێنەر لە بواری گەشەپێدانی مرۆیی



لەڕاستیدا شوناس لەسەر کۆمەڵێک بنەمای گرنگ دادەمەزرێت، کە هەموویان بەیەکەوە دەتوانن پێناسێک بۆ تاک دروست بکەن، لەوانەش:

١- زمانی نیشتمانی و شێوە زارە لۆکاڵییەکان کە پەیوەستن بە زیندووڕاگرتنی نەتەوە و گەشەپێدانی لە ئایندەدا، ئەویش لە ڕێگەی بەکارهێنانی بەشێوەیەکی زانستی لە پرۆگرامەکانی خوێندن لە قۆناغە جۆربەجۆرەکاندا، هەروەها لە حکومەتدا لە بواری کارگێڕیی و دادوەریی و لەهەمانکاتدا پەیوەندییەکانی نێوان تاکەکانی کۆمەڵگەدا، دەبێت لە ڕێگەی شێوەزارێکی سەرەکییەوە نەتەوە بەیەکەوە گرێ بدرێت.

٢- بەها ئایینی و نیشتمانییەکان بەدرێژایی مێژوو: کە ئەمەش شوناسێک بۆ نەتەوە دروست دەکات و دەیپارێزێت لە توانەوە لەناو گەلانی تردا، هەروەها لە مرێگەیەشەوە بەرگرییەکی باش دەدات بە گەل لە بەرامبەر هەر هەوڵێکی توانەوەدا و پارێزگاری لە تایبەتمەندییە نەتەوەییەکان دەکات.

٣- ترادسیۆن و کەلەپووری نەتەوە، پارێزگاری لە بەها باڵاکانی نەتەوە دەکات، کە ئەمەش ڕەنگدانەوەی ئاستی سیاسیی و ئابووریی و کۆمەڵایەتی نەتەوەیەکە لە ڕابردوودا.

٤- مێژووی خەباتی نەتەوەیی کە لەپێناو پاراستنی نیشتمان و کەرامەتی نەتەوە و بەها باڵاکانیدا ئەنجامی داوە، بۆ پاراستنی سەربەخۆیی و ئازادیی و تایبەتمەندییەکانی(١).

شوناسی کولتووریی و شارستانی هەر نەتەوەیەک، شتێکی چەسپاو و نەگۆڕە و بەشێکە لە جەوهەری کۆمەڵێک سیمای گشتی، کە لە کولتوور و شارستانیەتێکی تر جیای دەکاتەوە، بەمەش کەسایەتی نیشتمانی نەتەوەیەک لە کەسایەتی نیشتمانی و نەتەوەیی یەکێکی تر جیادەکاتەوە، لێرەوە پەیوندییەکی ڕاستەوخۆی شوناس بە کولتوورەوە هەیە.

کولتوور بەرهەمی چالاکیە عەقڵییەکانی تاکە، لەبەرئەوە هەر نەتەوەیەک بەپێی ژینگەی تایبەتی خۆی کولتوورێکی دیاریکراوی هەیە، هەر لەبەرئەوەیە ئاستی پێشکەوتنی کولتوورەکان جیاوازە و شارستانیەتی جیاواز بەرهەم دەهێنێت، هەر لێرەوە زانستە جۆربەجۆرەکان لە بوارەکانی مرۆیی و هونەری تەکنەلۆژیی بەرهەم دێن، واتە عەقڵیەتی تاک بەرهەمهێنەری کولتوورە، دواجاریش ئەوە دەبێتە بەشێک لە شوناسی ئەو نەتەوەیە و هەر ئەویشە ئاستی پێشکەوتن و دواکەوتن دیاری دەکات، لەو کولتوورەشدا دەتوانین ئاستی بیرکردنەوە و ئامانجەکانی و شێوازی گەشەی کۆمەڵایەتی و ئابووریی و سیاسیی و ڕۆشنبیری دیاری بکەین، ئەمەش ئەگەر توێژینەوەی زانستی ورد بکەین، لە چاخە جۆربەجۆرەکاندا دەتوانین شوناسی هەر نەتەوەیەک دیاری بکەین، کە ئەویش بەرهەمی ئاستی گەشەی فیکریی و عەقڵییە لەلای هەر نەتەوەیەک، کە بۆ ئەمەش ئایین و دەسەڵاتی سیاسی و ئایدیۆلۆژیای باو لەهەر سەردەمێکدا ڕۆڵیان هەیە لە بنیاتنانیدا. شوناسی هەر نەتەوەیەک بەپێی گۆڕانی زەمەن دەگۆڕێت و وێنەیەکی تر وەردەگرێت، پاراستنیشی پێویستی بەرێوشوێنی تایبەتی هەیە و پێویستی بە نوێبوونەوە هەیە، کە جیاوازە لە شێوازی سەردەمە ڕابردووەکان.

ئەمڕۆش کە سەردەمی بەجیهانی بوونە، شوناسی نەتەوەکان تووشی کۆمەڵێک مەترسی و بەرەوڕووبوونەوەی نوێ دەبن کە جیاوازن لە سەردەمەکانی پێشوو، لەبەرئەوە ئەگەر هەر نەتەوەیەک دەیەوێت بە زیندوویی بمێنێتەوە و پارێزگاری لە سیما نەتەوەییەکانی بکات لە بەردەم شەپۆلەکانی بەجیهانی بووندا، پێویستی بە کۆمەڵێک گۆڕانکاری هەیە و بە ئالیەتی زەمەنە ڕابردووەکان بەڕێوەناچێت، بەڵام لەهەمانکاتیشدا دابڕاو نەبێت لەو کولتوورە مێژووییەی کە تەعبیر لە شارستانیەت و ئایین و ژینگە جوگرافییەکەی دەکات، نەتەوە جیاوازەکان پێویستیان بەوە هەیە

کە پارێزگاری لە سەربەخۆبوونی خۆیان بکەن و خۆیان بپارێزن لە توانەوە و لاسایی و پەراوێزبوون.

لە سەردەمی بەجیهانی بووندا، ماناکانی ناسیۆنالیزم و پاراستنی چەمکی نەتەوایەتی گۆڕانیان بەسەردا هاتووە و ناتوانرێت لە ڕێگەی کۆمەڵێک ئەفسانەی مێژوویی و سەرکردە کاریزمەکانی درێژە بە ژیانی سیاسیی و کۆمەڵایەتیی و ڕۆشنبیری نەتەوە بدرێت، بەڵکو ئەمڕۆ نەتەوە تێکەڵ بە کۆمەڵێک گۆڕانکاریی دنیای نوێ دەبێت و دەبێت نەتەوەش لە ڕێگەی بنیاتنانی شوناسێکی نوێوە بتوانێت خۆی وێنا بکات. پەیوەندی نێوان شوناس و نەتەوە بە دیاریکردنی کولتوور و ئایین و شارستانیەت دیاری دەکرێت.

ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ چەمکی شوناس، دەبینین سەرەتا لە ڕێگەی نووسینەکانی فەیلەسوف و مێژوونووسی ئەڵمانی (فلهم دەلتای) لە ساڵانی(١٨٣٢-١٩١١) سەریهەڵدا، ماکس ڤیبەر لە (١٩٢٠/٤/١٨)دا دابەشی دەکات بۆ دوو ئاست کە «دەلتای» پێی دەڵێت وێنەیەکی گەردوونی، کە دەبێتە بنەمایەکی چەسپاو بۆ بیروباوەڕ و ئەو هۆکارانەی کە ڕۆڵیان هەیە لە بنیاتنانی جیهانێکی واقیعی تیۆری کە لەژێر ڕۆشنایی ئەمەدا دەتوانین بگەینە بۆچوونە شەفافەکان لەسەر بوونەوەر و بوون(٢).

شوناس تەنها شتێکی ڕواڵەتی نیە، هەتا هەر هێزێکی سیاسی بتوانێت بە ئارەزووی خۆی وێنای بکات، بەڵکو وێنەیەکە بۆ پێکەوە بەستنی ئێستا و ڕابردووی نەتەوەیەک، کە بەشێوەیەکی گشتی سێ شتی جەوهەری لەخۆ دەگرێت:

**یەکەم: جیهانبینی نەتەوەیەک بۆ بوون.**

**دووەم: ئەو زمانەی کە نەتەوە تەعبیری پێ دەکات.**

**سێیەم: کەلەپوورو کولتووری مێژوویی(٣).**

ئەو وێنەیەی کە نەتەوە بۆ خۆی دروستی دەکات، دەبێت لە ڕێگەی شوناسەوە تەعبیری لێ بکات، کە ڕەنگدانەوەی کۆمەڵێک سیمای جیاوازە لە بواری کۆمەڵایەتی و کولتووری، کە هەر نەتەوەیەک لە ماوەیەکی مێژوویی دیاریکراودا هەیەتی و لەو ماوەیەدا هەژموونی خۆی بەسەردا دەدات(٤).

شوناس ئەو شفرەیەیە کە تاک دەتوانێت کەسایەتی خۆی پێ دابڕێژێت و پەیوەندی خۆی بە کۆمەڵگاوە دیاری بکات، لەم ڕێگەیەشەوە بەرامبەرەکانی دەتوانن بیناسنەوە و پێناسەی تایبەتی بۆ دابنێن، بەمەش جۆرێک لە پەیوەست بوون بە کۆمەڵگەوە ڕوودەدات کە دەتوانرێت لە ڕێگەی ناسیۆنالیزمەوە تەعبیری لێ بکرێت.

شوناسیش لە ڕوویەکی ترەوە دابەش دەکرێت بۆ دوو ئاستی تر:

### ١- شوناسی بەکۆمەڵ:

لەم ڕێگەیەوە تاکەکان خۆیان پەیوەست دەکەن بە کۆمەڵێک تایبەتمەندییەوە، بەمەش ئاستی جۆربەجۆر لە شوناس لەناو کۆمەڵگەدا دەردەکەوێت، کە دەبێت پارتێکی سیاسی، یان گرووپێکی مەزهەبی، یان ڕێکخراوێکی مەدەنی تەعبیری لێ بکات.

### ٢- شوناسی خۆیی تاك:

کە ئەویش دەکەوێتە ژێر کاریگەری شوناسی کۆمەڵگەوە و ئیلهام و ئینتمای لێوەردەگرێت و پابەند دەبێت بە ڕەهەندی ئایینی و جیهانبینی و کولتوورییەوە.

لەم ڕێگەیەشەوە دەتوانین بڵێین کە بوونی کەناڵی ئازاد و دیموکراسی زۆر گرنگە بۆ گەشەی شوناسی تاک و کۆمەڵ، چونکە هەتا گفتوگۆ و پەیڤینی زیاتر لەگەڵ نەتەوە و گەلانی شارستانیەتەکانی تر زیاتر بکرێت، هەڵە و ناتەواوی و کەموکورییەکان زیاتر هەست پێدەکرێن، لەلایەکی تریشەوە لایەنە گەشەکردوو و ڕۆشنەکانی نەتەوە زیاتر بەدەر دەکەون، لێرەشەوە بزاڤێکی چاکسازیی شوناس و بەرەوپێشبردن و گەشەپێدانی سەرهەڵدەدات.

چونکە شوناس لە هەر قۆناغێکی مێژوویدا دەکەوێتە ژێر کاریگەری ئەو زەمەنەی کە تێیدا

دەژی و هیچ شوناسێک نییە کە دابڕاو بێت لە ژینگە و دەوروبەر و بە تەنها بتوانێت درێژە بە مانەوەی خۆی بدات. (زۆر لە پسپۆڕان لەو باوەڕەدان کە شوناسی تاکەکەس پەیوەستە بە تاک لە ڕووی هەست و سۆز و بۆچونە تایبەتییەکانی خۆیەوە، زۆر لە تیۆریسان ئەوەیان ڕەت نەکردووەتەوە کە دان بنێن بە شوناسی بە کۆمەڵ، بەڵام لەهەمانکاتدا، هەریەکەیان بە جیای دەبینن لەوی تر، هەر لەم ڕوانگەیەوە شوناس بەوە پێناسە دەکەن کە بریتییە لە جیاکەرەوەکانی هەست و سۆزی تاک کە شێوازی کەسایەتی دیاری دەکات، بەمەش تاک دەبێتە کائینێکی سەربەخۆ)(٥).

ئەگەر سەیری شوناسی کوردی بکەین، دەبینین کە بە پلەی یەکەم پەیوەستە بە تایبەتمەندییەکانی گەلی کورد، کە جیای دەکاتەوە لە نەتەوەکانی تر، واتە کۆمەڵێک بنەمای چەسپاو هەن کە سیمای تایبەتی نەتەوەیی بۆ کورد دادەڕێژن، هەرئەوەش ئەو کۆمەڵگەیە دروست دەکات کە پێی دەڵێن نەتەوەی کورد، هەر تاکێکی کۆمەڵگەی کوردیش، کە هەست دەکات خاوەن شوناسێکە، زۆرتر هەوڵ دەدات ڕۆڵی هەبێت لە کۆمەڵگەدا و زۆرتر شانازی دەکات بە نەتەوەکەی خۆیەوە، لەهەمانکاتدا لە هەوڵی ئەوەدایە، کە وێنەیەکی جوانتری بۆ دروست بکات لە بەردەم نەتەوەکانی تردا، شوناسی تاک ڕەنگدانەوەی ئەو ژینگەیەیە کە تێیدا دەژی، لەبەرئەوە ئەگەر نەتەوەیەک بیەوێت شوناسێکی پێشکەوتوو بنیات بنێت، دەبێت لە هەوڵی چاکسازیی ژینگەکەی خۆیدا بێت لە ڕووی سیاسیی و ئابووریی و کۆمەڵایەتیی و ڕۆشنبیرییەوە.

ئەگەر سەیری کۆمەڵگەی کوردی بکەین، سەرەتا لە تاکەوە پاشان بۆ سنوری کۆمەڵگە، دەبینین کە سیما و وێنەیەکی تایبەتمان نیە بۆ شوناس، بەتایبەتیش لەلای تاک جۆرە ئاڵۆزییەک هەیە کە ناتوانێت بەباشی تەعبیر لە جیهانبینی خۆی بکات لە ڕووی ئایینی و شارستانییەوە، بەمەش ئینتیما لای تاکی کورد ناتوانرێت لە وێنەیەکدا ببینرێت، بەڵکو دابەش بووە بۆ سەر کۆمەڵێک ئاستی جیاواز، بەمەش تاکی کورد لە یەک جۆر ئینتیماوە چووەتە بازنەی کۆمەڵە ئینتیمایەکەوە، گرووپەکانیشی نەیانتوانیوە تەعبیر لە شوناسێکی دەستەجەمعی بە کۆمەڵ بکەن، بەڵکو هەریەکەیان هەڵگری شوناسێکە کە تەعبیر لە ئایدیۆلۆژیا و پەیوەندییە سیاسییەکانی دەکات، ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی کە بڵێت لە دەرەوە باس لە شوناسی نەتەوەیی دەکرێت، بەڵام لە واقیعدا چەند جۆرێک لە شوناس هەیە کە زۆربەیان دژی ئەوی ترن و کار لەسەر لاوازکردنی یەکتر دەکەن، بەمەش شوناسە نەتەوەییەکە لە بەردەم لاوازبوون و پارچەبووندایە، پرۆژەیەکی گشتی نیە بۆ سەرخستنی و ستراتیژیەتێکی نەتەوەیی نییە لە کۆکردنەوەیان، ئەمەش مەترسییەکە بۆ ئایندەی، کە کورد وەک نەتەوە نەتوانێت تەعبیر لە شوناسێکی یەکگرتوو بکات، واتە کورد لەناوخۆدا پرۆژەیەکی نیە بۆ یەکگرتنەوە لەسەر بنەمای خاڵە نەتەوەییەکان و دەبێتە هۆی لاوازکردنی ئینتیما و شوناسی نیشتمانی و نەتەوەیی، چونکە کاتێک کە تۆ شوناسێکی دیاریکراوت نیە، ناتوانیت لە بەرامبەر ئەوانی تردا پێناسی خۆت بکەیت، یان لە بەردەم شەپۆلەکانی بەجیهانی بووندا خۆت بگریت، بەمەش لە بەردەم هەر ڕەشەبایەکی دەرەوەی خۆت دەبیتە ئەو دەنکە لمەی کە گڤەی باکان بەرەو هەر شوێنێک بیانەوێت، دەتبەن.

ئەگەر سەیری هەر بونەوەرێکی زیندوو بکەین، دەبینین سەر بە جۆرێکە، بە درێژایی مێژوو پارێزگاری لە مانەوەی جۆرەکەی خۆی دەکات و ناگۆڕێت، ئەمەش بەرپەرچی گۆڕانەکانی تیۆری پەرەسەندن دەداتەوە، چونکە لە شفرەی بۆماوەیی هەرتاکێکدا، جۆرێکی سەربەخۆ هەیە کە پارێزگاری لە مانەوەی جۆرەکەی دەکات.

زیندەوەران بەشێوەیەکی گشتی دەکەونە

ژێر کاریگەری ژینگە و دەوروبەر، بەڵام جیناتی سەر کرۆمۆسۆمەکان پارێزگاری لە مانەوەی جۆرەکان دەکات، بەڵام لە کۆمەڵگەی مرۆییدا جۆرێکی تر لە پەیوەندی هەیە کە پەیوەستە بە فیکر و گۆڕانی ئیرادە و کولتوور و بنیاتنانی شارستانیەت. پێشکەوتنەکانی ئێستای جیهان، کاریگەریی ڕاستەوخۆیان هەیە لەسەر جارێکی تر دیاریکردنی پێگەی نەتەوە لەسەر ئاستێکی جیهانی، چونکی ئێستا جیهان وەک گوندێکی لێهاتووە و لەم گوندەشدا هەموو نەتەوەکان ناتوانن بمێننەوە.

بەدرێژایی مێژوو دەیان نەتەوەی جیاواز هەبوون کە تواونەوە و نەماون، لەم سەدە نوێیەشدا پرۆسەی توانەوەی نەتەوەکان بە خێراییەکی زۆرتر ڕوودەدات، چونکە کەم نەتەوە هەن بتوانن لە بەردەم ئالیەت و سستەم و کولتووری نوێی جیهاندا خۆیان بگرن، کە لەڕاستیدا ئەویش لە جەوهەردا هەڵگری کولتووری نەتەوەیەکی ترە کە خۆی لە شوناسی ڕۆژئاوایی بوون و ئەمریکایی بووندا دەبینێتەوە.

بەجیهانیبوون لە کۆمەڵێک ڕەهەندی جۆربەجۆرەوە کاریگەریی لەسەر شوناسی تاکی کورد هەیە، کە ئەویش سیاسیی و ئابووریی و کۆمەڵایەتیی و ڕۆشنبیرییە، لەبەرئەوەی کە کورد هەتا ئێستاش کۆمەڵێک دامودەزگای چەسپاوی نیە لەم بوارانەدا، ئەوا زۆرتر دەکەوێتە ژێر کاریگەریی ڕەهەندە نوێیەکانی بەجیهانیبوون و کەمتر دەتوانێت بەرگری بکات و هێڵەکانی بەرگری بەهێز بکات.

ئاڵۆزیی و شپرزی شوناسی کۆمەڵگەی کوردی وایلێکردووە کە تەنانەت بەرامبەرەکانیش دان نەنێن بەبوونێکی سەربەخۆیدا، هەرئەوەشە کە تەنانەت لە ئەمڕۆی عێراقی نوێدا، بەرامبەرەکان زۆر بە نارەحەت دەتوانن تەنانەت فیدراڵیەتیشی پێڕەوا ببینن، چونکە هەڵوێستی ئەوان لەسەر وێنای ئێمە دروست بووە، ئایا ئێمە تا چەند یەکگرتووین، خاوەنی چ بڕیارێکین؟ تا چەند بڕیاری سیاسی هەڵقوڵاوی ویست و ئیرادەکانی کۆمەڵگەیە؟

شپرزەیی شوناسی سیاسی کورد وایکردووە، کە تاکی کوردیش هەست بە لاوازی ئینتیما بکات و لەناو گەنجی کۆمەڵگەکەدا توێژێکی بێباک و بێ ئینتیما دروست بکات، لێرەشەوە دەبینین کە هێڵەکانی بەرگری لە کورد ڕۆژ بە ڕۆژ لاواز دەبێت، چونکە شوناسی تاک وێنایەکی نیە و شوناسی کۆمەڵیش بێ ناوەڕۆک بێ ستراتیژیەتە.

(لەلایەکی ترەوە شوناسی نەتەوەیەک کاتێک لای تاکەکانی مانا پەیدا دەکات و دەبێتە بەشێک لە سایکۆلۆژیای تاک کە ئامادەی قوربانیدان بێت، ئەو کاتەیە کە ئەو شوناسە ڕەنگدانەوەی هەبێت لەسەر باری گوزەران و ژیان و باشترکردن و ڕەهەندەکانی ژیانی لە رووی ماددیی و مەعنەوییەوە و لەم ڕێگەیەوە تاک بتوانێت پەیوەست بێت بەم شوناسەی کە هەیەتی)(٦).

لەبەرئەوە هەر بەکارهێنانێکی خراپی دەسەڵات و ئەنجامدانی گەندەڵی کاریگەریی ڕاستەوخۆی هەیە لەسەر ئینتیمای تاک، چونکە تاک کاتێک نیشتمانی خۆی خۆش دەوێت کە ئەو نیشتیمانە ببێتە لانکەیکی ئارام و خۆشگوزەرانی و بە ئازادی خۆی بتوانێت تەعبیر لە بیروراکانی بکات، لێرەوە دەبینین کە شوناس لە ڕژێمە تاکرەوەکاندا شتێکی سەپێنراوە و تەنها ڕوکەش و ڕۆتینێکی دەرەوەی دەسەڵاتی سیاسییە، کە بەردەوام بەناوی گەلەوە قسە دەکات بۆئەوەی هێز بۆ خۆی پەیدا بکات و بە دەسەڵاتێکی بەهێز دەربکەوێت، بۆ ئەم مەبەستەش پەنا دەباتە بەر دروستکردنی سوپای هێز و دامودەزگای ئەمنی جۆربەجۆر و پشتبەستن بە سیخوڕیی، بەڵام لەکاتی تەنگانە و بەرەو ڕووبوونەوەی جەنگ و پشێویدا هەست دەکات ئەو ئینتیمایە چەند دوور بووە لە ڕاستی و ئەوانەش کە لەگەڵی بوون تەنها یان لەبەر بەرژەوەندی بووە، یان لە ترسدا بووە هەرەسی ڕژێمە یەک لە دوای یەکەکانی ئەورووپای ڕۆژهەڵات لە کۆتاییەکانی سەدەی ڕابردوو، ڕژێمی بەعسیش لە عێراق لە سەرەتای ئەم سەدەیەدا و هەرەسی ڕژێمەکانی لیبیا و میسر و تونس

شایەتی ئەو راستیەن، بەڵام بە پێچەوانەوە لە وڵاتە دیموکراسییەکاندا لەجیاتی پەنابردن بۆ ترس و هێز، هاوڵاتی بەشداریی پێدەکرێت لە دەسەڵاتی سیاسی و راستگۆییانە مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت و لەهەمانکاتدا گوزەرانێکی باشی بۆ دابین دەکرێت، بەمەش وا لە هاوڵاتی دەکرێت کە نیشتیمانی خۆی خۆش بوێت و رێز لە یاسا بگرێت و بە راستگۆیانە خزمەتی دامودەزگاکانی حکومەت بکات، لێرەشەوە دەبینین تاک پیرۆزییەک دەدات بە کۆمەڵێک مانا و رەمزی نەتەوەیی و نیشتمانی، بەڵام نەک بەشێوەیەکی ئەفسانەیی وەک لە پێناسە تەقلیدیەکەی ناسیۆنالیزمدا باس دەکرێت، بەڵکو ئەمرۆ ئەو سونبولانە کاتێک رێزیان دەبێت کە شەفاف و راستگۆ و خزمەتگوزاربن. بەپێچەوانەوە سەرکردە گەندەڵ و خیانەتکار و دووروووەکان دەکەونە بەر نەشتەری رەخنەی راگەیاندن و کۆمەڵگەی مەدەنی و هاوڵاتیان بەگشتی، بەمەش رێگەیەک بۆ بە پیرۆزگرتنی سەرکردەی کاریزمی تەقلیدی نامێنێتەوە.

ئەگەر سەرنجیش بدەین ئەمرۆ نووسینەوەی مێژوو بە جۆرێکی ترە کە ناچێت تەنها باسی لایەنە ئیجابیەکان و سەرکەوتنەکان بکات، بەڵکو زۆرتر دەگەرێن بە شوێن سلبیات و لایەنە ناتەواوەکاندا، بۆئەوەی نەوەی نوێ کەڵک لە هەڵەکانی وەربگرێت و جارێکی تر دووبارە نەبێتەوە، لێرەشەوە شارستانیەت و ئایین و بەها باڵاکان وێنەیەکی تر دروست دەکەن، ئەمەش جیاوازییەکی گەورەیە لە نێوان دەسەڵات لە رۆژهەڵات و رۆژئاوادا، چونکە لەلای ئێمە دەسەڵات دەیەوێت، شوناسێکی دەستکردی رووکەش دروست بکات، کە پەیوەستی دەکاتەوە بە سیاسەتی رۆژانەی حیزبی دەسەڵاتدار و رۆڵێک بۆ بنەما جەوهەرییەکان ناهێڵێتەوە، لە ئایین و شارستانیەت و کولتوور کە بەشداریی دروستکردنی ئەو شوناسە بکەن، لەبەرئەوە تاک لە کۆمەڵگە رۆژهەڵاتییەکاندا، بەردەوام جۆرێک لە بێزاری و رقلێبوونەوەی پێوە دیارە بەتایبەتی لەلای گەنجان و دەیانەوێت لەم شوناسە رزگاریان بێت و بەردەوام وای لە قەڵەم دەدەن کە ئەوان لە زیندانێکی گەورەدا دەژین، هەرئەمەش هۆکاری ئەوەن گەنجان بە پۆل روو لە رۆژئاوا دەکەن و ئەوێ بە شوێنی بەدیهاتنی خەونەکانیان دەزانن، لێرەوە تاک ناتوانێت پێناسەی خۆی بکات و بەرامبەرەکانی بناسێت، بەڵکو تاکێکی شکستخواردووە و بەردەوام دەیەوێت ئەم بەرگی لاوازییە فرێ بدات و خۆی بداتە پاڵ بەهێزەکان.

گەنج لەم جۆرە کۆمەڵگەیانەدا خاوەنی سایکۆلۆژیایەکی تێکشکاوە لە بەرامبەر ئەوانی تردا و خۆی بە کەم دەزانێت، ئەمەش دەچێتە هەموو بوارەکانەوە لە سیاسیی و ئابووریی و کۆمەڵایەتیی و رۆشنبیری وەک «فرانس فانون» دەڵێت هەموو رەش پێستێک خەو بەوەوە دەبینێت کە رۆژێک لە رۆژان پێستی سپی بوایە، هەر لەبەر ئەم هەستی خۆ بەکەمزانینەیە کە تاک هەست دەکات ئەوان هەموو شتێکن و ئەمان هیچ، ئەوان پێشکەوتوو خواز و ئەمان دواکەوتوو.

کاتێک تاک هەست ناکات خاوەنی شوناسێکە، ناتوانێت بە رۆشنی سەیری ئایندە بکات و ئێستاشی بەجوانی تێ بگات، لەبەرئەوە لەم کۆمەڵگەیانەدا دەبینین بەردەوام ئاڵۆزی هەیە، نارەزایی هەیە، داوای فراوانکردنی سنوورەکانی ئازادی و دیموکراسی هەیە، داوای باشکردنی گوزەران و شەفافیەت لە دارایدا هەیە.

### پەراوێزەکان

(١) محمد الحنفي، الهوية و العولمة: www.makarabat.com

(٢) هانی نسيرة، مفهوم الهوية بين الثبات والتحول، ٢٠٠٧/١/١: www.islamonline.net

(٣) محمود سمير المنير، العولمة وعالم بلا هوية، مصدر، دار الكلمة للنشر، المصورة، ط ٢٠٠٠، ص ١٤٦.

(٤) جمال طاهر، الهوية الثقافية والعالم الاسلامي، قضايا دولية، العدد: ٢٢٧، ٨/مايو/١٩٩٩، ص٣.


(٥) أحمد طول محمدي، جهاني شدن فرهنط، هويت، تهران انتشارات نشوني، ١٣٨٢، ل٢٢٢.

(٦) محمد محموظ، الاسلام والغرب وخوار المستقبل، المركو الثقافس العربي، بيروت ١٩٨٨، ص ١٥٠.



# گرفتی شوناس

## له‌ کۆمه‌ڵگه‌ ئیسلامییه‌کاندا



**خالد محه‌مه‌د غه‌ریب**

له‌دایکبووی ١٩٦٩، هه‌ڵه‌بجه‌، ماسته‌ر له‌بواری شه‌ریعه‌ت. چه‌ندین وتار و به‌رهه‌م و توێژینه‌وه‌ی بڵاوکراوه‌ی هه‌یه‌

شوناس وەک زۆر بابەتی دیکە لە کۆمەڵگە ئیسلامییەکاندا لەبری ئەوەی بە باشی ڕۆڵی خۆی ببینێت لە بەرەو پێشبردنی کۆمەڵگەدا، بووە بە گرفت و پێویستی بە چارەسەرکردنە، وەک چۆن بۆ نمونە تەڵاق لە بنەچەدا بۆ چارەسەر دانراوە و ئێستا خودی تەڵاق بووە بە گرفت و وەک چۆن فرەژنی هەر لە سەرەتاوە بۆ چارەسەر دانراوە و ئێستا خۆی بۆ خۆی کراوە بە گرفت، شوناسیش – گەرچی بابەتێکی گەوهەرییە بەهەمان دەرد چووە و لە کۆمەڵگە ئیسلامیەکاندا گەورەترین گرفتە، لەبری ئەوەی هۆشیاری لێبکەوێتەوە، سەرگەردانی لێدەکەوێتەوە، لەبری ئەوەی جیهانبینی فراوان بکات، دید و تێڕوانینێکی تەسک و کورت دەبەخشێت بە تاکەکان! لەبری فرە ڕەنگی و فرە ڕەهەندی، زیاتر مۆرکی تۆتالیتاری و سڕینەوەی ئەوی دی بەرهەم دێنێت، لەبری ئەوەی مێشکێکی کراوە و دڵێکی سپی ببەخشێت بە هەڵگرانی، دڵ و بیناییان ڕەش دەکات. ئێمەش وەک میللەتی کورد لەو گرفتانە بەدەر نین و لە چارەسەرکردنیاندا وەک نەتەوە و میللەتەکانی دیکەی کۆمەڵگەی ئیسلامی لە بازنەیەکی داخراودا دەسوڕێینەوە و تا ئێستا ڕێگای دەرچوون لەو بازنە داخراوەمان نەدۆزیوەتەوە و دۆش داماوین و نازانین چۆن مامەڵەیەکی دروست بکەین لەگەڵ مەسەلەی شوناسدا، هێشتا بە تەواوی خۆمان نەناسیوە و هەرجارە و ڕوو لە شوێنێک دەکەین و بە بای شوێن و لایەنێک شەن دەکەین و بە گۆرانی ئەم و ئەو سەما دەکەین، زۆر جاریش کەسانی دیکە بۆ مەبەست و نیازی خۆیان ئاقارمان بۆ دیاری دەکەن و ئاراستەمان دەکەن بۆئەوەی ئەوە بین کە ئەوان دەیانەوێت نەک ئەوەی کە پێویستە ببین!!

بەڵگەی ناوێ بۆئەوەی خۆمان بەدی بهێنین پێویستە هەڵگری شوناسێکی ڕاستەقینە بین، نەک شوناسی ساختە و شێواو!!

شوناس ئەو حەقیقەتەیە کە کەسێک لە کەسەکانی تر و میللەتێک لە میللەتەکانی تر جیادەکاتەوە، شیرازەیەکە تاکەکانی کۆمەڵگەیەک پێکەوە دەبەستێتەوە، مۆرکێکی تایبەت و جیاکەرەوەیە، بە ونبونی شوناسی ڕاستەقینە، کۆمەڵگە پەرتەوازە دەبێت و شیرازەی دەپچڕێت(١).

**شوناس وەک زانای دەروونناسی ناسراو (ئەریک ئەریکسون ١٩٠٢-١٩٩٤) دەڵێ چوار دۆخی هەیە:**

١) بەدیهێنانی شوناس: بریتییە لە دەرککردنی تاکەکانی کۆمەڵگە بە شوناسی فەردی تایبەت بە خۆیان، ئامانجی ئەم شوناسە بەدیهێنانی خود و ڕێزگرتنە لە ئەدگارە کەسییەکان و زیادکردنی ڕێژەی گشتی بەرهەمهێنان لە کۆمەڵگەدا.

٢) هەڵپەساردنی شوناس: بریتییە لەو دژوارییەی کە هەندێک لە تاکەکانی کۆمەڵگە بە دەسیەوە دەناڵێنن و پەیوەستە بە گرفتی شوناسی تاکییەوە (فەردیەوە) ئەم تاکانە توانای ئەوەیان نیە پەی بە شوناسی تایبەت بە خۆیان ببەن و شوناسی خۆیان نا ناسنەوە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو شڵەژانە دەروونیانەی کە دوچاری بوون.

٣) لەتبوونی شوناس: دۆخێکە دوچاری تاکەکان دەبێت بە تایبەت لەو کاتانەدا کە هەندێک شت دەسەپێنرێت بە سەریاندا، وەک جۆری پۆشاک و جۆری پسپۆڕی لە بواری خوێندندا، ئەم دۆخە دەبێتە هۆی ئەوەی تاکەکان هەست بە شوناسی تایبەت بە خۆیان نەکەن.

٤) هەڵوەشاندنەوەی شوناس: ئەمەش دۆخێکە دەرهاویشتەی دوو فاکتەری سەرەکیە:

أ) نزمی ئاستی تێگەیشتنی تاکەکان لە شوناس.

ب) ستەم و چەوساندنەوە و خراپ مامەڵەکردن لەگەڵ تاکەکاندا بە تایبەت لە سەردەمی مناڵیاندا. ئەمەش هەڵوەشاندنەوەی شوناسی لێدەکەوێتەوە (٢).

خۆ ئەگەر بە وردی تەماشایەکی دۆخی شوناس بکەین لە کۆمەڵگە ئیسلامیەکاندا بە کۆمەڵگەی کوردیشەوە جێکەوتەکانی ئەو چوار دۆخەی سەرەوە ـ کە ئەریکسۆن جەختی لێدەکاتەوە ـ بە جوانی دەبینین بەتایبەت دۆخەکانی دووەم و سێیەم و چوارەم.

ڕاستە لە ئاست دۆخی یەکەمدا دەستەیەک زانا و ڕۆشنبیری دڵسۆز جەخت لەوە دەکەنەوە زەمینە خۆش بکرێت بۆ بەدیهێنانی شوناسی ڕاستەقینە و دوورکەوتنەوە لەو چەواشەکارییە جۆراو جۆرانەی کە لەو بوارەدا بە دەمامکی ڕۆشنبیریی و شۆڕشگێڕییەوە بانگەشەیان بۆ دەکرێت، بەڵام جێگای داخە کار لە سەر هێڵە پانەکانی شوناس ناکەن و هەریەکە و لە گۆشە نیگایەکەوە دەڕوانێتە بابەتەکە و هەوڵ و کۆششەکانیان وەک مرواری پەرتەوازە وان و ڕشتەیەک کۆیان ناکاتەوە، پاش خۆیان مەڵۆکانیان لە جێگەیەکدا بەجێدەهێڵن، بەبێ ئەوەی بیخەنە سەر شارایەکی کۆکەرەوە، ڕادەستی مێژوویان دەکەن.

لە ئاست دۆخی دووەمیشدا بە شێوەیەکی ڕوون و ئاشکرا هەڵکشانی ڕێژەی شڵەژانە دەروونییەکان بەدی دەکەین، ئەم ڕێژە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ لە بەرز بوونەوەدایە و بە هۆیەوە هەندێک لە تاکەکانی کۆمەڵگە توانای ئەوەیان نیە شوناسی ڕاستەقینەی خۆیان بدۆزنەوە.

لە ئاست دۆخی سێیەمیشدا نمونەی بەرجەستە و دیاری زۆرمان لە بەردەستدایە، کە بەردەوام کار لەسەر قوڵکردنی ئەم دۆخە دەکەن و لەلایەن زۆرێک لە وڵاتە کۆلۆنیالیستەکانەوە پلانیان بۆ دادەڕێژرێت و پشتگیریان لێدەکرێت، چونکە لە ڕێی ئەو دۆخەوە نەتەوەکان لە کەسایەتی خۆیان دادەماڵرێن و خۆیان و کولتوور و داب و نەریتی خۆیان لەلا سووک دەبێت... بەڵام مەرج نیە تەنها لە ڕێی سەپاندنەوە ئەم کارە بکرێت ـ وەک ئەریکسۆن دەڵێ ـ وێنەی ئەوەی کەمال ئەتاتورک سەپاندی بەسەر گەلانی تورکیادا، بەڵکو بە چەندین شێوە لە لایەن کۆلۆنیالیست و سەرمایەدارەکانی جیهانەوە بە پلان کاری لەسەر دەکرێت، چونکە هەر کاتێک تاکەکانی کۆمەڵگە بەم دۆخە گەیشتن و هەستیان بە شوناسی ڕاستەقینەی خۆیان نەکرد بە دۆخی چوارەم دەگەن، کە هەڵوەشاندنەوەی سەرلەبەری کەسایەتی و شوناسی ڕاستەقینەی خۆیانە. بەداخەوە زۆربەی زۆری تاکەکانی کۆمەڵگەکانمان وێڕای ئەو فاکتەرانەی ئاماژەمان پێدان، دوچاری جەور و ستەم و چەوساندنەوە دەبنەوە و بە خراپی مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێت و بە شێوەیەکی سەقەت و نا دروست پەروەردە دەکرێن و حەز و ئارەزوو و خەونەکانیان دەچەپێنرێت و هەر لە سەرەتا و دەسپێکی ژیانیانەوە بە خراپی مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێت و تۆوی خۆبەهیچ دانان و خۆبەکەمزانین لە دڵ و دەروونیاندا دەچێنرێت، بەمەش سەرسام دەبن بەوەی کە ئاستەنگ و بەربەستە لە بەردەم خۆناسین و گەشەکردن و پێشکەوتنیاندا.

بۆ ئەو مەبەستەش کەسانێکی بێ ناوەڕۆکیان دروستکرد کە وەک ژان پول سارتەر لە پێشەکی کتێبێکی فرانتس فانوندا دەڵێت:» تەنها ڕۆڵی بڵندگۆ دەبینن ئەوەی بیریارانی ڕۆژئاوایی لە ئەورووپا و ڕۆژئاوادا دەیانوت ئەمان وەک بڵندگۆ لە وڵاتەکانی خۆیاندا دووبارەی دەکەنەوە، ئەڵبەتە بە دەمامکی شۆڕشگێڕیی و ڕۆشنبیرییەوە!!».

سوردڵ دەڵێت: «کاتێک ئاغەواتێک یا دەسەڵاتدارێک یاخود دەروونناسێک، کەسێک لە کەسایەتی خۆی خاڵی دەکاتەوە و بە کەم سەیری دەکات، هەستی خۆبەکەمزانینی تێدا بەدی دەهێنێت، تا وای لێدێت خۆشی خۆی بە کەم بزانێت و ئەویدی بە گەورەتر تەماشا بکات. ئەم کەسە سووککراوە خۆی بەبێ کەسایەتی و بەبێ خود دەبینێتەوە و هەست دەکات ئەوەی ئەم هەستەی تێدا دروست کردووە لە نەژادێکی

بەرزتر و چالاکترە و باشتر تێدەگات. ئەم کەسە خۆی و ئاین و مێژوو و هەموو شتێکی خۆی بە خراپ دەزانێت».

دیارە ئەم جۆرە هەستە کەسانێکی وەک (لطفي السيد) و (ئەتاتورک) و (تەقیزادە) و. . . هتد، بەبار دێنێت.

ئەتاتورک بە پلانێکی داڕێژراو تورکیای لە کەسایەتی خۆی داماڵی، نەبوو بە ئەوروپی و نەوەک خۆشی مایەوە، ڕاست وەک ئەو قەلە ڕەشەی لە ڕۆشتندا لاسایی کەوی کردەوە، نەک فێر نەبوو وەک کەو بڕوات، بەڵکو ڕۆشتنەکەی خۆیشی لە بیر چوویەوە!

تەقیزادەش لە ئێراندا دەیوت: «تاقە ڕێگای پێشکەوتنمان ئەوەیە لە فەرقی سەرمانەوە تا کەلەموسی پێمان ببین بە ئەوروپی!!»(٣).

دیارە لە ئاوا دۆخێکدا مرۆڤ نە بەتەواوی دەبێتە ئەویدی و نە وەک خۆیشی دەمێنێتەوە و بە دەردی قەلە ڕەشەکە دەڕوات و دەستی لە بنی هەنبانەکەوە دەردەچێت و کورد واتەنی لە هەردوو چەژنان دەبێت!!

لەم دۆخەدا شوناسێک دروست دەبێت کە بەناو شوناسە و لە ناوەڕۆکدا ساختە و فریودەرە و دەمامکی شوناسی ڕاتەقینەی لە چاو کردووە. شپنگلەر دەڵێت: هەندێک لە کۆمەڵگە و نەتەوە لاوازەکان کە لە سنووری کۆمەڵگە و نەتەوە بەهێزەکاندا سەرهەڵدەدەن و گەشە دەکەن نابنە خاوەن شوناسێکی ڕاستەقینە و بەشێوەیەکی سروشتی گەشە ناکەن، چونکە لەژێر پاڵەپەستۆ و کاریگەری نەتەوە بە هێزەکاندان، ئەمەش ڕێگرە لەوەی کە بە شێوەیەکی سروشتی گەشە بکەن و پێش بکەون، لەم سۆنگەوە نە دەبنە خاوەن شوناس و نە ئەو شکڵ و شێوەش کە هەیانە شکڵ و شێوەی ڕاستەقینەی خۆیانە، بەڵکو هەموو هەوڵ و تواناکانیان لە چاولێکەریی و لاساییکردنەوەی میللەتە بەهێزەکاندا بەکاردەهێنن(٤).

**ئەتاتورك بە پلانێکی داڕێژراو تورکیای لە کەسایەتی خۆی داماڵی، نەبوو بە ئەوروپی و نەوەك خۆشی مایەوە.**

نمونە لەمبارەوە زۆرە، تەنها نمونەیەک دەهێنینەوە:

لە ساتەوەختی هاتنی ئیسلامدا عەرەبە غەساسینەکان لە شام دەژیان و هاوسنوور بوون لەگەڵ ڕۆمە ڕۆژهەلاتییەکان، عەرەبەکانی حیرەش لە عێراقی ئێستادا دەژیان و دراوسێی ئێران بوون. غەساسینەکان کەوتبوونە ژێر کاریگەری شارستانییەتی ڕۆمەکان و عەرەبەکانی حیرەش لەژێر کاریگەری شارستانییەتی ساسانییەکاندا بوون. غەساسینەکان لە خواردن و خواردنەوە و پۆشاک و هەڵسوکەوت و خۆنواندن و ڕەفتار و. . . . هتد، چاویان لە ڕۆمەکان دەکرد و وەک ئەوان خۆیان دەنواند. بە کورتی ببوونە نیمچە ڕۆمی! پاشاکانیان وەک ئیمپراتۆری ڕۆمەکان پۆشاکیان لەبەر دەکرد، عەرش و تەخت و تەلاریان هەبوو، تاجیان لەسەر دەنا، چەندین شاعیری دەربارییان هەبوو، شیعریان بە باڵایاندا هەڵدەدا. . . هتد.

عەرەبەکانی حیرەش بەهەمان شێوە چاولێکەریی و لاسایی ئێرانیەکانیان دەکردەوە، پاشاکانیان کۆشک و تەلار و دیوانیان هەبوو، لە کۆشک و تەلاری ساسانییەکان جوانتر و ڕازاوەتر و ئەفسانەتر!! ئەو کۆشک و کاخانەی کە لە مێژوودا شێوەی ئەفسانەیان لەخۆگرتووە، نە کاخی ڕۆمەکان و نە کاخی ساسانییەکانن، بەڵکو

# ئامادەبوونی شوناسی ڕاستەقینەی ئیسلام لە دڵ و دەروونداو کارایی لێدەکەوێتەوە.

کاخی پاشای حیرەن! کاخی سەدیر و خەورنەق، نەک تەنها لە کتێبە مێژووییەکانی ڕۆژهەڵاتدا، بەڵکو لە سەرچاوە ئەوروپییەکانیشدا ئەفسانەن! ڕاستە زیادەڕەوی کراوە لە باسکردنیاندا، بەڵام بەپێی بەڵگە مێژووییەکان کاخێکی سادە نەبوون.

ئەمە دوو جۆر گۆڕانکاری گەورە لە بواری کۆمەڵایەتی دوو کۆمەڵگەدا، بەڵام بەکوێ گەیشتن و چییان بونیاتنا؟ لە زرق و باقی شارستانییەتی فارس و ڕۆمەکان بەولاوە، لە چاولێکردن و لاساییکردنەوەی ناشییانە زیاتر، چییان بەدیهێنا؟

لە هەمان کاتدا لە مەدینە کۆمەڵگەیەکی سادە و ساکار هەبوو، گۆڕانکاری لە ناخیاندا ڕوویدا، باوەڕ و ئایدیۆلۆژییان، مەعریفە و بیرکردنەوەیان، دڵ و دەروونیان، ڕەوشت و ئاکاریان، گۆڕانی بەسەردا هات.

واتە ئەمان بە پێچەوانەی غەساسینەکان و حیرەییەکانەوە لە ناخ و دەروونیانەوە دەستیان پێکرد و بە ئاکامێکی زۆر گەورە گەیشتن، پاش دە ساڵ میسر و ڕۆم و ساسانییەکانیان بە چۆکدا هێنا و شارستانییەتێکی ناوازەیان بونیاتنا، بەڵام ئەوان هەردووکیان بە چارەنوسی ڕەشی خۆیان گەیشتن. خەسرەو پەروێز، پاشای حیرە (نوعمانی کوڕی مونزر) بانگ دەکات و داوای کچەکەی دەکات، ئەویش پێی ئەتک بوو، بە داواکەی ڕازی نەبوو کچەکەی پێبدا، ئەمەش بوو بە بیانوێک بۆ فارسەکان و بە تەواوی شارستانییەتە ڕواڵەتی و کارتۆنییەکەی حیرەیان بۆ هەمیشە لەناوبرد.

پاشای غەساسینەکانیش کە زانی لە مەدینە هێز و دەسەڵاتێکی تۆکمە دروستبووە و ناتوانێت ڕووبەڕووی ببێتەوە، لە ڕێوڕەسمێکی پاشایانەدا بەرەو مەدینە کەوتەڕێ، سەردەمی خەلیفەی دووەم عومەری فاروق بوو، مسوڵمانەکان ئێران و میسر و فەلەستینیان ئازادکرد بوو، بەڵام لە ڕووی ماددییەوە لە ئاستێکدا بوون کە زۆربەیان کۆببوونەوە هەتا سەیری پۆشاک و جل و بەرگە گرانبەها و بێ وێنەکەی پاشای غەساسینەکان - جەبەلەی کوڕی ئەیهەم - بکەن! بۆ؟ چونکە خەلیفە و بەرپرسانی ئەوان پۆشاکی تایبەت لەبەر ناکەن و کۆشک و تەلاریان نییە، تاجی شاهانە لەسەر ناکەن و پۆشاکی پاشایانە لەبەر ناکەن.

شاعیر و فەیلەسوفی ئیسلام د.محەمەد ئیقباڵ (١٨٧٧-١٩٣٨) دەڵێت:

**قوت افرهنگ از علم و فن است**<br>
**حکمت از قطع وبرید جامه نیست**<br>
**علم و فن را ای جوان شوخ وشنگ**<br>
**از همین آتش چراغش روشن است**<br>
**مانع علم و هنر عمامه نیست**<br>
**مغز می باید نه ملبوس فرهنگ(٥)**

واتە: هێز و توانای ئەوروپا لە زانست و هونەرەکەیدایە، چراکەشی بەهۆی ئاگری هەمان زانست و هونەرەوە ڕووناکە، حیکمەت و دانایی لە جلوبەرگدا نییە و هیچ کاتێک مێزەر و عەمامە ڕێگر نەبووە لە زانست و هونەر، زانست و هونەر، ئەی لاوی جوان و قەشەنگ! مێشکی دەوێ نەک پۆشاکی فەرهەنگ (ڕۆژئاوا).

خەلیفەکەیان بەو هەموو دەسەڵاتەوە جلەکانی پینەی پێوەیە، عەرش و تەخت و تەلارەکەی تەنها حەسیرێکە، هێزی پاراستن چواردەوری

نەداوە، بێ ترس و بێ خەم لە ژێر سێبەری دار خورمایەکدا ڕادەکشێت و وچان دەدات و دەخەوێت، هەموو کەس دەتوانێت بیبینێت، قسەی لەگەڵ بکات و ڕەخنەشی لێ بگرێت.

ئیبنول ئەیهەمیش بەو ڕێوڕەسمە شکۆدارەوە و بە سەدو پەنجا سوارەوە، دەچێتە مەدینە بۆئەوەی وەلا و گوێڕایەڵی خۆی بۆ خەلیفە ڕابگەیەنێت، خەڵکی مەدینە ڕیز دەبەستن و تەماشای دەکەن!

کابرایەکی دەشتەکی بەبێ مەبەست، پێی دەکەوێتە سەر چمکی عاباکەی جەنابی پاشا، ڕەنگە کابرا مەستی هەیبەت و قیافە و شان و شەوکەتی پاشا یاخود جوانی پۆشاکی پاشا بووبێت! یاخود لە شان و شکۆی پاشا ترسا بێت و ئاگای لە خۆی نەما بێت و بەر عاباکەی کەوتبێت، پاشا دەستبەجێ شەپازلەیەک لە بناگوێی کابرا دەسراوێنێت، ئاخر چۆن دەبێ کابرایەکی دەشتەکی هێندە لە پاشا نزیک بێتەوە چ جای ئەوەی پێ بە عاباکەیدا بنێت؟!! کابرای دەشتەکی ڕاستە بە جلوبەرگ هەژارە، بە ڕواڵەت ناشارستانییە، بەڵام لە ناخیدا هۆشیارە، لە ژینگەیەکی جیاواز، بەڵام دروستدا پەروەردە بووە، دەزانێت خەلیفەکەی دادپەروەرە، مافی کەس زەوت ناکات، مافی هەژاران ناکاتە قوربانی یارییەکی سیاسی، دەزانێت یاسا سەروەرە، دەزانێت چۆن بە یاسا مافی خۆی بسەنێتەوە، بۆ ئەم مەبەستە دەچێت بۆ لای خەلیفە، کەسیش ڕێی لێ ناگرێت، سکاڵا لە دژی (جەبەلەی کوڕی ئەیهەم) تۆمار دەکات. خەلیفە، پاشا بانگهێشت دەکات بۆ دادگا، دادگایەک جیاوازی ناکات لە نێوان هەژار و دەوڵەمەند، وەزیر و گوزیر، پاشا و دەشتەکیدا، پێویستە پاشا تۆڵەی لێ بسەنرێتەوە! کەسیش بە کابرای دەشتەکی ناڵێت: لێی ببورێت و واز لە سکاڵاکەی بهێنێت، کەس سەرزەنشت و لۆمەی ناکات، مافی خۆیەتی و ئازادە و نابێ مافی بخورێت و سوکایەتی پێ بکرێت. پاشا کە دڵنیا دەبێت لە دادپەروەری خەلیفەی مسوڵمانەکان، بەرەو ڕۆمەکان هەڵدێت بۆئەوەی لە دادگای عومەری فاروقدا لە بەرانبەر کەسێکی دەشتەکیدا دانەنرێت و لێپرسینەوەی لەگەڵ نەکرێت، هەڵدێت و مەدینە بەجێدەهێڵێت، چۆن دەبێ بچێتە ڕیزی کەسێکی دەشتەکی؟ بەمشێوە کۆتایی بە دەسەڵاتەکەی دێت و کۆمەڵگەکەشی لەنێو پانتایی کۆمەڵگەی ئیسلام و مسوڵمانەکاندا دەتوێتەوە(٦).

## شوناسی ساختە تەمەنی کورتە و دەرەنجامەکانیشی ساختەن

ئەمڕۆ ئێمە زیاتر لە هەموو کاتێکی تر پێویستمان بە شوناسێکە ڕەسەنایەتیمان بپارێزێت و لە مۆدێلی نەتەوەیەکی تردا قەتیسمان نەکات، شوناسێک بونیاتنانی خۆی لەسەر سڕینەوەی ئەویدی بونیات نەنێت، شوناسێک لە قاڵبی مرۆگەرایی دەرنەچێت و مۆرکی تایبەتمان پێ ببەخشێت و نەمان کاتە کۆپی کەسانی تر، شوناسێک هەم لەگەڵ جیهانیبوونی ئاینەکەماندا و هەم لەگەڵ شوناسی نەتەوەیی و ڕۆشنبیریی و کلتوریماندا بگونجێت، ئەمەش ئەو شوناسە قورئانییە کە پێویستە لە گەوهەری ئیسلامەوە وەری بگرین.

## گرنگترین تایبەتمەندییەکانی شوناسی ڕاستەقینەی گەوهەری ئیسلام بریتییە لە:

١) بۆ خوا ژیان، قال تعالی:( **قُلْ إِنَّ صَلَاتِي وَنُسُكِي وَمَحْيَايَ وَمَمَاتِي لِلَّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ لَا شَرِيكَ لَهُ وَبِذَٰلِكَ أُمِرْتُ وَأَنَا أَوَّلُ الْمُسْلِمِينَ**) (الأنعام:١٦٢-١٦٣ )، بۆ خوا ژیان واتە مرۆڤ لە هەموو کاروبار و هەڵوێست و ڕەفتار و گوفتاریدا، خوای گەورە ـ کە پەروەردگاری جیهانیانە ـ بکات بە سەنتەر،

دیارە بەمەش هەوا و ئارەزوو و لایەنگیریی و دەمارگیری و ڕەگەزپەرستی دەخاتە کەنار.

٢) جیهانیبوون، ئەمەش لەگەڵ تێڕوانینی کورت و جیهانبینی تەسک و سەپاندنی مۆدیلی ناوچەیی بە سەر ناوچەکانی تردا جیاوازە. گەورەترین هەڵەش جیانەکردنەوەی ئەم دووانەیە لە یەکتر و لە هەمووشی خراپتر ئەوەیە مۆدێلی ناوچەیەک بکرێت بە ئاین و پیرۆز بکرێت و سیفەتی جیهانیبوونی بەباڵادا ببڕدرێت، وەک ئەو مۆدێلە سعودییەی کە بە ناوی سەلەفییەتەوە جیهانبینیەکی کورت و بێ ناوەڕۆک دەبەخشێت بە لایەنگرەکانی.

٣) شانازی دەبەخشێت بە هەڵگرانی و وایان لێدەکات بە شانازییەوە بڵێت: من لە گرۆی مسوڵمانانم، قال تعالی **(وَمَنْ أَحْسَنُ قَوْلًا مِمَّنْ دَعَا إِلَى اللَّهِ وَعَمِلَ صَالِحًا وَقَالَ إِنَّنِي مِنَ الْمُسْلِمِينَ)** (فصلت:٣٣)، من لە گرۆی مسوڵمانانم، واتە خاوەن شوناسێکی تایبەتم کە سەرجەم مسوڵمانان کۆ دەکاتەوە، منیش یەکێکم لەوان و ئەمەش مایەی شانازییە بۆم.

٤) کارایی، شوناسێکە ئاوێتەی دڵ و گیان و جەستەی مسوڵمان دەبێت و دەیبزوێنێت و کارا و ئەکتیڤی دەکات و لە کار و ڕەفتاردا بەرجەستە دەبێت، واتە: ئامادەبوونی شوناسی ڕاستەقینەی ئیسلام لە دڵ و دەروونداا، کارایی لێدەکەوێتەوە، بەڵام ئەگەر شوناسەکە ساختە بوو یان هەندەکی و ناتەواو بوو، ئەوا کارایی لێ ناکەوێتەوە، بەڵکو لەو دۆخەدا لە بری کار، مێژوو حزور پەیدا دەکات و هەڵگرانی مژوڵ دەبن بە شانازیکردن بە ڕابوردووەوە و خۆیان لە ئەرکە هەنوکەییەکان دەدزنەوە و تەنها بە جەستە و بەناو لە سەردەمی خۆیاندان و لە ڕاستیدا چەندین سەدە لە دواوەن!!.

**سەرچاوە و پەراوێزەکان**

(١) بۆ پێناسەی چەمکی شوناس بڕوانە: جميل صليبا، المعجم الفلسفي، مادة هوية، دار الكتاب اللبناني للطباعة والنشر و التوزيع، الطبعة الأولى ١٩٩٤م.

(٢) سایتی: موضوع اكبر موقع عربي بالعالم/ تعريفات/ تعريف الهوية، com.http//mawdoo٣

(٣) وتەکانی تەقیزادە و سوردڵ و سارتەرم لە بیریاری ئێرانی عەلی شەریعەتیەوە وەرگرتووە، بڕوانە: علی شريعتى، چەبايد كرد، چاپ ششم، چاپ مهارت تهران، ل١٠١، ١٠٤، ٣٣٨.

(٤) عبدالرحمن بدوي، اشبنجلر، دار القلم للطباعة والنشر والتوزيع لبنان ٢٠١٦، ل١٢٣. بەدواوە. هەروەها بڕوانە: فؤاد كامل، أعلام الفكر الفلسفي المعاصر، دار الجيل بيروت، ط١، ١٩٩٣م، ل١٤٣ بەدواوە.

(٥) خالید موحەممەد غەریب، گوڵشەنی ئیقباڵ، نوسینگەی تەفسیر، هەولێر، چ١، ٢٠١٦، ل١٤٩.

(٦) ابن كثير، أبو الفداء إسماعيل بن عمر بن كثير، البداية والنهاية، مكتبة المعارف – بيروت، ج٨، ل٦٣-٦٤.



# فکری ئیسلامی هاوچەرخ و ئەرکی دووبارە بیناکردنەوەی ناسنامەی نیشتمانی




**ئەبوبەکر عەلی**

لەدایکبووی ١٩٦٥. بەکالۆریۆس لە یاسا

پانزە بەرهەمی چاپکراوی هەیە

چەندین وتار و لێکۆڵینەوەی بڵاوکردوەتەوە.

## ناوەڕۆکی چەمکی ناسنامە

ناسنامە بەم ناوەڕۆکە نوێیەی ئێستاوە، بابەتێکی نوێی فکریی و زانستی هاوبەشی نێوان کۆمەڵێ زانستە، لەوانەش زانستی کۆمەڵناسی، دەروونیی و زانستە سیاسییەکان. مۆدێرنە وەک شۆڕشێک لە بیرکردنەوە و واقیعی مرۆڤ و کۆمەڵگەدا، دەستکاری پێگەی مرۆڤ و تێگەیشتن و تێڕوانینی بۆ خۆی و گەردوون و ژیان و سیاسەت و ماف و ئەخلاق و پەیوەندییەکانی کرد. مرۆڤی خستە دۆخێکی نوێی پڕ لە پرسیار و نیگەرانی و پێشهاتی چاوەڕوانکراو. لەچوارچێوەی واقیعە چەوساوە ئاینیی و سیاسیی و ئابووریی و دامەزراوەیی و ژینگەییە چەسپاوە کۆنەکە دەرهێناو خستییە سەر ڕێگای پێشکەوتن و نوێبوونەوە و ڕێژەیی بوون و سەراسیمەبوونێکی فەلسەفی نوێ.

لەچوارچێوەی واقیعی مۆدێرنەدا، کۆمەڵگەکان دابەشبوون و ڕیزبەندی نوێیان بەخۆیانەوە بینی، ناسیونالیزم سەریهەڵدا و مۆدێلی (دەوڵەت ـ نەتەوە) لەسەر ئاستی جیهان گشتگیر بوو. تاک لە بەرامبەر دەسەڵاتی سیاسی دووبارە پێگەی بۆ دارێژرایەوە. بە کورتی دیاردە و دەرکەوت و چالاکی و دابەشبوون و فۆرمەکانی خۆڕێکخستن ملکەچی پێناسەکردنەوە و ناولێنانی نوێ کران. لە دۆخێکی لەم جۆرەدا ئاساییە، بەڵکو چاوەڕوانکراوە پرسی ناسنامە سەرهەڵبدات، چونکە مرۆڤ و کۆمەڵگە مرۆڤایەتییەکان پێویستییان بە دووبارە خۆ پێناسەکردنەوە هەبوو، لەو سۆنگەوە کە ڕەهەندی نوێ هاتبووە سەر کەرەستەکانی خۆ پێناسەکردن، بەشێک لە کەرەستە کۆنەکانیش قورسایی جارانیان لەدەستدابوو. پرسی ناسنامە لە جیهانی ئیسلامیشدا هەر لە دوای بەریەککەوتنی لەگەڵ سەرقافڵەکانی ژیاری نوێی خۆرئاوا و لەشکرە داگیرکارەکانی بەشێوەیەکی سەرەتایی سەریهەڵدا، ڕیفۆرمخوازەکانی سەدەی نۆزدە، هەستیان کرد جیهانەکەیان، واتە جیهانی ئیسلامی، بە مەودایەکی

زۆر لە کاروانی شارستانییەت دواکەوتووە، توانای کێبڕکێی لەگەڵ شارستانێتی نوێی خۆرئاوادا پێ نەماوە، کە لە ئەوپەڕی زیندوێتی و گەندی و داهێنان و غروری خۆیدایە. هەستیان بەواقیعی تاڵی دواکەوتوویی نەتەوەکەیان کرد، دواکەوتنەکەش هەمەلایەنە و فرە ڕەهەند بوو.

هەربۆیە کەوتنە کەڵکەڵەی وروژاندنی پرسیاری نوێی لە وێنەی: بۆ ئەوان پێشکەوتن و ئێمە دواکەوتین؟ هۆکارەکان چین؟ چۆن دەگەینەوە بە کاروانی زیندوێتی شارستانێتی و لەم دواکەوتوویی و دارمانە ژیاریی و ئەخلاقییە ڕزگارمان دەبێت؟ ئاخۆ ئیسلام لە پشت دواکەوتنەکانمانەوەیە بەهەمان شێوەی ئەوروپا کە کڵێسای سەدەکانی ناوەڕاست بەربەست بوو لە بەردەم گەشانەوەی فکریی و کرانەوەی ئەخلاقی و پێشکەوتنی زانستی و تەکنەلۆژی؟ وەڵامدانەوە بەم پرسیارانە دەیخواست بە چاوی ڕەخنەوە بڕواننە کەلەپوور و واقیعی ئیسلامی، هەروەها کەوتنە بیری جیاکردنەوەی فکر و مەعریفەی ئیسلامی لە خودی ئیسلام و پەیامی بنەڕەتی ئاینەکە.

سەرەنجام کەوتنە سەر بیری چاکسازیی لە فکر و مەعریفەی ئیسلامیدا، چونکە ئەو فکر و مەعریفە و تێگەیشتنە خۆگونجاندنی لەگەڵ واقیع و ژیاری نوێ و پێویستییەکانی خۆ بیناکردنەوەی شارستانی نەدەگونجا، لە ڕوویەکی ترەوە لە نهێنی ڕازی پێشکەوتن و هێزی ژیاری نوێ و خۆرئاوا ڕامان. لە بەرەنجامی ئەم تێرامانەوە گەیشتنە ئەو باوەڕەی کە ڕازی پێشکەوتنی خۆرئاواییەکان و سەرچاوەی هێز و شکۆیان لە سستمە سیاسییەکەیان و عەدالەتی سیاسیدا خۆیان حەشار داوە. ڕەگەکانی دواکەوتنی جیهانی ئیسلامیش لە زۆرداری سیاسیی و (استبداد)دایە. هەربۆیە دەبێت لە پاڵ سوودوەرگرتن لە زانستی سروشتی و تەکەلۆژیای خۆرئاوا، دنیای ئیسلام بەبێ هیچ گرێیەکی هەست بە کەمی کردن، بە

ڕووی مۆدێرنەی سیاسیی و لیبرالیزم و ژیانی دەستووریی و سنووردارکردنی دەسەڵاتی فەرمانڕەواکان و حوکمی قانون و بنەمای هاوڵاتیتی یەکساندا بکرێتەوە و کارلێکی لەگەڵدا بکات و دووبارە بینای سیاسی خۆی لەو ڕوانگەوە دابڕێژێتەوە. ناشکرێت مەعریفەیەکی ئاینی بەسەرچوو، فقهێکی وەستاو، فکری چەقبەستوو، بەناوی ئیسلامەوە بکرێتە پاساوی ڕەتکردنەوەی ئەم ڕووە ئیجابی و پێویستەی شارستانێتی نوێ. هەموو ئەو کار و هەوڵانەش یەکسان بوو بە دووبارە پێناسەکردنەوەی خودی مسوڵمان و ئوممەتی ئیسلامی و سستمی حوکمڕانی و جیهانی ئیسلام.

پرسیارە نوێکانی وەک: مسوڵمان کێیە؟ ئوممەت چییە ؟ ئەرکی مسوڵمانان و دنیای ئیسلام چییە؟ بوونە بەشێکی دانەبڕاو لەدنیای هەستانەوە(نهضة)و دووبارە گەشانەوەی ژیاریی و بەدەستهێنانەوەی سەرچاوەکانی هێز. واقیعە نوێکەش کە لەژێر کاریگەری شاڵاوی داگیرکاری لەشکرەکانی خۆرئاوا و شارستانێتی نوێ دەخەملێ پێکدەهات، پێویستی دووبارە خۆپێناسەکردنەوەی بەدوای خۆیدا دەهێنا، چونکە سستمی نوێی سیاسی، دەرچوون بوو لە فەزاو چوارچێوەی ئیمپراتۆریەت. دووبارە داڕشتنەوە و پێناسەکردنەوەی سروشتی پەیوەندی نێوان تاک و دەسەڵات بوو، پێناسەکردنەوەیەکی نوێی سەرزەمین و قەڵەمڕەوی جوگرافی و لەدایکبوونی چەمکی نیشتمان بوو، نیشتمانیش سنوری چەسپاو و هاتنەکایەی چەمکی هاونیشتمانێتی و خۆپێناسەکردنەوەیەکی یاسایی و سیاسی لە پەیوەندی بەنیشتمان و دەسەڵاتێکی سیاسی دیاریکراوەوە دەخوازێت. لەڕووییەکی ترەوە هاونیشتمانی بوون کە پشت بە هاوبەشیی لە نیشتمان و ژیان لە سایەی دەسەڵاتێکی هاوبەشدا دەخوازێت، دەستکاری سروشتی پەیوەندی نێوان مسوڵمان و (أهل الکتاب)، یاخود شوێنکەوتەی ئاینەکانی تری دەکرد، لە دوای ئەم چەمکەوە هەردووکیان دەبنە خاوەنی ماف و ئەرکی وەک یەک و چیتر (ئاین) نابێتە پێوەری پۆلێنکردن و دیاریکردنی مافە سیاسییەکان.

ئەم پرۆسە ڕۆژ بە ڕۆژ بە حوکمی ڕێساکانی بەرەوپێشچوونی مێژوو، جیهانی بوونی ژیاری نوێ، دەچووە پێش و سیمای زیاتری بە واقیعی ئیسلامی دەبەخشی، بەڵام بەداخەوە دەرهاویشتەی کۆلۆنیالیزم، شکستی هەوڵەکانی چاکسازی لە ئیمپراتۆریەتی ئیسلامی و نوێکردنەوەی و درێژەکێشانی ستەمکاری سیاسیی و نوێ نەبوونەوەی فکری ئیسلامی بەگوێرەی پێویست، پرسی دووبارە پێناسەکردنەوەی ناسنامەیەکی هارمۆنی و هاوچەرخی میللەتانی مسوڵمان و ڕۆژهەڵاتی دووچاری کێشەیەی ڕاستەقینە کرد. بەجۆرێک کە قۆناغی دوای جەنگی یەکەمی جیهانی و هاتنە کایەی قەوارە نوێکان و سەرهەڵدانی بزاڤ و ڕەوتی ئیسلامی نوێ، سەرەتای دەستپێکردنی قۆناغێکی تاڵ و دژوار بوو، ڕەوتی گەشەکردنی کۆمەڵگە مسوڵمان نشینەکانی ناوچەکە و پرۆسەی نەتەوە و نیشتمان و دەوڵەتسازی ڕووبەڕووی ئاستەنگی گەورەبوونەوە، پرسی دووبارە داڕشتنەوە و خەملاندنی ناسنامەیەکی نیشتمانی لە چوارچێوەیەکی هاوبەشیش لەسەر ئاستی گەلانی ناوچەکەدا، لە سۆنگەی ئاین و مێژوو و فەرهەنگی هاوبەشەوە، توشی شێوان و تێکچوونێکی گەورە هات، ناسنامە نوێکان بەشێوەی جۆراوجۆر ئاماژەبوون، بەتێکچوونی ڕەوتی گەشەپێدانی کۆمەڵگەکانی ناوچەکە، شڵەژاوی سیاسەتەکان، نادادپەروەری و دیموکراسی دەسەڵاتەکان، شکستی نەتەوە و نیشتمانسازی و یەکلانەکردنەوەی ناسنامەی حوکم و مەرجەعیەتی شارستانی. بەڵکو ئاماژە بوو بە نەخەملێنی ناسنامەیەکی نیشتمانی و سیاسی و ژیاری نوێی هاوبەشی وا کە هەمووان بە جیاوازی ئینتمای فکریی و سیاسی خۆیان لە چوارچێوەدا پێناسە بکەن.

## ناسنامه له چوارچێوەی خۆپێناسەکردنەوەوە بۆ بابەتێکی ناکۆکی

هەروەک وتمان ناسنامە وەک بابەتێکی فکریی و سیاسی نوێ، مێژووەکەی تازەیە، بۆ ئێمەی خۆرهەڵاتیش تازە ترە، زیاتر لە دوای بیستەکانی سەدەی ڕابردووەوە بووە جێی مشتومڕی فکریی و بێنەو بەرەی سیاسی. ئەویش زۆربەی کات وەک بابەتێکی سەربەخۆی فکری نا، بەڵکو لە دووتوێی وروژاندنی باس و خواس و شەڕە فکریی و سیاسییەکان و بەناوی جۆراوجۆری ترەوە. بەڵکو تا ئێستاشی لەگەڵدا بێت لێکۆڵینەوە زانستییەکان لەمەڕ (ناسنامە) لە واقیعی ئێمەدا هەژاری و کەمی زۆریان پێوە دیارە و پێویستیان بە هەوڵ و دڵسۆزی چەند قات هەیە. چونکە هەتا ئێستاش پرسی ناسنامە سەبارەت بە بەشێک لە گەلان و وڵاتانی ئیسلامی و واقیعی ئیسلامی گشتی و ڕەوتی ئیسلامخوازیی یەکلانەبۆتەوە. بەتایبەتیش ئەم پرسە لە بازنەی فکری ئیسلامیدا بایەخێکی ئەوتۆی پێ نەدراوە، لە سۆنگەی بە ئایدۆلۆژیکردنی ئیسلام و فکری ئیسلامی و ڕەقی ئەو ناسنامەی لەو چوارچێوەدا خراوەتە ڕوو . بۆیە وا هەست دەکرێت کە هێشتا پرسی ناسنامە سەبارەت بە بەشێک لە ئیسلامی و عەلمانییەکانی وڵاتانی ناوچەکە و لەوانەش کوردستان یەکلانەبۆتەوە و بەجۆرێک لە تەم و مژاوییەوە ماوەتەوە. بەشێکی ئەوەش پەیوەستە بەنەبوونی بەخۆداچونەوەیەکی ڕاستەقینە و ڕەخنەگرتن لە ڕابردوو دووبارە خۆبیناکردنەوەی فکری، لەبەر ڕۆشنایی ئەرکی بە دیموکراتیزەکردنی دەسەڵات و سەرخستنی پرۆسەی نیشتمان و نەتەوەسازی و دەوڵەتی نوێی مەدەنی، کە لەچوارچێوەیدا هاوڵاتیتی واتا و ئاماژەکانی خۆی پەیدا بکات و هەمووان بەبێ جیاوازی، ناسنامە فەرعییەکان، هەست بە ماف و ئازادی و کەرامەتی خۆیان بکەن.

ئەم واقیعەی پێشەوە ئاماژەمان پێکردووە وایکردووە، کە دیدی بەشێک لە ناوەندە فکریی و سیاسیی و یاسایی و ئاینییەکە، بۆ ناوەڕۆکی چەمکی ناسنامە ڕوون نەبێت .. یاخود لانی کەم تاکو ئێستاش ئەسیر و دەست بەستراوی فۆرمێ لە ناسنامەی هەمەلایەنە و ڕەق بێت، کە گۆڕانکارییەکان و چاوەڕوانی گەلان و نوخبە زیندووەکان تێیپەڕاندوون. چونکە لەگەڵ پێویستییەکانی گەشەپێدانی سیاسیی و ئابووریی و ڕزگاربوون لە بازنە داخراو و قانگدراوەکانی توندوتیژی و یەکتر بە نەفرەتکردن و وەلانانی بەهاکانی دیموکراسی و بێ حورمەتی کردن بە مرۆڤ و گەندەڵی و خراپ بەکارهێنانی دەسەڵات ناگونجێت.

کێشەی نیمچە ڕەهای گەلان و وڵاتانی ناوچەکە، بەئاستی جیاواز، لە تێنەپەڕاندنی پرسی ناسنامەدایە، واتە لە شکستیاندایە لەوەی لەچوارچێوەی واقیعێکدا کە مۆدێرنەی فکریی و سیاسیی و زانستی خولقاندوویەتی، بە جۆرێ خۆیان پێناسە بکەنەوە، ببێتە سەرچاوەی ئاشتی و ئاوەدانی و بەیەکەوە ژیان و خەملێنی مانای دەوڵەت و دادپەروەری سیاسیی و ئابووریی و چارەسەری کێشەکان.

تاکو ئێستا گیرخواردنێکی تەواو لە نێوان ڕووە چەسپاو و گۆڕاوەکانی ناسنامەدا هەستی پێ دەکرێت، ناسنامە سیاسییە سەپێنراوە توندوتیژەکان لە هەردوو بازنەی عەلمانی و ئیسلامیدا، کارێکیان کردووە، سەرچاوە و ڕەگەزە کولتووری و مێژووییە هاوبەشەکان، لە چوارچێوەی پرۆسەیەکی نوێدا، بەشداری لە دارشتنەوەی ناسنامەیەکی کراوە و هاوبەشی نەرم و نوێدا نەکەن.

هەروەک ڕوونە ناسنامە پەیوەندی بە تێگەیشتن لە خود و بەرامبەرەوە هەیە، لە ڕوویەکەوە کار لەسەر هاوبەشە کولتووریی و سیاسییو ژیاریی و

# کێشەی نیمچە ڕەهای گەلان و وڵاتانی ناوچەکە، بەئاستی جیاواز، لە تێنەپەڕاندنی پرسی ناسنامەدایە.

نەتەوەیی و ئاینییە کۆکەرەوەکان و جیاکەرەوەکان لەگەڵ بەرامبەر دەکات، هەر ناسنامەیەکی هەبێت. ناسنامە وەڵامدانەوەیە بە پرسیاری، من کێم؟ لەسەر ئاستی دەستەجەمعی و کۆمەڵگەشدا، ئێمە کێین؟ چ تایبەتمەندی و ئادگار و خەسڵەت و خودێکی جیاکەرەوەمان هەیە؟ بوونمان لە چیدا بەرجەستە دەبێت یا بەچی لە بەرامبەرەکانمان جیاوازین؟ بەشە چەسپاو و نەگۆڕەکەی ناسنامە چییە و بەشە گۆڕاوەکەی کامەیە؟ ناسنامە لە ڕوویەکیدا گوزارشتە لە تایبەتمەندێتی (الخصوصية).

### ناسنامە لە نێوان چەسپاوی و گۆڕاوبووندا

پرسێکی گرنگی ناسنامە لەم ناونیشانەدا کورت دەبێتەوە، واتە ئایا ناسنامە چەسپاو و نەگۆڕە، یاخود گۆڕاو و مێژوویی؟ جۆری وەڵامدانەوە بەم پرسیارە، تێگەیشتنی جیاوازمان بۆ ناوەڕۆکی ناسنامە پێشکەش دەکات، چونکە بەشێک لە مشتومڕە فکرییەکان لەمەڕ ناسنامە بەم پرسیارە و چۆنیەتی وەڵامپێدانەوەیەوە گرێدراوە.

ئەوانەی لایەنگری تێزی ناسنامەی چەسپاو و نامێژوویی و نەگۆڕن، لە ڕووی سیاسیی و فکرییەوە موحافیزکار و هەندێ جاریش سەریان لە توندڕەوییەوە دەردەچێت، چونکە جیهان و کۆمەڵگەکان و واقیع دەگۆڕێن و تێگەیشتنی ئەوان بۆ ناسنامە و ڕیزبەندییەکان لە شوێنی خۆیدا دەمێنێتەوە. بڕوابوون بە ناسنامەی نەگۆڕ و چەسپاو، کارکردنە بە عەقڵی نەگۆڕاو لە جیهانێکی گۆڕاودا، ئەم تێگەیشتنە بەیەکدادانی ناسنامەکانی لێ دەکەوێتەوە، جێگای سەرنجە هەندێک جار لەلایەن بەرامبەرە نەیارەکان و بۆ مەبەستی نادروست و بەرژەوەندیخوازانە، ناسنامەیەکی نەگۆڕ بەسەر کۆمەڵگە و ناوچە و کانونێکی ژیاریی و فەرهەنگی و ئاینیدا دەسەپێنرێت. نموونەی زەق لەسەر ئەمە گوتاری خۆرهەڵاتناسی خۆرئاوایە بەرامبەر بە خۆرهەڵات، بەشێک لەو گوتارەی لە خۆرئاوا لە کۆن و نوێدا، لە سەرەتاوە لەچوارچێوەی گوتاری خۆرهەڵاتناسی و دواتر لە مەودایەکی بەرفراوانتردا دەربارەی خۆرهەڵات و جیهانی ئیسلام وەبەردەهێنرێت، وێنای خۆرهەڵاتێکی نەگۆڕ دەکات. ناسنامەیەکی جەوهەرگەرانەی نەگۆڕ بەم بەشەی جیهان دەبەخشێت و لەوێوە وێنای خودی جیاوازی خۆی دەکات. بەگوێرەی ئەم ووتارە، خۆرهەڵات خودان ناسنامەیەکی سەرمەدی و بان مێژوویی نەگۆڕە! هەر لەوێشەوە قابیلی بەشارستانیبوون و نوێبوونەوە و هاتنە ناو مێژوو بە مانا مۆدێرنە بەرفراوانەکەیەوە نییە!

ئەوەی جێگای سەرنجە لەکاتێکدا ئەم گوتارە پاساو بۆ داگیرکردنی ڕۆژهەڵات و سیاسەتەکانی خۆرئاوا دەربارەی ئەم جیهانە و وڵات و گەلەکانی ناوی دەهێنێتەوە، هەروەها لە ڕوویەکی ترەوە خودی بەرزەمنی خۆرئاوا مەست دەکات، لە جیهانی ئیسلامیدا بە ناوی خودی ئیسلامەوە پشت ڕاست دەکرێتەوە و ڕەوایەتی پێ دەبەخشرێت! تەنانەت لای خودی ئەو کەس و ناوەند و تەوژمە ئیسلامیانەش، کە بەلای خۆیانەوە سەرقاڵی هەڵوەشاندنەوەی گوتاری خۆرهەڵاتناسی و لە قاودانی ئەو بەشە لەم گوتارە بوون، کە وێنای خۆرهەڵات لەگەڵ چەقبەستوویەکی مێژوویی

**جیهان لە ڕوانگەی زۆرێك لە داڕێژەرانی فكر و ڕێبەرانی ڕەوتی ئیسلامی نوێوە، دوو بەشە (دار الاسلام) (دار الكفر)**

چارە نەکراودا تێکەڵ دەکات. ئەوەش لەڕێی پێداگرتنیان لەسەر بەهەموو شتکردنی ناسنامەی ئیسلامی و هەوڵی دووبارە بەرهەمهێنانەوەی دەرکەوتەکانی ئەو ناسنامە لە ڕابردوودا لە واقیعە نوێکاندا، چونکە گوتاری ئیسلامی باوی حەرەکی و ناحەرەکی، بەدرێژایی سەدەی بیستەم و ئێستاش لەسەر هەندێ ئاستدا، دژبەیەکی خۆی لەگەڵ ناسیونالیزم و دەوڵەتی نوێ و دیموکراسی و چەمکی هاوڵاتێتیو نیشتمان و هاو وێنەکانیان دەربڕیوە. کاری لەسەر دووبارە گێڕانەوەی ڕابردووی ئیسلامی و سەردەمی ئیمپراتۆریەت کردووە! زۆرکەم نەبێت، حسابی بۆ گۆڕانکارییە گەردوونی و سەراپاگیر و هەمەلایەنەکانی سەردەم نەکردووە، گەر حسابیشی بۆ کردبێت، تەنها لە پەیوەندی بە دووبارە ڕێکخستنەوەی شێوازی خەبات و تاکتیکەکانەوە بووە، بۆ سەرلەنوێ گێڕانەوەی شکۆی ئیسلامی لەدەستچوو، تەنانەت بە فۆرمە مێژووییەکانی دەسەڵات و ڕاوانینە جیهان و هەستە ئیمپراتۆریەتییە فراوانخوازەکانەوە(١).

بەدەر لەم بابەتە کە قسە لەسەر کردنی زۆر دەخوازێت، دەبێت زۆر بەکورتی بڵێین، کە ناسنامە لەو سۆنگەوە کە بەشێکی گرنگی ناوەڕۆکەکەی لە پەیوەندی بە بەرامبەرەکانەوە دیاری دەکرێت و ئەو بەرامبەرانەش لە گۆڕاندان، ناکرێت بە نەگۆڕ و چەسپاو سەیر بکرێت. بۆ نموونە خۆرئاوای ئێستا هەمان خۆرئاوای سەدەکانی ناوەڕاست نییە، (ئایین) هەمان ڕۆڵی جارانی لە ئاڕاستەکردنی جەنگ و لەشکرکێشی و ململانێکاندا نییە. کەرەسە و چەک و سیماکانی گۆڕاون. ئەمەش وادەکات ناسنامەی بەرامبەریش بگۆڕێت، لەناوخۆشدا لە سۆنگەی دابەشبوونی دنیای ئیسلام بۆ دەیان قەوارەی هاوچەرخی نەتەوەیی و شێوە نەتەوەیی، گەلانی ناوچەکە بەشێك لە ناسنامەیان بەرامبەر یەکتر و لە سۆنگەی جیاوازی نەتەوەییەوە وەردەگرن و دەخەملێنن.

کێشەی فکری ئیسلامی بە گشتی و باڵە توندڕەوەکەی ناو ئەم فکرە و ڕەوتی ئیسلامیش لەم ڕووەوە لە ڕابردوودا لەوەدابووە، کە زۆر گوێی بەو واقیعە جیاواز و گۆڕاوە نەداوە و بە کردەوە لە جیهانی پێش مۆدێرنە و هاتنەکایەی دەوڵەتە نوێکان و سەرهەڵدانی ناسیونالیزم و سستمی نێودەوڵەتی بیریکردۆتەوە و ناسنامەی خۆی دیاری کردووە. (ئایین)ی کردووە بە دەستنیشانکەری نیمچە ڕەهای ناسنامە و جگە لە پەراوێزێکی لاوەکی و بەشێوەیەکی کاتی، هیچی وای بۆ ڕەگەزە پێکهێنەرەکانی تری ناسنامە نەهێشتۆتەوە. جیهان لە ڕوانگەی زۆرێک لە داڕێژەرانی فکر و ڕێبەرانی ڕەوتی ئیسلامی نوێوە، دوو بەشە: (دار الاسلام) (دار الكفر) گەر ئەم زاراوانەشیان بەکارنەهێنابێ بە هەمان ڕۆحیەت و ڕوانگەوە مامەڵەیان کردووە(٢). ئەمەش وای کردووە، تێگەیشتنیان بۆ ناسنامەی تاک و کۆمەڵگەی ئیسلامیش لە سەردەمی نوێدا بەگوێرەی پێویست نوێ نەبێتەوە، بەڵکو تێگەیشتنە مێژووییەکەیان بۆ ناوەڕۆکی ناسنامەی ئیسلامی بە هەندێک دەستکاری ڕواڵەتییەوە بانگهێشتکردۆتەوە و هەر لەم ڕوانگەشەوە سەیری تایبەتمەندێتی (الخصوصية)یان کردووە!!

ناسنامەی ئیسلامی لای ئەم گوتارە، هەمەلایەنە، نەگۆڕ و سەرمەدی و یان مێژووییە.

گۆڕانکارییەکان کاری تێ ناکات و ئامادەش نییە لە ڕوانگەی واقیعە نوێکانەوە، دەستکاری ناوەڕۆکی خۆی بکات. بەرامبەرەکانیش بە حوکمی ئەم گوتارە، هەرچەند گۆڕابن، وا مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێت، کە گۆڕانکارییەکان قوڵ نین و ئەوەی هەیە هەوڵێکە بۆ شاردنەوەی ناسنامە کۆنە بنەڕەتی یەکەیان. واتە خۆ لە مێژوودا هێشتنەوە و لەوێدا ناسنامە بەخۆدان، بەرامبەر لە مێژوودا ناسنامە بەخۆدان دەخوازێت، بۆ نمونە خۆرئاوا با شۆڕشی پیشەسازی و کودەتای مۆدێرنەشی تیادا ڕوودابێت و دۆخەکەی بەسەر یەکدا قڵپ کردبێتەوە، لە جەوهەردا هەر نوێنەرایەتی ڕۆحیەتی خاچپەرستی کۆن دەکات؟! لەڕاستیشدا کاتێک ئیسلامخوازانی نوێ لە هەوڵی ئەوەدابوون ناسنامەیەکی ئیسلامی هەمەلایەنە و بێ هاوبەش گشتگیر بکەنەوە و هەموو ئەو ناسنامە نوێیانە ڕەتبکەنەوە، کە بە هۆی تێکەڵاوبوونی جیهانی ئیسلام و کۆمەڵگەکانی بە شارستانێتی نوێ، لەسەر ئاستی تاک و کۆمەڵگە و دەوڵەت و ئوممەت بۆیان دروستبووە، بە سروشتی حاڵ بۆئەوەی پاساوی ئەم بە ئاینی کردنی زیاد لە پێویستی ناسنامە بدەنەوە، دەبێت پێناس و ناسنامەی ئاینیش بە بەرامبەرەکانیان بدەن و ئەو گۆڕانکاری و ناسنامە نوێیانەیان لێ قبوڵ نەکەن کە لە خۆیان نیشان دەدەن و خۆیانی پێ دەناسێنن و نمایشی دەکەن.

ئەم گوتارە لە گوتاری (القاعدە) و (داعش)و هاو وێنەکانیان و بە گشتی تەوژمی سەلەفی بە تایبەتیش سەلەفی جیهادی دەگاتە لوتکەی گەڵاڵەبوون و گوزارشت دانەوە لە خۆی. یەکێک لە سەرچاوەکانی توندوتیژیش لەوانەش توندوتیژی ئیسلامی یاخود بە ئیسلام پاساودراو، لە ڕەتکردنەوەی فرەیی و ناسنامەی فرە ڕەهەندی جیهانی نوێوە سەرچاوە دەگرێت.

## تەوژمی ئیسلامی نوێ و تەوژمی ناسنامەگەرایی

یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی فکر و ڕواڵەتی ئیسلامی نوێ، ناسنامەگەرایی بوونە(٣)، واتە ئیشکردنە لەسەر پاراستنی ناسنامەی گەلانی مسوڵمان لە بەرامبەر ئەوەی ناونراوە بە شاڵاوی فەرهەنگ و شێوە ژیانی خۆرئاوایی، ئەمەش پێچەوانەی ئەو گوتارە ڕیفۆرمخوازە ئیسلامییە بوو، کە لە سەدەی نۆزدە و سەرەتای سەدەی بیستەم لە ئارادا بوو. کە بە ڕووی خۆرئاوادا کرابۆوە و ئەرکێکی گەورەی خۆشی بە ڕەخنەگرتن لە واقیعی ئیسلامی و ڕیفۆرمی فکر و مەعریفەی ئایینی دەزانی.

گوتاری ناسنامە لە چوارچێوەی ڕەوتی ئیسلامی نوێدا بووبە سەرچاوەی داخراوی فکریی و بە ئایدۆلۆژی کردنی ئیسلام و فکری ئیسلامی و ڕەتکردنەوەی بەرامبەر و، کەم توانایی لە خوێندنەوە و تێگەیشتن لە واقیعی نوێ و ئەرکە نوێکان، هەربۆیە ئەگەر پرسی بنەڕەتی لای بیری ڕیفۆرمخوازی ئیسلامی دژایەتی(استبداد)و ستەمکاری ناوخۆ و گەیشتنەوە بە کاروانی شارستانێتی نوێ و دووبارە بیناکردنەوەی سستمی سیاسی لە ڕوانگەی دەستکەوتەکانی مۆدێرنەی فکریی و سیاسییەوە لە بواری بە عەقڵانی کردنی دەسەڵات و سنوردارکردنی دەسەڵاتی دەسەڵاتدار بووبێت، لە پاڵ ڕووبەڕوو وەستانەوەی کۆلۆنیالیزم و لەشکرکێشی خۆرئاوا بۆ سەر جیهانی ئیسلامی، ئەوا خەمی گەورە و بنەڕەتی فکر و ڕەوتی ئیسلامی نوێ، پاراستنی ناسنامە و بە ئیسلامکردنەوەی ژیان و ڕەتکردنەوەی دەوڵەت و سستمی نوێ بووە.

لە ڕوویەکی ترەوە، لەبری ڕوانینی خۆرئاواش وەک ئەزموونێکی شارستانی و ژیاری تێکەڵاو و مەزن و جیاکردنەوەی خۆرئاوای ئیستعمار و

فاشیزم و ناسیزم، لە خۆرئاوای شارستانیەت و دیموکراسی و ژیانی دەستووریی و پێشکەوتنی ئابووری، خۆرئاوایان کرد بە دورگەیەکی تاوان و خراپەکاری و تاریکی ڕەها(٤)، ناسنامەی خۆشیان لەسەر ئەو بناغە و ڕەتکردنەوەی خەملاند.

گوتاری ناسنامەگەرایی ئیسلامی نوێ لە سۆنگەی مێژوویی بوون و نا نەتەوەیی و جیهانیبوونیدا، خۆرئاوا بەڵکو کۆی جیهانی دەرەوەی جیهانی ئیسلامی بە یەکەیەکی لە دابەش نەهاتوو سەیر دەکات؟! ناسنامەیەکی هاوبەشی ئیسلامیش بە گەلانی مسوڵمانی ناوچەکە دەدات، کە دیارە دواتر ئەم ناسنامە دادەبەزێت بۆ ئاستی تەوژمی ئیسلامی، چونکە بەلای ڕەوتەکەوە ئەوەی نوێنەرایەتی ڕۆحی ئیسلام و ناسنامەی ئیسلامی ئەم گەلانە دەکات، خودی گەلەکان نین کە لەژێر شاڵاوی وەسخبوونی ناسنامە و قبوڵکردنی ڕواڵەتەکانی ژیانکردنی خۆرئاوادا ژیان دەبەنە سەر، بەڵکو ڕەوتی ئیسلامییە، وەک درێژەدەری ڕۆحی مێژووی یەکتاپەرستی و تاقانەبوونی جیهانی ئیسلام و ناسنامە نەگۆڕ و هەمیشەییە ئاسمانییەکەی! .

ئێمە گرنگە لەوە تێبگەین، گەر ناسنامە هەندێک ڕووی چەسپاوی ئاینی و فەرهەنگیشی هەبێت، ئەوا بەشێوەیەکی گشتی لەناو مێژوو بە حوکمی گۆڕانکارییەکان گەشە دەکات و دەگۆڕێت و نوێ دەبێتەوە. بۆ نموونە لە پێش سەرهەڵدانی ناسیونالیزم، ئەم پرسە واتە پرسی نەتەوەییی بوون، ڕەهەندێکی ناسنامەی پێکنەهێناوە، چونکە مرۆڤەکان وەک ئێستا هۆشیار نەبوون بە جیاوازی لە پەیوەندی بەو ڕەهەندە و لەسەر بناغەی ئەو داخوازی سیاسیان لا دروست نەبووە.

تەنانەت ڕووە چەسپاوەکەی ناسنامەش بۆ نموونە وەک مسوڵمان بوون، سەبارەت بە زۆرینەی کۆمەڵگەکەمان و کۆمەڵگە مسوڵمان نشینەکان، گوزارشت لێدانەوەی گۆڕانکاری بەسەردا دێت، بۆ نموونە مەرج نییە ناوەڕۆکی مسوڵمان بوون لەسەر ئاستی سیاسیی و هونەری و هەندێ ڕووی ترەوە هەمان مانای (١٠٠)ساڵ لەمەوپێش بگەیەنێت. بە حوکمی ئەوەی هەر سەردەمە و جۆر و تایپی دینداری تایبەت بەخۆی هەیە، مسوڵمانێتی لە چوارچێوەی کۆمەڵگەیەکی گەشەکردوو ئاڵۆزی سەردەمدا جیاوازە لە ئاماژەکانی لەنێو فەرهە نگ و کۆمەڵگەیەکی نەرێتی نیمچە وەستاودا.

ئەگەر ئەم جیاوازی کات و شوێن و گۆڕانکاریانە لە پەیوەندی بە ناوەڕۆک و خەملاندنی ناسنامە لەبەرچاو نەگرین، کە بە داخەوە فکر و ڕەوتی ئیسلامی نوێ و ئیسلامی سیاسی زۆر ڕەچاوی نەکردووە دووچاری پێکدادان لەگەڵ واقیع دەبین و بەشێکیشمان سەری لە توندوتیژییەوە دەردەچێت. بەشەکەی تریش بە نیمچە بەردەوامی لە کێشمەکێش و ململانێدا دەبێت، لەگەڵ دەوڵەت و تەوژم و ناسنامەی بەرامبەر، هەروەک بە درێژایی سەدەی بیستەم زۆربەی جیهانی عەرەبی و بەگشتی جیهانی ئیسلامی بە ئاستی جیاواز بەوشێوەیە بووە.

## قەیرانی ناسنامە

بەهۆی جوان نەخوێندنەوەی واقیع و کاریگەرییەکانی لەسەر پێکهێنەرەکانی ناسنامە و پێداگرتن لەسەر ناسنامەی تاک ڕەهەندی، تاک و کۆمەڵگە بە ئاستی جیاواز دوچاری قەیرانی ناسنامە دەبن، واتە دوچاری قەیرانی هۆشیاریی و خۆپێناسەکردن و جۆرێک لە نامۆیی لە خود دەبن.

ئەوەی قەیرانی ناسنامەش لە کۆمەڵگەیەکی مسوڵماندا دروست دەکات، تەنها کاریگەربوون بە ژیاری نوێ و پشتکردنە ئیسلام و فەرامۆشکردن و لاساییکردنەوەی فکریی و ئەخلاقی و فەرهەنگی نییە، هەروەک لە ناوەندە ئیسلامییەکەدا برەو بەم تێگەیشتنە دەدرێت، بەڵکو بە بڕوای ئێمە لە هەندێک کات و شوێندا خودی ئیسلامییەکان و ئەوانەی خۆ بە پارێزەری ناسنامەی ئیسلامی دەزانن، بە

جۆرێکی تر دوچاری هەمان کێشە دەبن، چونکە قەیرانی ناسنامە تەنها بەخۆدانە دەست بەرامبەر و سڕینەوەی جیاوازییەکان لەگەڵیدا و سەرسام بوون پێی دروست نابێت، بەڵکو بەجوان نەخوێندنەوەی بەرامبەر و دانپیانەنانی و وەک خۆی نەناسینی و زیاد لە پێویست قوڵکردنەوەی جیاوازییەکانیش لەگەڵیدا، قەیرانی ناسنامە، یاخود نەخۆشی قەبەبوونی ناسروشتی ڕەگەزێکی ناسنامەی لێدەکەوێتەوە. چونکە ئەو دۆخەش ئاماژە بە دانانان بە هەندێک ڕەگەزی ناسنامە و نەگونجاندنیاندا لە گوتاری ناسنامەدا. هێزێک تەنها پێ لەسەر ئیسلامیبوون دابگرێت، هەروەک بۆماوەی دەیان ساڵ ڕەوتی ئیسلامی بە گشتیو بەتایبەتی (ئیخوان ) و (کۆمەڵی ئیسلامی پاکستان) بەو جۆرە بوون، وا دەکات لە هەندێک ڕووەوە لە واقیعی نیشتمانی خۆی نامۆ بێت، هەروەها نەتوانێ گوزارشت لە ڕەگەزە پێکهێنەرەکانی و هێز و چاوەڕوانی و ناسنامە فەرعییەکانی بداتەوە و لە خۆیان بگرێت، لەکاتێکدا گەر ناسنامە ئاماژە بێت بۆ بەیەکەوە بەستنەوەی هاوبەشەکان و دروستکردنی مانا و هەست و بەهای هاوبەش لە نێوانیاندا، ئەوا دەبێت ناسنامەی نیشتمانی ببێتە ڕەمز و ڕایەڵەی کۆکردنەوەی هەمووان و جیاوازییەکان و خوڵقاندنی کەش و هەوای بەیەکەوە ژیانی ئاشتیخوازانە.

## پێویستی بیناکردنەوەی ناوەڕۆکی ناسنامە لە فکری ئیسلامی هاوچەرخدا

بەشێک لەو ناسنامەیەی ئیسلامییەکان لە قۆناغی ڕابردوودا بەتایبەتیش لە پێش نەوەدەوکاندا هەڵیان گرتبوو، تا ڕادەیەک پێناسەی (یۆشی شایگان)ی بەسەردا دەچەسپێت کە پێیوایە: (ناسنامە وێنایەکی هەڵەو ناڕاستە لە خود)، لەڕاستیدا لەگەڵ ئەوەی کە ناکرێت بەتەواوی خۆ بەدەست ئەم پێناسەوە بدەین، بەڵام دەبێت سوودی لێوەربگرین، چونکە لە زیاد لە ئاستێکدا ئەم پرسە تێکەڵ بە تێگەیشتنمان بۆ ناسنامە بووە. بە حوکمی ئەوەی جۆری وێنا و تێگەیشتنمان بۆ خود، تێگەیشتنمان بۆ بەرامبەرەکانیش دیاری دەکات. چۆن بڕوانینە خودی ئاینی و شارستانی و نەتەوەیی و سیاسیی و ئایدۆلۆژیمان ، لەو ڕوانگەوە، وێنای بەرامبەرەکانیش دەکێشین و هەڵوێستیان بەرامبەر دیاری دەکەین.

کێشەی قوڵیش لەم ڕووەوە تەنها لەوەدا نییە بە هەڵە لە خۆمان تێبگەین و ئەم تێگەیشتنە تێکەڵ بە ئایدۆلۆژیا و خۆزگە و شکۆ لەدەستچووەکانمان بکەین، کە ئەمە واقیعە و هەر ئەمەش زیانێکی زۆری لە دنیای ئیسلام و لە دەرەوەی ئەو دنیایەش لە کۆمەڵێ گەل و نەتەوە و وڵات داوە. چونکە هەروەکو خود بە بچووک بینین و گرێی هەست بە کەمی کێشەیە، خۆ بە گەورە بینینی زیاد لە پێویستیش کێشەیە. ناکرێت تۆ خۆت بە هەڵگری پەیامێکی جیهانی و ڕزگارکەری مرۆڤایەتی ببینی، لە هەمانکاتدا واقیعی سیاسیی و ئابووریی و فکریت وێران بێت و بەدەست توندوتیژی و خودکوژیی و ڕق و کینە و دواکەوتووییەوە بناڵێنی. هەڵبەت هەستکردنی (بالقوة) بە خاوەن پەیام بوون و گەورەیی، نەک هەر ئاساییە، بەڵکو پێویستیشە، ئەوەی لەم ڕووەوە خراپە و نابێت ببێت، دروشمبازی و لافلێدان و خۆخەڵەتاندنە بەو دروشمانە و نەبینین و چاو نوقاندنە لە ئاست کێشە و قەیرانەکانی خوددا، کە دیارە گوتاری ناسنامە گەرایی ئیسلامی نوێ، کە هەست بە هەڕشەی تیاچوون دەکات و هەموو خەمێکی کردبووە پارێزگاری کردنی ناسنامەی ئاینی کۆمەڵگە، جگە لە ڕوانگەیەکی ئایینی و ئەخلاقی سنوردار، زۆر کەم توانیویەتی ڕەخنە لە واقیعی سیاسیی و ئابووریی و کۆمەڵایەتی بگرێت. کاتێک ڕەخنەشی لێگرتووە، بە پلەی یەکەم ئایدۆلۆژی بووە، بۆ ئەوە بووە، زەرورەتی بە ئیسلامی کردنەوەی ناسنامەی

تاک و کۆمەڵ و حوکمرانی و چارەسەری ئیسلامی بۆ کێشەکان بخاتە ڕوو! کە ئەوە خۆی لە خۆیدا سادەکردنەوەی کێشە و چارەسەرەکانیشە.

گەر لێرەدا قسەکانمان کورت بکەینەوە دەبێت بڵێین پێویستە فکری ئیسلامی هاوچەرخ لە زیاد لەئاستێکدا بینای ناوەڕۆکی ناسنامە بکاتەوە، بەشدار بێت لە خەملاندنی ناسنامەیەکی هاوبەش بۆ گەلانی مسوڵمان، لە چوارچێوەی دەوڵەتەکانیاندا.

سەرەتای ڕێگەش لەم ڕووەوە بە قبوڵکردنی ناسنامەی فرە ڕەهەند و ڕزگاربوون لە دۆخی کێشمەکێش (جدل)ی ناسنامەکان کە زۆرێک لە وڵاتانی ئیسلامی تاکو ئێستاشی لەگەڵدا بێت بەدەستییەوە دەناڵێنن، دەستپێدەکات. مەبەست لە کێشمە کێشی ناسنامەکان، جیاوازی تەوژمەکانی کۆمەڵگەیە لەسەر ناسنامەی گشتی و هاوبەش. کەوا دەکات گەل یاخود نەتەوە و ئەو کۆمەڵگەیە نەتوانێت ببێتە خاوەنی ناسنامەیەکی هاوبەشی دەستەجەمعی وا، سەرجەم ڕۆڵە و پێکهات و پێکهاتەکانی بگرێتەوە.

گەر سەیری مێژووی نوێی ناوچەکە بکەین دەبینین، ئیسلامییەکان پێیان لەسەر ناسنامەی ئیسلامی و ئوممەت بە مانا ئایینی و سیاسییە مێژووییەکەی داگرتووە، زیاتر واقیعی موسڵمانانیان لە ئیسلامدا کورتکردۆتەوە و گوێیان نەداوە بەو گۆڕانکارییە جۆراوجۆرانەی مۆدێرنە و واقیعی سەردەم بەسەر پرسی بەخود هۆشیاربوون و ناسنامەی تاک و گەلانی مسوڵمانیاندا هێناوە. ئەم تێگەیشتنە هەمەلایەنەش بۆ ناسنامەی ئیسلامی شوێن و دەرفەتی زۆر کەمی بۆ گوزارشت لە خۆدانەوەی ناسنامەکانی تری لەوانەش ناسنامەی نەتەوەیی و سیاسی هێشتۆتەوە. بەحوکمی ئەوەی ڕەوتی ئیسلامی نوێ بڕوای بە نەتەوایەتی و فرەیی سیاسی و دیموکراسی نەبووە یاخود لاواز بووە(٥). لەڕاستیشدا پێداگرتنی فکری حەرەکی ئیسلامی نوێ لەسەر ناسنامەی تاک ڕەهەندی ڕەنگدانەوەی کێشەیەکی تری ئەم فکرەیە، کە ئەویش کێشە بووە لەگەڵ فرەیی سیاسیی و فکریی و باوەڕنەبوونی بە سازان لەگەڵ تەوژمی بەرامبەر لەپێناو ڕێکەوتن لەسەر دەستور و ڕێساکانی ژیانی سیاسی. لە بەرامبەریشەوە بەشێوەیەکی گشتی ناسیونالیستەکانیش لەژێر کاریگەری سکیولاریزمدا تا ڕادەیەکی بەرچاو هەمان تێگەیشتنیان بۆ ناسنامە هەبووە، بەتایبەتیش کاتێک لە پەنجاکانەوە تەوژمی نەتەوایەتی ناوچەکە بە چەپ و مارکسیزم کاریگەر بوو، کودەتاشی کردە ڕێگایەکی سروشتی بۆ گرتنەدەستی دەسەڵات، ئەم تەوژمەش زۆر کەم نەبێت نەیتوانیوە لە ئاستی فکریدا دان بە (ئیسلام) دا بنێت وەک پێکهێنەرێکی ناسنامەی نیشتمانی.

جەوهەری ئەم کێشمە کێشەش قبوڵ نەکردنی لۆژیکی دەەوڵەتی نوێ و دیموکراسی بوو، کە ڕێگا دەدەن بەوەی ناسنامە جیاوازەکان لەگەڵ یەکدا بکەونە گفتوگۆوە، هەروەها بڕوای وایە کە دەسەڵات دەبێت بەرەنجامی ڕێکەوتنی ئارەزوومەندانەی نێوان تەوژم و پێکهاتەکان بێت.

ئەوەی لە ئێستادا گرنگە و وەک پرۆسەیەکیش لە کۆمەڵی وڵاتدا دەستپێیکردووە، دووبارە داڕشتنەوەی ناسنامەیەکی نیشتمانی هاوبەشە لە نێوان ئیسلامی و سێکیولارەکان و پێکهاتەکانی کۆمەڵگەدا، سەرەتای ئەم پرسەش لە باوەڕهێنان بە بنەمای ڕێکەوتن و ڕەتکردنەوەی ناسنامەی تاک ڕەهەندی و قبوڵکردنی ناسنامەی فرە ڕەهەند، دەستپێدەکات.

ناسنامەیەک کە لە یەک کاتدا ناسنامەی ئیسلامی و نەتەوەیی و نیشتمانی و سیاسی گشتیش لەخۆبگرێت، هیچ کام لەم ناسنامانە بەرامبەر دژبەیەک ڕانەگرێت. واتە ناسنامەی ئیسلامی وا وێنا نەکرێت کە دژی ناسنامەی نەتەوەیی یاخود نیشتمانی یاخود دەوڵەتی مەدەنی نوێیە. ئەمەش دەخوازێت ئیسلامییەکان دەستبەرداری ئایدۆلۆژیای ئیسلامی نوێ و

تێزی دەوڵەتی ئیسلامی و پیادەکردنی شەریعەت و ئوممەتی ئیسلامی و هاو وێنەکانیان ببن. بەوجۆرەی (ئیخوان) و (کۆمەڵەی ئیسلامی پاکستان) و خوالێخۆشبووان (بەننا) و (مەودودی) و (سید قطب) و تیۆرسینەکانی ڕەوتی ئیسلامی نوێ، دایانڕشتووە و تێیگەیشتوون. کە لە جەوهەردا دان بە دەوڵەتی نوێدا نانێت و کێشەی لەگەڵ مۆدێرنە و سەردەم و فرەیی و ناسیۆنالیزم و هاوڵاتێتی یەکسان و سستمی نێودەوڵەتی باڵادەستدا هەیە.

سێکیولارەکانیش دەبێت واز لە خەونی پەراوێزخستنی ئیسلام و ناسنامەی ئیسلامی لە فەزای گشتی دا بنێن و عەلمانیەتی بە ئایدۆلۆژیا کراو و ناسیۆنالیزمی لە ئیسلام دابڕاو و تەرحکراو بۆ جێگرەوەی ناسنامەی ئیسلامی تێپەڕێنن. ناسنامە نوێیەکە دەبێت دەربڕی واقیع بێت وەک ئەوەی هەیە. بە ڕەنگاوڕەنگی و ئاڵۆزیی و ئاواتەکانیەوە، گەر نمونە بە کوردستان بێنینەوە دەبێت ناسنامەی هاوبەشی گەلی کوردستانی باشوور ئەم چەسپاو و ڕەهەندانە بگرێتە خۆ:

(أ) ئیسلام: بە حوکمی مسوڵمانبوونی زۆرینەی کۆمەڵگە و بەشداری کورد لە مێژووی شارستانێتی ئیسلامیو بەشێک بوونی لە فەرهەنگی ئیسلامی ناوچەکە، هەروەها وەک ڕایەڵە و چەسپاو و ناسنامەیەکی هاوبەش لە نێوان سەرجەم مسوڵمانانی کوردستان بە کورد و غەیرە کوردەوە.

(ب) کوردبوون وەک ئاماژە بۆ حەقیقەت و واقیعی نەتەوە بوونی کورد و ناسنامەی هاوبەش بە سیفەتی کوردبوون بەدەر لە ئینتمای ئایینی و مەزهەبی.

(ج) کوردستانی بوون: وەک چوارچێوەیەک بۆ لەخۆگرتنی کۆی ناسنامە و جیاوازییەکان، بە جیاوازی نەتەوەیی، ئاینیی و مەزهەبییەوە . کوردستانی بوون ئەو چەسپاو و ئامێزەیە کە هەمووومان لە دەوری پڕۆژە و ناسنامەیەکی هاوبەش کۆدەکاتەوە.

(د)دیموکراسی: وەک ناسنامەیەکی سیاسی دەستە جەمعی و ناسنامەی سستمی سیاسی و شێوازێکی ئەزموونکراو و عەقڵانی بۆ بەڕێوەبردنی عاقڵمەندانەی جیاوازییەکان و پێکەوە ژیانی ئاشتیخوازانەی جیاوازییەکان و پێکەوە ژیانی ئاشتیخوازیانەی هەمووان لە سایەی دەسەڵاتێکی سیاسی هاوبەشدا.

کاتێک ئەم چەسپاوانە لە بەڵگە نامەی دەستووردا دەچەسپێن، دەتوانین کێشەی ناسنامە چارەسەر بکەین ـ ناسنامەیەکی هاوبەشمان هەبێت، لە هەمانکاتدا پێکهاتە و نەتەوە و ئایین و مەزهەبەکان ناسنامەی تایبەت بەخۆیان هەبێت، تێگەیشتنی فرە ڕەهەند بۆ ناسنامە، پەیوەندی نێوان ناسنامە جیاوازەکان دەکات بە پەیوەندییەکی یەکتر تەواوکردن(تکاملی)، کۆتایی بە هەندێ پرسیاری ئایدۆلۆژی و سۆفستایش دەهێنێت، وەک ئەوەی ئێمە یەکەمجار کوردین یاخود مسوڵمانین؟ چونکە ئێمە لە یەک کاتدا کوردین و موسڵمانین. هەریەک لەوان ڕەهەندێکی ناسنامەی دەستەجەمعیمان و ڕووێکی کەسێتی نیشتمانیمان پێکدەهێنێت و دەردەبڕێت. ڕێکەوتنیش لەسەر دەستوور و شێوازی بەڕێوەبردنی دەوڵەت و قبوڵکردنی دیموکراسی و سەرەتای نیشتمانێتی لەلایەن ئیسلامی و عەلمانییەکان و پابەندبوون بە لۆژیکی دەوڵەتی نوێ و پاراستنی بەرژەوەندییە نیشتمانی یەکان، ڕێ دەگرێت لەوەی پرسیارێکی لەو جۆرەی بێتە پێشەوە، چونکە ئەو جۆرە پرسیارە گریمانەی دژبەیەکی ناسنامەی ئیسلامی و نیشتمانی و بوونی بەرژەوەندی جیاواز بەناوی هەریەکەیانەوە دەکات، کە شتێکی لەو جۆرە لە سایەی دەسەڵاتێکی دیموکراسی و سازانی تەوژمەکان و بوونی ئەزموونی سیاسی و حوکمڕانی هاوبەش دوورە. ئەمە جگە لەوەی لەم دۆخەدا ئیسلامیبوون لە چوارچێوەی واقیعی

جوگرافیی و سیاسیی و یاسایی نیشتمانی بووندا ڕاڤە دەکرێت و مانای پێ دەدرێت، عەلمانیبوونیش بە دیموکراسی دەکرێت و پارێزگاری لە ناسنامەی ئیسلامی کۆمەڵگە دەبێت بە ئەرکێکی سیاسی و نیشتمانی هێزە عەلمانییەکان، با لە ڕووی ئایینی ڕووتیشەوە دیدێکی جیاوازیان هەبێت.

بەم جۆرە جیاوازی ئیسلامی و عەلمانی لە کۆمەڵگەدا، نابێتە سەرچاوەی بەیەکدادان و ناسەقامگیری و هەوڵدان بۆ سڕینەوەی یەکتر، چونکە هەردووکیان دەبنە خاوەن ناسنامەیەکی هاوبەش و دەستەجەمعی و لەسەر دەستوور و سستەمی سیاسی ڕێکدەکەون.. جیاوازی نێوانیان دەبێتە جیاوازی سیاسی و هەوڵدان بۆ بەدەستهێنانی متمانە و دەنگی هاولاتیان لەپێناو خستنەڕووی تایبەتمەندی و لێوەشاوەیی و جیاوازییەکانیان، لە چوارچێوەی ڕێساکانی گەمەی سیاسی و ئەوەی لەسەری ڕێکەوتوون. بۆئەوەی فکری ئیسلامیش لەم چوارچێوەدا بەتەواوی سەربکەوێت، بەڵکو بێتە پێشەنگ دەبێت بکەوێتە دووبارە خۆپێناسەکردنەوە، تێگەیشتنی بۆ مانای ئیسلامیبوون و ئاماژەکانی لە چوارچێوەی سستمێکی سیاسی دیموکراسی تەوافوق لەسەرکراودا.

هەروەها دووبارە خۆرئاوا پێناسە بکاتەوە، واز لەو وێنایانە بێنێت کە بارودۆخی جەنگی یەکەم و دووەمی جیهانی و دۆخی سایەی دیکتاتۆریەت و ئیستعمار بۆی دروستکردبوو. لە ڕوویەکی ترەوە دەبێت بکەوێتە شەڕی ناسنامە سیاسییە سەپاوەکان، بۆ نمونە ناسنامەی سەپاوی نەتەوەیی لە تورکیا و سوریا و ئێران، کە بەهۆیەوە نەتەوەیەکی گەورەی وەک کورد و گەلی کوردستان بەگشتی دووچاری جۆرەها فۆرمی چەوساندنەوە و سەرکوت هاتوون و دەوڵەت نەبوو بە هی هەمووان و ڕێز لە مافی گەلان نەگیراوە لە دیاریکردنی مافی چارەنووسیان، فکری ئیسلامی کاتێک لە چوارچێوەی واقیعی نیشتمانی وڵاتانی ئیسلامیدا بەشدار دەبێت لە دووبارە بیناکردنەوەی ناسنامەیەکی هاوبەشی نیشتمانی ڕاستەقینەدان، ئەوکات تێگەیشتنێکی نوێشی سەبارەت بە چەمکی نەتەوەی ئیسلام و یەکگرتوویی دنیای ئیسلام لا پەیدا دەبێت و تێزە تەقلیدیی و نا واقیعییەکانی ڕەوتی ئیسلامی نوێ و ئیسلامی سیاسی لەم ڕووەوە تێدەپەڕێنێت. کە لەسەر تێپەڕاندنی واقیعی نیشتمانی و نەتەوەیی وڵات و نەتەوە مسوڵمانەکان دامەزراون و کار بۆ دووبارە گێڕانەوەی یەک دەوڵەتی بۆ ئوممەتی ئیسلام دەکات.

بەڵکو لەبری ئەمە هەوڵی پەرەپێدانی زیاد لە فۆرمێکی هاوکاریی و کاری هاوبەش لە نێوان ئەم گەل و وڵاتانەدا دەدات، بەئامانجی گەیشتن بە دامەزراوەی هاوبەش، لەگەڵ پارێزگاریکردن لە سەربەخۆیی وڵاتەکان و کەسێتی مەعنەویی و سەربەخۆیی نەتەوە مسوڵمانەکان لە وێنەی یەکێتی ئەورووپا.

### سەرچاوە و پەراوێزەکان

١ـ حسن البنا: مجموع رسائل، ب١، ١٣٧٠هەتاوی، تاران ، ص٨٢-٨٣ ، هەروەها ب٢ ، ص٧٠، ٧١، ٨٢، ١٤٨-١٥١.

٢ـ حسن البنا: س.پ، ب١ ، ص٤٥-٤٦ .

٣ـ لەم ڕووەوە بگەڕێرەوە بۆ (د.رضوان سيد: سياسات الأسلام المعاصر مراجعات و متابعات، دار الكتاب العربي، ط١، ١٩٩٧، ص٣٤-٣٧)

٤ـ حسن البنا: س.پ، ب١، ص١٢٢-١٢٤.

٥ـ لەم ڕووەوە خوێنەر دەتوانێ بگەڕێتەوە بۆ چەندین سەرچاوە لەوانەش: أبو الأعلى المودودي نظرية الأسلام و هديه في السياسة و القانون و الدستور، دار الفكر، ١٩٦٩، ص ٣٤-٣٦ ، ٤٧ .. هەروەها سيد قطب (معالم في الطريق) کە کۆی ئەو تەرحەی لەو کتێبەدا هاتووە بە جاهيلی لەقەڵەمدانی ناسیونالیزم و دیموکراسی و دەوڵەت و شارستانێتی نوێیە.



# ناسنامە و قەیرانی عەقڵی کوردی



**مەسعود عەبدولخالق**

لە ساڵی ١٩٥٧ لە بناری قەرەچوغ لەدایکبوە. زانکۆی سلێمانی کۆلێژی زانست بەشی ماتماتیکی تەواو کردووە. لە ساڵی ٢٠٠٦ بڕوانامەی ماجستێری لە بواری فەلسەفەی زانستە سیاسیەکان لەزانکۆی جیهانی بەریتانی تەواو کردووە. خاوەنی چواردە کتێب و چەندین توێژینەوەیە، خاوەن ئیمتیازی دەزگای ستاندەرە.

بەگشتی مەبەست لە ناسنامە گوزارش کردنی سیفەتێکی بنچینەیی خاوەنی ناسنامەیە، بەجۆرێک ئەگەر ئەو سیفەتەت لێ دەرکێشا مانای وەک خۆی نامێنێ، فارابی دەڵێت: ناسنامە بریتییە لە کەسێتی و ناسینەوەی تیایدا بوونیکی بەتاقی تەنهایی تیا بەرجەستە دەکا کە کەس لەگەڵی بەشدار نیە، (مەوسوعە لالاند) پێیوایە تایبەتمەندییەکانی تاکە بۆ هەموو قۆناغەکانی ژیانی.

لەڕاستیدا دیاریکردنی ناسنامەی مرۆڤ زۆر ئاڵۆزە، یەکێک لە ئاڵۆزییەکان لێرە دەردەخەین، تا ئەو ساتە بۆمان ساغ نەبۆوە ئاخۆ ناسنامەی خود لە کێیە؟ ئاخۆ لە نێوان ڕووح و نەفس و عەقڵ کامەیان ناسنامەی ڕاستەقینەی تاکی (مرۆڤی) هەڵگرتووە، کاتێ تاکێک خۆی خۆی دەکوژێت ئەوا کامەیە تاوانبار و کامەیە تاوان لێکراو؟ لەو چوارچێوەیە دەتوانین لە شیزۆفرینیا (Schizophrenia) بگەین؟ یان بەواتایەکی تر کە لە قورئان دەڵێت(ونحن اقرب اليه من حبل الوريد) مەبەستی نزیکیەکەی لەکامەیە؟ لە عەقڵە یان لە نەفسە یان لە ڕووحە؟ یان لەگەڵ شوێنێکی دی کە هەرسێک لێی کۆبووینەوە؟ لەڕاستیدا وەڵامی ئەو پرسیارانەمان لەم سەردەمەدا دەست نەکەوتووە، هەرچی زانیارییەکی زیاتری لا دەست دەکەوێت با بیتوێژیتەوە بۆئەوەی بتوانین بەڕاستی ناسنامەی تاکی مرۆڤ بە ووردی دیاری بکەین، ناچار بەگشتی دەچینە نێو بابەتەکە لە چوارچێوەی جموجۆڵی ماددی.

بەشێکی زۆر وا تێگەیشتوون کە ناسنامە تایبەتە بە کۆمەڵگە و مرۆڤ، مادام ئەو بوونەوەرە لە شتومەکی جیاواز پێکهاتووە هەریەکە ناسنامەیەکی هەڵگرتووە، کە بریتییە لە گوزارش لەخۆکردن بە دیاریکردنی نیشانەیەکی تاقانە، دیاریکردنی ناسنامە جیاوازەکان لە سروشت و بوونەوەر کەمێک جیایە لە پرۆسەی کۆمەڵایەتی، کۆمەڵگە بە ئاسۆیی(کراوە) گەشە دەکات و ناسنامەی دەگۆڕێت، هەرچی شتومەکی سرووشتە گۆڕانێکی بازنەیی و چەسپاو دەکات ئەو جۆرە گۆڕانکارییەی نیە زیاتر گوزارش لەلایەنی چەسپاوی دەکات.

هەرچی ناسنامەی ڕاستەقینەی مرۆڤە مەرج نیە لەلایەنی چەسپاو و نەگۆڕەکەی بێت، چونکە ناسنامەی ڕاستەقینە لەسەر واقیع دیاری ناکرێت لەسەر ڕاستی دیاری دەکرێت، بەڵام بەگشتی مرۆڤەکان لە قۆناغی جیاجیای مێژوویی گوزارشیان لە ناسنامەی خۆیان کردووە، لە پرسیاری (ناسنامە)ی تۆ کێی؟ لە کۆنەوە دەیووت من لە فڵانە خێڵ(عەشیرەت)م، بەوشێوەیە تا ئادەمیزاد ئاسۆی پێویستی و هاتوچۆ و تێکەڵی فراوانتر بوو، ئینتیمای زیاتر فراوان بوو، گۆڕانکاری و گەشەیەکی کۆمەڵایەتی زۆری ویستووە تا لە ناسنامەی خێڵایەتی وەرچەرخاوە بۆ ناسنامەی نەتەوەیی و بە خێراتر بۆ ناسنامەی نیشتمانی، ئێستا بۆ ناسنامەی پیشەوەری و چینایەتی گوزەر دەکات بەرەو ناسنامەی عەولەمی، واتە لە ناسنامەی ستونییەوە بۆ ناسنامەی ئاسۆیی، تا سەدەی نۆزدە ستونی بوو، پاشان بە هەردوولا(ئاسۆیی و ستونی) ڕەگەز و خوێن و زمان و نیشتمانیش بوونە توخمی بنچینەیی بۆ پێکهێنانی ناسنامە.

دەگوتریت یەکەم جار لە سەرەتای سەدەی نۆزدە هەندێ بیریاری ئەڵمانی لەوانە (جۆهان هایدەر) باسی لە ڤۆلک کرد و وتی دەکرێت ئەو ناسنامە کۆمەڵایەتیە (کە لەسەر یەکێتی خوێن دروستبووە) گەشەی سیاسیی و ئیداریشی پێبدەی، ئیتر هەر میلەتیک با خاوەنی دەوڵەتی خۆی(Nation-State) بێت، ناسنامەی خۆی بپارێزێت ....، لەوەوە ناسنامەی نەتەوەگەرایی بە فراوانی و خێرایی تەنیەوە، پاراستن و گەشەی بووە بەشێک لە بڕیاری نێودەوڵەتی بەتایبەتی مادەی(١) ڕێکەوتنەکانی یۆنیسکۆ، ئەوانەی وڵاتی دواکەوتوون یان میللەتی بێ دەوڵەتن بەجددی ڕووبەڕووی قەیران بوونەوە، بەتایبەتی لە وڵاتانی

عەرەبی کە ناسنامەی عەرەبی بە دەوڵەتیش دەدات، لە دەستووری سوریا (٥٩) جار وشەی عەرەبی دووبارە بووەتەوە، بۆ یەکجاریش ناوی کورد نەهاتووە، لە دەستوری عێراق ١٩٦٨ لە دوای ١٩٥٨ تا ٢٠٠٥، هەمان دەرد هەبوو، لە مادەی (٦٦)ی دەستووری تورکیای( ANA YASA) بە ئەدریسی (تورک فەتەنلەر) بە هەمان ئاڕاستەی کوژانەوەی ناسنامەی تر هاتووە.

## قەیرانی ناسنامە

قەیرانی ناسنامە لە دوولاوە دێت، لە دەرەوە پێیانوایە تۆ لاوازی و ناتوانی ئەرکی سەرشانت جێبەجێ بکەیت بێ یارمەتی، دەکەویتە جۆرە قەیرانێک کە مەوسوعەی(Encyclopædia Britannica) ناوی ناوە (دونیە inferiority)، لە ناوخۆش لەوەوە دێت کە نەتوانی بەتەواوەتی گوزارشت لە بوونی خۆت بکەیت، لەڕاستیدا لە بارودۆخی نابەرابەر بەیەکگەیشتنی دوو فەرهەنگی جیای بەرەو پێکدادانی ناسنامەییت دەبا، تیایدا ناسنامەی سەرکەوتوو مسۆگەرە، ئیبن خەلدوونیش دەڵێت:( بأن المغلوب مولع أبدا بالأقتداء بالغالب) دەبێتە لاوازبوونی ناسنامەی ژێرکەوتوو، لە پەیوەندییە عەولەمییەکان قەیرانی گوزارشی ناسنامە زۆر ئاڵۆزتر دەبێت، لەوێ ناسنامە و ئینتیمایە نوێیەکان بێسنورە، دەوترێت جیهان بووەتە گوندێکی بچووک، بەڵام دەبێ بزانین ئەو گوندە (چون یەک – متجانس) نیە، دابەشبووە بۆ سەروو و خواروو، ڕەش و سپی، تێر و برسی، بەهێز و بێهێز، داگیرکراو و داگیرکەر، زانا و ڕووناکبیر و نەزان و نەفام، نەتەوە و کولتوور و زمانی جیاجیا، ئاین و ئایدۆلۆژیای جیاجیا، ناسنامەی جیاجیا، بۆیە هەر یاسا و بڕیار و هەنگاوێک دێت مەرج نیە لە بەرژەوەندی هەموو ئەو گوندە بێت هەروەک لە مەبدەئی بنەڕەتی سەرمایەداریدا هاتووە: (پێکگەیشتنی دوو بەرژەوەندی دەبێ جیا بێت لەگەڵ سێیەم)، بە زۆریش لە بەرژەوەندی باڵادەستانە، ئینجا پلە بە پلە دادەبەزێت و گەورەترین زەرەرمەند میللەتانی ژێردەستن.

لەلایەکی تریشەوە وەک جاران نابێت هەر کەسێک بە ڕوانگە و بیر و بۆچوونی چەند دنیا دید و سەرکردە و زاناکانی خۆی بنواڕێتە جیهان، بەڵکو ئێستا ڕاستەوخۆ لەگەڵ جیهان کارلێک دەکەن، لێرە کێشە سەرهەڵدەدا فەرهەنگی عەولەمی (ئاودراو بە فەرهەنگێکی زاڵ) لە ڕێی دەوڵەت و نەتەوە و حیزب نایەتە ناو ناخی تاک، بەڵکو ڕاستەوخۆ خۆی کاری لێدەکات، ئیتر مەترسی تەقەزوم و توانەوە و سەنگەر گۆڕینی فەرهەنگیش ڕوودەدات، ئینجا گۆڕینی ناسنامەش، ئەگەر ناسنامە ئاسۆییەکان بێت خێراتر دەتوێتەوە، دواتر توانەوەی ناسنامە ستونیەکەش ڕوودەدا. بەوشێوەیە میللەتانیکی زۆر لەناوچوون بەهۆی لاوازی ناسنامەیان، دەگوترێت ساڵانە (١٠) زمان لە جیهاندا لەناودەچێت و دواتر لەناوچوونی میللەتەکەشی بەدوا دێت، ئەوانەش بەدەوری خۆی چەندین دەرهاویشتەی تری دەبیت، بەتایبەتی لە بوارەکانی سایکۆلۆژی وفەرهەنگی، یەکێک لەوانە دەردێکە پێی دەوترێت تەقەزوم سەقافی و دەردی لاسایی تاڕادەی قەیرانی عەقڵی.

## کورد و تەقەزوم سەقافی

ئەو چەمکە زۆر تایبەتە لە ئاوێتەبوونی چەند چەمک و زاراوەی تر دێت، لە چەند پرۆسەیەکی ئاڵۆزی تری ناسنامەیی و فەرهەنگی دێت، مادام دوو فەرهەنگ بەیەکگەیشتن بە نابەرابەری، ئەوە نابێتە کارلێکی فەرهەنگی و ناسنامەیی، بەڵکو دەبێتە پێکدادانی فەرهەنگی (صدمة الثقافية culture shock)) بەخێرایی توانەوەی فەرهەنگی انصهار الثقافي) میللەتە لاوازەکە ڕوودەدا، بە دووبارەبوونەوەی دەکاتە ئاستی

(تقزم الثقافی) کە هەرە کاریگەرەکەیە، لەڕاستیدا لە نمونەی میللەتێکی داگیرکراوی وەک کورد هۆکاری بنچینەیی هەر فاکتەری دەرەکی و داگیرکاری نیە، بەڵکو چینی سیاسی کوردستان رۆلی بنچینەییان بینیوە (وەک لە خواروو زیاتر دەردەکەویت)، زنجیرەی تەقەزوم سەرەتا لە فکرەوە دەستپێدەکات پاشان بۆ سیاسەت و دواتریش بۆ سایکۆلۆژیای سیاسی ... تا دەگاتە فەرهەنگ کە دوا بەرگرییە دەڕووخێ و تووشی (تقزم الثقافی) دەبێت.

زۆر زاراوەی تری هاوتای هەیە (انهزامیة، ئەیتیما–atima)، ئینتداب، التثاقف acculturation، .. لە مەوسوعەی(oxford dictionary of sosciology) زاراوەی (التمثل – ملکەچی فەرهەنگی–Assimilation) بۆ داناوە.

ئەگەرچی لە زۆربەی کتێبە ئاسمانیەکان ئایەت و ئاماژەی ئاشکرای تێدایە بۆ رووبەڕووبوونەوەی ئەو دۆخە فەرهەنگییەی دووچاری تاک و کۆ دەبێتەوە، ،دەڵێت هەموو مرۆڤایەتی وەک یەکن، هیچ میللەتیک لە میللەتێکی تر زیرەک تر نیە سۆپەر فەرهەنگ نیە، کەس فەزلتر نەکراوە لەلایەن خواوە، کەچی زۆر لە میللەتان لەو رێنماییە ئاینییە یاخی بوون ،هەر لە رۆمیەکان و فارس تا دەگاتە یەهود، دەڵێن ئێمە (شعب الله المختار)ین، لە (بروتوکولات حکماء صهیون) هاتووە: ((وقد منحنا الله العبقریة کی نکون قادرین علی القیام بقیادة العالم))، لەناو عەرەبیش ئەو تەقەلایە هەیە و پێیانوایە میللەتی عەرب زیرەکترن و میللەتی سەردەستەن و میللەتانی تریش دەبێ لەچاو عەرب (تقزم)بن، ئەوانەی پێشیان وابووە عەرەب فەزڵی بەسەر میلەتانی تر نیە بە (شعوبی) ناوزەدکراون، زۆربەی فقهە موعتەبەرەکانی ئەهلی سوننە ئەو دەردەیان هەیە، ئیبن تەیمیە زیاتر رەتیدەکاتەوە و بەوانە دەڵێت: گێل(احمق)، کە پێیانوایە عەرەب لە هەموو میللەتیکی تر زیرەک تر نەبێت، لەم سەردەمەش (شبلی عیسمی)–لە کتیبی (العلمانیة والدولة الدینیة) دەڵێت: (أحیانا العروبة أوسع من الإسلام)، کوردیش لەنێو ئەو میللەتانە نەشونمای کردووە بۆیە زۆر کەوتۆتە ژێر ئەو کاریگەریانە.

**دەردی پاشکۆیی لە کوردستان**

یەکەم جار میللەتانی عەرەب بە فراوانی تووشی ئەو دەردە بوون پێش میللەتانی تری رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بە فەرمی لە سەرەتای سەدەی بیستەم عەرەب بە سستەمی ئینتداب رازی بوون و شارستانی سیاسییان لەسەر بنیاتنا، بێ داهێنان، رازی بوون بە ئینتداب مانای رازی بوونە بەوەی میللەتی بەریتانیا و فرنسا مامۆستات بێت و عەرەبیش قوتابی، ئەوان پیشڕە و عەرەبیش دواکەوتوو پاشکۆ، تەنانەت سەرکردە عەرەبەکانیش دەیانزانی کە دروستبوونیان بەو دەروازە و دیزاینە بۆ دواخستن و پاشکۆیەتیە، تارادەی قەیرانی عەقڵی عەرەبی کە کۆمەلێک زانا و نوسەری خۆیان ئەو بابەتەیان نوسیوە، لەوانە تەها حسەین، د.فوئاد زکریا، علی وردی، د.محەمەد ئارگۆن، محەمەد عابد جابری، د.حامد خلیل، محەمەد الفزازی، قاسم صالح، نصرحامد ابوزید، برهان غلیون، عبدالله عروی، علی المخلسی، حمد الفزاوی، طه ابراهیم، دقاسم حسین صالح)، پێشووتریش ئیبن خەلدون ئەو باسەیان کردووە، راپۆرتی ساڵی٢٠١٣((IIntelligence Quotient–IQ))– دەڵێت: وڵاتانی عەرەبی لە (معدل الذکاء) لە پاش هەموو جیهانن.

ئەو دەردە لەناو کوردیش زۆر بەربڵاوە، بەڵام واچاکە هەستیارترین شوێن وەرگرین ئەویش سستەمی سیاسییەتی، دۆخی فەرهەنگی حزبە کوردستانیەکانە لەو ڕووەوە، بزانین چەندە قەیرانی ناسنامە وایکردووە شکستی فەرهەنگیان هەبێت، لە دۆخی تەقەزوم سەقافی بن پاشان

لاساییکەرەوەیەکی سەلبی بن، هەندێ نمونە وەردەگرین:

١-سەرچاوەی زۆربەی حیزبە کوردستانیەکان بۆ (پ د ک) دەگەڕێتەوە کە سەروەری هەڵگیرسێنەری شۆڕشی ئەیلولی هەیە، ئەویش بۆ (هیوا)، هیواش بۆ (حزبی دارکەر) بە سەرۆکایەتی رەفیق حیلمی، ناسنامەی ئەو حزبشش لە پارتی(کاربۆناری) ئیتالی ساغ دەبێتەوە.

٢- حیزبی سۆشیالیستی یەکگرتوو هەبوو لاسایی حزبی سۆشیالیستی یەکگرتووی ئەڵمانیای ١٩١٩ بە سەرۆکایەتی روزا لۆکسمبورگ و دواتریش حزبی سۆشیالیستی یەکگرتووی فرنسی کە لەساڵی ١٩٦١دروستبووە کردەوە.

٣. حیزبی زەحمەتکێش و کرێکاران و رەنجدەران هەبوو لە کوردستان لە ناوی (حزبی زەحمەتکیشانی ئەلبانی، کۆمەڵەی رەنجدەرانی لاوس...) وەرگیراون.

٤. پاسۆک هەبوو لە کوردستان ناوەکەی لە حزبی سۆشیالیست و پاسۆکی یۆنان وەرگیراوە.

٥. پارتی کاری سەربەخۆی کوردستان هەبوو ناو و ناوەڕۆکی لە پارتی کاری سەربەخۆی کۆریا بە سەرۆکایەتی کیم ئیل سونگ وەرگیراوە.

٦. لە کوردستان رەوتی کۆمۆنیست هەبوو ئەوەش لە رەوتی کۆمۆنیستی ئیتاڵیا وەرگیراوە.

٧. پارتی گەل و دوای پارتی گەلی دیموکراسی هەبوو ئەوە لە پارتی گەلی ئەفغانستان وەرگیراوە.

٨. پارتی کرێکارانی کوردستان(پ ک ک) کە سەروەری گەورەی هەڵگیرسێنەری شۆڕش و بەرخودانی نوێ لە کوردستانی باکوور بۆ ئەو دەگەڕێتەوە، لە جیهانی شیوعی زۆر بڵاوە پارتی کرێکارانی بەلجیکی لە ساڵی ١٨٨٥ دروستبووە، پارتی کرێکارانی مەجەری لە ساڵی ١٩١٨ دروستبووە، پارتی کرێکارانی ڤێتنامی پارتی کریکارانی ئەلبانی ...زۆری تر.

٩. یەکێتی نیشتمانی کوردستان کە تارادەیەک بە داهێنان و پێشڕەو بووە، کەچی ئەویش تووشی ئەو دەردە بووە، (ی ن ک) لە سێ باڵ (بزوتنەوە، کۆمەڵە، خەتی گشتی) پێکهاتبوو، ئەوە رێک ئەزموونی یەکێتی نیشتمانی کینی لە ساڵی ١٩٦٠ دروستبوو لە ٣ باڵ (بزوتنەوەی سەربەخۆی کینیا، کۆمەڵەی هەڵبژاردە، هێڵی گشتی ئەفریقیا) پێکهاتبوو.

١٠. ناوی حیزبە ئیسلامییەکان: لاسایی ئەوان لە ئەزمونی عەرەبی نزیکە، لەسەرەوە ئاماژەمان پێکردن کە ئەوانیش چەندە لە قەیرانی ناسنامە و فەرهەنگی و زانستدان، لە کوردستان حیزبی ئیسلامی بە ناوی نەهزە و-کۆمەڵ و بزوتنەوە هەبووە و هەیە، ئەو ناوانەش لە نەهزەی تونس و تاجیکستان وەرگیراوە، ئەوانیش لە حزبی نەهزەی ئیسلامیان وەرگرتووە کە لە ١٩٢٠ لە شۆڕشی بیست چالاک بوو، کۆمەڵ لە کۆمەڵی پاکستان و بزوتنەوە لە بزوتنەوەی ئیسلامی فەڵەستین و.. زۆر لای تریش.

بە کورتی و پوختی مادام قەیرانی ناسنامە و شکستی فەرهەنگی و دەردی تەقەزوم و دۆخی چاولێکەری لە زۆرایەتی عەقڵی عەلمانی کورد و بەشێکی زۆریش لە عەقڵییەتی ئاینپەروەرانی کوردی هەبێت، مانای وایە قەیرانی عەقڵی کەوتۆتە نێومان.

## قەبارەی قەیرانی عەقڵییەتی کورد

قەیرانی عەقڵییەتی کوردی لە زنجیرەیەک قەیرانی ترەوە سەرچاوە دەگرێت، عەقڵی مسوڵمان لە قەیراندایە و کورد بەشێکە لێی، عەقڵی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست (ناوچەی سایکس پیکۆ) لە قەیراندایە و کورد بەشێکە لێی، عەقڵی میللەتانی داگیرکراو دەخرێتە قەیران و کورد بەشێکە لێی...هتد، ئەوانە هەمووی قەیران لەناو قەیران بۆ عەقڵییەتی تاکی کورد، واتە یەک سەرچاوەی نیە سەرەکیەکەی

دووانە، لە دوو چینە پێشڕەوەکانی کوردستان دێت، کە لەو دەمە یەکەمیان عەلمانیە و دووەمیشیان ئیسلامییە، بەشی هەرە زۆری عەلمانییەکان زیاتر پاشکۆی لایەنی سەلبی ڕۆژئاوایین (وەک لە سەرەوە باس کران)، پێشووتریش پاشکۆیی ڕۆژهەلاتی، بەشێکیش لە ئیسلامییەکان پاشکۆی عەقڵی عەرەبین ئەوە لەکاتێکدا عەقڵی عەرەبی خۆی لە قەیراندایە و دواکەوتووترین عەقڵە لە جیهان، تائێستا ناتوانێت دەرزییەک دروست بکات، کەچی ئاینپەروەرانی کورد موعجیبن بەو عەقڵە قەیراناوییە و دەیانەوێت منداڵی کورد لەژێر سایەی ئەو عەقڵە پەروەردە بکەن!!

عەقڵی عەرەبی خۆی لەژێر ئینتدابدایە، واتە عەقڵی کوردی کەوتۆتە ژێر ئینتدابی ئینتداب، ئەو دۆخە زۆر تایبەتە و پێی دەوترێت (پاستکی- pastich) بەوانە وتراوە لاسایی لاساییکەران، ئەگەر هەردوولایان (عەلمانی و ئاینی) بەهۆی جیا و لە ڕێی جیا تووشی لاسایی و تەبەعیەت بوون ئەو دەردە بە دووبارەبوونەوە و چارەنەبوون وەردەچەرخێت بۆ قەیران، کاتێک کاریگەری داگیرکەر نامێنێ و دەبێتە دەسەلاتی کوردی و ئەو قەیرانەش چارەسەر نەبێ یان بە ئاراستەی پێچەوانە ڕەو بکا ئەوکاتە مانای (قەیرانی عەقڵی کوردی)وەردەگرێت. زیانی ئەو بارودۆخە لە ڕووەکانی نیشتمانی و ئاینیی و شارستانی و تەعلیمیی و فەرهەنگی .. ئەوەندە زۆرە نایەتە ژماردن، بەلای کەمی ئەوانەی ئەو دەردەیان هەیە ناتوانن لایەنە (ئیجابی و سەلبیەکانی) جیهان بە لێکجوداکردنەوە بهێنە کوردستان، بۆیەش زۆربەی جار لایەنە نێگەتیڤەکانیان هێناوە نەک پۆزەتیڤ، لە ئەزموونی بزوتنەوەی شیوعیەت، ئۆرۆشیوعی چاکتر بوو لە ستالینیە شیوعیەکان، کەچی مارکسیەکانی کوردستان ستالینیانە بوون، لەنێو وجودی جیهانی تەیاری سارتەری زیاتر بێ بڕوا و توند و ڕەشبینە، تەیاری (کیرکیجاردی) زیاتر بەلای میانڕەویە.. کەچی وجودییەکانی کوردستان سارتەری بوون نەک میانڕەوەکە، بە هەمان شێوە وا ئێستاش کە ڕوویان وەرگێڕاوە ڕووە لە لیبراڵ دیموکراسی و ئەزمونی ڕۆژئاوایی، لەو سەرمەشقیە نوێیەش لای سەلبیەکانیان وەرگرتووە، لایەنی ئیجابیەکەی ڕۆژئاواش بریتییە لە دیموکراسی و پرۆسەی سیاسی، مەدەنیەت، ئالوگۆڕی دەسەلاتی، تەکنەلۆجیاکەی، ئازادی ڕادەربڕینی، سەروەری یاسا، خۆشەویستی وڵات.. دەسەلاتی کوردی هاتووە یەخەگیری باقی سەلبیاتەکانی تر بووە.

دەردێکی تری (تقزم الثقافی) ئەوەیە لاسایی لایەنی بەسەرچووی میللەتان دەکاتەوە، لە سەرەوە باسی ئەزموونی ناوی حزبەکانمان کرد (بوار نەبوو ڕەچەڵەکی ناسنامەی ئایدیۆلۆجیایان دەرخەین)، لێرە تەنها نمونەیەک وەردەگرین، ڕۆژنامەی (یەکسانی) هەبوو لە کوردستان بۆ ئافرەتان، ئەوە ڕێک لاسایی کردنەوەی ڕۆژنامەیەکی ئەڵمانی بوو بەناوی (گلایخایت واتە یەکسانی) لە ساڵی ١٨٩١ دەردەچوو، ئەویش کۆمەڵێک ئافرەت بەڕێوەیان دەبرد، ئەو ئەزموونەی گلایخایت ٢٥ ساڵی خایاند و شکستی هێنا، لاسایی ئەزموونێکی شکست خواردووی پێش ١٢٦ ساڵ لەمەوبەری ئەورووپی کراوەتەوە.

لەکۆتاییدا ئەو قەیرانەی ناسنامە و عەقڵییەتی کوردی ئەوەندە قووڵ نیە چارەی نەکرێت، لە سەرەتادا دانپێدانان بەو قەیرانەی پێویستە کە لە هەمانکات دەروازەی چارەسەریشە.

**تێبینی:**

**بۆ درێژەی ئەم بابەتە بڕوانە: مسعودعبدالخالق: مەوسوعەی جودی (بەشی دووەم).**

# شوناسی نەتەوەیی کورد

## لە بەردەم تەوژمی جیهانگیریدا



**هۆشمەند عەتا**

لەدایکبووی ١٩٨٥، هەڵەبجە. ـماستەر لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان لە زانکۆی برونێڵ- لندن، ٢٠١٣. مامۆستا لە زانکۆی هەڵەبجە.



زۆرن ئەو نەتەوانەی کە لە قۆناغەکانی مێژوودا خاوەنی ئیمپراتۆریەت و دەوڵەت و میرنشینی گەورە و بەهێزبوون، بەڵام بە نەمانی کیانە سیاسییەکەیان ئیدی نەتەوەکەش وردە وردە شوناسی کاڵبوەوە و بەرەو نەمان چوو. نەتەوەگەلێک کە خاوەنی شارستانیەت و زمانی نوسین بوون لە سەرزەمینێکدا حوکمڕانیان کرد، بەڵام بەرگەی شاڵاوی هۆز و نەتەوەکانی تریان نەگرت و هەرزوو لە بۆتەی گەلانی دیدا توانەوە. لە نمونەی ئەو نەتەوانە دەتوانین ئاشورییەکان وەربگرین کە زۆر نزیکن لە کوردستانەوە و زیاتر لە هەزار ساڵ حوکمڕانی میزۆپۆتامیا و کەوانەی بەپیتیان (ertile Crescent) دەکرد، بەڵام دوای سوتانی شاری نەینەوا لەلایەن هاوپەیمانێتی میدی ـ-بابلییەوە، ئیدی جارێکی تر نەهاتنەوە سەر شانۆی سیاسی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، هەرچەندە وەک کەمینە ماون لە عێراق و هەندێک وڵاتی دیکەدا، بەڵام بەگشتی ئاوێتەبوون لەگەڵ گەلانی دیکەدا.

کورد وەک نەتەوە بەیەکێک لە گەورەترین کەمەنەتەوەکانی جیهان دادەنرێت، بەجۆرێک کە سەرنجی زۆرێک لە: مێژوونووس، کۆمەڵناس و ئەنسرۆپۆلیجستەکانی بەلای وەڵامی ئەو پرسیارەدا ڕاکێشاوە کە ئایا نەتەوەیەکی بەو ڕێژە زۆر و مێژووە کۆنە چۆن بەبێ خودانی کیانی سیاسی لەو ناوچەیەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ماوەتەوە. بە ڕای هەندێک، هۆکاری بەهێزی مانەوەی کورد بە زیندوویی بریتییە لە بەهێزی پێکهێنەرەکانی شوناسی کوردی.

هەرچەندە شوناسی نەتەوەیی کورد (Kurds national identity) وەک ئەو نەتەوە سەردەستانەی کە کوردیان بەسەردا دابەشکراوە نیە و خەسڵەت و پێکهێنەرەکانی گەشەیەکی ئەوتۆیان نەکردووە، چونکە لە نەبوونی دامەزراوە و ستاتۆیەکی سیاسیدا ئەستەمە کە شوناسی نەتەوەیی پەرەی پێبدرێت. زیاد لەوەش لەو حاڵەتەدا شوناسی نەتەوەی بندەست دەکەوێتە ژێر کاریگەری شوناسی بەهێزی نەتەوەی سەردەست. ئەوەش مەترسی کاڵبوونەوە و نەمانی شوناسی کەمە نەتەوەکان زیاد دەکات. بێگومان ئەو مەترسییەش لە سەردەمی مۆدێرنە و جیهانگیریدا لەسەر کورد زیاتر بووە بەتایبەت لە هەردوو بەشی باکوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

لەڕاستیدا شوناسی کورد پێکهاتووە لە کۆمەڵێک شوناسی تێکەڵ و لەهەمانکاتیشدا ململانێکەر، دەبێ لەکاتی هەڵسەنگاندن و تەتەڵەکردنی شوناسی کوردیدا جەخت لەو فرە ڕەنگییە شوناسییە بکرێتەوە، بەمانایەکی تر ناسینی شوناسی دەستە جەمعی کورد لە سایەی ناسینی ئەو وردە شوناسانەدایە کە گوزارشت لە وێنە گەورەکەی شوناس دەکەن. هەندێک وردە شوناسی وەک خێڵ پۆتانسێلی تایبەت بەخۆی هەیە کە ناچێتە خزمەت ناسینی شوناسە دەستە جەمعییەک.

هەرچەندە بنیاد و پێکهاتەی خێڵ بە بڕوای هەندێک ناچێتە خزمەت بەهێزکردنی شوناسی نەتەوە، بەڵام واپێدەچێت ئەمە دولایەن بووبێت بە نیسبەت کوردەوە. دەکرێت خێڵ وەک پێکهاتەیەکی سەرەکی کۆمەڵگای کوردی هەر لە کۆنەوە تا کۆتاییەکانی سەدەی بیستەمیش یەکێک بێت لەو میکانیزمانەی کە کوردی لە توانەوە پاراستبێت. خێڵە کوردییەکان لە سەردەمی خەلافەتی عەباسی و دواتریش عوسمانیدا فۆرمی سیاسیان دروستکرد و لەلایەن پایتەختەوە ڕەوایی سیاسیان پێدراو بەوەش بوونە یەکەیەکی سیاسی وەها کە ئەو بۆشاییە سیاسییە لە کوردستاندا پربکەنەوە. لێرەوە دەکرێت بوونی خێڵەکان و نوێنەرایەتی کردنی کورد لە غیابی شاری گەورە و چینی خوێندەوار و دەستەبژێر وەک بەدیلێکی باش وێنابکرێت.

لەلایەکی ترەوە خێڵ یان وردتر هۆز و بنەماڵەکان بەشێوەیەکی گشتی تا هەڵوەشانەوەی دەوڵەتی عوسمانی و قاجاری کۆچەر و رەوەندبوون و سنورەکانیان نەدەناسی، واتە دابەشکردنی کوردستان لە سایەی ئیمپراتۆریا گەورەکانەوە نەبووەتە هۆی سنوردانان بۆ خێڵ. بە نمونە هۆزی گەورە جاف کوێستانەکانی تاوەکو شاری سنەی لەبەردەستابوو تا ئەوکاتەی کە دەوڵەتی تازەی عێراق دروستکرا هیچ هێزێک نەیتوانیوە لەمپەری بۆدابنێت. دەکرێت ئەنجامگیرییەکە بەوشێوە بێت کە خێڵ لە سایەی نەبوونی دەسەلاتێکی ناوەندی کوردیدا هۆکارێکی باشبوویێت بۆ پاراستنی کورد لە توانەوە، لەلایەکی تریشەوە کۆچەری بونەکەی وایکردووە هەرزوو زۆنە مەترسیدار و کێشە لەسەرەکان بەجێبهێڵێت و خۆی لە جوگرافیای سەختی کوردستاندا بپارێزێت.

مۆسیقا و گۆرانی کوردی کە دەماودەم پشتاوپشت گوازراوەتەوە رۆڵێکی گرنگی بینیوە لە فانتازیکردنی شوناسی کوردبوون لە هەندێک ناوچەی کوردستاندا، ئەمە سەرباری داستان و گێرانەوەی سەربوردەکانی رابردوو بە لاوک، حەیران و هۆرە لە ناوچە جیاوازەکانی کوردستان. بۆ نمونە علی بەردەشانی شاعیری میللی کە واپێدەچێت لە سەردەمی هێرشەکانی ئەورەحمان پاشای بابان بووبێت بۆ سەر شاری مەریوان لە رۆژهەڵاتی کوردستان، بەسەرهات و رووداوە کاریگەرەکانی جەنگەکە بە جۆرێک بە بەیت هۆنیوەتەوە کە مرۆڤ هەست بەشانازی دەکات کاتێک گوێبیستی رووداوەکان دەبێت. داستانی دوانزە سوارەی مەریوان نزیکەی دوو سەدە لە کۆڕ و کۆبونەوە و دانیشتنی شەوانی دوو دیوی کوردستاندا دەوترایەوە. لە لایەکی ترەوە داستانی قەڵای دمدم و بەهێزی و خۆڕاگری کوردانی برادۆست لە بەردەم شا عەباسدا یەکێکە

**هۆکاری بەهێزی مانەوەی کورد بە زیندوویی بریتییە لە بەهێزی پێکهێنەرەکانی شوناسی کوردی.**

ترە لەو رووداوانەی کە لە مێژووی نوێی کورددا کاریگەری گەورەی داناوە لەسەر جیاکردنی ئێمە وەک کورد لەگەڵ ئەوانی تردا(عەجەم و فارس). ئەم داستانە کاری لەسەر دوو دیاردە کردووە لەناو کورد و لە بەرانبەر کورد، یەکەمیان هۆکاری رووخان و گیرانی قەڵای داوەتە پاڵ خیانەتی کەسێکی کورد، دووەمیشیان وێنەیەکی بۆ عەجەمەکان (ئێرانی جا فارس بن یان تورکی ئازەری) دروستکردووە کە پڕە لە غەدر و ناپاکی و فێڵ لە بەرانبەر راستگۆیی و سادەیی کورددا. ئەم دیاردەیە لەو لاوکانەدا رەنگیداوەتەوە کە هۆزە کۆچەرەکانی شکاک و موکریی و جەلالی، بەشێوەیەک وتویانەتەوە کاریگەری گەورەی هەبووە لەسەر هزری دەستە جەمعی و خۆجیاکردنەوە و دروستکردنی هەویەت و شوناسێکی خودی.

بەڵام وادیارە لە سەردەمی پێشکەوتنی پیشەسازی و تەکنەلۆجیادا سەرباری ئەو دەستکەوتانەی کە هەیەتی و دەتوانرێت لە رێیەوە خزمەتی بەهێزکردن و پاراستنی کەلەپوور و ئەدەبی پێبکرێت، بەڵام دەبینین کە ئەو رەگەزە گرنگانەی شوناسی کورد بەرەوە لە ناوچون دەچن، ئەمەش لە سایەی جیهانگیریی و زاڵبوونی ئەدەبیات و فیلم و درامای بێگانە کە زۆر

# لە مەترسییەکانی لاوازی شوناسی کوردی، لاوازبوونی شوناسی کولتوورییە

بەهێزترن لە بابەتە خودییەکان کە ئێمە هەمانە بۆ مانەوەی خۆمان، بەکورتی لە سایەی جیهانگیریدا ئەم تایبەتمەندیانە لە بەردەم هەرەشەدان.

یەکێکی تر لە مەترسییەکانی لاوازی شوناسی کوردی، لاوازبوونی شوناسی کولتوورییە، دەکرێت ڕاگواستنی گوندەکان بۆ کۆمەڵگا زۆرەملێکان لەلایەن ڕژێمی پێشووی عێراقەوە دابنرێت بەیەکێک لە گرنگترین ئەو هۆکارانەی کە شوناسی کەسێتی و تاکی کوردیان شێواند. بەگوێرەی ڕاپۆرتێکی بەرنامەی پەرەپێدانی سەر بە نەتەوەیەکگرتووەکان(UNDP) کە لە ساڵی ٢٠٠٩ ئەنجامدراوە ئاماژەی بەوەداوە کە کاریگەری بەجیهانیبوون لەسەر ناوچە شارنشینەکان زیاترە وەک لە گوندنشینەکان. ئەوە لەکاتێکدا بەگوێرەی ئامارەکان تا سەرژمێری ساڵی ١٩٥٧ لە عێراق لە (٨٠٪)ی دانیشتوانی کوردستان گوندنشین بوون، بەڵام لە ئێستادا ئاماژە ئامارە نافەرمییەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە تەنها لە٢٠٪ی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان گوندنشینن.

ئەگەر ئەو ئامار و بیرۆکەیە ببەستینەوە بە بابەتەکەمانەوە، بەدڵنیاییەوە بەرچاوڕوونییەکی باشمان پێدەدات بۆئەوەی لەو گۆڕانە کولتوورییە بگەین کە بەهۆی ڕاگواستنەوە بەسەر شوناسی میللی گەلی کوردا هاتووە. لە دەستپێکدا ئاماژەماندا بەوەی کە مانەوەی کورد دوای ئەو هەموو داگیرکاریی و ستەمکاریی و پلیشانەوە لەلایەن ئیمپراتۆریا و دەوڵەتە داگیرکەرەکانەوە بەسەریدا هاتووە وەک پەرجویەک وایە. لێرەدا دەکرێت مەسەلەی زمان فاکتەرێکی بەهێز بێت، چونکە یەکێک لە گرنگترین پێکهێنەرەکانی شوناس زمانە، بەڕادەیەک بەلای گیلنەرەوە گرنگترین پێکهێنەریەتی.

ئاشکرایە کە زمانی کوردی لە چەندین شێوەزار و دیالێکتی ناوچەیی پێکهاتووە، لە غیابی دەوڵەت نەتەوە و دامودەزگای نیشتمانی کوردی، ئەوە خێڵ و بنەماڵەکان بوون کە زمانی کوردییان پاراست وەک گرنگترین پێکهێنەری زمان (بەگوێرەی تیۆریای ناسیۆنالیزم لای ئەڵمانەکان). لێرەدا لە گوندێکی دورە دەستی کوردستان کە دابراوە لە جیهانی دەرەوە و تایبەتمەندییە ژیاریی و شارستانییەکانی بۆ چەندین دەیە وەک خۆی ماوەتەوە، زۆر پەرگیربووە لە وەرگرتنی دیاردەی نوێ و زۆرجار ڕەتیکردوەتەوە، ئەمە وادەکات نەک شێوەزارەکان لە ناوچەکان جیاوازبن، بەڵکو لەناو خودی شێوەزارەکان جیاوازی هەیە. بۆ نمونە شێوەزاری ناوچەی بادینان جیاوازە لە شێوەزاری کوردەکانی عەفرین و چیای کورد لە ڕۆژئاوای کوردستان، ئەگەرچی هەردوکیشیان کرمانجین. زیاد لەوەش تەنانەت لە گوندێکەوە بۆ گوندێکی تر زمان و دەربڕینی زمانەوانی و کولتوور و کەرەستەی میللی جیاوازبوون. بۆ نمونە گوندەکانی هەورامان لە باشووری کوردستان لەنێو خۆیاندا و لەگەڵ گوندەکانی شارەزووردا جیاوازی گەورەیان هەیە.

بەکورتی ئەنجامگیری ئەم شیکردنەوە ئەوەبێت کە سەربار ئەوەی پەرتەوازەیی و فرە شێوەزاری لە زمانی کوردیدا کاریگەری خراپی هەبووە لەسەر گەشەی ناسیۆنالیزمی


کوردی، بەڵام دەکرێت هۆکارێکی بەهێزیش بووبێت بۆ پاراستنی شوناسی کولتووریی و ناسنامەی زمانی کوردی کە دوو بنەمای گرنگن لە بونیادی شوناسدا. بەڵام ئەمە لە دوای ڕووداوەکانی دەیەی هەشتاکانی سەدەی ڕابردووەوە لە پاشەکشێی گەورەدایە. لە ئێستادا کۆمەڵگەی کوردی کراوەیە بۆ هەموو شەپۆل و بگۆڕەکانی جیهانگیری. لە زۆربەی وڵاتانی دنیا شوناسی شارنشینی و گوندشین جیاوازی هەیە، بەڵام ئەمە لە کوردستان تێکچووە. گەنجێک لە گوندێکی کوردستان هەمان ئەو کەرەستانە بەکاردێنێت کە خوێندکارێکی زانکۆ لە هەولێر و سلێمانی بەکاریدەهێنێت، هەمان جۆری پۆشاکی بێگانە هەمان حەز لە دراما و موزیک... ئەمانە هەموو بوونەتە هۆی سەرهەڵدانی دیاردەی شڵەژان لە شوناسی کوردیدا.

ئاینیش بۆخۆی بەشێکە لە پێکهێنەرە گرنگەکانی شوناس، لە کوردستاندا وابەستەیی بە ئاینی ئیسلامەوە ڕەگ و ریشە مێژووییەکەی زۆر کۆنە. بەجۆرێک کە شەریعەت و تەریقەت و سۆفیگەری... بونەتە یەکێک لە گرنگترین ئەو بنەمایانەی کە بونیادی بەها کۆمەڵایەتیی و ئەخلاقیەکانی شوناسی نەتەوەیی کوردی دارشتووە. بەڵام گلۆبالیزەیشن بەها عەلمانیەکانی لەگەڵ خۆیدا هێناوە و شوێنی زۆرێک لەو بەها ڕەوشتی و کۆمەڵایەتیانەی کوردی گرتۆتەوە کە دەیان ساڵە گەلی کورد لەسەری دەڕوات. ئەمەش ناسنامەی کوردبوون لاواز دەکات و هەموو مرۆڤەکان دەکاتە کاڵایەکی ماددیی و ئابووری تاوەکو هەژموونی ئیمپریالیزمی نوێ و شۆکی کولتووری و نامۆبونوی دەستەجەمعی لێبکەوێتەوە.

لە پەیوەندی لەگەڵ فاکتەری ئایندا، ئاشکرایە کە ئاین بۆخۆی بەشێکە لە شوناس بەتایبەتیش ئەو تەریقەتە سۆفیگەرییانەی کە لەنێو کورددا ریشەیان داکوتاوە. سەرباری تەوژمی سیکۆلاریزم کە ئەم سیمایەی کاڵکردوەتەوە، لەلایەکی تریشەوە هێرشی شەپۆلێک لە تێگەیشتنی تری ئاینی وەک سەلەفیەت و بزوتنەوە توندڕەوییەکان کە لەژێر پەردەی ئایندان، بە ڕەتکردنەوەی بەشێکی زۆر لەو کولتوورە کەڵەکەبووەی کە چەندین سەدەیە مەلا و خوێندەوارانی کورد بنیاتیان ناوە، ڕۆڵی بینیوە لە لاوازی و بێ شوناسی کورد لە ئێستادا و کاریگەری نێگەتیڤی هەبووە لەسەر پاشەکشەی شوناسی خۆماڵی ئاین لە کوردستاندا.


**سەرچاوەکان**

1. Azer Kilic, Identity, Interest, and Politics: The Rise of Kurdish Associational Activism and the Contestation of the State in Turkey.2013 Istanbul.
2. Anthony Smith, Nations and Nationalism in a Global Era. Wiley. 1995.
3. Ernest Gellner, Nations and Nationalism, Cornell University Press 2008.



# کولتووری کوردی لە نێوان دەوڵەمەندی و هەژاریدا



**عادل سدیق علی**

لەدایکبووی ١٩٨٤ هەڵەبجە ، ماستەر لە مێژووی هاوچەرخ. سێ بەرهەمی چاپکراوی هەیە.
چەند وتاری لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکان بڵاوبووەتەوە

**دەستپێك..**

کورد وەک نەتەوە یەکێکە لە گەلە دێرینەکانی ڕۆژهەڵات، هەزاران ساڵە لەسەر خاک و نیشتمانی خۆی دەژی، بەدرێژایی مێژووش بەهۆی کۆچ و ڕەوی ئەو گەلانەی کە کۆچیان کردووە بۆ ناوچەکە یاخود بەهۆی سیاسەتی داگیرکەرانی کوردستانەوە خاکەکەی بە بەردەوامی ڕووی لە بچووکبوونەوە کردووە، سەرباری ئەو هەموو زوڵم و ستەمە مێژووییەی کە داگیرکەرانی کوردستان لەنێو ماڵی خۆیدا لە کوردیان کردووە، هەرجۆرە دەنگ هەڵبرین و ناڕەزایەتییەکیشیان بەتوندترین شێوە خەفە کردووە، دەیان جاریش ڕوویداوە خەڵکانێکی زۆری کوردیان لەسەر خاکی باب و باپیرانیان بە زۆرەملێ ڕاگواستووە بۆ دەرەوەی نیشتمانی خۆیان، کوردانی خۆراسان و هەمەوەندەکانی لیبیا دوو نمونەی دیار و بەرچاون، یەکەمیان لەسەر دەستی دەسەڵاتدارانی ئێران و دووەمیشیان لەسەر دەستی تورکە عوسمانییەکان(١).

مێژوو پێمان دەڵێت لە ڕابردوودا هیچ نەماوە لە دژی کورد وەک نەتەوە و کوردستان وەک نیشتمان و زێدی ڕەسەنی ئەنجام نەدرابێت، وەلێ دوژمنەکان لەنێوچوون، کوردەکە هەرمایەوە، سەرباری زیانە گیانی و مادییەکانی توانی خۆی لە بەردەم شەپۆل و گەردەلولە بێ ئامانەکانی داگیرکەرانی کوردستان دا ڕابگرێت، گەلۆ فاکتەرەکانی مانەوەی کورد لەسەر خاکی کوردستان چین؟ خاڵی بەهێزی ئەو خۆڕاگرییەی کورد لە مێژوودا چی بووە؟ ئاخر لە دوای ڕووخانی دەوڵەتی مادەوە خاکی کوردستان دەوڵەتێکی یەکگرتووی کوردی بەخۆیەوە نەدیوە، ئەوەی هەبووە دەسەڵاتی میر و دەرەبەگەکانی کوردستان بوون ئەوانیش هەریەکەیان لە سنورێکی بەرتەسکی خاکی کوردستاندا و بۆمایەکی دیاریکراو و زۆربەی جاریش وەک پاشکۆی داگیرکەرانی کوردستان حوکمڕانی ناوچەکانی خۆیان کردووە.

چۆنە کە خەڵکانێکی دیکە هەر لەو ناوچەیەی کە پێی دەڵێن ڕۆژهەڵات سەردەمانێک خاوەنی ئیمپراتۆریەت و دەوڵەت و کیانی سیاسی تایبەت بەخۆیان بوون (بەنمونە: ئاشوورییەکان، بابلییەکان، کلدانییەکان، حیسییەکان، فینیقییەکان) و ئەمڕۆ هیچ ناو و ناونیشانێکیان یان هەر نەماوە یاخود مانی نەمانە؟ ئەی کوردەکە چۆن مایەوە؟ چۆن توانی ڕووبەڕووی ئەو هەموو تراژیدیا و کارەساتانە ببێتەوە کە بە زۆر بەسەریدا دەسەپێنرا؟ مەگەر سەدان جار کەللەمنارە لە گەنجان و پیاوان و ژنان و منداڵانی ئەم وڵاتە دروست نەکرا(٢).

بەکورتی، مێژووی کورد سیخاخە بەو جۆرە ڕووداو و تراژیدیایانەی کە جەستەیان ئەپڕون ئەپڕون کردووە، شکست لە دوای شکست، تراژیدیا لە دوای تراژیدیا دەستی لە دامەنی کورد بەر نەدەدا، نەیاندەهێشت بۆماوەیەکیش بێت ئاهێکی بەبەردا بێتەوە، میللەتێکی شەکەت و ماندووی ڕێگەی هەزاران ساڵە چۆناوچۆن توانی ئەو هەموو داوگە و دڕک و داڵ و حەقڵی مینانەی سەر ڕێگایی تێپەڕێنێت کە لە سەر ڕێگەی کاروانی مێژوویدا بۆی دادەنرا؟ لەکوێش، لەنێو ماڵی خۆیدا.

بێگومان جیا لە ئازایەتی و فیداکارییەکانی خۆیی و ئەوەی کە کوردستانی بە خاک و نیشتمانی خۆی زانیوە و خۆی بە میوان نەزانیوە تێیدا بۆیە هەرگیز جێی نەهێشتووە، فەرهەنگ و زمان و مێژووە دەوڵەمەندەکەی (ئەگەرچی زۆربەشی تۆمارنەکردووە بۆئەوەی لە فەوتان و لەناوچوون بیپارێزێت) فاکتەرێکی سەرەکی و گرنگ بووە بۆ مانەوەی لەسەر خاکەکەیی و درێژەدان بە ڕەوتی مێژوویی خۆی.

لێرەدا بە پێویستی دەزانم بەکورتی ئاماژە بە هەندێک لەو فاکتەرانە بکەم کە بوونەتە هۆی لەناوچوونی بەشێکی زۆر لە فەرهەنگ و کولتووری ئەم گەلە:

**یەکەم**/ نەبوونی دەوڵەتێکی یەکگرتووی کوردی

لە رابردووا وایکردووە کە هەمیشە کوردستان ببێت بە بەرداش و مەیدانی ململانێی جەنگە زۆر و لە ئەژمار نەهاتووەکانی نێوان دەوڵەت و زلهێزەکانی رۆژهەڵات، ئەگەر ئەوە بزانین ئەو هێزانەش هەمیشە لە هێرش و پەلامارەکانیاندا سیاسەتی خاکی سوتاویان لە دژی یەک پەیرەوکردووە، لەو نێوەندەشدا کوردەکە یان دەبوو دابەشببێت بەسەر دوو بەرەکەدا یاخود لایەنی یەکێکیان دژی ئەوی دیکەیان هەڵبژێرێت، ئەوەی بووەتە قوربانیش لەو نێوەندەشدا خەڵک و خاکی کوردستان بووە، لەم رووەوە قسە بەناوبانگەکەی سوڵتان سلێمانی قانونی(١٥٢٠-١٥٦٦) لە دوای گەرانەوەی لە هێرشی سەر سەفەوییەکان بۆ ئەستەمبوڵ باشترین بەڵگەیە، دایکی لێی پرسی: کورم وا تۆ گەراپتەوە، بەڵام ئاخۆ لە مەودوا گورج و قزڵباشەکان هێرش ناهێننە سەر مەڵبەندەکانت، سوڵتان لە وەڵامدا گووتی:" دایکە دیوارێکی پتەوم لە نێوان ئیمپراتۆری عوسمانی و دەوڵەتانی گورج و عەجەمدا دروستکرد، دوژمن ئیتر پێی ناکریت هیچ زیانێکمان پێ بگەیەنێت، دایکی پرسی : چۆن توانیت لەو مەودا درێژەدا دیوار دروست بکەیت، سوڵتان لە وەڵامدا پێی گوت: دایکە من ئەو دیوارەم لە گۆشت و خوێن دروستکردووە، بەرێوەبردنی ئەو ناوچانەم بەرەو رووی هۆزە کوردەکان کردۆتەوە، دوژمن ناتوانێت زەفەریان پێ بەرێت و بگاتە ناو دەوڵەتی ئیسلام"(٣). لەو حاڵەتانەشدا شتێکی سرووشتی دەبێت کە زۆرێک لە کتێب و بەڵگەنامە و دەستنووسەکان لەنێوبچن.

**دووەم/** نەبوونی چاپخانە، بەداخەوە ئەو وڵاتانەی کە کوردستانیان بەسەردا دابەشکرابوو، دوو دەوڵەتی(ئێران و عوسمانی) دواکەوتووبوون بە بەراورد بە وڵاتانی رۆژئاوا، چاپخانە لە سەدەی پازدەوە لە ئەوروپا داهێنرا و کەوتەکار، بەوەش تەقینەوەیەکی گەورە لە بڵاوبوونەوەی زانست و زانیاری لە وڵاتانی ئەورووپا روویدا و بوو بە فاکتەرێکی زۆر بەهێز بۆ گەشەکردنی رەوتی فکریی و هزریی و بەرەوپێش بردنی وڵاتانی ئەورووپا، هەروەک داهێنانی چاپخانە فاکتەریکی زۆر بەهێزبوو بۆ پاراستنی بەڵگەنامە و دەستنووس و نوسینەکان، ئەوە لەکاتێکدا چاپخانە درەنگتر گەیشتە رۆژهەڵات، کوردستانیش بەوپێیەی کە دابەشببوو لە نێون دەوڵەتی عوسمانی و ئێراندا زۆر درەنگ چاپخانەی پێگەیشت (ئێمە مەبەستمان ناوخۆی کوردستانە)، بەنمونە لە دوای کۆتایی هاتنی جەنگی یەکەمی جیهانی و هاتنی ئینگلیزەکان بۆ باشووری کوردستان، یەکەمین چاپخانە هێنرایە شاری سلێمانی و رۆژنامەی (پێشکەوتن)ی پێ دەرکرا(٤)، لێرە بەدواوە چاپخانە هاتە باشووری کوردستان و ژمارەیەک رۆژنامە و بڵاوکراوە لەوە بەدوا دەرچوون، بەڵام هەرگیز ئەو چاپخانە و بڵاوکراوانە لە ئاست خواستی کۆمەڵگای کوردیدا نەبوون، جگە لەوەی هەموو شتێکیان تێدا بڵاونەدەکرایەوە هەموو نوسەرێکیش دەستی بەو چاپخانانە نەدەگەیشت بۆئەوەی بەرهەم و نوسینەکانی تێدا بڵاو بکاتەوە.

روونتر بڵێین، نەبوونی چاپخانە لە کوردستاندا وایکرد زۆربەی کتێب و دەستنووس و بەڵگەنامە و دیوانە شیعرییەکان لەنێوبچن، چونکە زۆربەی ئەو کتێب و نوسراو و بەڵگەنامانە یەک نوسخە یان دوو نوسخە زیاتریان نەبووە، کوردستانیش بەوپێیەی کە بە بەردەوامی شەر و ئاژاوە ناوخۆیی و هەرێمییەکانی لێ نەبراوە فاکتەرێکی سەرەکی بوون بۆ لەنێوبردنی ئەو پاشخانە مێژوویی و فەرهەنگیانە، لەو رووەوە لەنێوچوونی کتێبخانە و دانراوەکانی میرئەبداڵ خانی بەدلیسی نمونەیەکی دیار و بەرچاوە، لەم بارەوە عەبدولرەقیب یوسف دەڵێت: میر ئەبداڵ خانی میری بەتلیس و نەوەی شەرەفخانی مێژوونووسی مەزنی کورد (٧٦)بەرگ کتێب و (١٠٥)پارچە نامیلکەی جۆربەجۆری لە دانانی خۆی هەبووە. کاتێک ئەحمەد پاشای تورکی

دەستدرێژیکار ساڵی (١٦٥٥-١٦٥٦ز) پەلاماری بەتلیسی داوە و دەستی بەسەردا گرتووە، سامان و نامەخانەکەی تاڵانکردووە...هتد)(٥).

**سێیەم**/ نەخوێندەواری کۆمەڵگای کوردی و فەوتانی زۆریک لە بەڵگەنامە و دەستنووسەکان، دوای مردنی نوسەرەکان، ئەحمەد موختار جاف و تاهیربەگی برای دوو نمونەی دیار و بەرچاوی ئەم بوارەن، ئەحمەدموختار جگە لە دیوانەکەی و چیرۆکی (مەسەلەی ویژدان)ەکەی کە هەردووکیان بە ناتەواوی گەیشتوون بە دەستمان، وەک شاکر فەتاح دەڵێت خاوەنی دوو بەرهەمی دیکەی چیرۆک بووە(٦) کە هەردووکیان لە دوای خۆی لەنێوچوون و نزیکەی(٢٦)پارچە شیعری فارسیشی لەم چەند ساڵەی دواییدا لە (کتێبخانەی مەجلیسی شورای میللی ئێران) دۆزرانەوە و ساغکرانەوە، بەڵام ئەمانە هەمووشتێک نین، بەپێی گێڕانەوەکانی شەمسەی کچی چەند ڕۆژێک لە دوای کوژرانی ئەحمەدموختار، حەبەخانی خێزانی بەشێکی زۆر لە نوسین و دەستنووسەکانی لەگەڵ هەندێک شتوومەکەکانی لە حەوشەی ماڵەکەیاندا سوتاندووە و گوتوویەتی لە دوا ی مردنی خۆی من چی لەم نوسین و کاغەزانە بکەم(٧)، هەرچی سەبارەت بەتاهیربەگی برایەتی جگە لەو فەرهەنگە چوار زمانییەی(کوردی، فارسی، عەرەبی، تورکی) کە حەمەبۆر دەڵێت لە ماڵی حیلمی شاعیری هەڵەبجە بینیویەتی و تائێستا هیچ ئاسەوارێکی نیە چەند جارێک دیوانەکەی بە کرچ و کاڵی چاپکراوەتەوە، بەڵام ژمارەی شیعرەکانی هەرگیز لەگەڵ توانا و بەهرەکانی ئەودا بۆ شیعر نوسین یەکناگرێتەوە(٨).

هەر لەمبارەوە مامۆستا محەمەد عەلی قەرەداغی لەسەر (تەئریخی جاف)ەکەی (کەریم بەگی فەتاح بەگ) کە دوای چەند دەیەیەک دۆزرایەوە دەڵێت:" دۆزینەوەی کتێبێکی ئاوا بەڵگەی زیانی قەرەبوو نەکراوەیە لە گەلەکەمان، چونکە پیاوێکی وەک کەریم بەگ کە ماوەیەکی زۆر نییە ماڵئاوایی لە جیهان کردووە، لە ژیانی خۆیدا بە دەسەڵات و دەست ڕۆیشتوو بووە و، مەبەستیشی بووە ڕەنجەکەی بەفیڕۆ نەڕوات و دوای خۆیشی ماڵ و شوێنەواری پارێزراوە و ، نەوەکانیشی خوێندەوار و ڕۆشنبیر بوون، کەچی ئەم کتێبە بە نرخەی، کە یادگاری گەورەی بووە بۆ گەلەکەی، بەو دەردە چووە کە تائێستا سەروسۆراخی نەکراوە و لەوانەیش بوو بۆ یەکجاری سەری تێدا بچێت ئەگەر ئەو ڕێکەوتە نەبوایە کە ئەم دەستخەتەی تێدا دۆزییەوە! جا ئەمە حاڵی ئەم کتێبە بێت دەبێ مەلایەکی هەژاری بێ دەرامەت کە (٢٠٠ - ٣٠٠)ساڵ یان زیاتر لەمەوپێش لە کوێرە دێیەکی چەپەکی دوور لە ئاوەدانی کوردستاندا ژیابێت، هاتبێ بەرهەمێکی باشی بەسوودی بۆ گەل و وڵاتەکەی نوسیبێ، کە بە هەزار ناری عەلی کاغەز و مەرەکەبی نوسینەوەی نوسخەیەکی دەستکەوتبێت و، نوسخەکەیش لە ژیانی خۆیدا بڵاونەبووبێتەوە و دوای خۆیشی دەست بێوەژنێک و دوو سێ زەڕنەقووتەی سەلکەوپێچکە کەوتبێت.. دەبێ چی لێ چاوەڕوان بکرێت، گومانیش لەوەدا نیە لەم بابەتانەمان زۆر بووە"(٩).

**چوارەم**/ لەنێوبردنی زۆریک لە دەستنووسەکان لەلایەن داگیرکەرانی کوردستانەوە، لەم ڕووەوە تەنها ئاماژە بە دوو نمونە لەو سەدان و هەزاران حاڵەتە دەکەین: یەکەمیان، ئینگلیزەکان دوای ڕووخاندنی حکومەتی یەکەمی شێخ مەحمود و گەڕانەوەیان بۆ سلێمانی(١٩١٩) نزیکەی (٦٠٠٠) کتێب و دەستنووس کە لە نێو کتێبخانەکەی مزگەوتی گەورەدابوو، سەرجەمیان لە حەوشی مزگەوتەکەدا کۆکردەوە و سوتاندیان، کە هەندێکیان یادگاری میرەکانی بابان بوون و مۆری ئەوانیان پێوەبوو، بەشێکی زۆری ئەوکتێبانە لەماڵی شێخەکاندا بوو، بەڵام دەستیان پێگەیشت و سوتاندیان تەنها نزیکەی(٤٠٠) کتێب لەو شاڵاوە ڕزگاری بوو(١٠). دووەمیان، لەکاتی شاڵاوەکەی

زەعیم صدیق دا بۆ گرتنەوەی سنوری هەڵەبجە، ژمارەیەک دوکانی شارەکەی ئاگر تێبەردا، کە یەکێکیان دوکانەکەی ناتیقی شاعیر(١٨٨٦-١٩٦٧) بوو، بەوهۆیەشەوە دیوانە شیعرییەکەی سوتاو لەنێوچوو(١١)، هاوکات بەهۆی هەبوونی گۆڤارێکی شیوعییەکان لەنێو کتێبخانەکەی ماڵی وەسمان پاشادا تەواوی کتێبەکانی نێو کتێبخانەکە دەهێننە دەرەوە، بەشێکیان لە حەوشی کۆشکەکەدا و بەشێکیشیان لە تونی گەرماوە تایبەتەکەی ماڵی پاشادا ئاگر تێبەردەدەن و دەیانسوتێن(١٢).

**پێنجەم/** داگیرکەرانی کوردستان هەروەک چۆن خاک و خەڵکی کوردستانیان داگیرکردووە هەربەوچەشنەش زۆربەی دەستنووس و کتێب و بەڵگەنامەکانی کوردیان بردووە بۆ خۆیان و بەناوی خۆیانەوە هەڵیان گرتووە و تۆماریان کردووە، لەوەش زیاتر دەستیان بردووە بۆ هەرشتێک کە پەیوەندی بە مێژووی کوردەوە هەبێت و وەک بەشێک لە مێژووی خۆیان تۆماریان کردووە، لەمبارەوە ئیسماعیل بێشکچی دەڵێت:" هەرچی پەیوەندی بە زمان، کولتوور، فۆلکلۆر و سەروەتە مێژووییەکانی کوردەوە هەیە، بۆ تورک تۆمار دەکرێن و بەناوی هەبووەکانی تورکچێتییەوە یادیان دەکرێتەوە، بۆ نمونە سەلاحەدینی ئەیوبی کوردی جەنگاوەری مەیدان، وەک تورک ئاماژەی پێدەکرێت، سەرکەوتنەکانیشی لە شەڕی دژی خاچپەرستەکاندا، بەسەرکەوتنی تورک دێتە ژماردن"(١٣).

**شەشەم/** تائێستاش ئەرشیفخانەکانی وڵاتانی دراوسێ، وڵاتانی ئەوروپا، ڕووسیا و ئەمریکا بە هەزاران بەڵگەنامە و دەستنووسی کوردییان تێدایە کە کاریان لەسەر نەکراوە، ئەوە لەکاتێکدا نوسینەوەی مێژووی کورد بەتایبەتی مێژووی نوێی گەلی کورد(١٥١٤-١٩١٤) بەبێ کارکردن و سوودوەرگرتن لە بەڵگەنامە و ئەرشیفخانەکانی ئێران و دەوڵەتی عوسمانی کارێکی زەحمەت و ئەستەمە.

**حەوتەم/** داگیرکەران لەکاتی هێرش و پەلامارەکانیاندا بۆ سەر خاکی کوردستان هەرچییان لە: کتێب، بەڵگەنامە و دەستنووس بەرچاو کەوتبێت یان بردوویانە بۆ خۆیان یان سوتاندوویانە و لەناویان بردووە، لەم ڕووەوە تەنها ئاماژە بە دوو نمونە دەکەین، یەکەمیان وەک ئیسماعیل بێشکچی دەڵێت:" لە تورکیا هەموو قەواڵە ـ دۆکیۆمێنتەکانی لەمەڕ مێژووی کورد ون دەکرێن و ناهێڵرێن، دەسوتێنرێن و لەنێودەبرێن، چونکە ئایدۆلۆجیای فەرمی جەخت لەوە دەکاتەوە کە گەلێک بەناوی کوردەوە وجودی نیە"(١٤). دووەمیشیان، ئێرانییەکان لەکاتی هێرشی سەر هەڵەبجەدا(١٩٨٨)، نزیکەی تەواوی کتێبەکانی نێو کتێبخانەی هەڵەبجە و هەزاران کتێب و دەستنووسی تری فەرمانگە و خەڵکانی خاوەن کتێبخانە و پارچە شوێنەوارێکی گوندی سازانی چەند کیلۆمەتر دووری باشووری ڕۆژهەڵاتی هەڵەبجە لە شاخێکی نزیک گوندەکە هەڵکۆڵی و گواستنیانەوە بۆ ئێران(١٥).

**هەشتەم/** بڵاونەکردنەوەی ئەو دەستنووس و نوسینانە لەکاتی خۆیدا وایکردووە زۆریک لەو نوسینانە لەنێوبچن بەشێوەیەک هەتا بڵاوکردنەوەیان دواکەوتبێت چانسی لەنێوچوونیان زۆرتر و زیاتر بووە، چونکە چاپخانە لە کوردستاندا نەبووە، لەمبارەوە مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس دەڵێت:"مەولەوی لە دوا ساڵەکانی ژیانیدا تووشی گەلێک کارەساتی ناخۆش بووە.. ئەو کارەساتانەی لە چەند پارچە شیعرێکدا بەسۆزەوە هۆنیوەتەوە. کتێبخانەکەی سوتاوە، لەو کتێبخانەیەیدا گەلێک کتێب و دانراو و دیوانی شیعری سوتاوە، عەنبەرخاتوونی خێزانی مردووە کە جێگایەکی تایبەتی هەبووە لە دڵی مەولەوی دا و حەوت ساڵ پێش وەفاتی کوێر بووە". خۆ ئەگەر چاپخانە لە کوردستان هەبووایە بەرهەمی شاعیران و نوسەرەکانمان بەو دەردە نەدەچوون، بێگومان ئەوەی لە مەولەوی ڕوویداوە بەسەر

زۆر قەڵەمبەدەست و زانا و شاعیری تری کوردا هاتووە، بۆیە دەڵێین لە لەنێوچوونی نوسینەکانی مەولەوی مشتێکە لە خەرواریک(١٦).

**نۆیەم**/ بەداخەوە زۆرجار ئەو دەستنووسانە کەوتوونەتە لای کەسانێک کە هیچ بایەخ و رێزیاکیان نەزانیون، لەبەرئەوە یان فرێیان داون و لەنێویان بردوون یان ئامادەبوون لەپێناو برێک پارەی کەمدا بیانفرۆشن، بێگومان نمونەی ئەم حاڵەتەشمان زۆرە و پێویست بە نمونە هێنانەوە ناکات.

**دەیەم**/ خەڵکانێک هەن تائێستاش ژمارەیەکی زۆر دەستنووس و بەڵگەنامەیان لایە، بەڵام لەبەر هەر هۆکارێک هەبێت ئامادەنین ئەو دەستنووسانە بخەنە بەردەست کەسانی شارەزا تا کاریان لەسەر بکرێت و لە مەترسی تیاچوون رزگار بکرێن(١٧).

**یازدەیەم**/ هەندێک لەو دەستنووس و بەڵگەنامانە بەهۆی درەنگ کار لەسەر کردنیان بەشێکیان لەنێوچووە یاخود چەند لاپەڕەیەکی گرنگیان بەهەر مەبەستێک هەبووبێت پێوە نەماوە، ئەوەش ئەو دەستنووسانەی دوچاری کەموکورتی کردووە و ساغکردنەوەیانی هێندەی دیکە زەحمەت کردووە، بەداخەوە هەندێک جار ئەو جۆرە کارانە بە ئەنقەست کراون بۆ مەرامی تایبەتی و هەندێک جاریش بە نەزانی. پێمخۆشە ئاماژە بە چەند نمونەیەکی لەم جۆرە بکەین، حەسەن فەهمی بەگی جاف لەبارەی کەشکۆڵەکەی مەحمود پاشای جافی(١٨٤٦-١٩٢١) باپیرییەوە دەڵێت:" کەشکۆڵەکەی مەحمود پاشا کە دوو بەرگە و حەوت سەد لاپەڕە دەبێت و لەماوەی تەمەنی خۆیدا نوسیویەتییەوە، چەند دانەیەک کاغەزی جوانی خوالێخۆش بوو کاک ئەحمەدی شێخ و مەولەوی تیایە کە بۆ پیرۆزی چەسپێنراوە بە کەشکۆڵەکانیەوە، داخی گرانم بەهۆی رێکەوتێکەوە زەمانە ئەم کاغەزانەی لەناوبرد. ئەم کاغەزانە هەموویان بۆ مەحمود پاشا نێردرابوون و بە خەتی هەردوو خوالێخۆشبوو حاجی کاک ئەحمەدی شێخ و مەولەوی نوسرابوون..."(١٨).

لە سەردانێکماندا بۆ لای مامۆستا محەمەد عەلی قەرەداغی باسی کتێبێکی دەستنووسی بۆ کردین کە بۆ مەولەوی ناوێکی دیکەی جگە لەم مەولەوییەی کە هەمومان دەیناسین دەگەڕێتەوە، ئەویش کوردە و توانا و لێهاتوویەکی سەیری هەبووە لە نوسیندا، بەڵام بەوتەی مامۆستا دەستنووسەکە لە سەرەتاوە نزیکەی (٢٠) لاپەڕەی لێکراوەتەوە، ئەوەش کاری ساغکردنەوەی قورستر کردووە(١٩). جیا لەمانە چەند ساڵێک بەر لە ئێستا دوو دەستنووسی نێو حوجرەکانی کوردستانم لە ناسراوێکی خۆمان بەناوی(جەبار ئەحمەد) وەرگرت، ئەو وتی ئەمانە نزیکەی (١٢) دەستنووس بوون، بەڵام ئەوانی دیکەیان بە نەزانی فەوتێنراون، منیش دواتر ئەو دوو دەستنووسەم پێشکەشی بنکەی ژین لە سلێمانی کرد.

**دوازدەیەم**/ هەندێک لەو دەستنووس و نوسینانە لەکاتێکی زۆر درەنگ و دوای مردنی نوسەرەکانیان بڵاوکراونەتەوە، ئەوەش وایکردووە لە ساتی بڵاوکردنەوەیاندا قورساییەکی ئەوتۆیان نەبێت، خۆ ئەگەر بهاتەیە ئەو نوسینانە لەکاتی خۆیاندا بڵاوبکرانایەتەوە ئەوا بەدڵنیاییەوە کاریگەری گەورەی لەسەر زمان و فەرهەنگی کوردی و دەوڵەمەندکردنی مێژووی ئەم گەلە دەبوو، لەلایەکی دیکەشەوە پاڵنەرێکی بەهێز دەبوون بۆ خەڵکانێک دیکە کە توانای گرتنی قەڵەمیان هەبووە و زۆریان لە هەگبەدا بووە بۆ نوسین و خستنە سەر کاغەز، بەڵام نەبوونی دەرفەتێک بۆ ئەو کارە وایکردووە کە ئەو خەڵکانە بەبێ بەرهەم سەر بنێنەوە و شتێکی ئەوتۆ لە دوای خۆیان بەجێنەهێڵن. لەم رووەوە چیرۆکی (مەسەلەی ویژدان)ی ئەحمەد موختار جاف کە ساڵی ١٩٢٨ نوسیویەتی و ساڵی ١٩٧٢ بڵاوکراوەتەوە (٢٠) و تەفسیرەکەی مەلای گەورەی کۆیە(١٨٧٦-١٩٤٣/١٠/١٢) کە لەم چەند ساڵەی

دیواییدا بە چاپ گەیەنرا دوو نمونەی بەرچاون(٢١).
**سیانزەیەم**/ نەبوونی سەنتەر و ناوەندێکی گرنگی ئەوتۆ کە بایەخ بەو بوارە تایبەتە بدات، بەداخەوە فاکتەرە خودیی و بابەتییەکان لە ڕابردوودا ئەو هەلە زێرینەیان لەکیس ئەم گەلەدا، لەکاتێکدا گەلانی دنیا زووتر فریای خۆیان کەوتن و کاتێکیش کە دەستیان پێکرد هەموو توانای خۆیان بۆ ئەو بابەتە تەرخانکرد، بەشێوەیەک توانایەکی ماددیی و مرۆیی زۆریان خستە خزمەتی ئەو بوارە، بەڵام ئیمە تا ئەمڕۆشی لەگەڵدا بێت وەک پێویست ئاوڕمان لەو بوارە زۆر گرنگە نەداوەتەوە، کوردەکە دەڵێت: نرخی زێڕ لەلای زەڕەنگەرە.
**چواردەیەم**/ دوای لاوازبوونی دەوڵەتەکانی عوسمانی و ئێران و وروژمی ئەوروپییەکان بۆ ڕۆژهەڵات وڵاتانی ئەوروپا شێواز و میکانیزمی زۆر و جۆراوجۆریان بەکارهێنا بۆ دەستخستنی ئەو پارچە شوێنەواریی و دەستنووس و بەڵگەنامانەی کە لە وڵاتانی ئیسلامی و لەنێویشیاندا لە کوردستان هەبوون و هیچ بایەخ و ئەرزشێکیان پێ نەدەدرا، لەم ڕووەوە نمونە زۆرە، تەنانەت بەشێکی زۆر لە مێژوو و فەرهەنگی ئێمە ئەوان پارێزگارییان لێکردووە و بۆیان پاراستووین، ڕاستە تاڕادەی تاڵانکردن ئەوان هەرچییان بینی و بەردەستکەوت بردیان، بەڵام پرسیارەکە ئەوەیە ئەگەر ئەوان ئەو کارەیان نەکردایە چارەنووسی ئەو دەستنووس و بەڵگەنامانەش هەمان چارەنووسی ئەو سەدان و هەزاران بەڵگەنامەیە نەدەبوو کە بەهۆی لەناوچوون و فەوتانیانەوە تروسکاییان نەدی.
پازدەیەم/ تائەمڕۆش پارێزگاریکردن لە فەرهەنگ و کولتوور نەبووە بە نەریت لەنێو کۆمەڵگای کوردیدا، کە بەشێکی گەورەی پەیوەندی بە خودی خۆمانەوە هەیە و بەشێکی پەیوەندی بە داگیرکەرانی کوردستانەوە هەیە، داگیرکەران هەمیشە هەوڵیانداوە هەرچی پەیوەندی بە کوردەوە هەیە سووک و بێبایەخی بکەن و لەنێوی ببەن، هەروەک چۆن بە ڕێگا و شێوازی جۆراوجۆر هەوڵیانداوە کورد خاوەنی کەسایەتی خۆی نەبێت.
ڕوونتر بڵێین، ژێردەستەیی کورد و چەوساندنەوەی بۆماوەی سەدان ساڵ لەلایەن داگیرکەرانی کوردستانەوە وایکردووە کە تاکی کورد متمانەی بەخۆی نەبێت و کەسێتییەکی لاوازی هەبێت. هەر لەبەر ئەم هەستی خۆ بەکەمزانینەیە کە تاکی کورد وا هەست دەکات ئەوان هەموو شتێکن و ئەم هیچ، ئەوان پێشکەوتوو ئەم دواکەوتوو، بێشکچی دەڵێت:"کورد نەتەوەیەکی بندەست بوون کە هیچ کاتێک لە مێژوودا نەیانتوانیوە دەوڵەت و دەسەڵاتی خۆیان هەبێت. بۆیە هەمیشەش نەیانتوانیوە بێوابەستەبوون بە گەلانی ترەوە بژین. بۆیە ئەم خۆ بە هیچ نەزانینە شەرمێکی وەهای لەلای کوردان دروستکردووە کە بۆئەوەی هۆزێتی خۆیان ون بکەن لێگەڕاون بکرێنە تورک....هتد"(٢٢). بەکورتی کاریگەری و لێکەوتەکانی ژێردەستەیی لەسەر تاکی کورد زۆر و جۆراو جۆرن، بوغزاندن ، چەوساندنەوە و سەرکوتکردن هەمیشە کاریگەری نەرێنی بەرچاوی لەسەر تاکی کورد داناوە، ئەوەش وایکردووە بە چاوێکی سوک و کەم بایەخ تەماشای مێژوو و کولتوور و فەرهەنگی خۆی بکات و زۆر گوێی پێ نەدات، ئەو کاریگەرییە هەتا ئەمڕۆش هەر بەردەوام و بەرچاوە.
**شانزەیەم**/ خوێندەواران و ڕۆشنبیرانی کورد لە ڕابردوودا هێندەی گرنگیان بە بابەتە ئاینییەکان داوە ئەوەندە بایەخیان بە زمان و فەرهەنگ و مێژووی گەلەکەیان نەداوە، ئەوەش دوولایەنەیە، لایەنێکیان پەیوەندی بە خودی کورد خۆیەوە هەیە کە وەک پێویست بایەخی بە ڕابردوو و مێژووی خۆی نەداوە و بە تەنگ پاراستنی زمان و فەرهەنگی خۆیەوە نەبووە، لایەنی دووەمیشی پەیوەندی بە ژێردەستەیی گەلی کوردەوە هەبووە، چونکە داگیرکەران بە بەردەوامی هەوڵی بێبایەخ کردنی زمان و مێژوو فەرهەنگی کوردیان داوە و لە

بایەخی زمان و فەرهەنگەکەیان کەم کردوونەتەوە و بەبێ ئەرزشی لێیان ڕوانیوە.

**حەڤدەیەم**/ نوسینەوەی یادداشت و بیرەوەری تائێستاش لای تاکی کورد نەبووەتە نەریت، ئەوە لەکاتێکدا ئەو بیرەوەری و یاداشتانە دەیانتوانی تیشک بخەنە سەر زۆرلایەنی شاراوە و نادیاری مێژووی ئەم گەلە، ڕیچ ئەم پرسیارەی لە مەحمود پاشای میری بابان کردووە کە تا چەند ئاگاداری مێژووی باب و باپیرانی و مێژووی میرنشینەکەیەتی، پاشان دەڵێت:"...میر نەیتوانی مێژووی هیچ ڕووداوێکمان بۆ دەستنیشان بکات، هەرئەوەندە نەبێت وتی باپیرانی من، ماوەیەکی دورودرێژ سەرداری وڵات بوون و ، نزیک سەد ساڵێک لەمەوبەر فەرمانداری دوو ناوچەیان درایە...)، وەڵامێک کە ڕیچی تووشی شۆک کردووە و بووە بەمایەی سەرسوڕمان بۆی، کە چۆن ئەبێت گەورەترین دەسەڵاتداری میرنشینەکە ئەوە قسە و زانیاری بێت لەسەر خودی ئەو میرنشینەی کە ئەو میرایەتی دەکات(٢٣).

**هەژدەیەم**/ هەندێک کەس هەر لە بنەڕتدا خۆیان خەڵکانێکی کەمتەرخەم و ئەگەر خوێنەر لێم ببورێت بڵێم شپرز و بێ بەرنامەن، ئەوە لەکاتێکدا ئەگەر پارێزگارییان لە نوسین و بەرهەمەکانیان بکردایە دەبوونە سامانێکی گەورەی نیشتمانی و مشتێکیان دەخستە سەر خەرواری فەرهەنگ و کولتووری کوردی.

**نۆزدەیەم**/ بەکارهێنانی زمانی بێگانە و بەکەم تەماشاکردنی زمان و فەرهەنگی کوردی و بەکارنەهێنانی لە نوسیندا وایکرد زمانی کوردی زۆر درەنگ دەست بە گەشەکردن بکات، بەوەش نەمانتوانی وەک پێویست ئاگاداری ڕەوتی گەشەکردنی زمانی کوردی ببین بە درێژایی مێژووی گەلی کورد، ئەوەش وایکرد دەیان و سەدان هەزار وشەی کوردی مردوومان لە کیس بچێت، لەبەرئەوەی ئەو وشانە نەخرانە سەر کاغەز و نەبوونە پاشخانێکی فەرهەنگی گەورە بۆ زمانی کوردی. ئەم حاڵەتەش وای لە نوسەران کردووە کە بڵێن زمانی کوردی تائێستاش زمانی زانست نیە و زۆر هەژارە لە ڕووی وشە و دەستەواژەوە، هەرئەوەش پاڵی بە نوسەرانەوەناوە کە زۆرجار پەنا بۆ دانانەوەی وشە بیانییەکان ببەن لە کاتی نوسین و وەرگێڕاندا.

**بیست**/ نەبوونی عەقڵییەتێک لە کوردستاندا (بەدەگمەن نەبێت)کە کار لەسەر کۆکردنەوەی: پەندی پێشینان، قسەی نەستەق، ئیدیەم و دەستەواژەکان..هتد بکات و تۆماریان بکات، ئەوەش وایکردووە بەشێکی گەورەی ئەو پاشخانە زمانەوانی و ئەدەبییەمان لەکیس بچێت و وەک پێویست بەدەستی ئێمە نەگات.

**بیستویەک**/ هەرچی سەبارەت بە ناوچە شوێنەوارییەکانی کوردستانە، داگیرکەران بە چەند شێوەیەک هەوڵی لەناوبردنیان داوە، لەلایەک هەوڵی شێواندن و لەناوبردنیان داوە، ئاگرتێبەردانی قەیسەری نەقیب لە شاری سلێمانی(١٩٨٩) کە یەکێکە لە بازاڕە مێژووییەکانی ئەو شارە(٢٤) و ڕووخاندنی بەشێک لە قەڵای کەرکوک(١٩٩١) لەلایەن دەسەڵاتدارانی ڕژێمی بەعس و بۆردومانکردنی کۆشکی مێژوویی وەسمان پاشای جاف لە هەڵەبجە لە ١٩٨٨/٣/١٦(٢٥) چەند نمونەیەکی دیار و بەرچاوی ئەم حاڵەتەن، لەلایەکی ترەوە داگیرکەرانی کوردستان ئەو ناوچە شوێنەوارییانەی کە کنەوپشکنینیان تیادا ئەنجامداوە بەناوی گەل و نەتەوەکانی خۆیانەوە تۆماریان کردووە و دووورونزیک باسی ئەوەیان نەکردووە کە ئەوە بەشێکە لە شارستانییەتی گەلی کورد، نمونەی ئەم حاڵەتانەش زۆرن، زۆرجاریش بەمەبەست هەوڵیانداوە کە ناوچە شوێنەوارییەکانی کوردستان فەرامۆش بکەن بەشێوەیەک بواریان نە بە پسپۆڕانی ناوخۆ و نە پسپۆڕانی دەرەکی نەداوە کە کار لەسەر ناوچە شوێنەوارییەکانی کوردستان بکەن.

# سەرچاوە و پەراوێزەکان

١. کەلیموڵڵاوی تەوەحودی: کۆچی مێژوویی کورد بۆ خوراسان، و.عەدنان بەرزنجی، بەشی دووەم، چ١، دەزگای حەمدی، سلێمانی، ٢٠٠٦ ؛ دارا ئەحمەد کەریم بەگ: هۆزی هەمەوەند لە ژیانی ئاوارەییدا، چاپخانەی شڤان، سلێمانی، ٢٠١١.

٢.بڕوانە: نەجاتی عەبدوڵڵا: کوردستان و کێشەی سنووری عوسمانی ـ فارسی(١٦٣٩–١٨٤٧)، چ١، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر،٢٠٠١ ؛ حسێن نازم بەگ: مێژوی میرایەتی بابان، و.حسێن حەسەن کەریم، بنکەی ژین، چاپخانەی شڤان، سلێمانی، ٢٠١٣، ، ل٢١١.

٣. نەجاتی عەبدوڵڵا: کوردستان و کێشەی سنووری عوسمانی ـ فارسی(١٦٣٩–١٨٤٧)، چ١، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر،٢٠٠١، ل٣٢.

٤. بڕوانە: ڕۆژنامەی پێشکەوتن یەکەمین ڕۆژنامەی سلێمانی، ئامادەکردنی ڕەفیق ساڵح و سدیق ساڵح، چاپخانەی شڤان، بنکەی ژین، سلێمانی، ٢٠١٢.

٥. عەبدولڕەقیب یوسف: بانگەوازێک بۆ ڕووناکبیرانی کورد لەپیناوی کۆکردنەوە و زیندووکردنەوەی کەلەپووری کوردیدا، چاپخانەی کامەران، سلێمانی، ١٩٨٥، ل١٤٣؛ بوار نورەدین: میرعەبداڵ خانی بەدلیس(١٦٠٥ـ١٧٠١) بلیمەتێکی فەرامۆشکراو لە مێووی کورددا، چ١، دەزگای چاپ و پەخشی حەمدی، سلێمانی، ٢٠٠٧، ل١٩٢–٢٠٠٦.

٦. شاکر فەتاح: گەشتی هەڵەبجە و هەورامان لە ساڵی ١٩٣٣، چاپخانەی کامەرانی، سلێمانی، ١٩٧٤، ل١٧.

٧. قوللەکانیماڵی پاشا شوێنی نوسینی شیعری ئەحمەدموختار بەگی جاف بوو، چاوپێکەوتنی ئارام عەلی سەعید لەگەڵ شەمسەی کچی ئەحمەدموختار جاف، ڕۆژنامەی کۆمەڵ، ژ(٢٣٢)، ٢٠٠٦/٧/٢٢.

٨. بڕوانە عادل صدیق عەلی: عادیلەخانم کەسایەتی و ئەردەلانییبوون و ساحێبقرانی بوونی، مەڵبەندی کوردۆلۆجی، سلێمانی، ٢٠١٠، ل٨١ ؛ ئازاد عەبدولواحید: هەڤپەیڤینێک لەگەڵ حیلمی شاعیری کۆچکردووی هەڵەبجەی شەهید، گۆڤاری(ڕامان)، ژ(١٤٠)، ٢٠٠٩، پ١٣، ل٧٨. خۆشبەختانە لە ئێستادا خوێندکارێکی کورد بەناوی (کاروان عوسمان) کە سەرقاڵی خوێندنە لە تاران، توانیویەتی ژمارەیەک دەستنووس و شیعری نوێی تاهیربەگ لە ئەرشیفخانەکانی ئەو وڵاتە بدۆزێتەوە و ساغیان بکاتەوە، بەهیوای ئەوەی لە داهاتوودا دیوانێکی جوانی ئەو شاعیرە عاشق و دڵتەڕە بەتوانایە ببینین.

٩.کەریم بەگی فەتاح بەگی جاف: تەئریخی جاف، لێکۆڵینەوەی د.حەسەن جاف، چ١، دارالکتب والوثائق، بغداد، ١٩٩٥، ل٩.

١٠. عەبدولڕەقیب یوسف: بانگەوازێک بۆ، ل١٤ ؛ ئاکۆ عەبدولکەریم شوانی: شاری سلێمانی(١٩١٨–١٩٣٢)، چ١، چاپخانەی زانست، سلێمانی، ل١٢١.

١١. حەکیم مەلا ساڵح: دیوانی ناتیق، چ١، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی، ٢٠٠٩، ل١٤.

١٢. چاوپێکەوتن لەگەڵ حەمیدە ئەحمەدموختار جاف، سلێمانی، ٢٠٠٦.

١٣. تێزی مێژوویی تورک و دۆزی کورد، و.ئەنوەر محەمەد ئەحمەد، چ١، ٢٠١٣، ل٥٦.

١٤. ه.س، ل٣٢.

١٥. شەوکەتی حاجی مشیر: کارەساتی کیمیابارانی هەڵەبجە بەهاری١٩٨٨،چ١، سلێمانی، ١٩٩٨، ل١٨٨–١٩٩٣؛ عادل صدیق عەلی: کۆمەڵکوژی کورد لە جەنگی عێراق ئێران هەڵەبجە(١٩٨٨/٣/١٦)بەنمونە، نامەیەکە پێشکەشی بەشی مێژووی زانکۆی سلێمانی کراوە٢٠١٤/٧/١٦، ل١٨٥.

١٦. دیوانی مەولەوی، چ١، سلێمانی، ٢٠٠٦، ل١٥.

١٧.من بۆخۆم نزیکەی هەشت ساڵە بەدوای دیوانێکی شیعری شاعیرێکی کۆچکردووەوەم، بەڵام تائێستاش نەمتوانیوە دەستی بخەم، لەبەرئەوەی کوڕەکانی دوور و نزیک ئاشنایەتییان لەگەڵ نوسین و شیعردا نییە و هەر دوای کۆچی دوایی باوکیشیان کەسێکی نزیک لە بنەماڵەکەیان دیوانە دەستنووسەکەی بردووە بۆ لای خۆی و تائێستاش نەیگەڕاندووەتەوە، هێندەش بەیەکێک لە کوڕەکانیم گوتووە خۆشم بێزاربووم، بەڵام هەرجارەی بەبیانوویەک من بەڕێ دەکات.

١٨. مێژووی هۆزی جاف و مەحمودپاشای جاف، چاپخانەی دێکان، کوردستان، ١٩٩٩، ل٣٤–٣٥.

١٩. چاوپێکەوتن لەگەڵ محەمەد عەلی قەرەداغی، سلێمانی،٢٠١٧/١/٢٠.

٢٠. ئەحمەدموختار جاف: مەسەلەی ویژدان یان چۆن بووم بە خانەدان.....

٢١. تەفسیرەکەی مەلای گەورەی کۆیە

٢٢. س.پ، ل٣٢.

٢٣. بڕوانە: کلۆدیۆس جیمس ڕیچ: گەشتی ڕیچ بۆ کوردستان ١٨٢٠، و.حەمەی حەمەباقی، چ١، تەورێزـ ئێران،١٩٩٢، ل١٠٢.

٢٤. د.مارف عومەر گوڵ: جینۆسایدی گەلی کورد لەبەر ڕۆشنایی یاسای تازەی نێودەوڵەتاندا، چ٥، بڵاوکراوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠١٠، ل.

٢٥. بۆ زانیاری زیاتر لەبارەی مێژووی دروستکردن و وردەکارییەکانی تری بڕوانە: عبدالرقیب یوسف: فن العمارة فی کردستان( قصر عثمان باشا جاف فی حلبجة، القسم الاول، جریدة العراق، ١٩٨٠/٦/٢٨، القسم الثانی، ١٩٨٠/٧/٣) ؛ عەبدولڕەقیب یوسف: بانگەوازێک بۆ، ل٦١.



# لەنێوان ئیسلامیبوون و کوردبووندا!




**کامەران بابان زادە**

خاوەنی دوو بڕوانامە لە مێژووی نوێ و هاوچەرخ و لە مێژووی سەدەکانی ناوەڕاست. خاوەنی سێ کتێبی نووسراو و چوار کتێبی وەرگێردراوە. سەدان وتارو و نووسینی لە گۆڤار و ڕۆژنامەکان بڵاوکردۆتەوە. ئێستا خوێندکاری دکتۆرایە.

لێرەوە دەگەڕێمەوە بۆ ئەو بابەتەی کاتی خۆی لە ژمارە (١)ی گۆڤاری (بوار) بڵاوم کردەوە بەناوی (جومگە تەبا و ناتەباکانی هەردوو ڕەوتی ئیسلامی و ڕەوتی نەتەوەیی لە کوردستان)(١)و دواتر بەدەستکاریی و وردەکاری زیاتر لە کتێبی (حوار السلامي – العلماني في كوردستان) بە زمانی عەرەبی دووبارە بڵاوم کردەوە(٢). لەلای من ئەو بابەتە بابەخێکی گەورەی هەبوو. لە بەرواری ٢٧/ ٢/ ٢٠١٦ بەشداریم کرد لە سیمینارێک کە سەنتەری زەوهاوی و یەکێتی نوسەرانی کورد لە هەولێر ئامادەیان کردبوو لەسەر هەڵوێستە کردن لە بابەت هەردوو چەمکی ئایین و نەتەوە... دیارە ئەمە تەنیا دوو هەنگاو نەبووە و خاڵی وەستانم دانەناوە.. پێموایە زۆر هەڵدەگرێت... پێداویستیەکی ئەم سەردەمەیە بۆ ڕەوتی ئیسلامی لە کوردستان و بۆ بزاڤی نەتەوایەتی میللەتی کورد. ماوەی چەند ساڵێکە کار لەسەر ئەو تەوەرەیە دەکەم، لەو ڕوانگەیەوە گەیشتمە زۆر ئەنجامی گرنگ لێرەدا بە چەند خاڵێک دەیخەمەڕوو:

**یەکەم**

**شوناسی ئایین لەگەڵ شوناسی نەتەوە:**

ئایین لەناو مەوسوعەکان وا پێناسە کراوە، کۆمەڵێک بنەما و بیروباوەڕە دەربارەی ژیان و گەردوون، بەدیهێنەر و بەدیهێنراو، لێرە دەبێتە پەیڕەو و ڕێنمایی بۆ ئەخلاق و ئاکار و هەتا دەگاتە شێوازی پێکەوەنانی خێزان و پەیوەندی نێوان تاکەکان و تاکەکان و دەرووبەر.

ئایین لە زمانی کوردی لە (دین)ی زمانی عەرەبی وەرگێراوە، (دین)یش لە زمانی عەرەبی سەرەڕای هاوشێوەیی لەگەڵ ئەو پێناسەیە خستمانەڕوو، مانا و مەدولولی دیکەش وەردەگرێت، ئەوجا (ئاین) تەنیا لەو دینە ئاسمانییە بێگەرد و ڕاستی و ڕەهایە کورت هەڵنایات، کە خوای گەورە بۆ مرۆڤەکانی ناردووە، لەو ڕوانگەیەوە بڕوادارن و خاوەنی ئایینن، بەڵکو:

١-بە هەموو ئەو بەها و بیروباوەڕە دەوترێت کە مرۆڤەکان، پیاوچاکان تەنانەت ئەفسانە و خورافەش لە قۆناغە جیاوازەکان هێناویەتی.

٢-ئەو خوێندنەوە و زیادەیەش کە لە ڕووی مومارەسە یان نوسین و دەقەوە لە دینێکەوە سەرچاوەی گرتووە، بەڵام نێردراوی پەروەردگار یان فەرمایشتی پێغەمبەران(سەلامی خوایان لێبێت) پێی دەوترێ ئاین، ئەمە و زۆر مانا و گوزراشتی دیکەش(٣).

**کەواتە ئێمە لێرەدا دەگەینە دوو بەرئەنجامی گرنگ:**

یەکەمیان/ ئاین بۆئەوەی فەرمایشتی خوای گەورە و پێغەمبەران(سەلامی خوایان لێبێت) جیابکرێتەوە و پاک بکرێتەوە لەو کەلەپوور و زیادەیەی لە ئاکامی خوێندنەوە بۆ وەحی دروست بە نادروستی یان بە ناواقیعی تێکەڵی بووە جیابکرێتەوە و بە بەردەوامی ئاگاداری زەمان و مەکانی سەردەمی خۆی بێت پێویستی بە نوێبوونەوە هەیە، پێغەمبەری خوای دەفەرموێت **(إِنَّ اللَّهَ يَبْعَثُ لِهَذِهِ الأُمَّةِ عَلَى رَأْسِ كُلِّ مِائَةِ سَنَةٍ مَنْ يُجَدِّدُ لَهَا دِينَهَا) (٤)** کەواتە لێرەدا، ئاینی خوای گەورە و ئاینی دیکەش هەیە، خوای گەورە ئاینەکەی لەگەڵ ئاینی غەیری خۆی جیادەکاتەوە.

دووەم/ ئاین لە ناوەڕۆکدا هەمووی باش نیە، ئاینی باش و ئاینی خراپ هەیە، وەکو ربعی کوری عامر بە ڕۆستەمی وت: (الله ابتعثنا لنخرج من شاء من عبادة العباد إلى عبادة الله، ومن ضيق الدنيا إلى سعتها، ومن جور الأديان إلى عدل الإسلام، فأرسلنا بدينه إلى خلقه لندعوهم إليه، فمن قبل ذلك قبلنا منه ورجعنا عنه، ومن أبى قاتلناه أبدا حتى نفضي إلى موعود الله)(٥) کەواتە ئاین هەندێ جار دەبێتە سەرچاوەی زوڵم و هەندێ جار دەبێتە فریادڕەس بۆ لابردنی زوڵم.

لێرەدا مەبەستمە بڵێم کە باس لە ئاین دەکەین تاکی مسوڵمانی وا لێ ڕاهاتووە، یەکسەر زیهنی بۆ لای ئیسلام دەچێت، یان بۆ لای ئاینی مەسحی یان ئاینی جولەکە، ئەمە لەکاتێکدا دیدی ئاینی لای

لایەنگرانی ئەم ئایینە سەرەکیەش تۆزێک جیاوازی هەیە. بۆ نمونە نوسەرانی ئەورووپی بۆ دەسەلاتی کەنیسەی کاسۆلیکی سەدەکانی ناوەڕاست ناویان لێناوە (دەوڵەتی ئاینی) بە وردەکارییەوە لە ئاینی ئیسلامدا نیە(٦).

نەتەوە وەک ناسیونالیزم و کارکردن بۆ دەوڵەت تایبەت بە نەتەوەیەکی دیاریکراو، دیاردەیەکی تازەی نیوەی یەکەمی سەدەی ١٩ی ئەوروپا و نیوەی دووەمی سەدەی ١٩ی ئاسیا و ئەفریقیا و جیهانی ئیسلامییە.

بیردۆز زۆر لەسەر نەتەوە و بنەماکانی، بەلام بەکورتی، بە کۆمەڵێک لە مرۆڤەکان دەوترێت کە: زمان، خاک، کولتووری هاوبەش، مێژوو و چارەنووسی هاوبەش پێکەوەی گرێداون. بەئەندازەی داکۆکیان لە خەسڵەتی تایبەت بە خۆیان و دامەزراندنی قەوارەیەکی سیاسی لەسەر بنەمای ئەو خەسڵەتە هاوبەشە، بزاڤی نەتەوایەتی و شوناسی نەتەوەبوون تۆخ دەبێتەوە. نەتەوە بەپێچەوانەی ئایین ئینتیمایە بۆ ڕەگەز و خاک و شوناس و مێژوو و کولتووری هاوبەش، ئایین ئینتیمایە بۆ بیروباوەڕ و ڕێبازی خواناسی و ئاکار و چوارچێوەیەکی عەقائیدی.

## دووەم: مسوڵمان بۆ کورد نەبۆتە شوناسی جیاکەرەوە:

ئایینی دیاریکراو یان مەزهەبی دیاریکراو لای هەندێک لە نەتەوەکان بۆتە فاکتەرێکی گرنگ بۆ دروستکردنی دەوڵەتی نەتەوەیی، یان نەتەوەیەکی کردۆتە سەردەستە بەسەر نەتەوەکانی دی. داکۆکی و پاراستن و پەرەپێدانی ئایین لە یەک کاتدا بۆتە داکۆکی لە ئایین و بۆتە داکۆکی لە بەهێزکردنی پایەکانی حوکمڕانی بۆ نەتەوە لەناو نەتەوەکانی دیکە.

مەزهەبی ئەرسەدۆکسی لەناو سێ مەزهەبە سەرەکیەکەی مەسیحیەت، خزمەتی گەورەی بە گەلی ڕووسی کردووە، ناکۆکی نێوان کەنیسەی ڕۆژهەلات و ڕۆژاوا کە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەدەکانی ناوەڕاست، بەخێر گەڕا بۆ خۆڕێکخستنەوەی گەلی ڕووسی و پاراستنی قەوارەیەک بەو ناوە.

مەزهەبی کاسۆلیکی بووە بەشێک لە دەوڵەتی نەتەویی فەرەنسی و کەنیسەی (ئەنگلیکانی – پرۆتستانتی)بووە بەشێک لە شوناسی بەریتانییەکان و لە ئەورووپای دوای ڕووخانی ئیمپراتۆریەتی کارولۆنجی و میرۆفنجی و دابەشبوونی ئەورووپا بەسەر کولتووره لۆکاڵییەکان، لە ڕۆژئاوا نمونەی فەرەنسا و ئەڵمانیا زۆرە.

لە ڕۆژهەلاتیش مەزهەبی شیعە بووە بنەما بۆ پتەوبوونی پایەکانی دەوڵەتی نەتەوەیی بۆ فارسەکان. بەلام خەسڵەتەکانی دینداری کورد ئەو جیاکارییەی نەبووە لە بەرانبەر گەلانی دەوروبەری، لە ڕووی مەزهەب و شێوازی دینداری تێکەڵ بە ئاڵوگۆڕی کاریگەری نێوان شارەکانی کوردستان و ئەستەنبوڵ و بەغدا و دیمەشق و شارەکانی دیکەی دراوسێ ژیانی ئاینی و تەنانەت سیاسی و فەرهەنگیشی بەڕێکردووە..

ئایین بەشداری لە بونیادی شارستانیەت و ژیار و فەرهەنگی نەتەوە دەکات، ئاینی ئیسلام بەشدارییەکی زۆر باشی کردووە لە دەوڵەمەندکردنی ژیار و فەرهەنگی کوردی، لە بەرانبەردا کورد بەشداری کاریگەری هەبووە لە فەرهەنگ و ژیاری ئیسلامی، ئەم بەشدارییە دەکرا هاوکاربوایە بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی؟ ئەمە پرسیارە جدیەکەیە.. مادام شێوازی مومارەسەی ئیسلامەتی کورد خاڵی جیاکارییەکانی لە ڕابردوو بایی ئەوە نەبووە، کورد بە خەسڵەتی جیاواز لە نەتەوەکانی دەوروبەری دینداری بکات، ئەوە زەحمەت بووە مسوڵمانبوون بەشداربێت لە گەلاڵەبوونی فیکری دارشتنی دەوڵەتی نەتەوە. دەمێنێتەوە ئەوەی لەم چەند ساڵەی ڕابردوو بۆتە

بابەت لەناو بەشێک لە نوخبەی ڕۆشنبیرانی کورد ئەویش ئیسلامی خۆماڵییە.

لە نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدە هاوکاتی بە هێزی میرنیشینە کوردییەکان و بەرەنگاری دەسەڵاتی مەرکەزی عوسمانی لەلایەن ئەو میرنیشینانەوە، هەردوو تەریقەتی نەقشبەندی و قادری بە ڕووخساری خۆماڵی و لەسەر دەستی دوو مەرجەعیەی گەورە مەولانا خالیدی نەقشبەندی و شێخ مارف نۆدێی. لێرەوە کوردستان بووە سەرچاوەی دیدێکی تازە بۆ ئایین و ئیسلامەتی، بەڵام ئەمە نەبووە هەوێن بۆ دیدی فەرمی هیچ میرنشینێکی کورد، هەتا بەشداربێت لە داڕشتنی کولتووری قەوارە بۆ کورد.

شێخ عوبێدوڵڵای نەهری ١٨٨٠ – ١٨٨١ لە یەک کاتدا یەکەم ڕابەری بزوتنەوەی نەتەوایەتی کوردی و ڕابەری تەریقەتی نەقشبەندی بووە، ئەمە بۆ شێخ سەعیدی پیران لە ١٩٢٥ و بۆ شێخ مەحمود وەک ڕابەری تەریقەتی قادری ڕاستە، بەڵام ئەمانە نەبوونە تێزی بیرکردنەوەی کورد و بەرجەستە نەبوون لە مەیدانی دەوڵەتداریی و زوو خامۆش کرانەوە، دوای ئاوێتەبوونی کۆمەڵە و ڕابەرە سیاسییەکانی کورد بە ئەفکاری ڕۆژئاوا و دەرچوون لە کولتووری تەریقەت و ئاینداری وەک بزوێنەری بەگەڕخستنی ڕەش و ڕووتی کورد بۆ شۆڕش و ڕاپەڕین ئەو هەلەی لە دەست کورددا(٧).

گەشەسەندنی سەرلەنوێی بزاڤی ئیسلامی لە کۆتایی حەفتاکانی سەدەی ڕابردووەوە بۆ ئێستا و بەشداری لە بزاڤی کوردایەتی جێگەی هەڵوەستە لەسەرکردنە. ڕاستە ئەو بزاڤە بەشداری کردووە لە خەباتی چەکداری دژی دەسەڵاتی بەعس و ڕۆڵی گەورەی هەبووە لە ئاشناکردنەوەی تاکی کورد بە ئیسلام، بەڵام بێویژدانی پارت و بزاڤە عەلمانیەکان بەرانبەر ئایین و کاریگەرییەکانی لە کۆمەڵگای کوردی، وایکردووە کاردانەوەی سلبی لەسەر بزاڤی ئیسلامی بەجێبهێڵێت.

دەرگای واڵای کوردستان بە ڕووی کاریگەرییەکانی دنیای ئیسلامی کە ئەمە بۆ ڕەوتە چەپ و عەلمانیەکانیش ڕاستە دەرفەتی پێکەوە کارکردنی لەسەر یەکخستنی شوناسی ئیسلامیەتی و کوردایەتی تەسک کردۆتەوە. دوای ماندووبوون لە بەریەککەوتن لە چەند دەیەی ڕابردوو ئەم چەند ساڵێکە دەرفەت بۆ گفتوگۆ و لێکتێگەیشتن و کاری هاوبەشی سیاسی و فیکریی و کۆمەڵایەتی هاتۆتەدی. لێرەوە سەرەتاکانی بیرکردنەوەی عەلمانیەتی خۆماڵی و ئیسلامەتی خۆماڵی هاتۆتە بەرباس. لە کوردستان قەیرانی فیکری عەلمانی هەیە بۆ دەوڵەتی نەتەوە و لە مەیدانی واقیعدا تووشی نوشستی بووە و ئەوەی تاقی نەکراوەتەوە بەرجەستەکردنی بەشداری فیکری ئیسلامییە بۆ دەوڵەت و قەوارە لە کوردستان، بەڵام بابەتی بەشداری ئیسلامی لە پرۆسەی کوردبوون و بزاڤی کوردایەتیش بێ ئاریشە نیە.

### سێیەم: گرێ مێژووییەکانی بزاڤی کوردایەتی بەرانبەر مسوڵمان بوون:

ئەو گرێ دەروونییە لە سەرەتای سەدەی بیستەوە دەستیپێکردووە، گۆڤار و بڵاوکراوەکانی نزیک لە کۆمەڵە و ڕێکخراوە کوردییەکان بە تایبەت گۆڤاری (کورد) زمانحاڵی کۆمەڵەی هێڤی پریەتی لەو جەدەلە.

لێکترازانی بزاڤی کوردایەتی لەسەر گرێی مسوڵمان بوون و کوردبوون لەو کاتە ناسکەدا دەستیپێکرد، ئیتیحادییە تورکەکان دوای کۆدەتای ١٩٠٨ بەسەر سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم کەوتنە سیاسەتی بە تورککردن و کوردیان لە هاوکێشەکە خستە دەرەوە. نوخبەی کوردی لە جیاتی ئەوەی بە یەکپارچەیی بەرەنگاری مەترسی ئیتحادییە تورکەکان ببێتەوە، سەرەتا دابەش بوو بەسەر ڕەوتی دینداریی و عەلمانیەت دا، پاشان

شەڕ فرۆشتن بە پیتی ئەبجەدی و سیما و خەسڵەتە ئیسلامییەکان، لە بەرانبەردا ڕەوتێک کەوتە داکۆکی لە بەها ئیسلامییەکان، سەعیدی نورسی کە ئەوکات بەناوی مەلا سەعیدی کوردی دەینووسی، ناوێکی دیاری ناو گۆڤار و ڕۆژنامەکانی ئەو سەردەمەیە. لێرەوە دەیان ڕێکخراو و گرووپ لە جیاتی قوڵکردنەوەی چەمکەکانی تەبایی بەتوندڕەویی و کورتبینی کەوتنە درزخستنە ناو بزاڤی کوردایەتی، بە نەفامی کەوتنە هەڵدانەوەی لاپەڕەکانی مێژوو.

جەمعیەتی تەعالی کوردستان کە لە دوای کودەتای ١٩٠٨ی ئیتیحادییەکان ڕابەرایەتی بزاڤی سیاسی و فەرهەنگی کوردانی لەئەستۆگرتبوو، دابەش بوو بەسەر لایەنگرانی ڕەوتی دینداريِ ی بەسەرۆکایەتی شێخ عەبدولقادری نەهریی و ڕەوتی عەلمانیەت بە ڕێبەرایەتی کۆڕانی بەدرخانیەکان.

ڕاستە شێخانی تەریقەت ڕابەری شۆڕشە مილلیەکانی کوردبوون بەرانبەر داگیرکاران وەک: شێخ عوبێدوڵلا، مەلا سەلیمی بەدلیسی، ئیبراهیم پاشای میللی، شێخ عەبدوسەلامی بارزان، شێخ سەعیدی پیران و ئەوانی دیکە کە ئەوکاری دیندارییەکە گوازرابۆوە سەر لاپەڕەی هەندێک لە گۆڤار و ڕۆژنامەکانی ئەو سەردەمە و داواکاریی و یاداشتەکانش خاڵی نەبوون لە داواکاری دیندارانە، بەڵام لە بەرانبەردا ڕەوتێکی عەلمانی توندڕە و کاریگەری لەسەر لاپەڕەی ڕەوتی فەرهەنگی و تەشکیلەی پارت و ڕێکخراوە سیاسییەکانی ئەو سەردەمە هەبوو، کە بەجدی ڕێگربوون لە ئاوێتەبوونی کاریگەری شەریعەت و ئاکاری ئیسلامی بەسەر ڕەوتی کوردایەتی. کاریگەری شۆڕشی فەرەنسی و کودەتای ١٩١٧ی ڕووسیا و تەنانەت کاریگەری نازیەکانیش لە کوردستان لایەنگری گەرم وگوڕی هەبووە.

ئەم گرێ مێژووییە بەئەندازەی نەیاری بەرانبەر دوژمنانی نەتەوەی کورد دژایەتی کولتوور و بەها ئیسلامییەکانی کردووە، لە پرۆسەی فتوحاتی ئیسلامییەوە دەستی نەبواردووە هەتا دەگاتە ڕەمزەکانی دینداری لە مێژووی نوێ و هاوچەرخی کورد. لە ئیدرسی بەدلیسیەوە دەستپێکردووە بۆ مەلای خەتی و لەوێوە بۆ شێخ مەحمود(٨).

**چوارەم/ هەڵەی باو لەم مەیدانەدا:**

لەو ڕوانگەیەوە هەندێک پرسیار و بابەت زۆر بە هەڵە دەخرێنە بەرباس کە پێویستە لێرەدا قسەیان لەبارەوە بکەین وەک:

**یەکەم/** ئاین وەک بیروباوەڕ یەکێکە لە پێداویستییەکانی مرۆڤ، مسوڵمان بوون ئینتیمایە بۆ باوەڕ و قەناعەتی مرۆڤ، لەو ڕوانگەوە جۆرە ئیلتیزامێک دەکەوێتە سەرشانی تاک، کە ڕەنگدانەوەی ئەو بیروباوەڕەیە لە ئەو ئاینەوە وەریگرتووە کە باوەڕی پێی هەیە.

ئاین بەدیلی ئاینە، بەو مانای مرۆڤ ناتوانێت لە یەک کاتدا مەسیحی بێت و مسوڵمانیش بێت، ناتوانێت مسوڵمان بێت و ئینتیمای بۆ ئاینێکی تر هەبێت. لە بەرانبەردا نەتەوە واتە گردبوونەوەی کۆمەڵە کەسانێک و ئینتیمایان بۆ گرووپێک لە مرۆڤەکان کە لە ڕەگەز و خاک و مێژوو و کولتوور و زمان هاوبەشن. کەواتە کوردبوون جیاوازە لەگەڵ عەرەببوون و ئەویش جیاوازە لەگەڵ تورکبوون و فارسبوون و فەرەنسی بوون، ناکرێت لەیەک کاتدا مرۆڤەکان ئینتیمایان بۆ دوو نەتەوە هەبێت. نەتەوە بەدیلی نەتەوەیە، بەو مانایەی تۆ لە ڕەچەڵەک و نەتەوە تەنیا دەتوانی کورد بی، کاتێک خۆت بە نەتەوەیەکی دیکە دانا ئەوە شوناسی کوردبوونت لێوەردەگیرێتەوە.

ئەو پێشەکیەم بۆ ئەو مەبەستە بوو، دەمەوێت بڵێم هیچ پرسیارێک لەو پرسیارە بێ مانا و ناواقیعی تر نیە، قسە لەسەر ئەولەویانی مرۆڤەکان بکرێت لە نێوان ئیسلامی بوون و کوردبوون، «تۆ پێش ئەوەی کورد بی ئیسلامی یان پێش ئەوەی ئیسلامی بی کوردی؟» پرسیارێکی بێ مانایە،

لە رووی مومارەسەشەوە، کەسێک بیەوێت بایەخی نەتەوەیی و کوردایەتی هەبێت و پێیوابێت ناتوانێ یان ناکرێت بایەخی دینداری هەبێ یان بەپێچەوانەوە.

دەکرێت ئەو پرسیارەی: تۆ پێش ئەوەی کورد بی مسوڵمانی یان پێش ئەوەی مسوڵمان بی کوردی؟ بەم شێوەیە روون بکرێتەوە:

ئەگەر مەبەست لە (پێش) رەهەندی مێژووییە؟ ئەوە پێش هاتنی ئاینی ئیسلام کورد هەبووە، کە ئیسلام هاتووە کورد لەسەر خاکی خۆی ژیاوە، وەک کورد ژیاوە، کەواتە کوردبوون لە پێش هاتنی ئیسلامەوە هەبووە، بەڵام ئەگەر پرسیارەکە لە رووی ئەولەویاتەوەیە.. واتە کامەیان لە پێش ئەوەی تر جێی بایەخە ئەوە نابێت و پرسیارێکی هەڵەیە.

**دووەم/** فارس و عەرەب و تورک بۆ دورستکردنی دەوڵەتی نەتەوەیی سوودیان لە ئیسلام وەرگرتووە تەنیا کورد نەبێ(١٠).

لێرەوە دەپرسین کام دەوڵەتی نەتەوەکانی دراوسێ ئیسلام بۆی دروستکردوون، یان ئەوان بە سوودوەرگرتن لە ئیسلام دایانمەزراندووە؟

دەوڵەتی نەتەوەیی لە بەرئەنجامی رووخانی دەوڵەتی عوسمانی و قاجاری لە رۆژهەڵاتی ناوەراست دروستبوو. لێرەوە نە دەوڵەتی سوریا و نە دەوڵەتی عێراق و نە ئەوەی ئوردن بۆ عەرەب لەسەر بنەمای ئایین و ئیسلامەتی دروستبووە، نە دەوڵەتی تورکیای کەمالیەکان و نە دەوڵەتی پەهلەوی. قسەکردن لەسەر عەلمانیەتی ئەو قەوارانە و کاریگەری بەرژەوەندی وڵاتانی ئەورووپی وابزانم روونکردنەوەی ناوێت، ئەی کەواتە کامیان ئیسلام دەستی لە دامەزراندنیاندا هەبووە؟، ئەگەر مەبەست هەڵخەڵەتاندنی هەندێک لە کوردەکان بێت لەلایەن کەمالیەکانەوە بەناوی گەراندنەوەی برایەتی عوسمانی و دوایی وا دەرنەچوو، ئەوە پێش هەمووان با کورد گلەیی لە مێژووی خۆی بکات.

باشە با بە دیوێکی تر بابەتەکە روون بکەینەوە، مادام نەتەوەکانی دەوروبەر سوودیان لە ئیسلام وەرگرتووە کەواتە دەکرێت سوود لە ئیسلام وەربگیرێت بۆ دامەزراندنی قەوارەی نەتەوەیی.. ئەدی بۆ کورد سوودی لێوەرنەگرت؟ کەواتە لۆمەکە دەکەوێتە سەر کورد خۆی و کەس لەو بوارەدا خێری پێ ناکات.. خاڵی دووەم ئەوەیە هێشتا دەرفەت ماوە، ئەی بۆچی لە ئێستادا ئەو بیرۆکەیە زیندوو نەکرێتەوە سوود لە ئیسلام وەربگیرێت بۆ دامەزراندنی قەوارەی نەتەوەیی؟ باشە پرسی کورد لە ١٩٩١ وە هەتا ئێستا تاوانی رەوتی ئیسلامی چی بووە تێیدا؟ لەکاتێکدا واقیعی حوکمرانی بەپێچەوانەی سەربەخۆیی و دەوڵەتی نەتەوەیی هەنگاو دەهاوێت؟

## پێنجەم/ ئیسلامی بوون چی لە کوردایەتی دەوێت و بە پێچەوانەوە:

ئەوەی کەمتر زۆرترین گلەیی و گازاندەی لەسەر هەیە لەناو نوخبەی سیاسی و رۆشنبیری کورد، ئەو دوو ویستەیە، ئایا بزاڤی کوردایەتی و نوخبەی سیاسی کورد چی لە ئیسلام و رەوتی ئیسلامی دەوێ؟ ئایا ئیسلام و رەوتی ئیسلامی لە کوێدا کۆسپە لە بەردەم پرسی نەتەوەیی هەتا پێداچوونەوە بە خۆیدا بکات؟

لە بەرانبەردا رەوتی ئیسلامی دەیەوێت کێشەی کورد و بزاڤەکەی بەرەو کوێ ببات؟ ئایا ئەو ئاراستەی ئەو کاری لەسەر دەکات دڵنیایی داوەتە رەوتی جیاواز لە خۆی لە بزاڤی کوردایەتی کە ئەویش لە دیدی فیکریی و ئاکاری خۆیەوە خزمەتی یەک قەوارە و یەک ئامانج و یەک خەون دەکات؟

دەبێ مێژووی بزاڤی رزگاریخوازی گەلان دیدە جیاوازەکان بەشداری تێدا بکەن، دوای ئەوە پرۆسەی دەنگدان و حوکمرانیەتی تەندوست بەشداری هەمووان لە دارشتنی قەوارەیەکی

هاوبەش بۆ هەمووان یەکدەخات. مێژووی ئەو بزاڤانە بۆ سەربەخۆیی بەیەک ئایدۆلۆژیا و فیکری سیاسی ئەنجامدراون و فرەییان قبوڵ نەبووە، دوای ئازادی و دامەزراندنی قەوارەی سیاسی کارەساتیان بەسەر گەلەکەی خۆیان دا هێناوە.

بەهاکانی مافی هاولاتیبوون و رێزگرتن لە فرەیی و پێشبرکێ لەسەر بنەمای دیموکراسی بۆ ئاڵوگۆڕی ئاشتیانەی دەسەلات ئەو چەمکانەن هەمووان کۆدەکاتەوە، ئەوکات رەوتی کوردایەتی دەزانێت چی لە رەوتی ئیسلامی دەوێ و لەو روانگەیەوە دەزانێت خاڵە بەهێز و جەوهەرییەکانی ئەو رەوتە لەکوێدایە بۆ خزمەت بە میللەت و قەوارە سیاسییەکەی و خەونەکانی ئایندە. بەپێچەوانەوە رەوتەکانی کوردایەتی کە هەر لە ئێستاوە گەرای دیکتاتۆریەتی سیاسی و ئایدۆژییان ئامادەکردووە بۆ دوای سەربەخۆیی نایانەوێت سوود لە رەوتی ئیسلامی و کولتوورەکەی وەربگرن.

لە بەرانبەردا رەوتی ئیسلامی دەبێت لە تەجاوزی دەربێ، پەنجەی نەرم بێ بۆ لێکتێگەیشتن لە بەرانبەر خواست و خەونەکانی نەتەوە. تەنیا چاوی لەسەر پرۆژەی سیاسی نەبێت، لە رێگەی گەرانەوە بۆ کولتووری کورد لە دینداریی و ئاشنابوون بە خەونەکانی کوردبوون، چیرۆکەکانی چەوسانەوەی میللەتێک و زاڵمیەتی نەیارەکانی جارێکی تر ئەدەبیاتی خۆی دابرێژێتەوە.

ئیسلامیەتی نالی و حاجی قادر و مەولەوی و تەریقەت و رێبازەکانی سۆفیگەریی و خەون و چیرۆکەکانی ئاوێتەبوونی ئیسلام لەناو کۆی کایەکانی مێژووی ئەدەبی کورد و شۆرشەکانی کورد و لاپەرەکانی مێژوو کە ئەوەندە زۆرە لە ژمارە نایەت، ئەم کولتوورە دەوڵەمەندە پێش رەوتی عەلمانیەتی کوردی لەلایەن رەوتی ئیسلامی خۆیەوە نادیدە گیراوە. لێرەوە بۆتە کۆسپی گەورە لە بەردەم گەلاڵەبوونی بنەماکانی ئیسلامی خۆماڵی.

## سەرچاوە و پەراوێزەکان

(١) کامەران بابان زادە: چەمکە تەباو ناتەباکانی هەردوو رەوتی ئیسلامخوازی و ناسیونالیستی کورد، گۆڤاری بوار، ژ(١)، هاوینی ٢٠٠٩.

(٢) ئێستا ئەم کتێبە کراوەتە کوردی بەناوی (گفتوگۆی ئیسلامی – عەلمانی)و سەرەرای ئەو بابەتە چەندان وتار و توێژینەوەی گرنگی تێدایە کە خزمەت ناوەرۆکی ئەم وتارە دەکات.

(٣) (المصطلحات الاربعة في قرأن الكريم)ي (ابو أعلى المودودي) زۆر بە وردی ئەم زاراوەیەی روونکردۆتەوە. لە سەرچاوەکانی دیکەش بەباشی قسەی لەسەر کراوە بە پێویستم نەزانی لێرە درێژەی پێ بدەم.

(٤) ئەم فەرموودەیە (ابو داود) گێراویەتییەوە.

(٥) ابن كثير لە کتێبی (البداية و النهاية) لە بەشی حەوتەم لە باسی شەری قادسیە، ئەم دەقە و درێژەی رووداوی ئەو گفتوگۆیەی بۆ تۆمارکردووین.

(٦) دەوڵەتی دینی و دەوڵەتی مەدەنی بابەتێکی گرنگە، لە ژمارەکانی رابردووی گۆڤاری خاڵ بایەخی پێدراوە. رای منیش لەوبارەیەوە ئەوەیە: دەوڵەتی کولتووری کەنیسەی کاسۆلیکی سەدەکانی ناوەراستە، دەوڵەتی مەدەنی لە مێژووی ئیسلامدا هەیە، ئەوەی لێرە پێگەی ئیسلام لە دەستوور و حوکمرانی لە چوارچێوەی دامەزراوەکانی دەوڵەت و سەروەری یاسا و دابەشکردنی دەسەلات وەک دەوڵەتی دینی وێنا دەکات، هەڵە حاڵی بوونە.

(٧) درێژەی ئەم باسە لە کتێبی (چەند لاپەرەیەک دەربارەی بزاڤی هاوچەرخی کورد) لە نوسینی د.عوسمان عەلی و من وەرگێراوەتە سەر زمانی کوردی لە بەشەکانی چوارەم و پێنجەم بە ورد ئەو باسە خراوەتەروو.

(٨) ئەدەبیاتی کاژیکو بزاڤی ناسیونالیستی عەلمانی لە رابردوو زۆر ئەو بابەتەیان دەورووژاند. تاوانبارکردنی ئیدریسی بەدلیسی بە رادەستی کوردستان بە سوڵتان سەلیمی عوسمانی لەسەرووبەندی شەری چاڵدیران ١٥١٤و فەتوای مەلای خەتی بۆ رووخانی میرنیشتی سۆران لە ١٨٣٦ و تاوانبارکردنی شێخ مەحمود بە دۆستایەتی تورک و تەوقەنەکردنی لەگەڵا ئینگلیز.

# ناسنامەی کورد لە نێوان کورد بوون و ئیسلامی بووندا



**د. ئاراس محەمەد ساڵح**
لەدایکبووی ١٩٧٠
دکتۆرا لە شەریعە. مامۆستا لە زانکۆی سلێمانی
چەند کتێب و وتاری بڵاوکراوەی هەیە.



لەم چەند دەیەی دواییدا بەهۆی بچوکبوونەوەی جیهانەوە لە بەردەم شەپۆلەکانی جیهانگیریی و گەشەکردنی هۆیەکانی پەیوەندی و تۆڕەکانی ئینتەرنێت و نزیکبوونەوەی سنورەکانی جیهان بۆ گوندێکی بچووک، هەموو ئەمانە زیاتر پرسی ناسنامەی کردووەتە جێگەی قسە لەسەرکردن و مشتومڕی ناوەندە زانستی و کۆمەڵایەتی و فەلسەفیەکان، چونکە بچووکبوونەوەی جیهان زیاتر کەلتووری تایبەتمەندی مرۆڤ و گەلە جیاوازەکان دەخاتە بەرمەترسی سڕینەوە و هەموو جیهان بەرەو یەکڕەنگی و یەک کەلتووری دەبات، لەم کێشمەکێشەدا بێگومان کەلتووری گەلانی سەردەست باڵادەست دەبن و گەلانی بندەست تایبەتمەندی زمان و کەلتوورییان بەرەو پوکانەوە دەچێت.

هەندێک لە توێژەران باسیان لەوە کردووە کە پێناسەکردنی ناسنامە ئەستەمە و فرە ڕەهەند و چەمک و واتای جیاوازی هەیە و زۆر زەحمەتە بتوانرێت لەناو چوارچێوەی یەک پێناسەدا جێبکرێتەوە، هەروەها کەسانی تریش هەن بڕوایان بە ناسنامەی دیاریکراوی کەس و تاک و کۆمەڵێکی دیاری کراو نیە، لەهەمان کاتدا چەمکی ناسنامە وەک ڕەهەندێکی فەلسەفی و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری ڕەتدەکەنەوە(١).

بەڵام بابەتی ناسنامە ڕاستیەکە و نکوڵی لێناکرێت، هەموو گەلانی جیهان خاوەنی تایبەتمەندی خۆیانن و ئەمڕۆ لە گفتوگۆکانیاندا ئەو پرسیارە دەکەن، ئێمە کێین؟ پێگەمان لە جیهاندا چیە؟ لە زۆر ڕووی فەلسەفی و سۆسیۆلۆژیی و دەروونی و سیاسی و ئەنسرۆپۆلۆژییەوە.

بەڵام دەکرێت لە بەردەم شاڵاوی بەجیهانیبوونی سەرەتاکانی سەدەی بیست و یەکدا گەلان و دەستە و پێکهاتە جیاوازەکان بتوانن ناسنامەی خۆیان لە کاریگەری ئەوانی تر بپارێزن؟ باشە خاڵی ئیجابی ئەو خۆپارێزییە چیە؟ بۆ گرنگە مرۆڤ پارێزگاری لە ناسنامەی خۆی بکات؟ دەکرێت ناسنامەی نەتەوەیی یان ئاینی بێت، دەکرێت داخران و تێکەڵاو نەبوون بەوانی تر وەک خاڵێکی ئیجابی سەیر بکرێت؟

ترس لە توانەوە و گۆڕان لەگەڵ پێشهاتە ژیاریی و ژیانیەکاندا چ مەترسیەک لەسەر ناسنامەی ئاینی و نەتەوەیی دروست دەکات، دەکرێت مرۆڤ بەدرێژایی مێژوو لەناو چاوچێوەیەکی دیاریکراوی کەلتوریدا بمێنێتەوە؟ ڕەنگە ترسەکان لە داخران و خودپەسندییەوە سەرچاوەیان گرتبێت، یان ڕەتکردنەوەی ئەوانی تر و بە پیرۆزکردنی کەلتووری خودەوە بێت؟.

ناسنامەی هەموو تاکێک واتە: خودی ئەو کەسە، یان ئەو تایبەتمەندییانەی لەوانی تری جیادەکاتەوە، بۆ ئاستی گەلانیش بەهەمان شێوە هەر گەل و نەتەوەیەک تایبەتمەندی و مۆرکی خۆی هەیە و لە گەلانی تری جیادەکاتەوە(٢)، ناسنامەی هەر تاک و گەلێک کۆمەڵێک پێکهێنەر و بەهێزکەر(مقومات) تایبەتی خۆی هەیە و لەوانی تری جیادەکاتەوە، لێرەدا هەوڵدەدەین پێکهێنەرەکانی ناسنامە و بەهێزکەرەکانی ئاماژە پێبدەین.

ناسنامە بە واتا فەلسەفیەکەی: واتە: بوونی خودی شتێک وەک خۆی، واتە: خود و تایبەتمەندییەکانی کە لەوانی تری جیادەکاتەوە(٣).

بەڵام ناسنامە بە واتا کۆمەڵایەتی و سۆسیۆلۆژییەکەی واتە: ئەو جیاکاریانەی تاکێک لە کۆی گشتی کۆمەڵ جیادەکاتەوە لەمیانەی بەراوردکردنی بە تایبەتمەندییە کۆمەڵایەتییە گشتییەکاندا. یان بریتییە لەو شتەی تاکێک هەست بە تێکەڵبوونی دەکات بەو کۆمەڵەی تێدا دەژی(٤).

هەروەها ناسنامە بەواتا ڕۆشنبیرییەکەی: سەربەخۆیی ڕۆشنبیری بە هەموو واتای ڕۆشنبیری لە داب ونەریت و ئاکار و حەز و بەها و ڕوانین بۆ گەردوون و ژیان(٥).

## پێکهێنەرەکانی ناسنامەی نەتەوەیی

پێکهێنەرەکانی ناسنامەی نەتەوە: هەموو نەتەوەیەک لە کۆمەڵە کەسێک پێکدێت کە خاوەنی یەک ڕەگەز و ڕۆشنبیری تایبەت، زمانێکی سەربەخۆ، نەریت و کەلتووری مێژوویی، لەسەر پارچە زەوییەکی دیاریکراوی ئەم گەردوونەدا نیشتەجێن. بێگومان ناسنامەی هەر تاک و نەتەوەیەک لە کۆمەڵێک ڕەگەزی جیاواز پێکدێت و هەریەکێک لەو پێکهێنەرانە گرنگی و بایەخی تایبەتی خۆیان هەیە لە دیاریکردنی ناسنامەی مرۆڤدا، لە گرنگترین ئەو پێکهێنەرانە:

زمان: زمان لە سەرەکیترین پێکهێنەرەکانی ناسنامەی مرۆڤە و لەوانی تری جیادەکاتەوە، زمانی زیندوو باشترین دیواری پاراستنی هەر تاک و نەتەوەیەکە لە توانەوەی لەنێو بۆتەی گەلانی تردا، زمانی دایک تاکە ڕێگەی لێدوان و گەیاندنی پەیامی مرۆڤە، هەر لە ڕێگەی زمانەوە مرۆڤ دەتوانێت دنیابینی و تەفسیری بۆ ژیان و گەردوون بکات، زمان دەتوانێت بەهێزی و بێهێزی و گەورەیی و بچوکی گەلان دەستنیشان بکات.

هەروەها لەکاتی توندبوونی ململانێ نەتەوەیی و نیشتمانی و سیاسییەکاندا، زمان ڕۆڵی گەورە و کاریگەری هەیە لە دیاریکردنی ناسنامەی تاک و کۆمەڵدا بۆ شەرعیەت و هەستکردن بە ئینیما و ڕووبەڕووبوونەوەی قەیرانەکان.

ئاین و مەزهەب: ئاین بەدرێژایی مێژوو کاریگەری زۆری هەبووە لەسەر مرۆڤ و دنیابینی تاک و گشتی، تەفسیری مرۆڤ بۆ خوا و بۆ گەردوون و ژیان و دوای ژیان و چەندین پرسیاری تر لە ڕێگەی ئاینەوە وەڵامەکەی وەرگرتووە، ئیتر ئەو وەڵامە هەرچۆنێک بێت، هەروەها دیاریکردنی سنورەکانی ڕەوا و ناڕەوا لە ڕێگەی ئاینەوە وەرگیراوە، هەموو ئەمانە کاریگەری زۆریان هەیە لەسەر پێکهاتەی کەسایەتی مرۆڤ و تێگەیشتن و هەڵکردنی لەگەڵ کەسانی تر کەلتووری جیاوازدا.

ئاین و بەها باڵاکانی لەگەڵ ئەوەشدا دیوارێکی پارێزەری تاک و کۆمەڵە لە کاری ناشیرین و نەشیاو پابەندبوونی مرۆڤەکان بە کۆمەڵێک بەهای باڵا و ڕەوشت و ئاکاری بەرزەوە، لەهەمان کاتدا ئاین مرۆڤ لە ڕاڕایی فکریی و ئەندێشە دەپارێزێت، پەیوەستی دەکات بە خوایەکی بەدیهێنەری گەردوون و ژیان، هەروەها لە رووی دەروونی و ڕۆحییەوە دڵ و دەروونی تێر دەکات بەشێوەیەک لە قەیرانی ڕۆح ڕزگاری دەکات، قەیرانی ڕۆح لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا بەهۆی گەشەکردنی ژیانی ماددییەوە و ئاڵۆزبوونی پەیوەندییەکانەوە لە قوڵترین ساتەوەختی خۆیدایە، تەنها فریادڕەسێک بتوانێت مرۆڤ لە قەیرانی ڕۆح ڕزگار بکات و دەروونی ئارام بکاتەوە ئاینێکی ڕاست و دروستە و پشت بەستنە بە خوایەکی بە دەسەڵات لە سەروو هەموو تواناکانەوە.

خواستی گۆڕان و نوێبوونەوە یەکێکە لە یاسا گەردوونییەکان، بەدرێژایی مێژوو ژیان لە گۆڕاندا بووە و مرۆڤ داهێنانی کردووە لە بوارە جیاوازەکانی ژیانی وەک جلوبەرگ و خواردن و هۆیەکانی گواستنەوە و بەرهەمهێنان و زۆر بواری تردا، ژیان لە دۆخێکی دیاریکراودا نەماوەتەوە، بەڵام ئەو هۆیانەی مرۆڤ خۆی دروستیان دەکات و بەردەوام تازەگەریی و گۆڕینیان تێدا دەکات جیاوازن لە یاسا گەردوونییەکان کە هەرگیز ناگۆڕێن و بە یاسا جێگیر و نەگۆڕەکان ناودەبرێن، وەک خوا و یاسا خواییەکان و سوننەتی گەردوونی و شەریعەتی جێگیری خوا، خوای گەورە تاک و تەنهایە و بەدیهێنەری گەردوونە، هەروەها ئەو ئاین و یاسایەی خوا دایناوە ناگۆڕێت(٦).

مێژوو: مێژووی هاوبەش و ڕابردووی گەش و تاڵ و پڕ لە کوێرەوەریی و نوشتی و سەروەری هاوچارەنووسی کاریگەری زۆری هەیە لەسەر کەسایەتی مرۆڤ و بیرکردنەوە و وەلائی سیاسی و کۆمەڵایەتی، هەتا ئێستاش شەرعیەتی مێژوویی جێگەی بایەخ و گرنگییە، ڕەنگە لە وڵاتێکی

پێشکەوتووی وەک ئەمەریکادا هەردوو حیزبی (کۆماری و دیموکراتی) بەشێک لە شەرعیەت لە ڕابردووی مێژوویی خۆیانەوە وەربگرن، بێگومان لە وڵاتە دواکەوتوو کۆمەڵە مرۆییە سەرەتاییەکاندا شەرعیەتی مێژووی زۆر بەهێزترە، تەنانەت لەناو زیهن و کەلتووری کوردیدا ڕەنگدانەوەی زۆری هەیە، بۆ نمونە کاتێک گەنجێک ڕەخنە لە کەسێکی لە خۆی بە تەمەنتر بگرێت، پێی دەڵێت: تۆ مناڵی دوێنێی، یان کاتێک ئێمە لە گونددا بووین ئێوە لە کوێ بوون؟، واتە: ئێمە شەرعیەتی مێژووییمان هەیە.

ژینگەی کۆمەڵایەتی: شوێن و ژینگەی کۆمەڵایەتی کاریگەری زۆریان هەیە لەسەر ناسنامەی مرۆڤەکان، کەسێکی ناو ژینگەیەکی خێڵەکی دواکەوتوو زۆر جیاوازە لە کەسێکی شارستانی نێو شارە گەورەکان و کۆمەڵی مەدەنی، هەروەها کەسێکی ناو ژینگەی سەربازی جیاوازە لە کەسێکی مەدەنی. کات یان هاوکاتی: کات کاریگەری زۆری هەیە لەسەر دیاریکردنی ناسنامەی تاک و گشتی، مرۆڤێکی سەدەی نۆزدە و سەدەی بیست لە ڕووی تێگەیشتن و جیهانبینیەوە جیاوازیان زۆرە، هەروەها مرۆڤێکی تێکەڵاو بە هۆیەکانی پەیوەندی و تەکنەلۆجی سەدەی بیست و یەک زۆر جیاوازە لە کەسێکی سەرەتای سەدەی بیست کە ڕەنگە ڕادیۆیشی نەبینێت. کەسێکی وەک (دۆرکایم) جیاوازی دەکات لە نێوان ناسنامەی تاک و کۆمەڵدا، دەڵێت: ناسنامەی تاک هەست و پێزانینی تایبەتە بە ژیانی خۆیەوە، بەڵام ناسنامەی کۆمەڵ پێکهاتەیەکی بیر و ئەندێشە و دابونەریتە کە هەر کۆمەڵێکی لە کۆمەڵێکی تر پێ جیادەکرێتەوە، ئەم دوو ناسنامە جیاوازە کەسێکی کۆمەڵایەتی پێکدەهێنێت.

## ناسنامەی کورد لە نێوان کوردبوون و ئیسلامبووندا

پرسی ناسنامە یان ناسنامەی کورد مشتومڕی زۆر هەڵدەگرێت، ئەمەش لەگەڵ گەشەکردنی بیری نەتەوەیی و هەروەها نەتەوەیی توندڕە و لەلایەک

**ئاین دیوارێکی زۆر بەهێزە لە بەرگرتن لە داڕوخانی کۆمەڵ و تێرکردنی ڕۆح و دەروونی مرۆڤ.**

و دەرکەوتنی بزاڤی کاری ئیسلامی بەتایبەت لە نیوەی دووەمی سەدەی بیستەوە ئەم مشتومڕە زیاتر دەرکەوتووە، لەلایەک نەتەوەییەکان بۆئەوەی واخۆیان وێنا بکەن زۆر نەتەوەیی و دڵسۆزی نیشتمانن و لەهەمان کاتدا بۆ شەرعیەتدان بەبوونی خۆیان و جیاکردنەوەی ناسنامەی خۆیان زۆر بابەتی ڕووکەش زەق دەکەنەوە.

لە هەمان کاتدا زۆرجار ئیسلامی تەقلیدیی و کۆلکە خوێندەوار دەکەوێتە دژایەتی زۆر بابەت کە جێگەی بایەخ و قسە لەسەرکردن نین، هەموو ئەمانەش بەهۆی لاوازی ڕۆشنبیریی و نەبوونی هۆشیاری و مەعریفەیەکی پێویست بۆ کوردایەتی و ئیسلامەتی، ئەگەرنا لەڕاستیدا بابەتی زیندووی سەرەکی کێشە لەسەر نین، ئەگەر کوردێکی نەتەوەیی دیندارێکی ڕاستەقینە بێت، یان کوردێکی ئیسلامی نەتەوەییەکی پاک بێت چ ڕێگر و دژایەتییەک هەیە؟

کاریگەری ئیسلام لەسەر ناسنامەی کورد

جیهانبینی تاکی کورد: لە ئێستادا تاک و کۆمەڵی کوردی خاوەنی ناسنامەیەکی ئیسلامی و کوردییە، بەدرێژایی زیاتر لە پازدە سەدەیە کورد مسوڵمان بووە و بەپێی بنەماکانی ئیسلام ژیانی گوزەراندووە، لە ڕووی باوەڕەوە خاوەنی باوەڕێکی هەڵقوڵاوی ناو دەقەکانی ئیسلامە،

# شوێن و ژینگەی کۆمەڵایەتی کاریگەری زۆریان هەیە لەسەر ناسنامەی مرۆڤەکان.

بۆچوونی دەربارەی خوا و دروستبوونی ژیان و گەردوون و مردن..هتد، ئیسلام بووتە بەشێک لە پێکهاتەی ناسنامەی کورد.

هەروەها لە ڕووی فەرهەنگی و ڕۆشنبیرییەوە کورد خاوەنی مێژوویەکی دەوڵەمەندە و دەیان شاعیری گەورەی هەیە، شاعیرانی کلاسیکی کورد هەموو شیعرەکانیان هەڵقوڵاوی ناو ئیسلامە و بەشێکە لە شۆڕبوونەوەی چەمکە ئاینییەکە بۆ ناو ئەدەب و فەرهەنگی کوردی، لە هەمان کاتدا ئەو ئەدەب و مێژووە بووەتە بەشێک لە زیهنیەت و بیرکردنەوەی تاکی کورد، هەر کەسێک هەوڵی سرینەوەی ئەو مێژووە بدات هەوڵی شێواندنی کەسایەتی تاکی کورد و مێژووی کورد دەدات.

بەهای بەرز: بەها بەرزەکان (القیم العلیا) هەڵقوڵاوی هەناوی ئیسلامن، ڕەنگدانەوەی ئەو بەهایانە لەناو کۆمەڵی کورددیدا لە هەموو گەلانی تری مسوڵمان زیاتر ڕەنگیداوەتەوە، وەک خۆنەویستی، ڕاستگۆیی، بەخشندەیی، زانستپەروەری، دەستوداوێن پاکی و چەندانی تر، ئیسلام هاندەر و پارێزگارێکی باشە لەو بەهایانە و بەردەوام لە هەوڵی زیندوو ڕاگرتنیاندایە.

لە ڕۆژگاری کرانەوەی جیهان بە ڕووی یەکتردا و ئەنجامدانی کاری خراپ و زیانبەخش، ئیسلام و ئیمان بە ڕۆژی دوایی باشترین فاکتەری بەهێزن لە پاراستنی تاک و کۆمەڵ لە کارێکی دزێو قێزون و ڕوخێنەر، باوەڕ بە تاک و تەنهایی خوای گەورە مرۆڤ لە ڕارایی فکریی و دڵەڕاوکێی لاوازی دەروون دەپارێزێت، هەروەها لە ڕووی کردارەوە مرۆڤ دەخاتە سەر ڕێگای ڕاست و هەموو کات هەست بە بەهێزی دەکات، مرۆڤی بڕوادار زۆر گەشبینە بە داهاتوو لەکاتی بەڵاو ناخۆشییەکان تووشی بێهیوابوون و ڕووخان نابێت و چاوەڕێی پاداشتی دوارۆژە لای خوای گەورە.

ئەمڕۆ کە جیهان گیرۆدەی مادە بێهۆشکەرەکان و بە دڕەوشتی بووە، لە هەمان کاتدا دەیان نەخۆشی دەروونی و جەستیی یەخەی مرۆڤایەتی گرتووە و قەیرانی ڕۆحی گەیشتووەتە ئاستێک مرۆڤی ناوجەرگی شارستانیەت و خۆشگوزەرانی پەنا بۆ خۆکوشتن دەبات، لەم کاتەدا فاکتەری ئاین دیوارێکی زۆر بەهێزە لە بەرگرتن لە داڕوخانی کۆمەڵ و تێرکردنی ڕۆح و دەروونی مرۆڤ.

زمان و کەلتور: ناوەندە ئاینییەکان ڕۆڵی گەورە دەبینن لە پاراستنی زمانی نەتەوەییدا، جیاوازی زمان سونەتێکی خواییە بۆ نیشاندانی گەورەیی دەسەڵاتی خوا دەگەڕێتەوە، لەهەمان کاتدا ئەم جیاوازیانە بۆ هاوئاهەنگی دەوڵەمەندکرنی شارستانیەتی مرۆییە (لتعارفوا) نەک بۆ دژایەتی و شەڕی یەکتر، ئەو تێڕوانینە ئاینییە بۆ جیاوازی زمان و نەتەوە زۆر هاوسەنگ و تەواوکارییە، ئاین بیری شۆڤێنی و فاشی و توندڕەوی ڕەتدەکاتەوە و جەخت لە یەکسانی مرۆڤەکان دەکاتەوە.

هەروەها ناوەند ئاینییە کوردییەکە ڕۆڵی گەورەی بینیوە لە تۆمارکردن و نووسینی زمانی کوردیدا، لەگەڵ گەشەکردنی هەستی نەتەوەیی لە کوردستاندا تەنها ناوەندە ئاینییەکان بوون بە زمانی کوردی و شیعر و پەخشان و فەرهەنگی زمانی کوردیان نوسیوە، لەکاتی هاتنە سەرکاری کەمالیەکانی تورکیادا، لە باکووری کوردستاندا تەنها خوێندنگە ئاینییەکان بە پیتی کوردی بەردەوام بوون لە نووسین و بە زمانی

کوردی درێژەیان بە خوێندن داوە.

پێکهاتەی خێزان و کۆمەڵ: لەگەڵ گەشەکردنی ژیار و شارستانیەت و زیاتر ئاڵۆزبوونی ژیان، پەیوەندییە خێزانی و کۆمەڵایەتییەکان بەرەو کاڵبوونەوەی زیاتر دەڕۆن، هەڵگرتنی بەرپرسیاریێتی خێزان و ماڵ زیاتر قورس دەبێت، هەروەها لەگەڵ دەیان کەناڵی ڕوخێنەر کە بەردەوام لە هەوڵی ڕووخاندنی پێکهاتەی خێزاندایە و بەناوی مافی ژن و پیاو سالاریی و دایک سالاری و دەیان دەستەواژەی ژەهراوی تری لەو بابەتە، بەردەوام لە هەوڵی بە دوژمنکردنی تاکەکانی کۆمەڵدان بەرامبەر بەیەکتری، لەکاتێکی وەهادا کە ناسنامەی تاک و کۆمەڵ لە بەردەم ئەگەری ڕووخان و سڕینەوەدایە، تەنها دیوارێک بتوانێت پارێزگاری لە مانەوە و پاراستنی کۆمەڵ بکات ئیسلامە، لە زانستی سۆسیۆلۆژیدا ئاماژە بەوە کراوە ئاین فاکتەرێکی بەهێزە لە دابینکردنی کۆمەڵدا، پاڵنەری ئاینی بۆ دوورخستنەوەی مرۆڤ لە تاوان و کاری دزێو و لە هەمانکاتدا ئەنجامدانی کاری باش بەهێزە.

هەوڵی سڕینەوەی ناسنامەی ئاینیی لە کورد بەناوی بیری نەتەوایەتی و کوردایەتییەوە هەڵەیەکی کوشندەیە و تاک و کۆمەڵ تووشی نائارامی دەروونی و ڕۆحی دەکات و کۆمەڵی کوردەواری دەکاتە پێکهاتەیەکی بێ مێژوو و دابڕا و لە ڕابردوو، دەستبەتاڵ لە بەرامبەر تەفسیری بۆ گەردوون و ژیان و مردن و جیهانبینی، هەرچەندە ئەمە هەوڵێکی نەزۆکە و زۆر زەحمەتە بتوانرێت خۆشەویستی ئیسلام و ئیمان لەناو گیان و مۆخی کورد بێتە دەرەوە و دوای ئاینێکی تری بێینەما و بەتاڵ بکەوێت، بەڵام ئەگەری ئەوە هەیە چۆن سەدەیەک توانای کورد بەهەدەرچوو بەناوی شیوعیەت و دژایەتی ڕۆژئاواوە، ئەمجارەش سەدەیەکی تر تواناکانی بەهەدەر بدرێت لەپێناوی وەهم و بەتاڵدا.

ئەوانەی ناسنامەی نەتەوەی کورد کورت دەکەنەوە بۆ یەک ئینتیما جۆرێکە لە هەڵە تێگەیشتن بۆ چەمکی ناسنامە، چونکە دەکرێت ناسنامەی نەتەوە لە یەک ئینتیما زیاتری هەبێت، ئینتیمای نەتەوە بۆ زمان و بۆ ئاین بۆ مەزهەب ..هتد، هەروەها دەکرێت تاک زیاتر لە ئینتیمایەکی هەبێت، ئەو تاکەی لە یەک کاتدا کورد و مسوڵمانە، دەکرێت ئەندامی زیاتر لە یەک ڕێکخراوی پیشەیی بێت.

لە ڕۆژگاری جیهانگیریی و بچوکبوونەوەی دنیا و گەشەکردنی سەرسوڕهێنەری زانست و تەکنەلۆجیادا، کورد نە خاوەنی زمانێکی کارا و کاریگەری زیندووە وەک زمانەکانی ئینگلیزی و ئەڵمانی یان فارسی و عەرەبی، نە خاوەن دەوڵەت و قەوارەیەکی سیاسی بەهێزە، نەخاوەن پێگەی ئابووری نێودەوڵەتی بەهێزە، هەموو ئەمانە کاریگەری گەورەی خاڵی بەهێزی ناسنامەی تاک و نەتەوەن، لە هەمانکاتدا زمانە زیندووەکان هەژمونیان زیاتر بەهێز دەبێت و کرانەوە بە ڕووی کەلتوورە جیاوازەکاندا بەها باڵاو ئاکارە جوانەکانی کورد دەخاتە بەردەم مەترسی و کاڵبوونەوەی زیاترەوە، لەکاتی وەهادا پێکەوە گرێدانی بەها بەرزەکانی ئیسلام و پێکهێنەرەکانی نەتەوەیی کورد تەنها خاڵی بەهێزن بۆ پاراستنی ناسنامەی کوردبوون.

### سەرچاوە و پەراوێزەکان

١- فريد بن بلقاسم، قضايا الهوية في الاسلام المعاصر، مجلة (رؤى استراتيجية)، يونيو٢٠١٦.
٢- ابراهيم مدكور وآخرون، المعجم الوسيط، الطبعة الأولى ١٩٧٢ القاهرة، مجمع اللغة العربية، م٢، ص٩٩٨. مصطفى حجازي وآخرون، المعجم الوجيز، الطبعة الاولى ٢٠٠٠، القاهرة، مجمع اللغة العربية، ص٦٥٤.
٣- محمد عابد الجابري وآخرون، الموسوعة الفلسفية العربية، الطبعة الاولى، م١، ص٨٢١.
٤- د.فردريك معتوق، معجم العلوم الاجتماعية، ص١٩٠.
٥- محمود المنير، العولمة وعالم بلا هوية، ص١٥.
٦- محمد سعدي، الهوية من الوحدة الى التعدد، مجلة (آفاق المستقبل) العدد ٧، سبتمبر ٢٠١٠.



## هەوڵەکانی مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس

# بۆ بەکوردی کردنی شوناسی پڕۆگرامی خوێندن لە حوجرە و زانستگەکانی وڵاتی کوردەواریدا




**عەبدوڵڵا مەلا ئەحمەد ئەحمەدئاوایی.**

لەدایکبووی ١٩٨٢ ، ئەحمەدئاوا. ماستەر لە کۆلێژی زانستە ئیسلامییەکانی زانکۆی سلێمانی و نامەکەشی لە سەر د.مستەفا زەڵمییە. خوێندکاری دکتۆرایە لە کۆلێژی زانستە ئیسلامییەکانی زانکۆی سلێمانی.

مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس هەر لەو کاتەوەی لە کۆتایی بیستەکانی سەدەی ڕابردوودا وەک مودەڕیس ڕۆیشتۆتە بیارە، خەمی بەردەوامی ئەوە بووە کە پرۆگرامێکی خوێندن بۆ فەقێی وڵاتی کوردەواری دابنێت هەتا قوتابی و فەقێیان لە حوجرەکانی ئەو سەردەمەدا ئەو پەڕتووکە خۆماڵییانە بخوێنن، لەم کارەیشیدا دوو مەبەستی سەرەکی هەبوو:

(١) بە زیندوویی هێشتنەوەی ناوی زانایانی کورد و بەرهەمەکانیان، وەک لە خوارەوە دەردەکەوێت کە لە وانە وتنەوەدا زیاتر پەڕتووکی زانایانی کوردی بە دەرس وتۆتەوە و لە پرۆگرامەکەی خۆیشیدا هەر بەرهەمی ئەوانی زیاتر ئاماژە پێداوە، خۆ ئەگەر کتێبی زۆر باشیشی دەست نەکەوتبن ئەوا خۆی بەرهەمی نایابی لە هەر بوارێکی پێویستدا داناوە و بە قوتابیانی وتۆتەوە و دواتریش لە پرۆگرامەکەی خۆیدا جێگیری کردوون.

(٢) هەستی بەوە کردووە کە هەندێک پەڕتووک و پرۆگرام هەن تایبەتن بە ژینگەی خۆیانەوە و فکری هەندێک زانا هەن بۆ وڵاتی خۆیان باشن، بۆیە وای بە باش زانیوە بۆ دروستکردنی فکرێکی ئیسلامیی میانەڕەو و سازاو و گونجاو لە گەڵ ژینگەی وڵاتی کوردەواریدا، پەڕتووک و پرۆگرامی زانایانی کورد و پەڕتووکی خۆی بکاتە مەنهەج، تا فکری قوتابی کورد بپارێزێت لە هەندێک بیرکردنەوە کە بۆ کۆمەڵگای کوردی دەست نادەن!

ئەمەی لای خوارەوەیش میتۆد و پرۆگرامەکەی شێخی مودەڕیسە بۆ خوێندنگەکانی کوردستان، کە خۆی لە هەر دوانزە زانستەکەی حوجرەدا دەبینێتەوە، کە پێشتر بە (دوانزە عیلم) دەناسران، شێخی مودەڕیس لە دوا لاپەڕەکانی کتێبی **(الوَردَة العنبَرِيَة فِي سيـرَة حَضرَة خَيْر البَرِيَّة)**دا، تۆماری کردوون.

**زانستی یەکەم:**

زانستی تەفسیر، تیایدا ئاماژەی داوە بە خوێندنی (تەفسیری نەسەفی **مَدارك التنـزيل وَ حَقائِق التأْويل**)، و (تەفسیری بەیضاوي - **أَنْوار التنـزيل وَ أَسرار التأْويل**)، هەر خۆشی بە زمانی عەرەبی (تەفسیری **مَواهِبُ الرَّحمن فِي تـفسير القـُرآن**)ی، لە حەوت بەرگدا نووسیوە، هەروەها بە زمانی کوردی (تەفسیری نامی) لە حەوت بەرگدا (خوڵاصەی تەفسیری نامی) نووسیوە، هەروەها لە زانستەکانی قورئانی پیرۆزیشدا کە زانستێکی پەیوەندیدارە بە زانستی تەفسیرەوە، پەڕتووکی (نووری قورئان)ی نووسیوە، کە بە ڕاستی تائێستاش کتێبی وا باش و لێزانانە و چڕوپڕ لە زانستەکانی قورئانی پیرۆزدا بە زمانی کوردی تەئلیف نەکراوە!

**زانستی دووەم:**

فەرمووده (**الحَديث**)، لە بواری فەرموودەشدا تەنها ئاماژەی بە شێوەیەکی گشتی داوە بە خوێندن و توێژینەوەی پەڕتووکەکانی فەرموودە و بەشێوەیەکی تایبەت هیچ پەڕتووکێکی دیاری نەکردووە، بەڵام بۆ قوتابیانی سەرەتایی (چل چرای ئیسلام)ی داناوە، کە مانا و ڕاڤەی چل فەرموودەی پێغەمبەرە (د.خ) و لە دووتوێی پەڕتووکی (سەرچاوەی ئایین)دا چاپی کردووە، بێگومان بۆ پلەکانی باڵای خوێندنیش هەموو سەرچاوەکانی فەرموودەی لا گرنگ بوون، هەر لە صەحیحی بوخاری تا صەحیحی موسلیم و (**رياض الصالِحيـن**) و ئەوانی تریش.

**زانستی سێیەم:**

زانستی صەرف، کە لە پرۆگرامە تایبەتەکەی خۆیدا ئاماژەی داوە بە خوێندنی (پەڕتووکی تەصریفی زەنجانی)، کە هەر خۆیشی بە زمانی کوردی شەرحی کردووە و چاپکراوە، هەروەها ئاماژەی داوە بە خوێندنی پەڕتووکی (**الصَرفُ الواضِح**) کە ئەمیشیان هەر دانراوی خۆیەتی و پاشان ئاماژەی داوە بە خوێندنی کتێبی تەصریفی مەلا عەلی شنۆیی.

زانستی چوارەم: زانستی نەحو، کە لە پرۆگرامە تایبەتەکەی خۆیدا ئاماژەی داوە بە خوێندنی پەرتووکەکانی (عەواملیی جورجانی)، (المقدمة الآجرومية) و (**مِفتاحُ الآداب**)، کە هەر دانراوی خۆیەتی و (ئیظهاری ئیمامی بەرکەوی بەرکێوی)( )، (**شَرْح أُنموذَج**) و (**قطرُالندى**) و (شەرحی مەلا جامی)، (**شذوُر الذَّهب**) و (**المَواهِبُ الحَميدَة**) کە ڕاڤەی شێخی مودەڕیس خۆیەتی لە سەر (**المنظوُمَة الفريدَة - أَلفية الإمام السيوُطي في النَّحو**) و لە دوو بەرگدا چاپکراوە.

## زانستی پێنجەم:

زانستی ڕەوانبێژی (**عِلْمُ البَلاغَة**)، ئاماژەی داوە بە خوێندنی پەرتووکەکانی (**مُختصرالمَعانی**) و(**شَرْح المُطوَّل**)ی، سەعدەددینی تەفتازانی، بۆ خۆیشی هەردوو پەڕاوی (**الخُلاصَة في الوَضع وَالبَيان**) و(**التِبيان في الوَضع وَالبَيان**)ی لەم بوارەدا داناوە.

## زانستی شەشەم:

زانستی مەنطیق، لە پرۆگرامە تایبەتەکەی خۆیدا ئاماژەی داوە بە خوێندنی پەرتووکەکانی (**المِفتاح**)، (**الوَرَقات**)، (**العَزيزَة**) و (**الوَجيهَة**) کە هەر چواریان دانراوی شێخی مودەڕیسن، دوای ئەمانە ئاماژەی داوە بە پەرتووکەکانی (**تَهذيبُ المَنطِق**)ی تەفتازانی، حاشیەی عەبدوڵلا یەزدی، شەرحی شەمسییە و گەلەنبەوی بورهان.

## زانستی حەوتەم:

زانستی فەرمووودەناسی(**علوُم الحَديث**)، لێرەشدا ئاماژەی داوە بە خوێندنی پەرتووکەکانی (**ألفية الحافِظ العراقي**) و (**المُقدِّمَة**)ی، ئیبن صەلاحی شارەزوری، هەروەک پێشتریش باسمان کرد یەکێکی تر لەو داهێنانانەی عەللامە مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس ئەوەیە کە زیندووکەرەوەی زانستێکی ترە لە زانستە ئیسلامییەکان لەناو وڵاتی کوردەواریدا، کە ئەویش زانستی فەرمووودەناسی (**علوُم الحَديث**)ە، کە بۆ چەند سەدەیەک دەچوو لە وڵاتی کوردەواریدا پێچرابووییەوە و نەدەخوێندرا و سەرەڕای گرنگییەکەیشی بایەخی پێ نەدەدرا، مودەڕیس هات و بۆ یەکەم جار بە زمانی کوردی لەم بابەتەدا پەرتووکی (ڕێگەی ڕەهبەر)ی نووسی، بەشێوەیەک سەرلەنوێ بزاوتێکی بەم زانستە پیرۆزە لە حوجرە و مەدرەسەکانی کوردستاندا بەخشییەوە.

شایەنی وەبیر هێنانەوەیە کە یەکەم داهێنەری ئەم زانستە بە زمانی عەرەبیش هەر زانایەکی کورد بووە، کە ئەویش پێشەوا (ئیبن صەلاحی شارەزووری)یە، ناوبراو توانی بابەت و زانیارییە پەرت و بڵاوەکانی ئەم زانستە لە قەوارەیەکی سەربەخۆدا کۆبکاتەوە و ئەفراندنێکی مەزن و مێژوویی لەم بوارەدا تۆمار بکات، بۆیە هەر لە پێشەکی پەرتووکەکەدا شێخی مودەڕیس دەفەرموێت:( زۆربەی ئەم ڕیسالەمە لە کتێبی (**علوُم الحَديث**) وەرگرتووە کە دانراوی (**شيخ المُحدِّثين**)، (ئەبو عەمر عوسمان) نازناو بە (ئیبن صەلاح) و مەشهوور بە (شارەزووری)( ).

## زانستی هەشتەم:

بیروباوەڕی ئیسلامی(العقيدة الاسلامية)، لەم بابەتەشدا ئاماژەی داوە بە خوێندنی پەرتووکەکانی (**شَرْح العَقائِد**)ی تەفتازانی، لە گەڵ حاشییەکانی (خەیاڵی) و (**عَبدُالحَكيم**)، (**شَرْحُ المَواقِف**)، (**تقريبُ المَرام في شَرْح تهذيبُ الكلام**)ی مەلا عەبدولقادری تەختی سنەیی – موهاجیر و پەرتووکی (**الوَسيلَة**) کە ڕاڤەی شێخی مودەڕیس خۆیەتی لە سەر هۆنراوەی (**الفَضيلَة**)ی مەولەوی، هەروەها بۆ خۆشی پەرتووکەکانی **نوُر الإسلام**)، (**نوُر الإيمان**)، (**إرشاد الأَنام**) و (**جَواهِرُ الكلام في عَقائِد أَهل الإسلام**)ی داناوە، کە ئەم دواییەنیان کتێبێکی نایابی عەقائیدە و خۆی هۆنیویەتییەوە و ڕاڤەشی کردووە و لە ساڵی ١٩٥٦دا دایناوە، و لە ساڵی ١٩٩٣ چاپکراوە.

**زانستی نۆیەم:**

شەریعەتی ئیسلام(**الفقه الإسلامي**)، لەم بابەتەدا ڕێنوێنی کردووین بە خوێندن و توێژینەوەی پەڕتووکەکانی فیقهی مەزهەبی ئیمامی شافیعی، ئەگەرچی ئاماژەی بە هیچ پەڕتووکێک نەداوە، بەڵام دیارە کە کتێبەکانی (**فَتحُ القَريب**) و (**مِنهاجُ الطالِبين**)و شەرحەکانی سەری وەک (**مُغنِي المُحتاج**) و (**تُحفَةُ المُحتاج**) و (**نِهايَةُ المُحتاج**) و پەڕتووک و حاشییەکانی تری لەم بابەتەن، لەم بوارەشدا ئینسکلۆپیدیایەکی زۆر گرنگی ئامادەکردووە، بەناوی (**جَواهِرُ الفَتاوى**) کە فەتوا و کورتە نوسینە فیقهییەکانی زانایانی پایەبەرزی کوردستان و هەروەها فەتواکانی خۆیی تیادا کۆکردۆتەوە و لە سێ بەرگدا بە چاپی گەیاندووە، (**الأنوار القدسيَة في الأحوالِ الشخصيَة**)شی، لە نیکاح و تەڵاقدا نووسیوە، شێخی مودەڕیس بۆ خۆیشی بە زمانی کوردی لە بواری شەریعەتی ئیسلامیدا پەڕتووکی (شەریعەتی ئیسلام)ی، نووسیوە، کە مامۆستا هێمنی شاعیر پێش نزیکەی چل ساڵ لەمەوبەر گوتویەتی: «مامۆستایەکی زانا پێی ڕاگەیاندم کە تائێستا کتێبی وا باش و بەو لێزانی و چڕوپڕییە تەئلیف نەکراوە!»، لەڕاستیدا تائێستاش و دوای ئەو هەموو ساڵە کتێبی وا باش و نایاب لە فیقهی ئیمامی شافیعیدا بە زمانی کوردی تەئلیف نەکراوە!

**زانستی دەیەم:**

زانستی ئوصولی فیقه، لە پرۆگرامە تایبەتەکەی خۆیدا ئاماژەی داوە بە خوێندنی پەڕتووکەکانی (**جَمْعُ الجَوامِع**)، (**لُبَ الأُصول**) و(**مُختَصَرُ المُنتَهى**)ی ئیبن حاجبی کوردی و (**المُستَصفى**)ی ئیمامی غەزالی، هەر لەم زانستەشدا بۆ خۆی پەڕتووکی (**صَفوَةُ اللآلي**) داناوە.

**زانستی یانزدەهەم:**

ژیانی پێغەمبەر(د.خ)و مێژووی ئیسلام، لەم بابەتەدا ڕێنوێنی کردووین بە خوێندن و توێژینەوەی پەڕتووکەکانی ژیاننامەی پێغەمبەر، کە بۆ خۆی کتێبی (**الوَردَة العنبَريَة في سيرَة حَضرَة خَيْر البَريَّة**) داناوە و لە ساڵی ١٩٩٤دا چاپکراوە، لە مێژووی ئیسلامیشدا بەتایبەتی ئاماژەی داوە بە مێژووی ئیبن خەلەکان و پەڕتووکی (**علماؤُنا في خِدمَة العِلْم وَ الدِّين**) کە دانراوی شێخی مودەڕیس خۆیەتی و مێژوو و ژیاننامەی زانا و مەلا باشەکانی وڵاتی کوردەواری.

**زانستی دوانزەهەم:**

بیرکاری (**الرياضِيات**) و جوگرافیا و زانستە ئەمرۆییەکانی تر، لێرەدا هەم ئاماژەی داوە بە هەندێک لە پەڕتووکە دێرینەکانی ئەم بوارە، وەک (**تشريحُ الأَفلاك**) و حاشییەکانی سەری، شەرحی (**الإدراك في شَرح تشريح الأَفلاك**)ی عەللامە مەلا حسەینی پشدەری، (**رِسالَةُ الحِساب**)ی بەهائەددینی عامیلی و شەرحی جەوواد لە سەری، هەروەها دەستیشی ئاوەڵا کردووین بۆ خوێندن و بایەخدان بە زانستە نوێیەکانی تر، تەنانەت زۆر ئاماژەی بە کتێبەکانی ئەم بوارە نەکردووە تا لەکاتی بەرەوپێشچوونی تەکنەلۆجیادا پرۆگرامی نوێتر بخوێنین، بێگومان ئەگەر شێخی مودەڕیس فریا بکەوتایە، چۆن بڕیاری لەسەر خوێندنی بیرکاری و گەردوونناسی و جوگرافیا داوە، هەرواش ئاماژەی بە خوێندن و توێژینەوەی زانستە سەردەمییەکانی تری وەک کیمیا و فیزیا و کۆمپیوتەر و تەنانەت زمانی ئینگلیزیش دەدا.

هەر لەمبارەیەوە ئەوە دەگێڕمەوە کە ئەو کاتەی (ساڵی ٢٠٠٠)، قوتابی دوا قۆناغی ئامادەیی پەیمانگای ئیسلامیی بووم لە هەڵەبجە، (م.عومەر تۆفیق خطاط) بۆی گێڕاینەوە دەیگوت: لە سەردەمی قوتابیێتیدا لە کۆلێژی شەریعەی شاری بەغدا،

زۆرجار وەک هاوزمان و هاوڵاتی دەڕۆیشتینە لای مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس بەمەبەستی دیدار و سوودوەرگرتن لە فەرمایشت و ئەزموونەکانی، لەو باسانەدا هاتینە سەر باسی زمانی ئینگلیزی کە تەنها وانەیەکی فێربوونی زمانمان هەبوو، زۆریش ئاسان بوو، بەڵام لەلای مامۆستای مودەڕیس لە دەستی سکاڵامان دەکرد، ئەویش سەرکۆنەی زۆری دەکردین و دەیگووت: بۆچی خۆتانی پێوە ماندوو ناکەن، زۆر هانیداین کە فێری ببین، تەنانەت فەرمووی:»دەی بەخوا قینم بدەن بۆ ئەم جومعەیە ئەتوانم وتاری جومعە بە ئینگلیزی ئامادە بکەم و لە مینبەردا بیخوێنمەوە!!».

## سەرچاوە و پەراوێزەکان


کوردی:

(١) مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس: بنەماڵەی زانیاران، چ١، کتێبخانەی کانی، سنە – ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ١٣٨٨ هەتاوی ـ ٢٠١٠.

(٢) هەندێ لە یادگارییەکانی مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: د. عبدالدائم هەورامانی، سلێمانی، ٢٠١١ .

(٣) مودەڕیس نامـە، ئامادەکردنی: ئاوات ئەبوبەکر ئەحمەد، چاپی سلێمانی، ناوەندی ڕاگەیاندنی ئارا، ٢٠٠٩.

(٤) کاروانی ژیانم، یادداشتەکانی دکتۆر مستەفا زەڵمی، چ١، ئێران – ٢٠١٤ .

(٥) ڕۆژگاری ژیان، یادداشت و بیرەوەرییەکانی مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس، ئامادەکردن و لەسەرنووسین: ڕەئووف مەحموودی، چ١، بڵاوکردنەوەی کوردستان، سنە ـ ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ١٣٩٤هەتاوی/–٢٠١٥ز.

(٦) بوژاندنەوەی مێژووی زانایانی کورد لە ڕێگەی دەستخەتەکانیانەوە، محەمەد عەلی قەرەداغی، ب٩، چ١، چاپخانەی ئاراس – هەولێر، ٢٠١١.

(٧) کاروانی پێنووس، فاتیح مستەفایی مەریوان، چ١، بڵاوکردنەوەی ئاراس – سنە، ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ١٣٩٠هەتاوی/٢٠١٢ز.

(٨) ڕێگەی ڕەهبەر، دانانی: مامۆستا عەبدولکەریمی مودەڕیس، چ١، بەغدا، ١٩٨٥.

(٩) چەپکە گوڵێ لە گوڵزاری عوسمانی، ئامادەکردنی: مامۆستا مەلا عەبدوڵڵای فەنایی، بڵاوکردنەوەی ئینتیشاراتی کوردستان، سنە – ڕۆژهەڵاتی کوردستان، (١٣٩٤–٢٠١٥).

(١٠) دیدار لە گەڵ جەنابی [مامۆستا شێخ جەلال، شێخ عەبدوڵڵا دەمەیەوی] لە ڕۆژی (٢٨ – ١٢ – ٢٠٠٩، شارۆچکەی (کانی دینار)ی سەر بە شاری (مەریوان) ـ ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

(١١) زنجیرە دیدارێک لە گەڵ زانای مەزن، مامۆستا نوری فارس حەمەخان (٢٠١٥ – ٢٠١٦).

(١٢) ئەزموونی تایبەتی نوسەر.

عەرەبـی:

**(١٣). عُلَماءُنا فـي خِدمَةِ العِلْمِ وَ الدين، لِلشيخ عَبدالكريم المُدرّس، ١، دارُ الحُرِّيَة لِلطباعَةِ ، بَغداد، (١٤٠٣هـ / ١٩٨٣.**

**(١٤). العَلاّمَة عَبدُالكَريم المُدَرِّس، وَ مَنهَجُهُ فِي تَفسيـر القُرآنِ وَ عُلوُمه، د.عبدالدائِم مَعروُف الهَوْرامانِي، ١، مَكتَب التَّفسيـر، لِلنَشرِ وَ الأعلان ، هةولير، ١٤٣١هـ / ٢٠١٠م.**

**(١٥). الوردَة العنبَريَة فِي سيـرَة حَضرَة خَيْرِ البَرِيَة، لِلشيـخ عَبدالكريم المُدرّس،١، بَغداد، ١٩٩٣.**

# تەوەری داهاتوو

## جیاکردنەوەی بانگەواز لە سیاسەت

گۆڤاری خاڵ بابەتی (جیاکردنەوەی بانگەواز لە سیاسەت) دەکاتە ناونیشانی تەوەری ژمارەی داهاتووی گۆڤارەکە، لەو چوارچێوەیەشدا دەخوازێت لێکۆڵینەوە لەم بوارانەدا بکرێت:

١. مەبەست لە جیاکردنەوەی بانگەواز و سیاسەت چییە؟

٢. ئایا جیاکردنەوەی بانگەواز لە سیاسەت بە مانای پەراوێزخستنی ئایینە، یان خزمەتکردنە بە ئایین؟

٣. تایبەتمەندییەکانی هەریەکە لە بانگەواز و سیاسەت چییە؟

٤. تێڕوانینی بیرمەندانی هاوچەرخ لەسەر ئەم بابەتە چییە؟

٥. جیاکردنەوەی بانگەواز لە سیاسەت دەتوانێت چ کاریگەرییەکی ئەرێنی لەسەر پرسی ئیسلام جێبهێڵێت؟

٦. کاریگەریی و لێکەوتەکانی تێکەڵکردنی ئەو دوو بابەتە بەیەک چین؟

- داواکارین لە نوسەرانی بەڕێز، لێکۆڵینەوەکانیان لەسەر ئەو تەوەر و بوارانەی کە ئاماژەیان پێدراوە تا (٢٠١٧/٥/١٠) بۆ گۆڤارەکەمان ڕەوانە بکەن.

- داوا لە نوسەرانی بەڕێز دەکەین فۆنتی (یونیکۆد/ unikurd) بۆ نوسینی بابەتەکانیان بەکاربهێنن.

- داواکارین لە نوسەرانی خۆشەویست لەگەڵ ناردنی بابەتەکانیاندا وێنەیەکی گونجاو و پرۆفایلی خۆیانی لەگەڵدا بنێرن.


# بابەتی گشتیی




# ڕشتەیەك
# لە فەلسەفەی پەروەردە
## (تاگور) و (ڕۆبنسن) و (محەمەد ئیقبال)
## وەك نمونە



**بوخاری عەبدوڵڵا قەسرێ**
لەدایكبووی ١٩٩٠ شاری هەولێر. خاوەنی بڕوانامەی ماستەرە لە ئەدەبی ئینگلیزی. دوو كتێبی وەرگێڕدراو و دەیان بابەتی بڵاوكراوەیەلەگۆڤار و ڕۆژنامەكاندا.





بیرکردنەوە و کولتوور و ئاگایی ئەو خاڵە جەوهەرییانەن کە مرۆڤ لە بوونێکی ئاژەڵیی و غەریزەدارەوە دەپەڕێننەوە بۆ (مرۆڤبوون)، بەڵام ئەم سێکوچکەیە تێکپڕژاو و ئاڵۆزکاوە لە بۆشاییەوە پەیدا نابێت، بەڵکو ئەوە پرۆسەی پەروەردە و فێرکردنە کە بە هەموو ئاڵۆزییەکانییەوە، کولتوور و تێگەیشتنی کۆمەڵایەتییانە و بیرکردنەوە و نەریت و ڕەفتاری مرۆیی جیاجیا دەهێنێتەکایەوە. وەک ویل دیورانت لە کتێبی (چیرۆکی شارستانییەت) لێی دواوە. پەروەردە بە ئەندازەی تەمەنی مرۆڤ کۆنە، وەلێ مرۆڤ ئەوکاتە بیری لە گرنگی و داخوازیی (پەروەردە) کردەوە کە هەستیکرد دەبێ نەریت و یاسا و تێگەیشتن و هونەرەکانی وەچەی دێرین بگوازێتەوە بۆ وەچەی نوێ، بەتایبەت لە مەسەلەی ماڵداریی و کشتیاریی و پیشەوەرییدا. مانا سەرەتاکانی پەروەردە لەوساوە قوتبوونەوە و سەریانهەڵدا کە باوان ئامۆژگاریی کوڕانیان دەکرد کە چلۆن لە ڕاووشکاردا بزێو و زیتەڵ بن، یان چۆن لە کێڵانی زەویدا جەربەزە و چەلەنگ بن. هەر ئەوسایش پەروەردە لەوێوە پەیدابوو کە دایکان کچانیان ڕێنمادەکرد کە چۆن چۆنایی ماڵ ڕابگرن، گۆزە چێ بکەن، کەلوپەل و ئامرازی ناندێن بسازێنن، مێرد بلاوێننەوە، منداڵ بەخێو بکەن و ئاژەڵ ڕابگرن. ئیدی وردە وردە لەگەڵ ئاڵۆزبوونی ژینی مرۆڤ، پەروەردەش مانا و ڕەنگ و شکڵی ئاڵۆزتری وەرگرت، تا هاتە سەر ئەوەی کە مرۆ چۆن ببێتە جەنگاوەرێکی باش، یان ڕامیاریزان و پیشەسازێکی کارامە، یان پزیشک و نۆژدارێکی لێهاتوو... یان مرۆڤ چۆن ببێتە نیشتیمانپەروەرێکی گیانفیدا.

قسەی ئەم وتارەمان لەسەر مێژووی پەروەردە نییە، دێین قسە لەسەر ئەو پرسیارە دەکەین کە فەلسەفە و مەبەستەکانی پشت پەروەردە چین؟ چەمکی فەلسەفەی پەروەردە، قسە لەسەر ئەو دەرەنجام و لێکەوتە کۆمەڵایەتی و دەروونی و ئابوریی و ڕامیاریی و کولتووریانە دەکات کە (خوێندن) و پرۆسەی (فێرکردن) لەنێو جڤاتدا دەیانخولقێنێت. دێت شەن و کەوی ئەو کاریگەرییانە دەکات کە قوتابخانە و دانیشگا و کۆلێژەکان لەنێو کۆمەڵدا جێدەهێڵن، بەشێوەیەک پێمان دەڵێت کە بیرکردنەوە و ڕێوشوێن و میتۆدەکانی فێرکردن چ کۆمەڵگایەک هەڵدەوەشێنن و چ کۆمەڵگایەک بینا دەکەن، چ کولتوورێک دەڕوخێنن و چ کولتوورێک لە شوێنی دا جێدار دەکەن، چ ئەقڵیەتێک ئاو دەدەن و چ ئەقڵیەتێک وشک دەکەن، پەرە بە ڕاهێنانی چ جۆرە وەچەیەک دەدەن. فەلسەفەی پەروەردە دێت ئەو قفڵانەمان بۆ بکاتەوە.

بۆ دەستکەوتنی چۆڕە وەڵامێک بۆ ئەو پرس و پرسیارانەی کە دەرهەق بە سستمی پەروەردەکردنی ناخ و دەروون و جەستەو هزر و هۆش و ڕەفتار و بیری مرۆڤ دێنەکایەوە، من هانام بردووە بۆ سێ بیرمەندی پەروەردەناس، بەراوردی نێوانیشیان بۆ خوێنەر جێدەهێڵم.

## ڕوانینی تاگوور بۆ پەروەردە:

تاگوور (١٩٤١-١٨٦١) شاعیر و وێژەوان و فەیلەسوفێکی هیندییە، لە نزیک شاری (کۆلکاتا) ی هیندستان لەدایکبووە. مرۆڤێکی دیدەکراوە و هزر ڕۆشن بووە. بۆچونی بەرامبەر بە ئاینەکانی دنیا کراوە و ئەرێنی بووە، تا ئەو ڕاددەیەی کە بانگەشەی ئەوەی کردووە کە پردی لێکتێگەیشتن و پێکەوەژیان لە نێوان ئایینەکاندا، بەتایبەت لە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا، دروستبکرێت. ئەمەش بۆئەوەی کە کێشە سەرەکییەکانی مرۆڤایەتی لە توندوتیژی و بێزی بەرامبەر ئاینەکان و شەڕ و کوشتار و هەژاریی و برسێتی و نەخۆشی بنبڕ بکرێن. بە دیدی تاگوور تا ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا پێک نەگەن، مرۆڤایەتی بەختەوەر و سەرفراز نابێت.

ئەو لەبارەی پەروەردەوە زۆر شتی نوسیوە،

ڕەخنە لە فەلسەفەی (وانەوتنەوە) دەگرێت، بەوەی کە پێیوایە قوتابخانە بەو شێوەیەی کە لە وڵاتانی ناگەشەکردووی وەک هیند هەیە بیری مرۆڤ زیندانی دەکات، چونکە ئەم جۆرە قوتابخانانە ئازادیی بیرکردنەوە و تێفکرین لە مرۆڤ دەسێننەوە و لەبری ئەوە کۆمەڵێک بابەتی ئەزبەرکاریی و دەرخکاریی دەخەنەجێ کە وشک و بێ مانان. بەپێی فەلسەفەی تاگور، قوتابخانە بەو شکڵە کلاسیکەی کە هەیە منداڵ دەخاتە نێو کارگەیەکی بەرهەمهێنانی مرۆڤی لێکچوو، لە شێوەی بیرکردنەوە و پۆشین و ڕەفتار و نانخواردن و هەڵسوکەوت و زانین و کرداردا هەموو لێکدەچن. لای ئەو کاتێک کە زەنگی بەیانی لێدەدرێ و منداڵان ڕوو لە پۆلەکانیان دەکەن وەک ئەوە وایە کە زەنگی کارکردنی کارگەیەک بکرێتەوە! لەو کارگەیەدا بڕیاری پێشوەختەدراوە کە چ جۆرێک لە (هزر) بۆ منداڵ ساز بکرێت و هەمووشیان وەک یەک و بەیەک کەڕەت ئەو ڕوانین و هزرە وەردەگرن. کاتێک مامۆستاکان دەست بە قسە دەکەن، وەک ئەوە وایە ماکینەی کارگەکان بجوڵێن و دەستبەکار بکەن. تاگور وەها دەبینێ کە سستەمی پەروەردەی ئێستا لەسەر تەرز و فەلسەفەی ماددیگەرایی و شۆڕشی ماکینەگەریی و پیشەسازی دامەزراوە، بۆیە سستەمی کارکردن لە کارگەیەک بۆ بەرهەمهێنانی ئامێرێک دەهێنرێت لەسەر سستەمی پەروەردە و فێرکردن تاقی دەکرێتەوە، بەمەش منداڵان وەک ئەو ئامێرە بەیەک نەخشە و لەنێو چواربەندی دیواردا بنیات دەنرێن. تاگور دەڵێت: «کاتێک کە دەوامی کارگە – مەبەستیەتی بڵێت قوتابخانە- تەواو بوو، قوتابییەکان بۆ ماڵەوە گەڕانەوە، تەنها چەند لاپەڕەیەکی زانستیی هەڵبەستراو لەگەڵ خۆیان دەبەنەوە ماڵەوە و چیتر نا..! ئەو قوتابخانانە بە هیچ شێوەیەک لە کارگەکانی ڕۆبۆتسازی باشتر نین!».

لای تاگور، ئەم میتۆدە ڕۆبۆتسازیی و

**بەپێی فەلسەفەی تاگور، قوتابخانە بەو شکڵە کلاسیکەی کە هەیە منداڵ دەخاتە نێو کارگەیەکی بەرهەمهێنانی مرۆڤی لێکچوو**

دووبارەییەی کە قوتابخانەکان پیادەی دەکەن لەڕاستیدا بکوژی داهێنان و بیری ئازادە لە فێرخوازدا. تاگور لەپێناوی زیندووڕاگرتنی بیری ئازادانەی مرۆڤ لەگەڵ ئەم جۆرە قوتابخانانەدا دژ ڕادەوەستێت. ئەو لە قسەیەکدا دەڵێت: «ئامانجی قوتابخانە چییە جگە لە گەیاندنی مرۆڤ بە هەقیقەت؟»، بەڵام هەقیقەت لای ئەو حازربەدەست و موتڵەق نییە!، هەقیقەت هەرکاتێک بە زۆر سەپێنرا بەسەر قوتابیدا ئەوسا پرۆسەی ماریفەتسازی لەبەین دەچێت. تاگور پێی وایە کە لەبری پێدانی هەقیقەت وەک یەک پارچەی نەگۆڕ بە قوتابی، پێویستە ڕێ خۆش بکرێت بۆ ئەوەی ڕووە جیاکانی هەقیقەت بینا بکرێن، بۆ ئەم مەبەستەش (خەیاڵ) imagination زۆر گرنگە.

ئەوە خەیاڵە کە مرۆڤ ڕادەکێشێت بەرەو داهێنان و بیرکردنەوەی تازە و کەشفی هەقیقەت. لای تاگور کوشتنی خەیاڵ لە پەروەردەی منداڵدا کوشتنی ماریفەت و فێربوونە، چونکە ئەگەر منداڵ فێرنەکرێت بە ئازادانە ئەندێشە لەبارەی بابەتێکەوە بکات ئەوسا کە گەورەش بوو ناتوانێت وەک مرۆڤێکی ئازاد بیر بکاتەوە، بەڵکو لەبری ئەوە پێ خۆشە کەسێکی تر بیربکاتەوە. لای ئەو پەروەردە بۆشاییەکانی خەیاڵدان پڕدەکاتەوە، بۆشایی خەیاڵکردن لە مێشکی منداڵ زۆر بەرتەسک

## ئیقبال پێیوایە کە زانست بەبێ ئاین ژیانی مۆدێرنی کردووە بە ژان و چەرمەسەریی

دەکرێتەوە، لەجێی ئەو بۆشاییانەدا بابەتی وشک و زانیاری حازربەدەست و وانەی قورس بە منداڵ ئەزبەر دەکرێن، تا وای لێدێت وەک ڕۆبۆتێکی سارد و سڕی لێ دێت و، تەنها بیر لەوە دەکاتەوە کە پێی دەوترێ، یان تەنها ئەوە دەڵێت کە گوێبیستی بووە.

بۆ ئەو مەبەستە دەڵێت: «مرۆڤ پێویستییەکی زۆری بە توانای هزر و خەیاڵ هەیە بۆئەوەی ئەرکەکانی ژیانی ڕاپەڕێنێت، ئەگەر هات و مرۆڤ لە منداڵیدا فێری ئەو شتە نەبوو ئەوا لە گەورەییشدا فێری نابێت».

تاگور بڕوای وابووە کە سروشت گەورەترین مامۆستایە بۆ مرۆڤ، مرۆڤ هەتا لە سروشت نزیک بێت باشتر لە خودی مانای ژیان تێدەگات، چونکە دەگونجێت مرۆڤ لە نزیک سروشتدا هزری خۆی لەسەر (ڕامان و وردبوونەوە) پەروەردە بکات. بەجۆرێک لە بچوکترین دیاردەی ژینگەکەیدا سەرنجێک دەست دەخات. تەنانەت ئەو دەڵێت کە دەبێ منداڵانیش لە چوارچێوەی پۆل و دیواران بێنە دەرەوە و ڕزگار بکرێن، لەبری ئەوە بێنە نێو باخچە و بێستان و کێڵگە و کەژو کێو و دەشت و دەران بخوێنن. تا لەوێ لەنێو باوەشی سروشتدا فێر ببن. ئەو پێیوایە کە منداڵان ئەگەر بە کرداری بچنە نێو باوەشی سروشتەوە، باشتر دەزانن وانە سروشتییەکانی کیمیا و فیزیا و زیندەزانی واتایان چییە. ئەو دەڵێت منداڵ زۆر باش هەست بە مانا جوان و تەڕ و پاراوەکانی سروشت دەکات، ژیان لە منداڵدا تازە و پڕ واتایە، هەر لەبەرئەوەش دەبێ ئەو تازەیی و پاکیەی منداڵ وەک خۆی بهێڵرێتەوە نەک تێکەڵ بکرێت بە دووکەڵ و خەڵووز و کارگە و پیشەسازیی شارەکانەوە. دەبێت پۆل لە ژینگەی سروشتیدا بێت و کراوەبێت، بۆ ئەوەی لە نێوان منداڵەکان و سروشتدا هەماهەنگی و خۆشەویستی پەرەپێبدرێت، نەک منداڵ لە پشت پەنجەرە و دیواری سەختدا بەند بکرێت، بەندکردنی جەستەیی دەبێتە هۆی بەندکردنی ئەقڵییش!». ساتیش کومار، کە مامۆستایەکی زانکۆیە لە هیندستان، دەڵێت: «هەمیشە تاگور منداڵانی هانداوە بچن لەژێر باران، یان بەفر، یان لەژێر خۆرەتاودا ساتێک بوەستن.. هەست بە بوونی سروشت بکەن و لە ئامێزی بگرن، بەمجۆرە وایان لێدێت کە سروشتیان خۆش بوێت، نەک لە سروشت بترسن».

تاگور بڕوای وا بووە کە دەبێت مرۆڤ لەسەر بنەماکانی (خود وەدیهێنان) پەروەرندە بکرێت بەجۆرێک کە هەر لە منداڵییەوە پشت بە بیرکردنەوە و ڕای ئازادانە و کرداری خۆیی ببەستێت. هەروەها فەلسەفەی پەروەردەیی تاگور پشت بە (ڕۆحانییەت Spirituality) دەبەستێت، بەجۆرێک کە هانی قوتابیەکانیداوە وەرزشی ڕۆحیی بکەن لە ڕێگەی بەڕۆژووبوون و یۆگا و ڕامان و بیرسازی. پاڵی پێوەناون کە بەردەوام چاودێری خاسیەتە پەنهانبینەکانی دەروونی خۆیان بکەن، تا دەروونیان چاکساز و پاکساز بێت، چونکە بەڕای ئەو مرۆڤی ناڕۆحانیی و ماددەویست مرۆڤێکی وشک و بەدسیفەتە و هیچیشی لێ چاوەڕێ ناکرێت. ئەمە لەپاڵ ئەوەی کە بەردەوام هانی قوتابیەکانی داوە کە وەرزشی جەستەییش بکەن تاوەکو لەشولارێکی چەلەنگ و چوستیان تێدا بێتەدی، بۆ ئەم مەبەستەش چەندین جۆری سەما و جوڵەی تایبەتی جەستەیی داهێناوە.

تاگور پێیوایە کە هەموو مرۆڤایەتی یەک خانەوادەیە، بۆیە کرۆکی پەروەردە ئەوەیە کە (خۆشەویستیی مرۆڤایەتیی) لە ناخی فێرخوازدا بڕوێنێت.

تاگوور هەوڵیدا بە کرداری ئەو ڕوانینە پەروەردەییانەی بچەسپێنێ، بۆ ئەم مەبەستەش نەخشەی سێ دانیشگا و دامەزراوەی فێرکاری کێشا، کە هەرسێکیان لەنێو باخ و سەوزایی و دارستانەکانی هیندا بوون. یەکەمیان ناوی (قوتابخانەی شانتی نیکتان) بوو کە تایبەت بوو بۆ منداڵان. دووەمیان ناوی (ڤیسڤا بەهاراتی) بوو کە وەک زانکۆیەک ڕۆڵی دەگێڕا و گەنجانی پەروەردە دەکرد. سێیەمینیشان تایبەت بوو بە هونەرکارییە دەستییەکانەوە وەک کشتوکاڵ و پیشەسازی کە ناوی لێنا (شیری نیکتان).

## ڕوانینی ئیقبال بۆ پەروەردە

هەر لە هیندستاندا، فەیلەسوف و گەورەبیرمەندێکی تر، بیرهات و تێڕوانینی تایبەت بەخۆی لەسەر پەروەردە هەبووە. ئەویش عەللامە محەمەد ئیقبالی لاهورییە(١٨٧٧-١٩٣٨)، کە لە شاری (سیالکۆت)ی هەرێمی (پونجاب)ی هیندستان (پاکستانی ئێستا) لەدایکبووە. محەمەد ئیقبال شاعیر و بیرکەرەوەیەکی گەورەی مسوڵمان بووە، کە لەڕێی هۆنینەوەی شیعرەکانییەوە زۆر پرسی گەورەی سەبارەت بە خوداناسی و خودناسی و سۆفیگەریی و زانست و بەختەوەریی و ئەخلاق و فێربوون و دەروونپەروەردەیی و ڕامیاریی، بە دیدگایەکی قوڵ وروژاندووە.

پەروەردە لای ئەو مانایەکی هەرە فرەوانی هەیە، کە خۆی لە (ڕاهێنانی دەروون لەسەر فەزیلەت) دەبینێتەوە. پەروەردە بۆئەوەیە کە مرۆڤ مامەڵەیەکی باشتر لەگەڵ خەڵقدا بکات، ئەو پێیوابووە کە پەروەردە پرۆسەیەکی تاکگەراییانەیە، بەو واتایەی کە لە تاک تاکی هەر مرۆڤێکەوە دەستپێدەکات، بەبێ بوونی مامۆستا و پۆلیش، بەشێوەیەکی خۆکارانە ئەنجامدەدرێت، چونکە هیچ ساتێک نییە مرۆڤ لە پەروەردەی خودی دەروون داببڕێت و هەموو ڕۆژێک مرۆڤ وانەیەک لە ژیان فێری خۆی دەکات بەبێ ئەوەی هەستیشی پێ بکات. بەر لە هەموو شت، ئیقبال پێیوایە کە مرۆڤ هەتا فەرمانبەرداری وەدیهێنەر نەبێت هیچ شتێک فێرنابێت، واتە پەروەردە لە (خواناسین)ەوە دەستپێدەکات، بەجۆرێک کە ئیدی کاتێک مرۆڤ خاڵقی ناسی هەموو خەڵق دەناسێت. جۆگەلەی ئاو هەتا لە سەرچاوەکەی نزیکتر بێت خاوێنتر و سازگارترە، بۆیەش ئەگەر مرۆڤ پەیوەندی لەگەڵ وەدیهێنەر باش بێت پەیوەندی لەگەڵ ژیانیشدا باش دەبێت، دەروونیشی پاکژتر دەبێت.

ئەو پێیوایە کە پەروەردە دەبێت مرۆڤ ئامادە بکات بۆ ئاڵۆزییەکانی ژیان، بۆ ڕووبەڕووبونەوە لەگەڵ دزێویی و ناشیرینییەکانی ڕۆژگار، بۆ چارەسەرکردنی گرفتەکانی ئادەمیزاد. هەرکاتێک قوتابخانە و زانکۆکان نەیانتوانی کێشەکانی کۆمەڵگە بنبەست و خامۆش بکەن، ئەوسا ئەگەر «زانیاری»یەکی زۆریش بە فێرخوازانیان بگەیەنن بێ هودە و بێ ئاکامە، چونکە لە مەبەستی سەرەکی خۆیان دوورکەوتونەتەوە.

لەلای محەمەد ئیقبال، ئەم وانانە بۆ فێرخواز لە سەردەمی ئێستادا زۆر سەرەکین (هەڵبەت سەردەمی ئیقبال زیاتر لە سەدەیەک بەر لە ئێستایە)، چونکە فێرخواز پڕچەکی زانین دەکەن بۆ ڕۆژگاری ئێستا: یەکەم، ئاین و خواناسی. ئەمەش بەوپێیەی کە مرۆڤ بە هێزی باڵای سەرووی خۆیان دەبەستنەوە و، هۆشیاریی و بێداریی و دیدەفراوانی پێدەبەخشن. دووەم، فەلسەفە، تاوەکو فێرخواز لە بەردەم هەر دۆز و ئاریشەیەکی ژیان دووجار بیربکاتەوە و شەیدای ئەقڵ و هۆشمەندیی بێت. سێیەم، ئەدەب و هونەر، کە هزری مرۆڤ بۆ ئەندێشە ئاوەڵا دەکەن و چێژ بە دەروونی

مرۆڤ دەبەخشن، ئەمە جگە لەوەی کە دیرۆک و چیرۆک ڕێگەی جۆراوجۆر بۆ باشترژیان دەخەنە بەردەستی مرۆڤەوە. محەمەد ئیقبال کە خۆی شاعیر بووە، شیعر بۆ پەروەردە زۆر بە هەند دەزانێت، دەڵێت:

When truth has no burning, then it is philosophy. When it gets burning, from the heart, it becomes poetry.

واتە: «ئەگەر هەقیقەت نەسوتێت ئەوا فەلسەفەیە، خۆئەگەر هەقیقەت سوتا و گڕیگرت ئەوسا دەبێتە شیعر». بەو واتایەی کە لەلای ئیقبال شیعر هەڵچون و سۆز و پریشکی گڕی دەروونە بەرامبەر بە دۆزینەوەی هەقیقەت و ئاشنابوون پێی.

چوارەم: وانە کۆمەڵایەتییەکان، بۆئەوەی مرۆڤ بتوانێت کۆمەڵگە بناسێت و، ئەرکە کۆمەڵایەتییەکانی سەرشانی جێبەجێ بکات و باشتر لەگەڵ تۆڕی کۆمەڵایەتی ژینگەکەی خۆیدا کارلێک بکات. پێنجەم: مێژوو. شەشەم: زانست و تەکنەلۆژیا.

پەروەردە لەلای ئیقبال پێویستە ببێتە پردێک لە نێوان چەمکەکانی ئایین و چەمکەکانی زانستدا، بەجۆرێک کە هەماهەنگی harmony بەدیبهێنێت لە نێوان هەردوو جیهانی ئاین و زانست، تا فێرخواز بتوانێت بە هەردوو ڕەهەندی ئاین و زانستەوە لەگەڵ ژیانی مۆدێرندا ڕێ بکات. ئیقبال پێیوایە کە زانست بەبێ ئاین ژیانی مۆدێرنی کردووە بە ژان و چەرمەسەریی، چونکە مرۆڤێکی وەدیهێناوە کە دەزانێت و بیریش دەکاتەوە بەڵام هەستناکات! واتە هەستەوەر و سۆز و هەڵچونە مرۆڤانەییەکانی خامۆش بووە. دەکرێت ئەم قسەیەی محەمەد ئیقبال بلکێنین بە قسەی زانای هەرە مەزن (ئالبێرت ئەنیشتاین) کە دەڵێت: «بیرمان نەچێت زیاتر پێویستە مرۆڤی باش بەرهەمبهێنین نە مرۆڤی زیرەک».

سستمی خوێندنی وڵاتانی مسوڵماننشین لای ئیقبال جێگەی ڕەخنەیەکی توندە، تا ئەو ڕادەیەی کە دەڵێت «تورەم لە حوجرە و قوتابخانەکانمان!». هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆئەوەی کە پەروەردە و فێرکردن وەچەیەکی هێناوەتەکایەوە کە ژیرییەکی زۆری هەیە و زمانێکی پاراویشی هەیە، بەڵام هیچ گرنگییەک نادات بە ویژدان و دڵ و هەستەوەرە مرۆییەکانەوە. لای ئیقبال نەوەی تازە حەوجێیە دەروونی پاکژ بکرێتەوە لە خڵتەی ئەو وانانەی کە لەژێر سایەی سستمی سەرمایەداریدا فێریکراوە، تاوەکو دووبارە ئەو ویژدانە زیندوەی کە وەک مرۆڤێکی ڕاستەقینەی هەیبوو دابگیرسێتەوە. تەنانەت ئەو نەوەی تازە لەسەر ئەوە پەروەردە دەکات کە هەست بە کەمیی و دەروون نزمی نەکەن بەرامبەر بە شارستانییەتییەکانی تر، چونکە مسوڵمانانیش لە ڕێگەی دەروونێکی پاکژ و ورەیەکی بەرز و زانستێکی ڕەسەن و کارێکی بێوچانەوە دەتوانن ئەو شارستانیەتییە بینا بکەن کە ئاواتی بۆ دەخوازن. لە قسەیەکدا دەڵێت: «بە بریقەیی ئەو گڵاس و شوشە داگیرساوانە هەڵمەخەڵەتێ کە لە باڵەخانەکانی خۆرئاوا دەیبینی، ئەو گڵەی کە ئەو شوشانەی پێ دروستکراوە، لە هیندستانەوە هاوردەکراوە!».

محەمەد ئیقبال زۆر گرنگی داوە بە ئەقڵی ڕەخنەگرانە (Critical Thinking ) بەجۆرێک کە هەمیشە بانگەشەی ئەوەیکردووە کە فێرخواز ڕاستەوخۆ بە هیچ پارچەیەک لە زانیاری باوەڕ نەکات و دەستەمۆ نەکرێت، تا ئەوکاتەی کە لەژێر تاقیکردنەوەی خۆیدا هەڵیدەسەنگێنێت و، بە چەندین دیوی تر شیکاری دەکات و ڕەخنەی لێ دەگرێت. ئەو لە ئامۆژگاریکردنی فێرخوازاندا دەڵێت: «وریابن! دڵنیامەبن لەو زانستەی کە دەیخوێنن، ئەوە ڕەنگە زانستێک بێت گیانی ئوممەتێک بکێشێت!».

بۆ ئەو مەبەستە ئیقبال بڕوای تەواوی بە

ئازادی ڕادەربڕین و بیرسازی هەیە و پێیوایە کە بەبێ ئازادی بیرکردنەوە قوتابی ناتوانێت بخرێتە نێو کەشوهەوای فێربوونەوە، فێربوون بە گەردنکەچکردن و زۆرکاری تەنها زۆردارییە. هەموو کاتێ ئیقبال ڕێنومایندەی مامۆستایانی کردووە کە ئەقڵی قوتابیەکانیان ببزوێنن بە پرسیارکردن تا هۆشیاریی و ئاگاییەکی خۆکارییان لەلا پەیدا ببێت و، پشت بە دیدی خۆیان ببەستن بۆ شیکردنەوەی کێشە و ئاریشە و دۆزەکانی ژیان، چونکە بەڕای ئیقبال پەروەردە هەمیشە گیانی کۆمەڵگە و هۆشیارییەکەی بە زیندوویی دەهێڵێتەوە.

ئیقبال لەبارەی کاریگەریی پەروەردە لەسەر داشۆرین و ڕامالینی چەمک و تێگەیشتنە هزریی و کولتوورییەکانی کۆمەڵگەوە دەڵێت:»پرۆسەی فێرکردن ترشەڵۆکێکە کەسایەتی زیندەوەرەکان دەتوێنێتەوە و، پاشان بە ویستی خۆی دروستیان دەکاتەوە، ئەم ترشەڵۆکە بەهێزتر و کاریگەرترە لە هەر ماددەیەکی کیمیاوی، دەتوانێت کێوێکی بڵند بکات بە توپەڵێک خاک». بەم شێوەیە پەروەردە و فێرکردن ئەو پرۆسەیەیە کە کەسایەتی تاک هەڵدەوەشێنێتەوە و خاڵی دەکاتەوە لە بنەوا و چەمک و تێگەیشتن و ئاکار و بیرەکانی پێشوو، جا دواتر سەرلەبەر، بیر و بنەواو ئاکار و تێگەیشتنی نوێی پێدەبەخشێت، لەمەشەوە دوبارە کەسایەتییەکی دیکە بۆ هەمان جەستەی مرۆڤ بینا دەکاتەوە. کەوایە پەروەردە هەم ڕووخاندنە و هەمیش بنیاتنان.

بەلای ئیقبالەوە، پەروەردە لە بنەڕەتترین قۆناغەکانیدا لە خانەوادەوە دەستپێدەکات، ئەمەش کاتێک منداڵ چاو و گوێچکەی دەکاتەوە بۆ فێرکردنەکانی دایک و باوک و دەوروبەرەکەی و، لێیانەوە فێری سەرەتاییترین چەمک و دەستەواژەکانی ژیان و بوون دەبێت. منداڵ هزر و هۆشی ئاوەڵایە بۆ ئەو وشە و کردە و هەست و نەریت و ئاکارانەی کە دایک و باوکی لە بەردەمی دا نمایشی دەکەن. بۆیە ئەو پاڵپشتی لەوە دەکات کە دایک و باوکی مسوڵمان ڕاستەوخۆ لە قورئانەوە وانە هەڵبگوزن و منداڵی لەسەر ئاڕاستە بکەن، بەو ئاستەی کە بۆ منداڵ شیاوە و، بەو تێگەیشتنەش کە منداڵ هەرسی دەکات. ئەمە بۆئەوەی قورئان ببێتە سەرچاوەی هەرە باڵای فێربوونی ڕەوشتسازیی و ئاکارمەندیی لەلای منداڵان، چونکە ئیقبال وا دەڕوانێت کە تاکێکی مسوڵمان بەبێ قورئان و فەرمایشتی پێشەوا محەمەد (د.خ) ناتوانێت فەلسەفە و تێگەیشتنی دروست لە ژیانیدا گەڵاڵە بکات، بەڵکو تێڕوانینەکانی نادروست و شلۆق دەردەچن و، هیچ ئومێدێکیش چاوەڕێناکرێت لەوکەسەی کە خاڵیبۆتەوە لە هێزە مەعنەوییەکان، بۆیە پێویستە ئەو هێزە مەعنەوییە بەشێوەیەکی پلەبەندیی هەر لە منداڵییەوە بینابکرێت لە ناخی مرۆڤدا.

## ڕووانینی کین ڕۆبنسۆن بۆ پەروەردە

ڕوو دەکەینە ڕۆژئاوا و لەوێ پەروەردەناسێکی تر وەردەگرین. کین ڕۆبنسۆن(١٩٥٠) وانەبێژ و ڕەخنەگرێکی پەروەردەیی و کولتووریی بەریتانییە، کە بە وتار و وانە و سێمینارە خەندەئامێزەکانی دەناسرێتەوە، هەڵبەت جیا لە زۆرێک بیرمەند و پەروەرشکاران لە ڕەوش و ڕەوتی پەروەردە دەنۆڕێت، بگرە زۆر جاران پرسیارە وەڵامنەدراوەکانی بۆتە هۆی خوڵقاندنی دیبەیت و گفتوگۆی گەرماوگەرم، تەنانەت داڕشتنی فەلسەفەی پەروەردەیی نوێ لە خۆرئاوادا. ئەو بەشدارە لەگەڵ (٥٠٠) کۆمپانیا و دامەزراوەی پەروەردەیی جیهانی بۆ گۆڕینی بیرکردنەوە و فەلسەفە پەروەردەییەکان. ئەو لە لیڤەرپول لەدایکبووە، دکتۆرای لە زمان و شانۆی ئینگلیزی هەیە لە زانکۆی (لەندەن)، بەشێوەیەکی تایبەتیش هەوڵدەدات ڕۆڵی شانۆ و وێژە لە سەرخستنی (پرۆسەی پەروەردە) بخاتە ژێر توێژینەوە و بۆ

ئەم مەبەستەش کار دەکات.

رۆبنسۆن روانینی تایبەتی خۆی لەبارەی مەعریفەوە هەیە، لەلای ئەو مەعریفە و زانیاریی و فێربوون بریتی نین لە کالایەک (بۆ نمونە وەک میوەیەک، یان وەک گوڵدانێک یان وەک دەستەیەک چکلێت..) تاوەکو لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر بەبێ گۆڕانکاریی بگوازرێنەوە، بەڵکو مەعریفە بریتییە لە پرۆسێسێکی ئاڵۆزکا و کە تێیدا تێگەیشتنی مرۆڤەکان بنیات دەنرێت. مەعریفە و زانین بریتین لە پرۆژەی بەیەکەوە لکاندنی تێگەیشتنە جیاوازەکانی کۆمەڵێک کەس لەبارەی بابەتێکەوە، کە لە ئەنجامی شەن و کەو کردن و ڕاجیایی و مشتومڕ و ئاڵوگۆڕی ڕاو بۆچونەوە، مەعریفە لە ژێرخانێکی سادەوە بەرەو سەرخانێکی فراوانتر پەرواز دەکرێت. بە واتایەکی تر، مەعریفە پرۆسەیە و بەردەوامە نەک شتێک بێت و یەکجار وەربگیرێت و ببرێتەوە. بۆیە بەڕای ئەو، سستمی پەروەردە دەبێت ئەو بەردەوامییەی (پرسیارکردن) بۆ هەمیشە بە ئازادی بهێڵێتەوە، نەک زیندانی بکات.

فێرکردن حەوجێ بەوەیە کە کەشی داهێنکاری creativity و نوێگەریی Newness بخولقێنێت نەک پابەندکاریی. پێیوایە کە ئەقڵی مرۆڤ بە ئازادی نەبێت بە هیچ ڕێککارێکی تر ناتوانێت گەشتی فێربوون و زانین دەستپێبکات. بوونی سستم جۆرێکە لە ڕێگر لە بەردەم گەشەی هزر، بۆیەش دانانی (سستم) بۆ پەروەردە دەستی فێرکەر و مامۆستا دەبەستێ لە خولڤاندنی پرسیار و لە گفتوگۆ و ڕاجیایی، وادەکات فێرخواز تەنها بەیەک ئاراستەی دیاریکراو بیربکاتەوە، ئەویش ئەو ئاراستەیەی کە پێشێ خەتی بۆ کێشراوە. سستمی پەروەردەیی، کە لای رۆبنسن کێشەدارە، ئیش لەسەر «گواستنەوەی» زانیاری دەکات، نەک (بیناکردن) و (یەکالاکردن) (پرس و جوێکردن) ی زانیاری!. زانیاری و مەعریفەت لای رۆبنسن دەبێ لەلای فێرخواز لێکهەڵبوەشێنرێنەوە و دووبارە بە چەشنێکی تر ڕاڤەبکرێنەوە، بەڵام بەشێکی زۆری سستم وایکردووە کە مرۆڤ پابەنبوونێکی کوێرانە blind conformity جێبەجێ بکات، کە ئەمەش بکوژی حەزی فزولییەت و پەیدۆزی و کەشف و گەڕان و زانینە.

کین رۆبنسۆن دەڵێت: «فەلسەفەی پەروەردەی تەندروست ئەوەیە کە بە چاوی (مرۆڤ) و بونەوەری زیندوو سەیری دامەزراوەی قوتابخانە و زانکۆ بکرێت، بەوەی کە ئەو دامەزراوەیە هەناسە دەدات، ژیانی تێدایە، بزاوتنی تێدایە. قوتابخانە تەنها باڵەخانەیەکی چیمەنتۆیی نیە و لە چەند ژوورێک پێکهاتبێت و چەند تەختەیەکی تێدابێت، بەڵکو لەنێو باڵەخانەی پەروەردەییدا مرۆڤ هاتوچۆ دەکەن، خوێن و گۆشت و بیرکردنەوە و هەست و نەست و سۆز هەیە. قوتابخانە میکانیک و وەستاو نییە، بەڵکو ئۆرگانیک و چالاکە، بەواتایەکی تر هەمیشە لە خۆنوێکردنەوە و هەماهەنگیدایە!، بۆیە دەبێت زانیاری و مەعریفەی نێو ئەو قوتابخانەیەش وەک مرۆڤەکان لە جوڵان و نەشونما و نوێبونەوە و گەشەدا بن». لە یەکێک لە سێمینارەکانیدا دەڵێت: «هەموو هەڵەی پەروەردە لەوەوە چڕدەبێتەوە کە پەروەردەکاران زۆرجار لەبیریان دەچێت کە پەروەردە لەبارەی مرۆڤەوەیە، مرۆڤ چەقی پەروەردەیە، مرۆڤیش خوێن و گۆشت و هەست و نەست و بیرکردنەوەی هەیە، وەک ئامێرێک سارد و سڕنییە».

رۆبنسن پێیوایە کە لە پشت پەروەردەوە سێ فەلسەفەی سەرەکیی خۆی مەڵاسداوە: یەکەم، پێگەیاندنی مرۆڤێک کە بتوانێت ئابووریانە بژی. دووەم، پێگەیاندنی مرۆڤێک کە لە ئاڵۆزییە کولتوورییەکانی کۆمەڵگە و جڤاتی هاوچەرخ حاڵی بێت و، بزانێت لە دنیای ئێستادا چ باسە. سێیەم، پێگەیاندنی مرۆڤێک کە جیاکاریی و بەهرە و خواپێداوە تایبەتمەندییەکانی خۆی بپارێزێت و لەنێو ئەقڵی کۆمەڵگەراییدا نەتوێتەوە، بەو واتایەی

که ئەوە بێت که خۆی نەخشەرێژی ئەکات نەک خەڵک.

لەلای رۆبنسۆن، چونکە جیهانی هاوچەرخ جیهانێکی پلورال و فرە کولتووره multi-cultural، لەبەرئەوە پێویستە پەروەردە تاک لەسەر ئەوە رابهێنێت کە لەو فرەییە تێبگات و هەرسی بکات. لە هیچ کونجێکی دنیا تاقە کولتوورێک بە تەنێ و بە سەرداریی بوونی نیە، بەڵکو ئێستا کولتوورەکان لەنێو یەکتردا تێکپرژاون و مەودا و سنوری یەکتر دەبەزێنن، زۆرجار ململانێ و شەڕ و کێشمەکێشمی یەکدیکە دەکەن. بەڵام ئەوە ئەرکی راستەقینەی پەروەردەیە لە تاک تێبگەیەنێت کە بۆچی کولتوورەکان لێکجیان؟ ئەسڵەن کولتوور خۆی چییە؟ دەبێ پەروەردە پەرە بە لێکتێگەیشتنی ژیاریی بدات، بۆئەوەی کۆمەڵگە هەموو کولتووره جیاوازەکان وەک خۆی هەرس بکات، بەبێ ئەوەی هیچیان لەنێو ئەویتر بتوێتەوە، یان هیچیان خۆی بەسەر ئەویتر بسەپێنێت. تاک لەرێی پەروەردەوە شوێنی خۆی لەنێو هاوکێشە ئاڵۆزە کولتوورییەکان دەدۆزێتەوە، خۆی و خەڵکانی تریش باش ئەناسێت. کەسیش پێگە و بارگەی خۆی لێ ون نابێت، لە هەمانکاتیشدا توندرۆیی و قین و هەڵچون و بۆشایی لە نێوان کولتووره جیاوازەکان روونادات، هەرکەسێکیش دەزانێت کە ئەویتر بۆچی هەیە و جیاوازیەکانیشیان چین.

بەرای رۆبنسن، پەروەردە وەک بێژینگێک وایە بەر لەو بیرکردنەوە کولتوورییە ناتەندروستانە دەگرێت کە کۆمەڵگە بەرەو هەڵدێر و گێژەڵووکە دەبەن. بۆ ئەم مەبەستەش وادەبینێت کە وانەی هونەر و زانستە کۆمەڵایەتی و مرۆڤایەتی و ویژەییەکان پێویستە زێتر بەهەند وەربگیرێن، تا کولتووری جڤاتی لێوە چاکساز بکرێت، بەتایبەتیش (شانۆ) کە دەکرێت لەوێوە رۆشنبیرییەکی فراوانتر بۆ تاکی نوێ دەستبخرێت.

**سەرچاوە و پەراوێزەکان**

١- عەبدورەحمان وەهاب، مەلەی دژەرەوت: پەروەردە لە روانگەیەکی رەخنەگرانەوە.
٢- خالید محەمەد غەریب، گوڵشەنی ئیقبال.
٣- رامین جەهانبەگلو، تاگور و ویژدانی مرۆیی، و: یادگار حەمەغەریب.
٤- ویل دیورانت، چیرۆکی شارستانییەت، و: ئازاد بەرزنجی.
٥- Wikipedia: Tagore & Muhammad Iqbal.
٦- Yourtube/ Rabindranath Tagore›s educational philosophy.
٧- Youtube/ Satish Kumar speaks about Rabindranath Tagore and Education
٨- http://www.slideshare.net/sohail9595/allama-muhammad-iqbals-educational-philosophy
٩- Youtube: Sir, Ken Robinson. How to change Education.
١٠- Youtube: Sir, Ken Robinson. Education and Innovation.
١١- www.campaignforeducation.org



# ستەم لە ئەبوحەنیفە




**سەرتیپ عزیز فارس**

لەدایكبووی سلێمانی- ١٩٨٣.

ماستەر لە زانستی فەرموودەناسی. مامۆستا

لە زانكۆی سلێمانی – كۆلێجی زانستە ئیسلامییەكان

یەکێک لەو دیاردانەی بەدرێژایی مێژووی مسوڵمانان لە دوای پێغەمبەرەوە(د.خ)- هەبووە و هەیە بەخشینەوەی ناو و نازناوی هەمەچەشنە بووە، ئەویش لە زۆرینەی کاتدا تەنها لە سۆنگەی وتەبێژەکەوە بووە، بێ ئەوەی لەسەر کرۆکی وتەی بەرامبەری بوەستێت، تا بزانێت تا چ ڕادەیەک ئەو وەسفەی کە بەسەریدا دابڕیوە لەگەڵ واقیعی بیری بەرامبەریدا دەگونجێت، هەربۆیە وشەگەلێکی وەک ڕافیزی و ناسبی و مورجیئی و ئیعتیزالی و خاریجی بەسەر یەکتردا بەخشێنراوەتەوە و بەڵایەکی گەورە بووە بۆ گیانی ئومەت.

سەر مەزهەبی ئاینزای حەنەفی نیعمانی کوڕی سابت ناسراو بە ئەبوحەنیفە، کە لە هەمانکاتدا تابیعیش بووە، یەکێک بووە لە قوربانیانی ئەم بەڵایە و لەلایەن کەسانێکەوە لەسەر وتەیەکی دەربارەی باوەڕ بە مورجیئەیان داناوە.

## مانای مورجیئە و ئیرجاء

مورجیئە یەکێکە لەو گرووپە ئیسلامییانەی کە لە گەرمەی باس و خواسی حوکمی ئەنجامدەری تاوانی گەورە، کە ئایا مسوڵمانە یان نا؟ سەری هەڵدا. لە بنەچەشدا دروستبوونی ئەم گرووپە کاردانەوەیەک بوو بۆ تەکفیرگەری خەواریج، ئەگەرچی هەندێک لە توێژەران بنەچەی دەگێڕنەوە بۆ ئەو جەنگ و فیتنەیەی لە نێوان عەلی و مەعاویەدا(ڕەزای خوایان لەسەربێت) ڕوویدا، کە هەندێک لە سەحابە بێلایەنیان هەڵبژارد و حوکمی لەسەر حەق بوونی ئەوانیان دایەدەست خوای گەورە(١)، بەڵام ڕاست ئەوەیە بێلایەنی ئەو سەحابیانە پەیوەندی بە پابەندبوونیانەوە بوو بە دەقەکانی سەردەمی فیتنە و خۆپارێزی لە خوێنی مسوڵمانان، نەک باوەڕبوونیان بووبێ بە بنەماکانی بیری ئیرجائی یاخود وتەی ئەوان دەربارەی حوکمی ئەنجامدەری تاوانی گەورە.

بنەمای بیروبۆچونی مورجیئە لەسەر ئەوە بونیادنراوە کە ئیمان بریتییە لە باوەڕهێنان لە دڵدا، بێ پێویست بوونی ئاشکراکردنی بە زمان و کردار، بۆیە ئەگەر کەسێک لە دڵیدا باوەڕی هێنابێت ئیتر ئەگەر بە کردار و گوفتاری کوفریش بکات زیانی بۆ باوەڕەکەی نیە و بە مسوڵمانێتی دەمێنێتەوە(٢).

لە بەرامبەریشدا ئەهلی سوننە دەڵێن: ئیمان بریتییە لە باوەڕی دڵ و وتنی بە زمان و کردنی کردار، بەڵام جیاوازی لە نێوان وتەی ئەهلی سوننە و خەواریج لەوەدایە کە کردار لای سوننە لە مەرجی تەواوی باوەڕە نەک مەرجی ڕاستێتی باوەڕەکە وەک خەواریج دەیڵێن، بۆیە بە بۆچونی خەواریج ئەگەر کەسێک تاوانێکی گەورەی ئەنجامدا پێی کافر دەبێت، بەڵام لای ئەهلی سوننە پێی کافر نابێت. لەم سۆنگەیەشەوە دەربارەی کەسێکی تاوانبار کە کافرنیە لەناو ئومەتدا سێ بۆچون هەیە:

یەکەمیان: هەندێک ڕایان وایە کە سزانادرێت، ئەمەش ڕای موقاتیلی کوڕی سولەیمان و ئەوانەیە کە مورجیئەی تەواو و ڕاستەقینەن.

دووەم: هەندێکی تر پێیانوایە بە دڵنیاییەوە سزادەدرێت، ئەمەش ڕای موعتەزیلە و خەواریجە.

سێیەم: هەندێکی تر دڵنیایی دەربارەی هیچ یەکێک لە سزا یان لێخۆشبوون نادەن و دەیدەنە دەست ویستی خودا، ئەمەش ڕای زۆرینەی ئومەتە و بۆچونە ڕاستەکەیە(٣).

## ڕاستێتی تۆمەتی مورجیئەبوونی ئەبوحەنیفە:

### ئیمان لای ئەبوحەنیفە:

لای ئەبوحەنیفە ئیمان بریتییە لە دانپێدانانی دڵ (اقرار) و بەڕاست سەلماندنی بە زمان (تصدیق)، بۆیە بە ئیقراری دڵ بەتەنها ناوترێت ئیمان، چونکە ئەگەر بەوشێوە بوایە ئەوە دووڕووەکان بە مسوڵمان ئەژماردەکران، بەهەمان شێوەش بە تەنها زانین(المعرفە) ئیمان دروست نابێت، بەڵگەشی بۆ ئەمە فەموودەی خوای گەورەیە

دەربارەی دووڕووەکان کە دەفەرمێت: {و الله يشهد إ المنافقين لكاذبون} سورة المنافقون: ١، واتە درۆدەکەن لە بانگەشەی ئیماندا، دەربارەی ئەهلی کتابیش دەفەرموێت: {يعرفونه كما يعرفون أبنائهم} سوره البقره: ١٤٦.

(تصديق)یش بەشێکی دانەبڕاوە لە ئیمان و ناکرێت دەرنەکەوێت، مەگەر بارێکی ناچاری بوونی هەبێ (إكراه) (٤)، {إلا من أكره و قلبه مطمئن بالإيمان} سورة النحل : ١٠٦.

## زیادبوون و کەمبوونی ئیمان

ئەبوحەنیفە لەمبارەوە دەڵێت:( ئیمان زیاد و کەم ناکات، باوەڕدارانیش لە ئیمان و یەکتاپەستیدا یەکسانن)، ئەو باوەڕی وایە کە پلەی بەڕاست زانین(تصديق) و دڵنیایی(يقين) لە باسی ئیماندا دوو شتی جیاوازن، بەواتای ئەوەی کاتێک کەسێک باوەڕدارە واتە زانینێکی تەواوی هەیە، چونکە ئەگەر وەها نەبێت ئەبێت گومانی هەبێ، گومانیش لە باسی بیروباوەڕدا شوێنێکی نیە و سودێکی نابێت، خوای گەورە دەفەرموێت: {إن الظن لايغني من الحق شيئا}سورة يونس : ٣٦ ، ناکرێت لە یەک کاتدا بەڕاستی بزانێت و گومانیشی لێی هەبێت، هەربۆیە لەم ڕووەوە ئیمان لە ڕووی بنەمای (تصديق)ەوە زیاد و کەم ناکات، بەڵکو ئەوەی زیاد و کەم دەکات دڵنیاییەکەیە (يقين)، هەروەها خەڵکیش بەپێی جیاوازی یەقینیان جیاوازن لە کامڵبوونی ئاینیاندا، بەڵگەی ئەمەش خوای گەورە لە باسی ئیبراهیمدا- دەفەرموێت: { و إذ قال ابراهيم رب أرني كيف تحي الموتى قال أولم تؤمن قال بلى و لكن ليطمئن قلبي} سورة البقرة: ٢٦٠، لێرەدا ئیمانەکە (تصديق)ە جیاوازە لە (اطمئنان) کە پلەیەکی بەرزی باوەڕە و ئیبراهیم- داوایکردووە پێی بگات، چونکە پلەی (عين اليقين) لە سەرووی (علم اليقين)ەوەیە، وەک دەوترێت ئەوەی دەبیستێ وەک ئەوە نیە کە بینوییێتی(٥).

ئەبوحەنیفە دەڵێت: (ئیمان زیاد و کەمناکات، چونکە پێشبینی ناکرێت ئیمان زیادببێ تەنها بە کەمبوونی کوفر نەبێت، هەروەها ئیمانیش کەم نابێ تەنها بە زیادبوونی کوفر نەبێ، چۆن دەکرێت تەنها کەسێک لەیەک باردا باوەڕدار و بێباوەڕیش بێت، باوەڕدار بەڕاستی باوەڕدارە و گومان لە باوەڕیدا نییە، هەروەک گومانیش لە بێباوەڕی بێباوەڕیشدا نییە، چونکە خوای گەورە فەرموویەتی: {أولئك هم المؤمنون حقا} سورة الأنفال: ٤ واتە لەیەک شوێندا، وە دەفەرمێت: {أولئك هم الكافرون حقا} سورة النساء: ١٥١، واتە لە شوێنێکی تردا – نەک لەیەک بار و شوێندا- گوناهکارانی ئومەتی محەمەدیش(د.خ)- بەڕاستی باوەڕدارن نەک بێباوەڕبن بەڕاستی(٦).

هەر لەسەر ئەم بنەمایەشە تەحاوی دەڵێت: (ئیمان یەکێکە، باوەڕداران تێیدا یەکسانن، پلەبەندییان هەیە بە لە خواترسان و تەقوا و پێچەوانەکردنی ئارەزووەکانیان و بەردەوام بوونیان لەسەر کارە هەرە باشەکان)(٧).

## ئیمان و ئیسلام

ئەبوحەنیفە ئیسلام و ئیمان وەک یەک دەناسێنێت و دەڵێت: (جیاوازی کراوە لە نێوان ئیمان و ئیسلامدا، ئیسلام بێ ئیمان نابێت، ئەو دووانە وەک بەرویشتن، دینیش وشەیەکە ئیمان و ئیسلام و هەموو شەریعەت دەگرێتەوە)(٨) .

دەکرێت فراوانتر دەربارەی ئیسلام و ئیمان بدوێن و بڵێین: کاتێک پێکەوە لە یەک سیاقدا بەکارهاتن ئەوە مانایان جیاوازە، ئیسلام لایەنە تەشریعییەکە دەگرێتەوە، ئیمانیش لایەنی بیروباوەڕ، وەک ئەوەی لە فەموودەکەی جیبریلدا هاتووە کاتێک پرسیاری ئیسلام و ئیمان لە پێغەمبەر(د.خ)- دەکات دوو وەڵامی جیاواز وەردەگرێت، بەڵام کاتێک بە تەنها بەکارهاتن ئەوە مانای یەکتر لەخۆدەگرن و گشتگیردەبن،

وەک ئەوەی خوای گەورە دەفەرمێت: {و رضيت لكم الإسلام دينا} سورة المائدة:٣، وە دەفەرمێت :{إن الدين عند الله الإسلام} سورة آل عمران:١٩، واتە ئیسلام وەک شەریعەت و بیروباوەڕیش(٩).

بەڵام ئەبوحەنیفە لەسەر یەکبوونی ئیسلام و ئیمان لای ئەو، ئەوەی بنیادناوە کە ئەو باوەڕدارانەی تاوانی گەورەیان ئەنجامداوە تەکفیرناکرێن؛ چونکە لەگەڵ ئەوەشی گونهبارن، بەڵام ئەسڵی ئیمانیان ماوە، ئەمەش هەمان ئەو قسەیەیە کە ئەهلی سوننە دەیکەن دەربارەی ئیمانی کەسانی گوناهکار(١٠).

### پێگەی کردار لای ئەبوحەنیفە

وەک ئاماژەمان پێدا لای ئەبوحەنیفە ئەوەی زیاد و کەم دەکات یەقینە نەک تصدیق، بەڵام دەربارەی کردار دەڵێت کە مسوڵمانان پلەبەندییان هەیە لە فەزیلەتدا، واتە بەپێی جیاوازی بارەکانیان، هەر لەبەر ئەمەشە ئەو دەڵێت ئیمان جیایە لە کردار، بەڵگەی ئەوەش: زۆرکات کردار لەسەر بڕوادار هەڵدەگیرێت کەچی دروست نیە بوترێت ئیمانی لەسەر هەڵگیراوە، ئەوەتا ئافرەت لەکاتی عادەبوونیدا نوێژی لەسەر هەڵدەگیرێت و دروست نیە بوترێت ئیمانی لەسەر هەڵگیراوە یان فەرمانی پێکراوە واز لە ئیمان بهێنێت، شەرعدار پێی فەرمووە واز لە ڕۆژو بێنە و دواتر قەزای بکەرەوە، بەڵام ناوترێت پێی وتراوە واز لە ئیمان بێنە و دواتر قەزای بکەرەوە، هەروەها دەوترێت زەکات لەسەر هەژار نیە، ناوترێت ئیمانی لەسەر نیە. مەبەست و کورتەی ئەمە: کردار لای ئەهلی سوننە شتێکی جیایە لە ئیمان نەک پارچەیەک و پایەیەک بێت لێی وەک موعتەزیلە دەیڵێت، هەروەک عەتفی نێوان{ آمنوا وعملوا الصالحات} دەلالەتی لێدەکات لە قورئاندا، چونکە لە بنەڕەتدا عەتف بۆ جیاوازی نێوان (معطوف) و (معطوف علیه)یە(١١).

## کردار لای سوننە لە مەرجی تەواوی باوەڕە نەک مەرجی ڕاستێتی باوەڕەکە

ئەوەی لە وتەو مەبەستی ئەبوحەنیفە دەردەکەوێت ئەوەیە کە جیاکردنەوە و جیاوازیکردنی لە نێوان ئیمان و کرداردا بۆ دورخستنەوەی داخلکردنی کردارە بۆ ناو حەقیقەتی ئیمان کە بە نەبوونی ئیمانەکە بڕوات، نەک وەک بەشێکی جیا کە تەواوکەری ئیمان بێت، هەربۆیەش نمونەی هەڵگیرانی کرداری لە نمونەکانیدا لە هەندێک کاتدا، بەرامبەر هەڵگرتنی ئیمان هێنایەوە، ئەوەشی کە دان بەوەدادەنێت کە مسوڵمانان پلەبەندن بەپێی کرداریان، ئاماژەیەکی ڕوونە کە ئەو کردار پشتگوێ ناخات وەک ئەوەی مورجیئە دەیانکرد، هەر ئەمەشە وای لە هەندێک کردووە کە مورجیئە بکەن بە دوو بەشەوە: یەکەمیان: موجیئەی سوننە، کە ئەبوحەنیفە و هاوەڵانیان لەژێردا داناوە یان ناویان ناون مورجیئەی فوقەهاء.

دووەمیان: مورجیئەی تەواو و پاڵفتەیە، کە هەموو ئەوانە دەگرێتەوە کە وتویانە ئیمان تەنها لە دڵدایە، ئیقرار و کردار بەشێک نین لێی(١٢).

بەڵام دەکرا لەبری ئەم ناوە و دەشکرا ئەم تۆمەت پاڵدانە کۆتایی بهاتایە ئەگەر لەبری وەستان لەسەر لەفزەکان، لەسەر واتا و مەبەستەکان هەڵوەستەبکرایە، ئەم جیاوازییەی نێوان ئەبوحەنیفە و هاوەڵانی لەگەڵ جمهوری

## کردار لای ئەهلی سوننە شتێکی جیایە لە ئیمان نەك پارچەیەك و پایەیەك بێت لێی

ئەهلی سوننە تەنها ڕووکەشییە، ئەگەرنا نەدەتوانرا وشەیەکی وەک مورجیئەی سوننەیان بۆ دابتاشرایە. لەمبارەیەشەوە ئیبن ئەبی عیزی دیمەشقی ڕاڤەکاری عەقیدەی ئەلتەحاوی دەڵێت:( ئەو جیاوازییەی لە نێوان ئەبوحەنیفە و پێشەوایانی تری ئەهلی سوننەدا هەیە، جیاوازییەکی ڕووکەشییە، چونکە پەیوەست بوونی پەلەکان بۆ باوەڕی دڵ، یان بەشێک بوونی لێی، لەگەڵ کۆدەنگی هەردوولا لەسەر ئەوەی کە ئەو کەسەی تاوانی گەورەی ئەنجامداوە لە ئیمان نەچۆتەدەرەوە، بەڵکو لەژێر ویستی خوادایە، ئەگەر بیەوێت سزای دەدات، ئەگەریش بیەوێت لێی خۆشدەبێت، جیاوازییەکی لەفزییە، نابێتە هۆی فاسیدبوونی بیرو باوەڕ(١٣). تەحانەویش هەمان بۆچوونی هەیە و دەڵێت: ناوهێنانی موحەدیسەکان بۆئەوانەی کە ئەم بۆچونەیان هەبووە بە مورجیئە زۆرە و لەڕاستیدا بە تانە دانانرێت لێیان(١٤).

### سەرچاوەی تۆمەتەکە

شەهرستانی لە باسی (الغسانية)دا کە یەکێکە لە گرووپەکانی مورجیئە، دوو هۆکار دێنێت کە ڕەنگە سەرچاوەی تۆمەتبارکردنی ئەبوحەنیفەبن بە ئیرجاء، هۆکاری یەکەمیان: غەسان سەرکردەی ئەم گرووپە دەیوت: ئیمان بریتییە لە ئیقرار لە دڵدا یان خۆشەویستی خوا و بەگەورەگرتنی و، زیاد دەکات و کەم ناکات، هەروەها ئەم غەسانە بانگەشەی ئەوەی دەکرد کە ئەم بۆچونانەی هاوشێوەی بۆچونی ئەبوحەنیفەیە(١٥).

بەغدادی لەوبارەوە دەڵێت: ئەمە هەڵەیەکە کە بەدەم ئەبوحەنیفەوە هەڵیبەستووە، چونکە بۆچوونی ئەبوحەنیفە دەربارەی ئیمان جیاوازە لە بۆچوونی ئەو(١٦). شەهرستانیش پاش بەدرۆخستنەوەی غەسان بەسەر سوڕمانەوە دەڵێت: (بە ئەبوحەنیفە و هاوەڵانی دەوترا مورجیئەی سوننە، زۆرێکیش لە خاوەنی مەقالات ئەوانەی سەرقاڵی زانستی میلەل و نیحەلن لە جوملەی مورجیئە دایان ناوە، ڕەنگە هۆکاری ئەمەش ئەوەبێت کاتێت ئەبوحەنیفە دەیوت: ئیمان بریتییە لە بەڕاست زانینی دڵ، زیاد و کەم ناکات، واگومانیان پێ بردووە کە ئەویش کردار پاش دەخات لە ئیمان، ئەو پیاوە لەگەڵ کۆششی زۆری بۆ کردار چۆن فەتوا دەدات بە وازهێنان لە کردار؟!)(١٧).

پاشان هۆکاری دووەم دێنێت و دەڵێت: هۆکارێکی تری هەیە ئەویش کاتێک موعتەزیلە لە سەدەی یەکەمدا دەرکەوتن بە هەموو ئەوانەیان دەوت مورجیئە کە لە باسی قەزاوقەدەردا پێچەوانەی ئەوان بوون، وەعیدیەش لە خەواریج هەمان شتیان کرد، دوور نیە ئەو نازناوە لەلایەن موعتەزیلە و خەواریجەوە بەسەریدا دابرابێت(١٨).

بەڵام ئەبوحەسەنی ئەشعەری لە کتێبەکەی (مقالات الإسلاميين)دا تووشی هەڵەیەکی گەورەدەبێت کاتێک ئەوبوحەنیفە و هاوەڵانی وەک گرووپی نۆیەمی مورجیئە دەناسێنێت و بیروباوەڕی غەسان دەداتە پاڵی و غەسان وەک هاوەڵی ئەو دەناسێنێت، لە کاتێکدا ئەو بیروباوەڕە پەیوەندی بەوەوە نیە و غەسانیش سەر گرووپی

غەسانەی مورجیئەیە نەک لە هاوەڵانی ئەو(١٩).

لە نامەکەشدا بۆ عوسمانی بەتی، ئەبوحەنیفە جەخت لەسەر پابەندبوونی خۆی بەو بیروباوەڕە دەکاتەوە کە باسمان کرد و، تۆمەتی مورجیئەبوون ڕەتدەکاتەوە و دەڵێت: هەرکەس ئیمان و کردار وازلێبهێنێت لە ئەهلی دۆزەخە، بەڵام ئەگەر کەسێک شتێک لە فەرزەکانی سەری زایە بکات ئەوە بڕواداریکی تاوانبارە و پاشەڕۆژی لە ویستی خوادایە.

لە خوێندنەوەی سیاقی نامەکەشیدا دەتوانرێت ببینرێت کە ناکۆکیەکانی خەڵک دەربارەی ئەو سەحابیانەی بەشداربوون لە جەنگی عەلی و مەعاویەدا و حوکمی ئەو دوو کۆمەڵە مسوڵمانە شەڕکەرە، کاریگەری هەبووە لەسەر وەسفکردنی ئیمان بەو جۆرە، تا ئەو بەڵایە دووربخاتەوە کە هەندێ تێیکەوتبوون بە تەکفیر و تەبدیع کردنیان.

دەربارەی ناوی مورجیئەش دەڵێت: تاوانی ئەهلی عەدل چییە کاتێک حەق دەڵێن و ئەهلی بیدەع ناویان لێدەنێن بەم ناوە؟!، ئەوان لەڕاستیدا لە خودی خۆیاندا ئەهلی عەدل و سونەن، بەڵام ئەو ناوە تیری کینە لە دڵانە..(٢٠).

جا بۆیە ئەگەر بۆچوونی ئەبوحەنیفە بە ئیرجاء دابندرێت ئەوە دەبێت بە جمهوری ئەهلی سوننە بە موحەدیسینیشەوە بە موجیئە دابندرێن، چونکە لەکۆتایدا هەمووان تەنها لە دەربڕین و لەفزدا جیاوازن نەک لە خودی مەبەست و مانا، کە ئەو مەبەستەش بە هەموو شێوەیەک دوورە لە بۆچونی مورجیئەوە، هەربۆیە دابڕینی ئەو ناوە بەسەر ئەبوحەنیفە و هاوەڵانیدا ستەمێکە لێیانکراوە، کە هەندێک جار بۆتە هۆی ڕەتکردنەوەی شایەتی دانی هەندێک لە هاوەڵانی، کە دەکرا تێگەشتنێکی دروست ئەو بەدحاڵیبوونە بڕەوێنێتەوە و بڕوانە کۆتایی بەو ستەمەش بهێنێت.

## سەرچاوە و پەراوێزەکان:

١- بڕوانە: أبو زهرة، محمد: تاريخ المذاهب الإسلامية، دار الفكر العربي، لا.ط، ١٩٩٦م ، ص ١١٨- ١٢٠.

٢- بڕوانە: ابن حزم، محمد بن علي: الفصل، دار الكتب العلمية، بيروت، ط٣، ٢٠٠٧م، ١٤٢/٣.

٣- الرازي، محمد بن عمر: كتاب الأربعين في أصول الدين، دار الكتب العلمية، بيروت، ط١، ٢٠٠٩، ص ٣٧٨.

٤- بڕوانە: أبو حنيفة، نعمان بن ثابت: كتاب الفقه الأكبر، دار الكتب العربية الكبرى، مصر، لا.ط، لا.تا،ص ٧٥.

٥- بڕوانە: سەرچاوەی پێشوو، ص ٧٧-٧٨.

٦- بڕوانە: سەرچاوەی پێشوو.

٧- الدمشقي، علي بن علي بن محمد بن أبي العز: شرح العقيدة الطحاوية، مؤسسة الرسالة ناشرون،بيروت، ط١،٢٠٠٥م، ص ٣١٧.

٨- أبو حنيفة: الفقه الأكبر، ص ٧٩.

٩- بڕوانە: العثيمين، محمد بن صالح: شرح العقيدة السفارينية، دار ابن الجوزي، القاهرة، ط١، ٢٠٠٥، ص ٣٠٧-٣٠٩.

١٠- أبو زهرة، محمد: أبوحنيفة حياته و عصره، دار الفكر العربي، القاهرة، ط- جديدة، ص ١٥٥.

١١- بڕوانە: أبو حنيفة: الفقه الأكبر، ص ٧٩.

١٢- بڕوانە: أبو زهرة : تاريخ المذاهب الإسلامية،ص ١٢٢-١٢٣.

١٣- الدمشقي: شرح العقيدة الطحاوية، ص ٣١٨-٣١٩.

١٤- بڕوانە: التهانوي، ظفر أحمد: قواعد في علوم الحديث، مكتب المطبوعات الإسلامية، دار البشائر الإسلامية، بيروت، ط١٠، ٢٠٠٧، ص ٢٣٥.

١٥- الشهرستاني،محمد بن عبدالكريم: الملل و النحل،دار الكتب العلمية، بيروت، ط٧، ٢٠٠٧، ١٣٩/١.

١٦- بڕوانە: البغدادي، عبدالقاهر بن طاهر: الفرق بين الفرق، دار المعرفة، بيروت، ط٤، ٢٠٠٣، ص ١٨٨.

١٧- الشهرستاني: م.س.

١٨- ن.م ، بڕوانە: التهانوي: قواعد في علوم الحديث، ص ٢٣٥.

١٩- الاشعرى، علي بن اسماعيل: مقالات الإسلاميين، دار صادر، بيروت، ط٢، ٢٠٠٨، ص ٩٠.


٢٠- الكوثري، محمد بن زاهد: العالم و المتعلم، المكتبة الأزهرية للتراث، القاهرة، نسخة مسحوبة من كومبيوتر.



# نووسینەوەی مێژووی کورد

## لە نێوان شەرەفخان و ئەمین زەکی بەگدا

## (یەکەم خوێندنەوەی بەراوردکاری)

**حەسەن مەحمود حەمەکەریم**

لەدایکبووی ١٩٥٥ هەڵەبجەی شەهید. بەکالۆریۆس لەمێژوو. ئەندامی کارا لە یەکێتی ڕۆژنامەنوسانی کوردستان، ئەندام لەکۆمەڵەی کەلەپوورو فۆلکلۆری کوردی. خاوەنی چەندین بەرهەم لەبواری چیرۆک و ئەدەب و مێژووی کورد.

شەرەفخان و ئەمین زەکی بەگ دوو کەسایەتی و مێژوونووسی کوردی دوو سەردەمی جیاواز بوون، هەریەکەیان بەپێی کات و سەردەم و بۆلوان بیریان لە نووسینەوەی مێژووی کورد کردۆتەوە بە دوو شێواز و بیرکردنەوە و ڕوگەی جیاواز، یۆنانیەکان هیرۆدۆتی مێژوونووسی خۆیان بە باوکی مێژوو ناساندووە، منیش شەرەفخان بە باوکی مێژووی کورد دەزانم، کە لە سەدەی شانزەهەمدا شاکارێکی بە ناوی (شەرەفنامە) بە فارسی نووسیوە، پێشتر کاری وا بە کوردی و بە هیچ زمانێکی تر بۆ کورد نەکراوە، بەڵام ئەمین زەکی بە نوێکەرەوەی مێژووی کورد دادەنێم، مێژووەکەی کارێکە تاکە لە جۆری خۆی، کە بەسوودوەرگرتن لە سەدان کتێب و بابەتی بیانی، زانیاری لەسەر مێژووی کورد کۆکردووەتەوە، پێشتر ئەو زانیارانە پەرت و بڵاوبوون، ئەوە کارێکی بێوێنە و ماندوکەرە، وەک خۆی باسی دەکات، لەهەمانکاتدا هەر کوردێک بیخوێنێتەوە، هەستی بۆ خاک و گەلەکەی دەبزوێ. شەرەفخان لە پێشەکیەکەیدا باسی تایبەتمەندییەکانی پێکهاتەی ناخ و دەروون و سروشت و کۆمەڵایەتی کورد دەکات، هەوڵ دەدات ڕەچەڵەکی کورد بدۆزێتەوە، بەڵام پێکدەگیرێ لەگەڵ زانیاری هەڵەی مێژوویی کە پێش ئەو کراوە، پەنا دەباتە بەر خورافات، بێئەوەی بڕوای پێی هەبێت، ئەمین زەکیش لە سەرەتاوە لەگەڵ ئەفسانەدا پێکدەگیرێ، بەڵام بە ڕەخنە گاڵتەی پێدەکات و بڕوای پێناکات، شەرەفخان سنووری کوردستان دیاری دەکات، ئەو جۆرە زانیارییە بۆ ئەو کاتەی شەرەفخان دۆزینەوە و باسکردنی قورس و گران بووە، چونکە ئەو دەمە لە ئەوروپاش ئەو زانستە باو نەبووە، ئەو هەوڵیداوە هەرچەند زۆر گران بووە ئەسنۆلۆجی کورد بدۆزێتەوە، بەڵام بۆ ئەمین زەکی ئاسان بووە، چونکە ئەو ئەندازیاری سنووردانان بووە، چەندجار سنوری ڕووسیا و بولغاریا و عوسمانی دیاریکردوە و نەخشەی ئەستەمبوڵی کێشاوە، بەڵام بۆ سنووری کورد لە بەرهەمەکانیدا باسی ناکات، کە لە سەردەمی ئەمدا نەخشەی وڵاتان و سنور دیاریکردن باوێکی فراوانی بووە ..

ئەمین زەکی باسی ١٠ هەزار ساڵ لە مێژووی کورد دەکات، بەڵام شەرەفخان باسی ٧٠٠ ساڵێک لە تەمەنی تەنها میرنشینەکان لە سەردەمی ئیسلامدا دەکات، کە لای ئەمین زەکی ئەوە تەنها یەک بەشە لە مێژوویەکی دور درێژدا.

کەسێک چاکتر لێی دێ مێژوو بنووسێتەوە، کە خۆی کەسایەتییەکی ناو مێژوو بێت و ڕۆڵی هەبێت لە ڕوداوەکاندا و پیاوی ناو ڕوداوەکان بێت، شەرەفخانی بەدلیسی میرێکی گەورەی کورد بوو، لە نێوان سنووری سەفەویی و عوسمانیدا حکومەتێکی دروست کردبوو، لە ڕوانگەی خۆیەوە شەرەفنامەی نووسی، ئەمین زەکیش ئەفسەرێکی پایەبەرزی سوپای عوسمانی و عێراق بوو، هەشت جار بووە بە وەزیر لە حکومەتی عێراق و دوو جار بووە بە بەڕێوەبەری گشتی و دووجاریش بووە نوێنەری خەڵکی سلێمانی لە ئەنجومەنی نیشتیمانیدا، لەو ڕوانگەیەوە هات و مێژووی بۆ گەلەکەی نووسیەوە.

ئەمین زەکی لەکاتێکدا ژیاوە کە کورد لە بارودۆخێکی نالەباری سیاسیدا بووە، دوای ئەوەی عوسمانییەکان لاواز دەبن، هەر گەلە بەناوی خۆیەوە خۆی دەناسێنێ، دیار نییە حسابێک بۆ کورد کرابێت، دواتر دەکرێتە چوار پێنج بەش، کوردیش گرووپەکی سیاسی بەهێزی نەبووە، بە جدی داوای مافی کورد بکات، هەربۆیە ئەمین زەکی بیری کردەوە مێژوویەک بنووسێ کورد هانبدات، بیر بکاتەوە کە ئەویش گەلە و خاوەن زمان و خاک و مێژووی دوورودرێژ و دەوڵەمەندە، لە کۆندا چەندین دەوڵەت و میرنشین و سەروەرییان هەبووە، پێیان دەڵێت دەتوانرێت ئەوە دووبارە بکرێتەوە، جارێکی تر کورد ببێتەوە بە خاوەنی

دەوڵەت و کەسایەتی خۆی، ئەمین زەکی کە بارودۆخی گەلەکەی دەبینێت، مێژوویەکی زیندوو دەنووسێ، کۆمەڵێک بابەت دەوروژێنێ، لەبارەی ڕەچەڵەک و جوگرافی و شار و، ژیانی سەدان کەسایەتی کورد لە مێژوودا دەنووسێتەوە و بە گەلەکەی دەناسێنێت.

ئەمین زەکی بەگ یەکەم مێژوونووسی کوردە کە بابەتەکانی شێوازی لێکۆڵینەوەی وەرگرتووە و شیکردنەوەی بۆ هەندێک بڕگە کردووە، نەهاتووە باسەکان وەک خۆی بگێڕێتەوە، بەڵکو زۆر کەمیش بێت ڕاکانی لەیەکداوە و بە دوای ڕاستییەکاندا ئەوەندەی توانیبێتی گەڕاوە، هەندێک نهێنی ئاشکرا کردووە، یەکەم مێژوونووسی کوردە کە سوودی لە سەرچاوە جۆراوجۆرەکان وەرگرتووە، بۆچوونەکانی تەبەری و ئیبن کەسیر و ئیبن ئەسیر و واقیدی و مەسعوودی لە عەرەبەکان هێناوە، سەرچاوە فەرەنسی و ئینگلیزی و ئەڵمانی و ئەوروپییەکانی وەرگرتووە و بەراوردی کردوون، کەسێکە خۆی بۆ خۆی چووەتە فەرەنسا و ئەڵمانیا و ڕووسیا و ئەستەمبوڵ و شام و سەرچاوەکانی هێناوە و تاوتوێی کردوون، ئەو دەیزانی کە مێژوو لە فراوانترین مانایدا چیرۆکی ڕابردووی مرۆڤە، هەربۆیە دڵسۆزانە گەڕاوە بە دوای ڕەچەڵەک و مێژووی گەلەکەیدا و نیشانی لاوان و ڕۆشنبیرانی گەلەکەی داوە، پێیان دەڵێت ئەوە چیرۆکی ژیانی ڕابردووی تۆ و باپیرانتە، ئاگاداربە، ڕابردووت بناسە، ئەو لە شێوەی چیرۆک خواندا بەسەردێکی خورافی ئامێز نەینووسیوە، هەتا مرۆڤ لەگەڵ باسەکانیدا هەڵچێ و داچێ و یاری بە هەست و سۆزیان بکات، بەڵکو لەگەڵ عەقڵ و زەینیاندا قسە دەکات و دەیەوێت تێیان بگەیەنێت.

گەلی کورد دوو مێژوونووسی جددی دڵسۆز و بێلایەنی هەبووە، یەکەم (شەرەفخان) حاکمی بەدلیس کە بە باوکی مێژووی کوردم ناو بردووە، دووەم (محەممەد ئەمین زەکی) کە بە نوێکەرەوەی مێژووی شەرەفخان و مێژووی کوردی دەزانم، مێژووەکەی شەرەفخانی بە وردتر و هاوچەرخانەتر نووسیوە، شێوازی ئەم جیاوازترە لە شێوازی شەرەفخان، شەرەفخان وەک حیکایەت و سەردێک نووسیویەتی، بەڵام ئەمین زەکی دەیەوێت بدات لە وەتەری ناسکی هەستی لاوانی کورد و هەستی نەتەوایەتییان بوروژێنێت، وەک مردوو بەسەر ڕووداوەکاندا گوزەر نەکەن، ئەمین زەکی هەوڵیداوە لە سەدان کتێبی بەنرخ، کتێبێکی زیندوی بەهێز بنووسێت، کار لە ناخی لاوان بکات هەستنەوە، زۆرترین زانیاری کۆکردووەتەوە، دەیەوێت بڵێ ئێوەش هەن، مرۆڤن، مافتان هەیە، خاوەن خاک و زمان و مێژوون، دەیان حکومەت و میرنشینتان هەبووە، هەزاران پیاوی گەورە و، دەیان شۆڕشی مەزنتان لە هەگبەدا هەبووە، پێیان دەڵێت مەخەون، هەڵسن و بجوڵێن داوای ماف و ئازادی زمان و خاک و گەلتان بکەن، ئەم نووسینانەی ئەمین زەکی لەکاتێکدا بوو کە هەستی نەتەوایەتی لاواز بوو.

ئەمین زەکی ویستی مێژووی کوردستان ڕونبکاتەوە، لە کۆنترین سەردەمەکانییەوە تا سەردەمی خۆی، ئەوە کارێکی قورسە، لەوەی شەرەفخان قورسترە، واتە شەرەفخان بە پانتایی ئاسۆیی کورددا بڵاوبووەتەوە، بەڵام ئەمین زەکی شاقوڵی بە ناخی کورددا، بە ڕەچەڵەکی کورددا شۆڕبوەتەوە و بەرەو خوار ڕۆچووە، شەرەفخان هەموو ناوچە جوگرافییە کوردییەکان گەڕاوە و باسیان دەکات لە حەوت سەدەدا، ئەوە بۆ سەدەی شانزە قورس و گران و نوێ بووە، هیچ زانیارییەکی نووسراو نەبووە، بەڵام بۆ ئەمین زەکی سەرچاوە زۆر و بەربڵاو و بە هەموو زمانەکان هەبووە، شەرەفخان بیرێکی هاوچەرخی بەهێزی ئەسنۆلۆجی بووە، باسی سروشت و سیفەتە تایبەتییەکانی کورد بەگشتی لە هەموو ناوچەکان کردووە، کە ئەو کاتە هیچ زانا و میرێکی کورد

ئەو هەستە نەتەوایەتیەی بە تێگەیشتنی ئەمڕۆ بۆ نەتەوەکەی نەبووە، ئەوسا خەڵکی تەنها مەیلیان بۆ یەکێتی گەلان لە بۆتەی یەک ئایینی جیهانگیریدا بووە، مەیلیان بۆ یەک شا و سوڵتان و خەلیفە هەبووە، لە غەیری ئەوانە، هەست و سۆزو مەیل بۆ خاک و نەتەوەی تایبەت نەبووە و بە گوناه زانراوە، ئەوکاتە هەتا ناو قەد و لێوان لێوی زەین و ناخ و هەستی کورد لەناو دەربەگایەتی و چینایەتی و میرایەتیدا چەقیبوو، هیچ یەکێتییەکی سیاسیان نەبووە، هەموو گەلان هەستیان لەبۆتەی یەکێتی ئیسلامیدا توابویەوە، بەڵام لە زەینی شەرەفخان و ئەحمەدی خانێ و هەندێکی تردا شتێک هەبووە.

ئەوەی شەرەفخان کردی بیرێکی تاکە، لای کەسی تر گەلاڵە نەبووە، بە کەسی تر نەکراوە، بەڵام ئەوەی ئەمین زەکی کارێکە، سەرچاوە بە هەموو زمانەکان هەبووە و دەستکەوتووە، پێشتر بە زمانەکانی تر کراوە و ئێستەش بەردەوامە، ئەمین زەکی خۆی زۆر سودی لە شەرەفنامە وەرگرتووە، زۆربەی زانیاری دوو کتێبە گەورەکەی لەسەر شەرەفنامە ڕێکخستووە، شەرەفخان نەبوایە هەوڵی ئەمین زەکی وا مەزن دەرنەدەچوو، ئەوەی شەرەفخان بیوێنەیە، بەڵام ئەوەی ئەمین زەکی بێوێنە نیە، دواتر لەوەی ئەو زۆر کراوە، دەتوانین بێ پشتبەستن بە ئەمین زەکی دەیان لێکۆڵینەوەی دەوڵەمەندتر و وردتر لەوەی ئەمین زەکی بکەین، مینۆرسکی لە ئەمین زەکی قوڵتر و پوختتر و وردتری کرد بە هەوڵی خۆی، ئەمین زەکی کۆکراوە و کورتکراوەی هەوڵی شەرەفخان و مینۆرسکی و سیدنی سمس و ئەوانی ترە، بەڵام شەرەفخان نەبوایە ئێمە حەوت سەد ساڵ لە مێژووی کوردمان لێ ون دەبوو، بە کەسی تر و بە سەدان دەزگای مێژوویی وەک ئەمڕۆ نەدەدۆزرایەوە.

شەرەفخان باس لە پێنج بۆ حەوت سەدە لە مێژووی هۆز و خێڵ و میر و میرنشینە کوردییەکان

**که شەرەفنامە دەخوێنیتەوە، بێزت لەکورد و مێژووەکەی دێت، هەمووی شەڕی براکوژیی و خۆخۆریی و پوازو خیانەتە لە کورد**

دەکات، حەوت سەدە لە مێژووی کورد فراوان و زۆرە بۆ ئەو سەردەمە، ئەو لەوەدا تەنها سودی لە هەوڵ و گەڕان و پرسیار و گێڕانەوەی پیران لە باوکەوە بۆ باپیرە نووسیوە، ئەو نەینووسیایە، ئەو زانیاریانە دەبوو بەژێر تەپوتۆزی سەردەمان و ساڵان و باسانەوە. ئەمین زەکیش قوڵبوەتەوە بە مێژوودا، بەڵام نەیتوانیوە زانیاری تەواو و یەکلاکەرەوە کۆبکاتەوە، هەرچەند هەرچی هێناوە هەر ئەوەندە و ڕەنگە کەمێک زیاتر هەبووە، هەمان توانا و زەحمەت و هەستی کۆکردنەوەی شەرەفخانی هەبووە، ئەمین زەکی کەسی نەپەڕاندوە لە میرو میرنشین، بەڵام زانیارییەکانی کەمن، لە ڕووی سیاسییەوە سەردەمەکانی دیاری نەکردووە، یەک لە دوای یەکی نەکردون، تا تێبگەین پێش و پاشی ڕوداو و سەردەمەکان چیە، بۆ نموونە، سەردەم و ڕوداو و پەیوەندی گەلە کوردییەکانی ماد و مانا و کاسی و گۆتی و لۆلۆیی و سۆباری و هۆری و خالدی و ئەوانی تری نەبەستۆتەوە بە سەردەمی ئەخمینی و یۆنانی و ئێرانی و ڕۆم و مەکدۆنی و عێلامی و ئەوانی تر، بەڵکو بەگشتی هەر لەسەر گەلانی کورد وەستاوە، بەکۆ باسی وڵاتان و گەلان و پاڵەوان و ڕووداوەکان و گرفتەکان و ناخۆشیەکانی کردووە.

شەرەفخانیش ئەو هەڵەی هەیە، خۆی لە چینی

**هیچ گەلێك نیە لە دنیادا تاریکییەکانی ژیانی هێندەی کورد زۆربێت کە تائێستاش ڕووناك نەکراوەتەوە**

سەرەوە بووە، گرنگی بە گەل و چینی خوارەوە نەداوە، داواکاری و کێشە و گرفتی چینەکانی ژێرەوەی باس نەکردووە، کە ئەو لە گەورەترین میرە کوردەکان بووە، ئەو بە گەلەوە شت بووە، گەل نەبێت میر و پاشا کێیە و بۆچی باشە؟ شاخ و داخ و چەم و دۆڵ میریان بۆ چیە؟ دەبوو گرنگی بە باس و ژیان و گرفتەکانی ڕەعیەتەکەی، بە جوتیار و پیشەوەر و کارزان و کاروان و قەتارچی و باری ژیان و گوزەرانیان بدایە، ئەو هەر تەنها گرنگی بە ژیان و ڕابواردنی میر و هێز و شەڕ و پەنابردنە بەر سەفەویی و عوسمانی و شەڕی کوردان داوە، هەستی میرایەتی و دەرەبەگی و نەتەوایەتی بووە، بەڵام بڕوای بە گۆڕانکاری لە دەسەڵات و گۆڕانی کۆمەڵایەتی نەبووە، بڕوای نەبووە ئەو بارە چەقبەستوە میرایەتییە سیاسییە کۆمەڵایەتییە چینایەتییە بگۆڕێت یان دەگۆڕێت، بڕوای وابووە کە دەبێت هەمیشە چینێکی بەرزی دەسەڵاتدار هەبێت و، زۆرترین خەڵکی خزمەتکار و سەرباز و سەپان و پاڵە و جوتیار بە خوێن و ڕەنجی خۆیان بەرگری لە دەسەڵات و کورسی و ژیان و ئارەزوی ئەوان بکەن، بۆ خۆشی و شادی و ئارەزووەکانی سەرەوە بژین، دەبێت ئەمان برزێن و داوەشێن و هەڵوەرێن و ڕەنج بدەن، ئەوان بژین.

ئەو و هیچ میرێکی تری کورد بڕوای بە یەکێتی خاک و خەڵک و وڵات نەبووە، ئەوان بڕوایان وابووە بۆ پارێزگاری لە میرایەتی خۆیان تاوێک بدەنە لای شای سەفەوی، ئەگەر نەگونجا بدەنە لای سوڵتانی عوسمانی، ئەگەر برێک لە هێز و دەسەڵاتی خۆیان بینی و خۆیان ناسی، تاوێک لە پایتەختەکەیاندا، خۆیان بە شت بزانن و گوێ بۆ کەس نەگرن، ئەگەر ئەوەشی بۆ نەچووەسەر، تاوێکیش خاک و خەڵک و پایتەختەکەیان جێبهێڵن و، لە هەموو شت هەڵبێن و بە دەربەدەری بژین، هێندەی ئەحمەدی خانیٚ بیرکراوە و هەست پاک و بیر قوڵ و مەزن نەبوون، کە ئاهو شیعری بۆ خاک و دۆخی خەڵکی هۆنیوەتەوە و گریاوە، لەو سەردەمە دورەوە بۆ یەکخستنی گەلی کورد کۆشاوە، هەنسکی داوەو هەناسەی ساردی پیاهاتووە، هەوڵیداوە لەژێر دەستی ستەمی ڕۆژگاردا دەربازیان بکات، ئەو مەلایەکی ئایینی بووە، بڕوای تەواوی بە خوا و ئیسلام هەبووە، بەڵام ڕازی نەبووە کەس یاری بە چارەنوسی گەلەکەی بکات، بە ستەمی فارس و تورک بەرامبەر گەلەکەی ڕازی نەبووە، تەنانەت گومانی کردووە، کە بۆچی گەلەکەی هەردەبێت لەژێر ستەمدا بێت، ئەو هەر عوسمانی و سەفەوی تاوانبار نەکردووە، بەڵکو وتویەتی تاوانباری یەکەم گەلەکەی خۆمە، کە بەو دۆخە خراپە چەقبەستوە ڕازییە، بیرناکاتەوە و خۆی ناگۆڕێت، ئەو بڕوای وابووە قەدەری کورد ئەوە نیە، بەڵکو بەدەستی خۆی خۆڵ دەکات بەسەری خۆیدا، تاوانباری یەکەم میرەکان و گەلی کورد خۆیەتی، خەڵکەکە نەخۆشن، لاوازن، خۆیان یەک ناگرن، دژی یەکتر لەسەر هیچ دەجەنگن، خۆخۆرن، پشت بە دوژمن دەبەستن دژی برای خۆیان، بۆ یەک پوازن، لە شیعرەکانیدا زۆری لەوە تیایە.

ئەمین زەکی لە مێژوەکەیدا باسی سەرەتای ئیسلام ناکات، وەک باوی مێژوونوسانی مەسیحی و سریانی و مسوڵمانی ئەو سەردەمە، تەبەری و ئیبن کەسیر و مەسعودی و ئیبن جەوزی

وایانکردووە، ئەوان کاریگەری نامە ئاسمانی و ئاینییەکانیان لەسەر بووە، باسی دروستبونی بونەوەریان بە ویستی خوا کردووە، سەرەتا لە دروستبونی بونەوەر و زەوی و شاخ و ئاووهەواو گیاندارانەوە دەستپێدەکەن، پاشان دابەزینی ئادەم و تۆفانی نوح و، بڵاوبونەوەی گەلەکان دوای تۆفان، پاشان باسی فارس و ئەفسانەکانیان، پاشان لە سەردەمی ئیسلامەوە چڕیان دەکردەوە، قورەیش و هاتنی پێغەمبەر و ڕاشدین و فتوحات و ئەمەوی و تا سەردەمی نووسەر خۆی دەچوون، بەڵام نە شەرەفخان و نە ئەمین زەکی ئەوەیان نەکردووە، ڕێ و ڕێچکەی کۆنەکانیان پەیڕەو نەکردووە، ئەمان گوێیان بە ئەفسانەکانی گەلە کۆنەکان نەداوە، کە سودی نیە، هەرچەند ئەفسانە و ئایینە کۆنەکان سودیان بۆ لێکۆڵینەوەی مێژوویی زۆر و زەبەندەیە.

نووسینی مێژووی کۆن مەوسوعی و فەرهەنگی بووە، باسیان لە هەموو شت کردووە کە پەیوەندی بە مرۆڤەوە بووە، باس لە مێژوو جوگرافیا و کاری پزیشکی و ئەستێرەناسی و فەلسەفە و زانست و ئایین کردووە، لە سەرەتاوە لە ئەورووپاش ئەوە باوبوو، بەڵام شەرەفخان و ئەمین زەکی لەوە دورن، مێژوونووسانی ئەورووپی و ئیسلامی لە کۆندا مێژوویان بە حەولی نووسیوە، واتە بە گوێرەی سەردەم و ساڵ و ڕۆژ و کات دەیاننوسی، هەر لە مێژووی زایینی و کۆچیەوە، ساڵ بەساڵ و پاشا بە پاشا و خەلیفە بە خەلیفە، لە عیساو محەمەد پێغەمبەرەوە، بۆ ڕاشدین و ئەمەوی و عەباسی و عوسمانی دەیانهێنا، هەر ساڵەی چی ڕوویبدایە کۆیان دەکردەوە، لە مردن و ڕوداو و شەڕ و شۆڕش و شتی تر، تەنانەت ڕوداوی سروشتیش باسکراوە، گرانی و درم و تاعون و لافاو و بومەلەرزە و سوتان و گرانی، بێئەوەی لە نێوان ئەو باسانەدا تەواوکەری و پەیوەندییەک بوبێت، ئەوە ڕێگەیەکی سەرەتایی بوو بۆ نووسینەوەی مێژوو، کە ئەمین زەکی و شەرەفخان نەیانگرتووەتەبەر، هەرچەند ئەوانیش جیاوازن لە نەخشەی کارەکانیان، بەڵام ئەو شێوازەیان نیە.

زۆری نەبرد مێژوونووسانی ئیسلامیش وازیان لەو شێوازە هێنا، مێژووەکەیان کردە بەش بەش و ئەبواب و فەصل، بە گوێرەی بابەت و بەپێی سەردەم، نەک بەپێی ساڵ، هەندێکی تریش وەک: زەهەبی و الاصفهانی و ابن ئەسیر و ابن حجر العسقلانی و ئیبن خەلەکانی بە ڕەچەڵەک کورد، بە زنجیرەی مێژوویی باسەکانیان نووسیوە، باس لە مێژووی ژیاننامەی پیاوە ناسراو و گەورەکان دەکەن، سیرە و کردەوەیانیان باسکردووە بەپێی پیتی ئەبجەدی، کە ئەمڕۆ بووە بە بەشێک لە مێژوو، بە مێژووی ڕجال یان سییەر ناسراوە، پێشتر لای مێژوونووسانی ڕۆمان و یۆنان باوبووە. مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس و مەردۆخی و مەلا تایەری بەحرکە و دەستنووسەکەی مەلا محەمەدی شارەزووری لەوبارەوە، بۆ ناودارانی کورد هەروەک پێشینەکانیان کردووە، ئەمڕۆ ئەو شێوازە باوی نیە، مەرج نیە هەرشتێک باوی نەمابێت سودی نەبێت و بیدەینە بەر ڕێژنەی ڕەخنە..!

ئەمین زەکی ئەو شێوازەی بەکارهێناوە لە کتێبی (کوردی بە ناوبانگ/مشاهیر الکورد)، بەڵام بە لاوازی و هەژاری و کەم تفاقی، مافی تەواوی نەداونەتێ و زانیاری زۆری لەسەر کۆنەکردونەتەوە، گلەیی نەکردووە کە بۆ ئەو زانا و کەسایەتییە کوردانە، هەموو توانایان بۆ ئایین و ئەدەب و ڕۆشنبیری عەرەب و فارس و تورک بەختکردووە، هیچیان بۆ کورد نەکردووە، هەر ئەوە بووە وای کردووە کورد درەنگ بیپەرژێتە سەر مێژوو و ئەدەب و نووسین بە زمان و خەتی خۆی. زۆر لەو زاناو کەسایەتیانەی کورد جێی سەرسامی و داهێنان بوون، بەڵام لەبەر خزمەتی ئایین و گەلانی خاوەن دەسەڵات، نەیانپەرژاوە، یان

درەنگ پەرژاویانەتە سەر گەل و خەت و نووسین بە کوردی، دەیانتوانی ئەو خزمەت و نووسین و شیعرو ئەدەبە بە خەتی کوردی بکەن، ئایین لەوەدا هیچ نکۆڵیەکی نەبووە، ئەوان خۆیان کەمتەرخەم بوون و خەتی کوردییان بە هیچ زانیوە، بەڵام ئەمین زەکی وەک خۆی باس دەکات، زۆر بە زەحمەت ژیانی ئەو کەسایەتیانەی بۆ ساغ بوەتەوە، ئەوە جێی نرخاندن و پێزانینە.

هاندەری سەرەکی بۆ نوسینەوەی مێژوو لە سەرەتای ئیسلامەوە بیروباوەڕ و دینداری بووە، بۆ نیشاندانی ژیان و هەوڵ و جیهادی پیاوچاکان لەڕێی خوادا بووە، مەبەست ناساندنی بەرزی ئیسلام بووە بۆ بە پاداشت گەیشتن، ئەوروپییەکانیش لە کۆندا کە مێژووی مەسیحیەتیان دەنووسی هەروایان دەکرد، خۆیان و مەسیحیان بەرز و، غەیری ئەوانیش بە بەربەریی و نەزان و داگیرکەر دەناساند، ئەوکاتە ڕۆژئاواییەکان کەمتر شارستانی بوو بە بەراورد بە ڕۆژهەڵاتییەکان.

لە ئەوروپا و ڕۆژهەڵاتیش نووسینەوەی مێژوو کاری دووەم و مامناوەندی بووە، بۆ وەرگرتنی وانە لە ئەزموونەکانی چاکەکاران و ناساندنی ڕەوشتی بەرز، یان بۆ پەروەردەکردنی منداڵی پاشایان و میران یان بۆ ناساندنی پاشاکان و دەسەڵاتیان بووە، وەک چیرۆک و گێڕانەوە بووە، هەر بۆ تەسلیە و خۆشی و کات بەسەربردن بووە، بەڵام ئەمین زەکی وای نەکردووە، مێژووی بۆ خۆشی و کات بەسەربردن نەنووسیوە، باسی شان و باهوی پاشایانی نەکردووە، ئەو لەوکاتەوە دەستی بە نووسینەوەی مێژووی کورد کردووە، کە تورک وازی لە هەڵگرتنی ئاڵای ئیسلام هێنا و ئاڵای تورک و تۆرانی بەرزکردەوە، باسی ئیسلام نەما، هەرکەس کەوتە باسی گەلی خۆی، ئەمین زەکیش ویستی باسی ژیان و گوزەران و مێژووی میللەتەکەی خۆی بکات، باسە کۆنەکانی کوردی کۆکردەوە، لەگەڵ ئەوەشدا نەکەوتە هەڵەی نەتەوەپەرستییەوە، هەوڵی نەدا لە خۆوە کورد بەرزبکاتەوە و، بەشان و شەوکەتی کورددا هەڵبدات، دژی گەلانی تر بنوسێت، ئەو مەبەستی پاکردنەوە و ڕونکردنەوە و ڕۆشنکردنەوەی مێژووی کورد بوو، کە تاریکی و تەمومژ و تەپوتۆز قەتماغەی لەسەر بەستبوو، داپۆشیبوو، هەرچەند لەملاولاوە ناوبەناو دەیویست وانە بدات، دەرس و عیبرەت لە ڕابوردوو دەربهێنێت، شتێک بە کورد بڵێ، ئامۆژگاری گەلەکەی بکات، بەڵام ئەوە ئاساییە.

مێژوونووسانی ئیسلام، بە زۆری ڕوداوەکانیان بە قەزاوقەدەر زانیوە، تەفسیری ڕووداوەکان و لیکۆڵینەوە و شیکردنەوەیان تیا نەکردووە، بە گوناهیان زانیوە لەسەروی ویستی خوداوە قسە بکەن، بەمەرجێک یەک لەسەر سێی قورئان چیرۆک و مێژووە، خوا دەفەرموێت (لقد كان فی قصصهم عبرة لاولی الالباب، ماكان حديثا يفترى) یوسف، ئایەتی١١١، واتە: ئەم چیرۆکانە لە خۆوە دروست نەکراون، بەڵکو دەرس و وانەیە بۆ ئەوانەی دەیانەوێت تێبگەن و خاوەن زەینی ڕونن..

مێژوو نووسانی عەرەب و ئیسلام زۆربەیان خۆیان نەیانوێراوە شیکردنەوە بۆ ڕووداوەکان بکەن و مێژوو بخوێننەوە، دەنا خوا ڕێگەی دابون، ئەمین زەکیش شیکردنەوەی نەکردووە، لە زۆر ڕووەوە زۆر لەوان جیاواز نیە، لە مێژووی ئیسلامدا زۆر باس لە پیرۆزکردنی پێغەمبەر و پیاوچاکان و سەحابە و خەلیفەکان و زانایان و وەسف و سەناو پیاهەڵدانی لە ڕادەبەدەر هەیە، وا نازانی باسی مرۆڤ دەکەن، کە چاکە و هەڵەشیان لێدەوەشێتەوە، وەک لە زۆر ئایەتدا هەیە، بەڵکو لە ڕیزی مرۆڤ بەرزکراونەتەوە بۆ ئاستی مەلائیکە، کە هەمیشە نور دەبەخشن و لە چاکەدان، ناڵێی لەسەر زەوین، حەشوەو زیادەی زۆری بێ پێویست و بێ سوود هەیە، شیعر و پیاهەڵدان زۆرە، لە جەنگی ئوحود و زۆر جەنگی تر کە مسوڵمانەکان شکاون، خوا

خۆی ئەو شکانە دەباتەوە بۆ لادانی مرۆڤەکان، با سەحابەش بن و پێغەمبەریشیان لە گەڵدابێت.

لە شەرەفنامەشدا ئەوە هەیە، نەیتوانیوە لە شێواز و پێڕی سەردەمی خۆی لابدات، بەڵام لەمەدا ئەمین زەکی وەک ئەوانی نەکردووە، دورە لە زەخرەفە و ڕازاندنەوە و حەشوە و زیادە، ئەوان تەنها سودیان لە سەرچاوەی ئیسلامی وەرگرتووە، دەرچووی مزگەوت و حوجرە بوون، بەڵام ئەمین زەکی هەرچەند دەرچووی حوجرەیە، بەڵام بەرزترین دانیشگای سەربازی گەورەترین پایەتەختی جیهانی ئەو کاتەی تەواوکرد، سەرچاوەی ئەوروپی بەکارهێناوە، ڕۆشنبیرە و پیاوی سەردەمی خۆیەتی، زمانەکانی ئەڵمانی، فەرەنسی، ئینگلیزی، تورکی، فارسی و عەرەبی زانیوە، شارەزای ڕۆشنبیری ئەو میللەتانە بووە، دەیزانی ئەوانە چۆن باسی کورد و ناوچەکە دەکەن، زۆر وورد باسی ئەو کتێبانەی کردووە، بەڵام ورد نەبووە لەوەی باری کۆمەڵایەتی کورد لەو سەردەمانەی باسی دەکات دیاری بکات، ئەندازیاری نەخشەسازی بووە، سنوری زۆر وڵاتی بە نەخشە کێشاوە، بەڵام نەیتوانیوە یان نەیویستوە جوگرافیای کوردستان دەستنیشان بکات، ئەمین زەکی لە هەموو ئەوانەی سەردەمی خۆی شارەزاتر و بیری فراوانتر بووە، ڕەنگە یەکەم کەس بێت کە گەلە کوردەکانی پێش دەوڵەتی مادی باس کردبێت، لولویی و گوتی و عیلامی و نایری و خالدی و خوری و سوبارتی و ئورارتۆ، بەڵام شەرەفخان تەنها سودی لە بیستن و گێڕانەوەی پیرەکان و وردەکاری و تێبینییەکانی خۆی وەرگرتووە، بەبێ بەڵگەنامە و سەرچاوەی نووسراو و کتێب، ئەمین زەکی چوار سەد ساڵ لە شەرەفخان دوور بووە، لە مێژووەکەیدا سودی زۆری لە شەرەفخان وەرگرتووە، بەڵام شەرەفخان یەکەم کەس بوو مێژووی کوردی نووسیوە، ئەو هەموو زانیاریانەی لەسەر خێڵ و میر و سەرکردەکان و دەسەڵاتیان کۆکردووەتەوە، هەربۆیە من بە باوکی مێژووی کوردی دەزانم.

ئەمین زەکی نوێکەرەوەی مێژووی کوردە بە شێوازێکی زانستی نوێ، ناکرێت گلەیی لە شێوازی شەرەفخان بکرێت، ئەوە شێوازی ئەو ڕۆژەیە و ئەوکات بەوشێوە دەنوسرا، ناکرێت گلەیی بکرێت کە بۆچی شەرەفخان بە فارسی نووسیویەتی و بە کوردی نەینوسیوە، وەک ئەمین زەکی گلەیی لێدەکات، بەڕای من ئەوە بێ ویژدانی و بێمانایە، بەڵام دەکرێت گلەیی بکرێت کە بۆچی باسی چینی خوارەوەی ڕەعیەتەکەی، باسی باری کۆمەڵایەتی کوردی ئەوکاتەی نەنووسیوە، شەرەفخان شتێکی نەدەنوسی هەتا لێی دڵنیا و مسۆگەر نەبوایە، خۆی عەیبدار نەدەکرد، سنوری زانیاری خۆی دەزانی.

ئەمین زەکیش مێژوویەکی واقیعی ئیجابی نووسیوە، پشتی بە سەرچاوە و بەڵگەنامە بەستووە، کەمجار شیکردنەوەی کردووە و ڕەخنەی لە سەرچاوەکان گرتووە، مێژوویەکی زانستییە، دورە لە وشکی و ساردی، وای نەکردووە کە ڕای خۆی نەڵێت و سۆزی تێکەڵ نەکات و خۆی ون بکات، لەژێر چەکوشی سەنەد و گفتوگۆ شکڵیەکاندا بە تەنها نەماوەتەوە، بەڵام شەرەفخان ئەو شێوازەی نەزانیوە و لەو سەردەمەدا باو نەبووە، ئەمین زەکی هەوڵی نەداوە هۆکاری ڕووداوەکان دەربهێنێت، گوێی بە کۆمەڵگەی کوردەواری و چینایەتی و چواردەورە سیاسییەکە نەداوە، کاریگەری کەشە جوگرافیەکەی لە سەر نەبووە، ئەمین زەکی دورە لەوەی باسێک ڕووداوێک بهێنێت، عاتیفە و دەروونی خوێنەر بەلایەکدا بهەژێنێت، یان ڕقی لە بەرامبەر بێتەوە و هەستی تۆڵەی لا دروست بێت یان بیترسێنێت، وەک مێژوونووسانی ئیسلامی کە دەستی خواو مەلائیکە دەهێننە ناو ڕووداوەکان و بەشداریان پێدەکەن، باسەکان پڕ دەکەن لە پەرجوو، وادەکەن بەرامبەر بترسێت.

مێژوەکەی ئەمین زەکی ڕووتە لە شیکار و

دەرهێنانی مانا و فەلسەفەی مێژوو، جگە لە هەندێک شوێنی سادە، مەبەستی نووسەر دەرخستنی مێژووی گەلی کورد و شانازییەکانی ڕابردویەتی، بەڵام نەیتوانیوە شیکردنەوە بۆ کۆمەڵگەی کوردی و چینەکان و باری ئابووری بکات، باسی شار و دێ و گۆڕانکارییەکانی بەدرێژایی مێژوو نەکردووە، دەبوو بە کورتیش بووە باسی بکردایە، چونکە لە سەردەمی نووسینی ئەمدا ئەو مانایانە درابویە مێژوو، ئەو نووسەرە ئەوروپی و عەرەبی و ڕۆژهەڵاتناسانەی کە ئەم پشتی پێ بەستون، شیکار و خێندنەوەیان بۆ ڕووداوەکانی مێژوو کردووە، کنەو پشکنینەکان دەریان خستووە کە لە کوردستاندا زۆر جۆر پاشماوەی هونەری هەبووە، باسی زۆر لە ژیان و گوزەرانی بابل و ئەکەدیان بە وردی کردووە، ئەمین زەکی نەیتوانیوە شتێک دەربارەی قەڵا و شار و ئاودێری و شارستانی گەلە کۆنەکانی کوردستان بڵێت، گەلانی زاگرۆس کە ناوی بردوون، مێژوونووسانی لە ئەمین زەکی کۆنتر لە ئەوروپی و عەرەبی و فارسی باسی زمان و و دابونەریت و رەفتاری کۆنی کورد و سۆمەر و ئەکەد و بابلیان کردووە، شەرەفخان و ئەمین زەکی بۆ باری کۆمەڵایەتی و دەروونی و ئایینی و شارستانی کورد لە مەسعودی وردتر و شارەزاتر نەبوون، کە هەزار ساڵ لە ئەمین زەکی و پێنج سەد ساڵ لە شەرەفخان کۆنتر و دورتر بووە، ئەم تەنها ناوی هەندێ پاشا و ناوچە و جەنگەکانیانی بردووە، نەیتوانیوە فکرەیەک لەسەر ژیان و گوزەران و شارستانی گەلانی زاگرۆس لە گوتی و کاسی و لولویی و خالدی بدات، کە بەمەرجێک ئەوان دەستی باڵایان هەبووە لە دروستکردنی شارستانییەتی ئاسیای ڕۆژئاوادا.

شەڕی زۆر لە نێوان خەڵکی دەشت و شاخدا لەسەر ژیان و باری گوزەران ڕویداوە، بەڵام شەرەفخان و ئەمین زەکی هەر نەچوون بەلایدا، ڕابردوو ژیانی هەموو گەلێک هێڵێکی بەردەوام و پێک بەسراوە و بۆشایی تێدا نیە، ئەمین زەکی هەوڵیداوە مێژووی کورد بێ پچڕان و بۆشایی بە وردی بهێنێت و هەمووی ڕووناک بکاتەوە و تاریکی نەهێڵێت، بەڵام زۆر کەم نەبێت سەرکەوتوو نەبوو، هەتا ئێستەش زۆر کات و سەردەم و زەمەن هەیە تاریکە و ونە و ڕوننەکراوەتەوە، لەژێر هێڵی تاریکیدا دەناڵێنێت، گەر وردبینەوە، دەتوانین پڕی بکەینەوە. ئەمین زەکی توانای گەنجی خۆی لە خزمەت تورک و حکومەتی عێراقدا بەختکرد، کاتی نەبوو بۆشاییەکانی مێژووی کورد پڕ و تاریکیەکان ڕوون بکاتەوە، دەنا توانای هەبوو. هیچ گەلێک نیە لە دنیادا تاریکییەکانی ژیانی هێندەی کورد زۆربێت کە تائێستاش ڕووناک نەکراوەتەوە، (نیکولامار) مێژوونوسی جۆرجی دەڵێت: کورد ئەو گەلەیە کە مێژوو لەبیری کردووە، یان لە بیری چووە، واتە ژیانی نەنوسراوەتەوە، خۆیشی نەیکردووە، زۆربەی مێژوونووسان لە بیریانکردووە باسی بکەن.

هێڵی زەمەن برینی تیا نیە، بەڵام هێڵی ژیان و مێژووی کورد برینی زۆرە لەبەر زۆر هۆ، چونکە کورد لە وڵاتی خۆیداو لەسەر خاکی خۆی بە ناوی زۆرەوە هەبووە، بەم ناوەی ئەمڕۆوە کە (کورد) ە نەبووە، کە لە سەردەمی ئیسلامدا بۆی یەکلابووەتەوە، پێش ئیسلام بەپێی ناوچە و خێڵ و عەشیرەت، وەک پەتی پچڕاو وابووە، ناوی جیاوازی هەبووە، هەموو ئەو ناو و ناوچانە سەرەداوی لق و پۆی ئەو بوون، گرنگی مێژوونووس ئەوەیە لق و پۆکان ببەستێتەوە بە ڕەگەکەیەوە، هەتا درەختی نەسەب و ڕەچەڵەک و ژیانی کورد سارێژوو ڕوون بێتەوە و یەکبگرێتەوە، مێژووی پارچەکان و شوێنەکانی بۆ کۆبێتەوە، هێڵی تەمەن و زەمەنی لێکپچڕاوی کورد پێک ببەسرێتەوە، ئەوە ئەرکێکی قورسە و لە مێژووی هەموو گەلێکدا هەیە.

کە شەرەفنامە دەخوێنیتەوە، بێزت لە کورد و ژیان و مێژووەکەی دێت، هەمووی شەڕی براکوژیی

و خۆخۆریی و پوازو خیانەتە لە کورد، هەست دەکەیت کتێبەکە نوقسانە، باسێکی شارستانی و زانستی و مەدەنی و داهێنانی کوردی تیا نیە، کە کورد و کوردستانەکەی ئەمین زەکی تەواو دەکەیت، سودی زۆر وەردەگری، بەڵام هەست دەکەیت رابردووی کورد لە هەندێ شوێن بە تەمومژی ماوەتەوە، زۆر سەردەمی پچڕاوو ون و تاریک و ئاڵۆز و بۆشایی تێدایە، ئەمین زەکی نەیتوانیوە سەردەمەکان پڕبکاتەوە و تۆکمەیەک لە مێژووی کورد وەک کلافەیەکی تەواو بخاتە بەردەست خوێنەر، ئاڵۆزاوە، پێش و پاشی زۆرە، زانیاری کەمی لەسەر سەردەمێکی درێژ وتووە، رەنگە ئەمین زەکی خۆشی هەستی بەوەکردبێت، هەر ئەوەندە زانیاری بووە، ئەو پیر و تەنها بووە، ئەو بیرۆکەیە هەر لای ئەو هەبووە، سەرچاوەکان و دەستنووسەکانی بە ماڵەکەیەوە لەو تەمەنە پیرەدا سوتاوە، کە دووبارە نووسیویەتەوە بەبێ سەرچاوە، بەو خەفەت و مەینەتەوە، هەرئەوەی بۆ دەرهاتووە ..

ئەمین زەکی تەنها سوودی لە مێژوونووسە دورە ئەوروپییەکان وەرگرتووە، لە روانگەی ئەوانەوە وەک ئەوان نووسیویەتی، بڕوای تەواوی بەوان بووە، ئەوان هەڵەیان کردووە، ئەمیش گواستویەتییەوە، نەهاتووە سوود لە مێژوونووسی عەرەب و فارس و ئەرمەن و سریان وەربگرێت، کە مێژوومان لەگەڵ ئەو گەلانە پێکهەڵپێکراو و پێکئاڵاو و تێکهەڵپسراوە، ئەم بە زۆری سوودی لە مینۆرسکی وەرگرتووە، لە سەدا حەفتای نووسینەکەی نوسینی مینۆرسکییە، دەبێ ئەوەش بڵێین کە تا سەردەمی نووسینەکانی ئەمین زەکی لەسەر کورد زۆر شت نەدۆزرابوویەوە، شوێنەوارەکان نەخوێنرابونەوە، مینۆرسکی هەڵەی کردووە، ئەمین زەکیش ئەو هەڵەیەی وەک خۆی گواستوەتەوە، خۆی قسەی نیە و هیچ ناڵێت، بێدەنگە، پەیوەندی نیە لە نێوان ئەو هەموو زانیارییەی کە ئەمین زەکی کۆی کردووەتەوە، زانیاری زۆرو زەبەندەو لێوان لێوو پڕ، بەڵام رێکخستن و تەرتیبی تیا نیە.

ئەمین زەکی بڕوای وایە کە گەلی کورد پاشماوەی گەلە کۆنەکانی سەر خاکەکەیەتی، لە پاشماوەی ئەوان ماوەتەوە و پێکهاتووە، زمانەکەشی پاشماوەی پەهلەوییە، وردە وردە پێشکەتووە و گەشەی کردووە، ئەمین زەکی رەخنە لە شەرەفخان دەگرێت کە بۆچی بە فارسی مێژووەکەی نووسیووە، شەرەفخان لە پێشەکیەکەیدا دەڵێت: بۆیە بە فارسی نووسیومە چونکە زمانی ئەدەب بووە بۆ فارس و کورد و زۆر گەلی تر، لە کوردی باوتر بووە، لەگەڵ ئەوانەدا ئەمین زەکی زیرەکانە کاری کردووە، زۆر زانیاری وردی بەکارهێناوە، ئەمانەت پارێزی کردووە، نمونەی بەوانەی پێش خۆی هێناوەتەوە، شانازی گەورەی بەسەر گەلەکەیەوە بەجێهێشتووە، بێوێنەی سەردەمی خۆیەتی، ئەو خۆی لە پێشەکیەکەیدا دەڵێت من توانا و زانیاریم لەسەر کورد نەبوو، داوا لە گەنجان دەکەم کارەکەم تەواو بکەن.

منیش لەم بابەتەدا دەڵێم، ئێمە نابێت هەر سەیری رۆژهەڵات و رۆژئاوا بکەین، مێژووی خۆمان لەوان وەربگرین، دەبێت خۆمان بەوکارە هەستین، ئەوەی ئەمین زەکی کردویەتی تەواوی بکەین، هەڵەکانی ئەو راست و نەتواناییەکانی ئەو تەواو بکەین، خۆمان بە توانای خۆمان بە دڵی خۆمان بەپێی زانست و پێشکەوتنی ئەمڕۆ، بەپێی ویستی زانکۆکان و گەنجان بنووسین، ئەو بۆ مەبەستێکی پوخت نووسی، کە زانی تورک وازیان لە پەیوەندی ئیسلامی هێنا و بیریان لە خۆیان بە تەنها کردەوە، ئەویش فریای گەلی خۆی کەوت، بەپێی توانای خۆی ئەوەی کرد، گاڵتە بە کەس ناکات، رەخنە لە کەس ناگرێت، بە هەستێکی گەرمی مرۆڤدۆستانە نووسیویەتی و پارێزگاری لە بڕوا ئیسلامییەکەشی کردووە.

# ڕێبازی هاوەڵان



**ئیمداد تەها**
لەدایکبووی ١٩٩٠
بەکالۆریۆس لە زانستە ئیسلامییەکان.
چەندین وتاری بڵاوکراوەی هەیە



لەم لێکۆڵینەوەیەدا، تیشک دەخەینە سەر مەودای کارکردن و چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ وتە و تێگەشتنی هاوەڵان، ئاستی پەیوەستبوون پێیانەوە و بۆچوونی زانایان و ڕا جیایی و تڕوانینە جیاوازەکانیان لەمبارەیەوە دەخەینە ڕوو.

یەکەم/ زانایان بەشێوەیەکی گشتی دەبنە دوو بەرەوە لە هەمبەر گوتەی هاوەڵان، دەستەی یەکەم پێیانوایە کەوا وتەیان بەشێوەیەکی گشتی حوججەیە و پێویستە پابەندبین پێیەوە، دەستەی دووەمیش بەهیچ جۆرێک وتەی هاوەڵان بە حوججە نابینن و پێیانوانییە پێویستبێت پابەندی بین. زانایان دەفەرموون: هەمووان لەسەر ئەوە هاودەنگن کەوا وتە و بۆچوونی هاوەڵان بەڵگە نییە بەسەر هاوەڵانی دیکەوە، بەڵام جیاوازی هەیە لە نێوان ئایا بەڵگەیە بەسەر شوێنکەوتووان(التابعین)ەوە یان بەڵگە نییە. ئەشعەرییەکان و موعتەزیلە و شافیعی لە وتەیەکیدا و ئەحمەدی بنی حەنبەل لە گێڕانەوەیەکدا لێیەوە و کەرخی فەرموویانە: بەڵگە نییە.

مالیکی کوڕی ئەنەس و ڕازی و بەرزەعی لە هاوەڵانی ئەبوحەنیفە و شافیعی لە وتەیەکیدا و ئەحمەد لە گێڕانەوەیکدا لێیەوە فەرموویانە: بەڵگەیە و پێش دەخرێت بەسەر پێوانە(القیاس) دا. کۆمەڵێکیش فەرموویانە: وتەیان ئەگەر پێچەوانەی پێوانە بوو بەڵگەیە و ئەگەر پێچەوانە نەبوو بەڵگە نییە. کۆمەڵێکیش بۆچوونیان وایە تەنها وتە و بۆچوونی ئەبوبەکر و عومەر بەڵگەیە. هەندێک لە زانایانیش فەرموویانە بە هیچ تەرزێک وتە و بۆچوونیان بەڵگە نییە لە هیچ بارێکدا. بۆیە پێویستە لە چەند ڕوویەکەوە قسەی لەسەر بکەین، یەکەم جار باس لە بۆچوونی ڕەها و تێکڕای هاوەڵان بکەین بەشێوەیەکی گشتی، بەڵگەی ئەوانەی دەڵێن بۆچوون و وتەی هاوەڵان بە ڕەهایی بەڵگەیە و پێویستە پێیەوە پابەند بین:

١- خوای گەورە دەفەرموێت: (**كُنْتُمْ خَيْرَ أُمَّةٍ أُخْرِجَتْ لِلنَّاسِ تَأْمُرُونَ بِالْمَعْرُوفِ وَتَنْهَوْنَ عَنِ الْمُنْكَرِ**) آل عمران: ١١٠. زانایان فەرموویانە: ئەمە بەڵگەیەکی زارەکییە و تایبەتە بە هاوەڵانەوە لەوەی فەرمانی پێدەکەن و لەوەش ڕێگری لێدەکەن، هەرشتێک ئەوان فەرمانی پێ بکەن باشە و ئەوەش ئەوان ڕێگری لێبکەن خراپە، بۆیە دەستگرتن بە وتە و ڕێبازیانەوە پێویستە، چونکە دەبێت پەسەندکراو جێبەجێ بکرێت و ڕێگری لێکراویش پێویستە لێی دووربکەوینەوە.

٢- خوای گەورە دەفەرموێت (**وَالسَّابِقُونَ الْأَوَّلُونَ مِنَ الْمُهَاجِرِينَ وَالْأَنْصَارِ وَالَّذِينَ اتَّبَعُوهُمْ بِإِحْسَانٍ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُمْ وَرَضُوا عَنْهُ**) التوبه:١٠٠.زانایان بۆچونیان وایە ڕەزامەندی خودای گەورە لە هاوەڵان بەڵگەیە لەسەر ئەوەی شوێنکەوتنیان ڕاستە نەک هەڵە، کە ڕاستیش بێت پێویستە شوێنیان بکەوین، چونکە پێچەوانەی ڕاست هەڵەیە و پێویستیشە لە هەڵە دوور بکەوینەوە.

٣- لە فەرمودەیەکدا لە عیربازی کوری ساریەوە، پێغەمبەر(د.خ) دەفەرموێت: (علیكم بسنتي و سنة الخلفاء الراشدين المهديين عضوا عليها بالنواجذ)(١). زانایان دەفەرموون: پێغەمبەر(د.خ) بە ڕوونی فەرمانی دەستگرتنی بە ڕێبازی هاوەڵانەوە کردووە و ئەمەش کینایەتە لە پێویستی دەستپێوەگرتنی و لانەدان لێی، هەروەها بەراوردی لە نێوان ڕێبازی خۆیی و ڕێبازی هاوەڵاندا کردووە و وای پیشانداوە لە حوجیەتدا چوونیەکن.

٤- لە فەرموودەیەکی دیکەدا پێغەمبەر(د.خ) دەفەرموێت: (أصحابي كالنجوم بأيهم اقتديتم اهتديتم)(٢). واتە: هاوەڵان وەک ئەستێرەن، شوێن هەرکامیان بکەون ڕێنمونی دەکرێن. بە ڕوونی پێغەمبەر شوێنکەوتنی هەریەکێک لە

هاوەڵانی بە پێویستی وەرگرتنی ڕێنموونی و ڕێگەوە پەیوەست کردووە.

٥- هەروەها بەڵگە بە کۆدەنگی(الإجماع) دەهێننەوە و دەڵێن: کاتێک عەبدوڕەحمانی کوڕی عەوف پەیمانی بە عوسمانی کوڕی عەففان داوە، وتویەتی: پەیمانت پێدەدەم لەسەر ڕێبازی خودا و پێغەمبەر و دووجێنشینەکەی پاشی. عەبدوڕەحمان شوێنکەوتنی ئەبوبەکر و عومەر بە مەرج دەگرێت لەسەر عوسمان و ئەویش پەسەندی دەکات بە ئامادەیی هەموو هاوەڵان و هیچ کەسیش بیانو و پلاریان لەم پەیمانە نەگرتووە و کۆدەنگ بوون.

## وەڵامی ئەم پاساوانە لەلایەن نکۆڵیکارانی بەبەڵگەزانینی بۆچونی هاوەڵان

١- ئەم ئایەتە تایبەت نییە بە هاوەڵانەوە و بۆ هەموو نەتەوەی ئیسلام هاتووە وەک هەموو بابەتەکانی دیکە، هەروەها ئەگەر بچینە دەروازەی گریمانەوە و بڵێین: تایبەتە بە هاوەڵانەوە، ئەوا ئەچێتە خانەی کۆدەنگییەوە و کۆدەنگی هاوەڵانیش بەلای هەمووانەوە پەسەندە و جێگەی مشتومڕ نییە.

٢- ئەم ئایەتە بەمانای چاوکردن لە هاوەڵان (التقلید) نایەت، بەڵکو بە مانای شوێنکەوتنیان دێت لە شێوازی هەڵسوکەوت و ڕێبازی جوانیاندا لە ئیجتهادکردندا نەک لە چاولێکردن( التقلید)دا، لەنێو مسوڵمانە یەکەمینەکاندا لە کۆچەریی و پشتیوانەکان چاولێکەر(المقلد) نەبووە. ئیتر چۆن دەوترێت شوێنکەوتنیان بە چاولێکەری دەبێت و، چاولێکردنیان دەبێتە دینداری؟، هەروەها زانایان فەرموویانە: مەبەست پێی برواهێنانە لەسەر ڕێبازی هاوەڵان و چاولێکردنیانە لە بنەماکانی ئاین(العقدە)دا، نەک لە بابەتەکانی دیکەدا. یان چاوکردن لە ئەوان لە سەرخستنی ئاین و دڵسۆزی بۆی و چاکەکاریدا.

٣- ئەم فەرموودەیە لاوازە(٣)، هەروەها ئەگەر کار بەو گریمانەیە بکەین لاواز نەبێت ئاماژەی فەرمان کردنی بە ئوممەت تێدایە، کە ڕێبازی هاوەڵان بگرن لە دادپەروەری و پشتکردنە دنیا و جێبەجێ کردنی ژیاننامەی پێغەمبەر لە دەستگیرۆیی هەژاران و باشبوون لەگەڵ ژێردەستەکانمان. هەروەها ئەگەر بەوشێوەیە بوایە ئەوە بۆ هەموو هاوەڵانی دیکەش ڕەوا نەبوو لە هیچ شتێکدا ئیجتیهاد بکەن و دەبوایە هەموویان ملکەچی بۆچوون و وتەکانی ئەوان بونایە، لەکاتێکدا بەم شێوەیە نەبووە و هاوەڵان ئیجتیهادیان کردووە و بەپێچەوانەی ئیجتیهادی ئەم چوار پێشەوا بەڕێزە بووە و کەسیش بە نەنگی لەسەریانی هەژمار نەکردووە. بۆیە ئەکرێت بڵێین مەبەستی سەرەکی لەم فەرموودەیە داننانە بە پێشەوایەتی و پەسەندکردنی خەلافەتیان، یان مەبەست پێی پەسەندکردنی ڕێبازەکەیانە.

٤- ئەم فەرموودەیە هەڵبەستراوە و ڕاست نییە(٤)، خۆ ئەگەر بڵێین مەتنی فەرموودەکە ڕاستە بە مانای ڕۆیشتن دێت لەسەر ڕێبازی ئەوان لە وەرگرتنی ڕاستی، لە حوکمەکاندا، ڕێبازی ئەوانیش بریتی بووە لە بۆچوون و ئیجتهادکردن. هەروەها ئەستێرەکان ڕێنموونی پێوەردەگیرێت لە ڕووی بەکارهێنانیان لە دۆزینەوەی ئەو ڕێگەیەی ئەستێرەکە گوزارشتی لێ دەکات، نەک خودی ئەستێرەکە ڕێنموونی بکات.

٥- ئەم گوتە و پەیمان وەرگرتنە بەمانای شوێنکەوتنی دوو جێنشینەکە دێت، لە وەرگرتنی ڕاستی و دادپەروەری نەک چاولێکردنیان. هەروەها کاتێک عەلی دەبێتە جێنشین و عەبدوڕەحمان هەمان وتە دووپات دەکاتەوە لەکاتی پەیمان پێداندا، عەلی ئەمە پەسەند ناکات و دەفەرموێت: (ئەوەندەی بتوانم)، بەمەش

ئەوەمان پێدەڵێت کە کۆدەنگییەکەی باری یەکەم دانەمەزراوە.

بەڵگەی زانایانی نکۆڵیکار

١- خوای گەورە دەفەرموێت: **(فَإِنْ تَنَازَعْتُمْ فِي شَيْءٍ فَرُدُّوهُ إِلَى اللَّهِ وَالرَّسُولِ..)** النساء: ٥٩. خوای گەورە فەرمانی گەڕانەوەی کردووە بۆ لای فەرمایشتەکانی خوا و فەرموودە، نەک گەڕانەوە بۆ لای وتە و تێگەشتنی هاوەڵان.

٢- خوای گەورە دەفەرموێت: **(فَاعْتَبِرُوا يَاأُولِي الْأَبْصَارِ)** الحشر:٢. فەرمانمان پێکراوە پەند و ئامۆژگاری وەربگرین نەک چاولێکەری بکەین، چاولێکەری هاوەڵانیش ئامۆژگاری وەرگرتن نییە.

٣- پەسەندکردنی وەڵامەکەی موعاز لەلایەن پێغەمبەرەوە کاتێک پرسیاری لێکرد بە چی حوکم دەدەیت ئەگەر لە قورئان و فەرموودەدا نەتبینییەوە؟ وەڵامی دایەوە: تێدەکۆشم حوکمەکە بدۆزمەوە بەپێی بۆچوونی خۆم. پێغەمبەریش دەستیدا لەسەر سنگی و فەرمووی: سوپاس بۆ ئەو خوایەی نێردراوی پێغەمبەرەکەی خۆی ڕێنموونی کرد بۆ ئەو شتەی کە پێغەمبەرەکەی پێی ڕازییە(٥). ئەم فەرموودەیە ئەوەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە کە لە دوای ئایەت و فەرموودە هیچ شتێکی دیکە نییە بۆ حوکمدان، جگە لە بۆچوون. ئەگەر بۆچوونی هاوەڵانیش بەڵگە بوایە پێغەمبەر ئاماژەی پێدەدا.

٤- جارێک ئیمام عەلی داوای داوەری کردنی لە شورەیحی قازی کردووە کە تابیعییە، بۆئەوەی ئەو کێشەیەی بۆ چارەسەر بکات لەگەڵ جولەکەیەک هەی بوو لەسەر زرێپۆشێک. شورەیح داوای کرد ئیمام عەلی دوو شاهید بهێنێت شاهیدی بۆ بدەن لەسەر داواکەی، ئەویش چوو خزمەتکارەکەی و حەسەنی کوڕی هێنا بۆ شاهیدیدان، شورەیح وتی شاهیدی خزمەتکارەکەت پەسەند دەکەم، بەڵام هی کوڕەکەت پەسەند ناکەم زرێپۆشەکەی دا بەجولەکەکە(٦). وتە و ڕێبازی عەلی بەڵگە بوایە بەسەر جگە لە خۆیەوە بۆ شورەیح نەبوو پێچەوانەی بۆچوون و کارەکەی بکات و عەلیش نکوڵی لێ دەکرد لەوەی پێچەوانەی وتەکەی کردووە. پێشەوا عەلی بۆچوونی وا بووە شاهیدی کوڕ بۆ باوکی ئەبێت، بەڵام بەلای شورەیحەوە نابێت.

٥- خودی وتەی هاوەڵان نابێتە بەڵگەی پێویست، لەبەر نەبوونی بەڵگەیەکی ڕوون و بێ پێچ و پەنا لەمبارەیەوە، جێگیربوونی بەڵگەی پێویستیش بە بەڵگە دەبێت. بەڵام ئەگەر وتەی هاوەڵان پشت ئەستوور بوو بە شتێکەوە کە بەڵگەی پێویست بوو، وەک دەق و کۆدەنگی، ئەوا دەبێتە بەڵگەی پێویست، نەک بەهۆی ئەوەی وتەی هاوەڵانە، بەڵکو بەهۆی ئەوەی پاڵپشتەکەی ئەستوورە و بەڵگەیە. خۆ ئەگەر پاڵپشتەکەی بۆچوون و تێڕوانینی خۆی بوو، نابێتە بەڵگەی پێویست، چوون پارێزراو نیە لە هەڵە، هەروەها لەبەرئەوەی هەبوونی ڕاجیایی لە نێوانیان ڕێگە پێدراوە و بۆچونی هیچ کەسێکیان بەڵگەنەبووە لەسەر ئەوی دیکەیان، جا وتەیان لەسەر یەکتر بەڵگە نەبوبێت لەسەر خەڵکی تریش بەڵگەنییە. خوای گەورە جگە لە پێغەمبەر(د.خ) کەسی دیکەی نەناردووە بۆ ئەم گەلە و تەنها یەک پێغەمبەرمان هەیە و، تەنها یەک کتێبیش ئەویش قورئانە و هەموو ئەم گەلەش فەرمانی پێکراوە شوێن ئەو قورئانە و سوننەتەکانی پێغەمبەر بکەوێت، هاوەڵانیش بەهەمان شێوەی خەڵکانی دیکە فەرمانیان پێکراوە شوێن هەمان شت بکەون، هەرکەسێک واگومان بەرێت جگە لە قورئان و فەرموودە پێویستە و دەبێت بگەڕێینەوە بۆ شتێک و وتەی کەسانێکی دیکە شتێکی لەم دینەدا داهێناوە، خوا و پێغەمبەر پەسەندیان نەکردووە و بە دینیان

دانەناوە، هەرچەندە هاوەڵان پێگەیان بەرزە و خاوەن شکۆمەندی تایبەتن، بەڵام ناکرێت پێگەی پێغەمبەریان پێببەخشرێت و وتەکانیان بەحوججە بزانرێت.

## وەڵامی زانایانی دەستەی یەکەم بۆ ئەم پاساوانە

١- گەڕانەوە بۆلای ئایەت و فەرموودە، کاتێک دەبێت کە ئەو حوکمەی خوازراوە بوونی هەبێت لە ناویاندا، لەم کاتەشدا ئەگەر لەودوانە لادرا ئەوا دەبێتە خۆبواردن لە پێویستیەک کە خودا فەرمانی پێکردووە. خۆ ئەگەر حوکمی خوازراو لە ئایەت و فەرموودەدا نەبێت و گەڕاینەوە بۆ وتەی هاوەڵان دەستمان لەکارێکی پێویست هەڵنەگرتووە، شوێنکەوتنی وتەی هاوەڵانیش مەرجدارە بەوەی نابێت پێچەوانەی قورئان و فەرموودە بێت.

٢- وەرگرتنی وتەی هاوەڵان بەلای ئەو کەسانەوەی کە دەڵێن پێویستە وەربگیرێت، هیچ پێچەوانەی تێڕوانین و پەندوەرگرتن نیە، وەک وەرگرتنی دەق و جگە لەویش. هەروەها فەرمان کردن بە پەندوەرگرتن ئەگەر گوزارشت لە وەرگرتنی پێوانە (القیاس) بکات، نابێتە پێچەوانە لەگەڵ وەرگرتنی دەق، چونکە فەرمان کردن بە پەندوەرگرتن لەکاتێکدایە کە دەق نییە، دەستگرتن بە وتەی هاوەڵانیشەوە بەهەمان شێوەیە.

٤- ئەم پاساوە لە دەرەوەی ئەم مشتومڕەدایە و هەموومان کۆدەنگین لەسەر ئەوەی کە وتەی هیچ هاوەڵێک لەسەر هاوەڵێکی دیکە بەڵگەی پێویست نییە، بەڵکو کێشەکە لەسەر ئەوەیە وتەیان بەڵگەی پێویستە لەسەر پاش خۆیان.

دووەم: وتە و بۆچوونی هاوەڵان لەبارێکدا بە ئیجتیهادکردن بەدەست نەیەت ئەوە زانایان فەرموویانە بەڵگەیە و حوکمی فەرموودەی مەرفوع وەردەگرێت.

سێیەم: ئەگەر هاوەڵێک وتەیەکی فەرموبێت و بڵاوبوبێتەوە لەنێو یارانی تردا و هیچ بەرهەڵستییان نەکردبێت، ئەوا بەڵگەیە بەلای ئەو کەسانەی کەوا باوەڕیان بە ئیجماعی سکوتی هەیە.

چوارەم: ئەگەر هاوەڵێک بۆچونێکی هەبوو پێچەوانەی وتەی هاوەڵێکی دیکە بوو ئەوا نابێتە بەڵگە بەهاودەنگی زانایان، بەڵکو پێویستە وتەکانیان هەڵسەنگێندرێت بەپێی بەڵگەکان و بژاردە بکرێت بەپێی نزیکی و گونجانیان لەگەڵ بەڵگەکان. هەندێکیش لە زانایان فەرموویانە ڕەوایە بۆمان دەست بە هەریەکێک لەو دوو وتەیەوە بگرین، هەندێکیش بۆچونیان وابووە لە حوججیەت دەکەون و پشتیان پێنابەسترێت. بەشێکیش لە زانایان فەرموویانە بە ڕێگەکانی تەرجیحدان تەرجیحی یەکێک لە وتەکان دەدرێت بەسەر ئەوی دیکەیاندا، بە پێشخستنی ئەو وتەیەی زۆرترین هاوەڵان لەسەریەتی بەسەر ئەوەی کەمێک لەسەریەتی، هەروەها پێشخستنی وتەی ئەبوبەکر و عومەر بەسەر جگە لە ئەوان.

پێنجەم: وتەی هاوەڵێک ئەگەر پێچەوانەی وتەی هیچ هاوەڵێکی دیکە نەبوو، یان لەنێو هاوەڵاندا بڵاونەبویەوە، ئەم وتەیەش لە بواری ئیجتهاد کردندا بوو، ئەوا چەند بارێکی هەیە و چەند بۆچوونێکی لەسەرە:

- ١- بەڵگەیەکی شەرعییە و پێش دەخرێت بەسەر پێوانە(القیاس)دا، ئەمە بۆچوونی ئەبوحەنیفە و زۆرێک لە هاوەڵانیەتی، لەگەڵ پێشەوا مالیک و زۆرێک لە شوێنکەوتوانی، هەروەها ڕێبازی شافیعیش بوە لە کۆن و لە نوێدا، هەروەها ڕێبازی پێشەوا ئەحمەد و سوفیانی سەوری و تێکڕای ئەهلی فەرموودە بوە.

٢- بەهیچ جۆرێک بەڵگە نییە.

٣- تەنها وتە و حوکمی ئەبوبەکر و عومەر

بەڵگەن.

٤- تەنها وتەی چوار جێنشینەکە بەڵگەیە.

شەشەم: وتەی هاوەڵان بەڵگەیە بەو مەرجەی بە پێوانە نەتوانین بگەینە ئەو حوکمە، ئەمە وتەی کەرخییە لە حەنەفییەکان و ئەبوزەید، عەلائیش گێڕاویەتیەوە لە بەزدەوییەوە.

حەوتەم: ئەگەر هاوەڵێک وتەیەکی هەبوو پاشان لێی پاشگەز بوویەوە ئەوا نابێتە بەڵگە بە هاودەنگی زانایان.

هەشتەم: ئەگەر هاوەڵان ناکۆکی هەبوو لە نێوانیان لەسەر حوکمێک و ڕا جیابوون، ئەوا ڕەوا نییە بۆ زانایانی پاشین کۆدەنگی بکەن لەسەر یەکێک لە بۆچوونەکان، چونکە ناکرێت ناکۆکی هاوەڵان لەسەر کۆدەنگی رووی دابێت. خۆ ئەگەر هاوەڵان وتەیان لەبارەی حوکمێکەوە هەبوو، ئەوا پێویستە شوێن بۆچوونی هاوەڵان بکەوین لە کۆدەنگی و جیاوازییاندا، ئەگەر کۆ دەنگ بوون لەسەر حوکمێک وەریدەگرین، ئەگەر ڕا جیاش بوون ئەوا بۆچونێک بژاردە دەکەین کە لە بەڵگەوە نزیک بێت.

نۆیەم: ئەگەر هاوەڵان لەسەر حوکمێک ڕا جیایی لە نێوانیان هەبێت و دوو وتەیان دەربارەی هەبێت، ئەوا کارێکی ڕەوا نییە وتەی سێیەم بهێنینە کایەوە و بە پێچەوانەی دوو وتەکەی ئەوانەوە بڵێین، بەڵام هەندێک لە زانایان دەڵێن دروستە وتەی سێیەممان هەبێت، بەڵام لەم بابەتەدا دێژەپێدان هەیە و ئەگەر هێنانە کایەی وتەی سێیەم نەبووە هۆی هەڵوەشاندنەوەی دوو وتەکەی پێشوو کارێکی سانا و ڕەوایە، بۆ وێنە خواردنی گۆشتی سەربڕاو کە ناوی خوای لەسەر نەهێنرابێت، هەندێکیان پێیانوایە ڕەوایە و هەندێکیشیان پێیان ڕەوا نییە. ئەوا دروستە لە وتەی سێیەمدا بڵێین: ئەگەر نەهێنانی ناوی خوا لەسەری بەهۆی لە بیرچونەوە بوو خواردنی ڕەوایە و ئەگەرنا ڕەوا نییە.

**شوێنکەوتنی وتەی هاوەڵانیش مەرجدارە بەوەی نابێت پێچەوانەی قورئان و فەرموودە بێت.**

دەیەم: ئەر وتەی هاوەڵان پێچەوانەی قیاس بێت بەشێک لە زانایان فەرموویانە: ئەوە تەنها ئەو گریمانەیەی بۆ دەکرێت کەوا فەرمودەی بیستبێت. وەڵامیان بەوە دراوەتەوە کەوا ئەمە داننانە بەوەی خودی وتەی هاوەڵان نابێتە بەڵگە، بەڵکو هەواڵ بەڵگەیە، هەروەها نابێت جێگیرێتی بە هەواڵێکی گریمانە کراویش ببەخشرێت، بەڵکو هاوەڵان کۆدەنگ بوون لەسەر کارکردن بە تاک هەواڵی جێگیر کە عادلێک گێڕابێتییەوە، نەک ئەو هەواڵەی گریمانەی بکرێت و گومان بێت کەس نەزانێت بێژراوەکەی چۆنە و لەکوێوە گێڕدرابێتەوە، بۆیە دەکرێت ئەم وتەیەی بە تێگەشتن لە بەڵگەیەک فەرمووبێت کەوا ئەو هاوەڵە بە بەڵگەی زانیبێت و بەهەڵەدا چووبێت تێیدا، خۆ ڕەوایە و دەکرێت بەهەڵەشدا بچێت، بەڵام ئەگەر دوو قیاس پێچەوانەی یەکتر بوون و وتەی هاوەڵێک پشتگیری یەکیانی دەکرد ئەوا دەکرێت موجتەهیدێک ئەگەر گومانی زۆری بۆ درووست بوو ئەو قیاسەی وتەی هاوەڵەکە پشتگیریی دەکات پێشبخات بەسەر قیاسەکەی دیکەدا.

یازدەیەم: ئەگەر وتە و بۆچوونی هاوەڵان پێچەوانەی ڕواڵەتی دەقێک بێت، بەوەی گشتگیرێتی و ڕەهایی دەقێک تایبەتمەند کۆت

**ئەگەر هاوەڵان ڕا جیایی لە نێوانیان هەبێت ئەوا کارێکی ڕەوا نییە وتەی سێیەم بهێننە کایەوە و بە پێچەوانەی دوو وتەکەی ئەوانەوە**

بکات، یان مەبەستێکی دیکەی لە واتاکەی پێ ببەخشێت، یان چەند گریمانەیەک لەخۆ بگرێت و تایبەتی بکات بە یەکێکیانەوە. زۆرینەی ئوسولییەکان بۆچونیان وایە کەوا کار بەو تایبەتکردنەی هاوەڵان ناکرێت جا گێڕەرەوەی فەرموودەکە بێت یان هاوەڵێکی دیکە، بەشێکیش فەرموویانە: لەبەرئەوەی وتەیان پێشدەخرێت بەسەر قیاسدا ئەو تایبەتکردنە وەردەگیرێت، چونکە تایبەتکردن بە قیاس وەردەگیرێت. چەند زانایەکیش فەرموویانە ئەگەر ئەو تایبەتمەندکردنەی هاوەڵێک کردوویەتی لەنێو هاوەڵاندا بڵاوبوویەوە و هیچ بەرهەڵستییەکی نەکرا ئەوە وەردەگیرێت و کاری پێدەکرێت ئەگەر بڵاویش نەبوبێتەوە وەرناگیرێت، بەڵام ڕێبازی حەنەفییەکان ئەوەیە کار بە تایبەتکردنی فەرموودە بکرێت ئەگەر ڕاوی فەرموودەکە کردی، جا ڕاوییەکە لە هاوەڵان بێت یان ڕاوییەکانی پاش ئەوان بێت. هەروەها ئەگەر فەرموودەکە دوو واتا هەڵبگرێت و هاوەڵێک، یان هاوەڵی ڕاوی دیاریی بکات مەبەست پێی واتایەکیانە بەهەمان شێوە زانایان بۆچوونیان جیاوازە تێیدا و زۆرینە لەسەر ئەوەن کەوا پێویستە کار بە ڕێبازی هاوەڵان بکرێت، زۆرینەی حەنەفییەکانیش فەرموویانە: کار بە ڕێبازەکەی ناکرێت.

ئەگەر بە ڕواڵەت واتایەکی هەبوو، بەڵام ڕاوییەکە واتایەکی دیکەی پێبەخشی و تەئویلی کرد یان شرۆڤەی بە خوازە(المجاز) کرد، ئەوە زۆرینەی زانایان فەرموویانە: کار بە ڕواڵەتەکەی دەکرێت و لیێ لانادرێت، بەڵام حەنەفییەکان بۆچوونیان وابووە کار بە ڕێبازی هاوەڵەکە بکرێت.

مالیکیەکانی فەرموویانە ئەگەر ئەو لادانە لە ڕواڵەتەکەی لە ڕێگەی ئیجتیهادەوە بێت ئەوە ئیجتیهادەکەی بەڵگە نییە و کاری پێناکرێت، بەڵام ئەگەر بە ئیجتیهاد دەرکی پێ نەدەکرا و بە قەرینەیەک کە ئەمەی خواستبێت کردبێتی ئەوە کار بە فەتوا و حوکمەکەی دەکرێت. قازی عەبدولجەبار و ئەبول حوسەینی بەسری فەرموویانە: تەماشا دەکرێت ئەگەر ئەم لادانە لە ڕواڵەتەکەی تەنها بە زانینی مەبەستی پێغەمبەر کرابێت ئەوە کاری پێدەکرێت، ئەگەر لەو ڕێگەیەشەوە نەکرابێت بەڵکو هەڵگۆزان بێت لە بەڵگەیەکەوە پێویستە تەماشای بەڵگەکە بکرێت و بزانرێت ئەم لادانە دەخوازێت یان نا، ئەر بەوشێوەیە بوو کاری پێبکرێت و ئەگەرنا کاری پێنەکرێت.

دوازدەیەم: ملکەچبوون بۆ وتە و بۆچونی ئەبوبەکر و عومەر، بەشێک لە زانایان وتە و حوکمی ئەو دوانەیان بە بەڵگە زانیوە و پاساویش بەوە دەهێننەوە پێغەمبەر(د.خ) فەرموویەتی: **(اقْتَدُوا بِاللَّذَيْنِ مِنْ بَعْدِي يعني أبا بكر وعمر رضي الله عنهما)**(٧). وەڵامیشیان بەوە دراوەتەوە کەوا مادام ڕەوا بووە بۆیان ڕا جیا بن و پارێزراو لە هەڵە(المعصوم) نەبن و، ئەبوبەکر و عومەر بۆخۆشیان ڕێگرییان لەو کەسانە نەکردووە کە بۆچوونیان جیاواز بووە لەگەڵیان، ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە کەوا وتە و بۆچوونیان بەڵگەیەک نییە پێویستبێت پابەندی بین، بەڵکو مەبەست

بەم فەرموودەیە پەسەندکردنی پێشەوایەتییان و دانانە بە خەلافەتیاندا. هەروەها بەڕەوا زانینی ئەو شتانەیە ئەوان ڕێگەی پێدەدەن و جگە لە ئەوان ڕێگەی پێنادەن، هەروەها ئەو وتە و حوکمانەش دەگرێتەوە کەوا ئەو دوانە هاودەنگن لەسەری.

لە پاش ئەوەی بۆچوونە جیاوازەکانمان باس کرد لەسەر پێویستی پەیوەست بوون بە وتە و بۆچونی هاوەڵان، باس لەوە دەکەین کە زانایان بۆچوونیان جیاوازە لەسەر ئەوەی ئایا ڕەوایە بۆ زانایان تەقلیدی هاوەڵان بکەن یان نا، فەرموویانە: بۆ خەڵکی ڕەشۆک(العامی) ڕێگە پێدراوە، هەندێکیش فەرموویانە: هەروەک چۆن بۆ زانا ڕەوا نیە تەقلیدی زانایان بکات، بەهەمان شێوە ڕەوا نییە هی هاوەڵانیش بکات. شافیعی لەمبارەیەوە دوو وتەی پێچەوانەی هەیە و لە وتەی کۆنیدا فەرموویەتی: ڕەوایە تەقلید بکرێت ئەگەر وتەیەکی فەرموبێت و بڵاوبوبێتەوە و پێچەوانەی نەوترابێت، لە شوێنێکی دیکەشدا فەرموویەتی: ئەگەر بڵاویش نەبوبێتەوە. بەڵام لە وتە نوێکەیدا فەرموویەتی: زانا بۆی ڕەوا نییە تەقلیدی هاوەڵێک بکات هەروەک چۆن ڕەوا نییە تەقلیدی زانایەکی دیکە بکات. وەڵامیشیان بەوە داوەتەوە کەوا تەقلیدکردنی زانایان لە هیچ ئایەتێکدا باس نەکراوە بە باشە و نەبەستراوەتەوە بە ڕەزامەندی خوای گەورەوە بەپێچەوانەی شوێنکەوتنی هاوەڵانەوە.

هەروەها زانایان فەرموویانە شرۆڤەی هاوەڵان بۆ قورئان و تێگەشتنیان لە دەقەکان لە تێگەشتنی خەڵکانی جگە لە ئەوان ڕاستتر و بەهێزترە ئەمەش لەبەر چەند هۆکارێک:

١- هاوەڵان ئامادەی دابەزینی قورئان بوون و ڕاستەوخۆ شتیان لە پێغەمبەرەوە وەرگرتووە و، ئامادەی سوونەتە کردەییەکانی پێغەمبەربوون، ئەمەش وا دەکات تێگەشتنی دروستیان هەبێت.

٢- هاوەڵان و شوێنکەوتەی هاوەڵان و شوێنکەوتووانی ئەوانیش، ڕەوانبێژییان تێدابووە و سروشتیان پاکتر بووە و توانیویانە بە شێوەیەکی دروست کەڵک لە ئایەتەکان وەربگرن.

٣- سەلامەتی سەرچاوەکانی وەرگرتنی زانست، دەقە شەرعییەکانیان بەدەستگەیشتووە بە پوختی و بێ ئەوەی تەئویل کرابێت و هیچ کارتێکەرێکی دەرەکییان بەسەرەوە نەبووە. زانایی هاوەڵان بە زمانی عەرەبی کە زمانی شەریعەتە و دەقە شەرعییەکانی پێ دابەزیوە وادەکات هەرکات وتەیەکیان لێوە گێڕدرایەوە کە کردارێک یان وتەیەکی ڕوون دەکردەوە ئەوا پێویستە دەست بە وتەکەیانەوە بگرین. هەروەها ئامادەبوونیان لە ڕووداوەکان و دابەزینی وەحیدا و زانینی هۆکاری دابەزینیان، وادەکات کۆمەڵە شتانێک بزانن جگە لە ئەوان نەیزانێت، هەرکاتێک کۆتکردن و تایبەتکردنی دەقە ڕەها و گشتگیرەکانیان لێوەگێڕدرایەوە پێویستە پەسەندی بکەین(٨).

### سەرچاوە و پەراوێزەکان


١- سنن ابن ماجه، ابن ماجه أبو عبد الله محمد بن يزيد القزويني، (المتوفى: ٢٧٣هـ)، التح: محمد فؤاد عبدالباقي، دار إحياء الكتب العربية، (١٥/١).

٢- جامع بيان العلم وفضله، أبو عمر يوسف بن عبد الله بن محمد بن عبد البر بن عاصم النمري القرطبي (المتوفى: ٤٦٣هـ)، أبي الأشبال الزهيري، دار ابن الجوزي، المملكة العربية السعودية، ط١، ١٩٩٤م، (٨٩٨/٢).

٣- ضعفه ابن القطان الفاسي في كتابه بيان الوهم والإيهام في كتاب الأحكام، دار طيبه، الرياض، ط١، ١٩٩٧م، (٨٩/٤) و ذلك لتفرد عبد الرحمن بن عمرو السلمي به وقال عنه : « فالرجل مجهول الحال والحديث لأجله لا يصح «.

٤- سلسلة الأحاديث الضعيفة والموضوعة وأثرها السيئ في الأمة، أبو عبد الرحمن محمد ناصر الدين، بن الحاج نوح بن نجاتي بن آدم، الأشقودري الألباني (المتوفى: ١٤٢٠هـ)، دار المعارف، الرياض – السعودية، ط١، ١٩٩٢م، (١/ ١٤٤).


**٥- سنن أبي داود، أبو داود سليمان بن الأشعث بن إسحاق بن بشير بن شداد بن عمرو الأزدي السِّجِسْتاني (المتوفى: ٢٧٥هـ)، التح: شعَيب الأرنؤوط - محَمَّد كامِل** قره بللي، دارالرسالة العالمية، ط١، ٢٠٠٩م، (٥/ ٤٤٤). شێخ شوعەیب لەبارەیەوە دەفەرموێت: إسناده ضعيف لإبهام أصحاب معاذ وجهالة الحارث بن عمرو، لكن مال إلى القول بصحته غير واحد من المحققين من أهل العلم منهم الفخر البزدوي في «أصوله» والجويني في «البرهان»، وأبو بكر بن العربي في «عارضة الأحوذي»، والخطيب البغدادي في «الفقيه والمتفقه»، وابن تيمية في «مجموع الفتاوى» ١٣/ ٣٦٤، وابن كثير في مقدمة «تفسيره»، وابن القيم في «إعلام الموقعين»، والشوكاني في «جزء له مفرد» خصصه لدراسة هذا الحديث، أشار إليه هو في «فتح القدير»، ونقل الحافظ في «التلخيص» ٤/ ١٨٢ عن أبي العباس ابن القاص الفقيه الشافعي تصحيحه كذلك. وأجابوا عن دعوى جهالة الحارث بن عمرو بأنه ليس بمجهول العين لأن شعبة بن الحجاج يقول عنه: إنه ابن أخي المغيرة بن شعبة، ولا بمجهول الوصف، لأنه من كبار التابعين ولم ينقل أهل الشأن جرحا مفسرا في حقه، والشيوخ الذين روى عنهم هم أصحاب معاذ، ولا أحد من أصحاب معاذ مجهولا، ويجوز أن يكون في الخبر إسقاط الأسماء عن جماعة، ولا يدخله ذلك في حيز الجهالة، وإنما يدخل في المجهولات إذا كان واحدا، وشهرة أصحاب معاذ بالعلم والدين والصدق بالمحل الذي لا يخفى، وقد خرج البخاري (٣٦٠) الذي شرط الصحة حديث عروة البارقي: سمعت الحي يحدثون عن عروة، ولم يكن ذلك الحديث في المجهولات.

٦- حلية الأولياء وطبقات الأصفياء، أبونعيم أحمد بن عبدالله الأصبهاني، دار الكتب العربي، بيروت – لبنان، ط٤، ١٤٠٥هـ (٤/ ١٣٩).

٧- سنن البيهقي الكبرى، أحمد بن الحسين بن علي بن موسى أبو بكر البيهقي، التح:: محمد عبدالقادر عطا، مكتبة دار الباز، مكة المكرمة – السعودية، ١٩٩٤م، (٨/ ١٥٣).

٨- بۆ بينينی درێژەی ئەم باس و مشتومڕو پاساو هێنانەوانە بڕوانە ئەم سەرچاوانە: إرشاد الفحول إلي تحقيق الحق من علم الأصول، محمد بن علي بن محمد بن عبد الله الشوكاني اليمني (المتوفى: ١٢٥٠هـ)، التح: الشيخ أحمد عزو عناية، التق: الشيخ خليل الميس والدكتور ولي الدين صالح فرفور، دار الكتاب العربي، ط١، ١٩٩٩ ؛ إجمال الإصابة في أقوال الصحابة لخليل العلائي، جمعية إحياء التراث الإسلامي، الكويت، ط١، ١٤٠٧ هـ ؛ إعلام الموقعين عن رب العالمين، محمد بن القيم الجوزيه، دار الجيل، بيروت، ١٩٧٣م ؛ المستصفى، أبو حامد محمد بن محمد الغزالي الطوسي (المتوفى: ٥٠٥هـ)، محمد عبد السلام عبد الشافي، دار الكتب العلمية، ط١، ١٩٩٣ ؛ الإحكام في أصول الأحكام، أبو الحسن سيد الدين علي بن أبي علي بن محمد بن سالم الثعلبي الآمدي (المتوفى: ٦٣١هـ)، التح: عبدالرزاق عفيفي، المكتب الإسلامي، بيروت – لبنان ؛ البحر المحيط في اصول الفقه، أبو عبد الله بدر الدين محمد بن عبد الله بن بهادر الزركشي (المتوفى: ٧٩٤هـ)، دار الكتبي، ط١، ١٩٩٤ ؛ الموافقات، إبراهيم بن موسى بن محمد اللخمي الغرناطي الشهير بالشاطبي (المتوفى: ٧٩٠هـ)، التح: أبو عبيدة مشهور بن حسن آل سلمان، دار ابن عفان، ط١، ١٩٩٧.

# بڵاوكراوەكانی گۆڤاری خاڵ


















# بڵاوکراوەکانی گۆڤاری خاڵ















دواخاڵ

# بژاردە لەناو شوناسەکاندا



تۆفیق کەریم

هیچ گەل و نەتەوەیەک نیە خاوەنی تاکە شوناسێک بێت و ئەو شوناسە سەرتاپای گرتبێتەوە و کەلێنی جێنەهێڵابێت بۆ هیچ ڕەگەزێکی دیکە تا بە ڕێژەیەکی جیاواز پشکی لە ناساندنی ئەو گەل و نەتەوە هەبێت، ئەم ڕاستییە ڕوونترە لەوەی مشتومڕی لەسەر بکرێت و بەڵگەی بۆ بهێنرێتەوە، ئەوەندە هەیە یەکێک لەو ڕەگەزانە بە ڕێژەیەک زۆرتر و بەهێزترە لە ڕەگەزەکانی دیکە بۆیە زۆرجار ئەو گەل و نەتەوەیە بەوە دەناسرێتەوە.

ئەم جەختکردنەوەمان بۆ ئەم چەرخەی جیهانگیریی و ئاوێتەبوونەی کۆمەڵگەکانە، بە ڕەگەز و کولتوور و نەتەوە و ئایدۆلۆژیاوە، نەک چەرخەکانی ڕابردوو کە تا ئەندازەیەک ئاوێتەبوونەکە وەها نەبوو، جۆرێک لە جیاوازی و لە یەک بچڕان و تایبەتمەندی بەشێکی کۆمەڵگەکان دەبینرا. کەوابێت لە دیاریکردنی شوناسدا دەبێت زۆر بە وردەکاریی و وریاییەوە ئەو باسە بوروژێنرێت، تا لەبری یەکخستنی چین و توێژەکانی کۆمەڵگە پەرتەوازەیی و لێکترازان بەرپا نەکرێت. هەر بۆ نمونە لە کوردستانی دابەشکراوی بێ دەوڵەتی پەرتەوازەدا، کە خاکێکە جگە لە نەتەوەی کورد چەند نەتەوەیەکی دیکەی تێدا دەژی کە بەدرێژایی مێژوو هەرهەبوون و بەشێک بوون لەم خاک و نیشتمانە، بەهەمانشێوە لەپاڵ ئاینی ئیسلامدا کە ئاینی زۆرینەیە چەند ئاین و ئاینزایەکی دیکە بوونیان هەیە، ئەوانیش بەشێکن لە پێکهاتە و ڕیشەیی و بنچینەی خۆیان لەم وڵاتەدا داکوتاوە، هەروەها هەموو ئایدۆلۆژیا و ئاینزا و شێوەزارێکی دیکە بگریت، لەوانەنین کە بتوانن سەرجەم چین و توێژەکانی وڵات بگرنەوە و هەموو دانیشتوان و نیشتەجێکانی کوردستان ئارەزووەمەندانە خۆیان بەخاوەنیکەن.

تەنانەت ئەگەر ببینە خاوەنی دەوڵەتیش و خۆمان فەرمانڕەوایی خۆمان بکەین سەپاندنی شوناسێکی نەتەوەیی یان ئایدۆلۆژی سەرناگرێت، حوکومەتی عێراق و کەمالیستەکان زۆریان هەوڵدا تا ناسنامەی عەرەبی و تورکی بەسەر عێراق و تورکیا بسەپێنن، لەو پێناوەشدا خوێنی زۆریان ڕشت و سامانێکی بێ ئەندازەیان بەهەدەردا کەچی نەک بێسود بوو، بەڵکو پەرتەوازەیی و دردۆنگی و لێکترازانی تورکیاییەکان و عێراقییەکانی بەرینتر کرد، کە ئەمڕۆش ئەو دوو وڵاتەی پێوەی دەتلێنەوە و ئاماژەکانیش ئەوە دەگەیەنن ئاسۆی سارێژبوونی برینەکەیان ڕوون نیە. بۆیە نمونەم بەم دوو وڵاتە هێنایەوە، چونکە ئێمەی کورد قوربانیان بووین دەی چۆن دەبێت قوربانی بیر لەوە بکاتەوە ببێت بە جەلاد؟

بە وردبوونەوەیەکی واقیعی و سەردەمیانە دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە لەناو گشت بژاردەکاندا تاکە شوناسێک کە کۆمانکاتەوە و تێروتەسەل و گشتگیربێت، هەموو لایەک خۆی بە خاوەنی بزانێت و کەس خۆی پێ مەغدور نەبێت، شوناسی هاونیشتمانیبوونە، ئەم شوناسە نابێتە جێگرەوە و لادان و سڕینەوەی هیچ تایبەتمەندی و جیاوازیەک کە هەموو نەتەوە و ئایین و ئەوانی دی هەیانە، بەڵکو سەرجەم ئەو تایبەتمەندیانە بەبێ جیاوازی ڕێز لێدەگرێت و دەیپارێزێت، بەڵام هەموویان لەخۆدەگرێت و جێگەی هەموویان دەکاتەوە. لە هاونیشتمانیبووندا بەهای مرۆڤ وەک مرۆڤ بە تەنها دەردەکەوێت چەوسێنەر و چەوساوە بەناوی زۆرینە و کەمینە یان دروست و نادروستەوە سەرهەڵنادات. شوناسی هاونیشتمانیبوون پشتئەستور دەبێت بە قەناعەت و ئیرادەی هەموو دانیشتوان، دەقە ئایینییەکانیش پشتیوانی لێدەکەن، کە لێرەدا بواری بەڵگە هێنانەوەمان نیە جگە لە ئاماژەکردن بە ئایەتی **(يَا أَيُّهَا النَّاسُ إِنَّا خَلَقْنَاكُمْ مِنْ ذَكَرٍ وَأُنْثَى وَجَعَلْنَاكُمْ شُعُوبًا وَقَبَائِلَ لِتَعَارَفُوا إِنَّ أَكْرَمَكُمْ عِنْدَ اللَّهِ أَتْقَاكُمْ)**، لەگەڵ ئاماژەدان بە کۆمەڵگەی مەدینە کە پێغەمبەر(د.خ) دەستووری بۆ داڕشت و هاونیشتمانیبوونی کرد بە چەقی بابەتەکان و مسوڵمان و جولەکە و گاور و بتپەرست پێکەوە لە سایەیدا حەوانەوە و مەدینەیان ئاوەدانکردەوە. هەروەها یاسا نێودەوڵەتییەکان و پێشکەوتنە شارستانییەکان و کولتووری سەدەی بیست و یەک و تەکنەلۆژیای سەردەم هەموویان زەمینە ساز و پشتیوانی بەهێزی ئەم شوناسەن. گرفتە ناوخۆییەکانی کوردستانیش وەک ململانێی حیزبی و جیاوازی ئاینی و دەرکەوتنی ناتەبایی شێوەزار و ناوچەگەرێتی و شارچێتی، هەموو ئەمانە دەخوازن کە کولتووری شوناسی هاونیشتمانیبوون گرنگی پێبدرێت و بڵاوبکرێتەوە و نەوەکانی لەسەر ڕۆشنبیر بکرێت، بەشێوەیەک لە خوێندنگە و مەڵبەندە زانستی و ڕۆشنبیریەکاندا جەختی لەسەر بکرێتەوە، تا هەموو لایەک پێی ئاشنا ببن و قایل بن ببێتە شوناسیان.